فائخ رسول

چەند لایەرەیەك لە

مێژووی خەباتی گەلی كوردمان

بەرگی یەكەم

١٩٧٩



USSR
Yerevan
Erzincan
Erzurum
Kars
Sivas
Mt. Ararat
Malatya
Maras
Lake Van
Bitlis
Van
Khoy
Tabriz
KURDISTAN
Diyarbakir (Amed)
Hakkari
Salmas
Lake Urmia
Mardin
Urfa (Riha)
Zakho
Mahabad
Bokan
Saqqez
Mosul
Ranya
Baneh
Kirkuk
Marivan
SYRIA
IRAQ
Halabja
Paveh
Kermashan
Baghdad
Tigris
Euphrates
International borders
SAUDI ARABIA
KUWAIT
Miles
200
Kilometres
300

فاتح رسول

چەند لاپەرەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان

ناوی کتێب : چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردەمان
« ڕووداوو بەڵگەنامە »
نووسینی : فاتح رسول
چاپی یەکەم : ١٩٩١ سوید
بەرگی : یەکەم

لە چاپدانەوەی بەدەست خاوەنیەتی



پێشکەشە بۆ

دوا ڕۆژی

منداڵەکانی کوردستان

پێشەکی

« ١ »

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان یەکێکە لە بزووتنەوە هەرە دێرینەکانی رۆژهەلاتی نێوەراست کە سەدەیەک زیاترە، وەک دەربڕی ئاوات و ئامانجی نەتەوەکەمان، ڕووبەڕووی دەسەلاتی کۆلۆنیالی و داگیرکەری بێگانە بۆتەوە، بەو ئامانجەی گەلی کوردستان بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی و سەربەخۆیی نیشتمانی بگەیەنێت.

ئەگەر لەو سەردەمەوە تا ئێستا بە دەیان وڵاتی داگیرکراو ئازاد کران، کەچی تا ئێستا نەتەوەکەمان بە کۆیلەیی و وڵاتەکەمان وەک سوسیۆلۆگی تورک ئیسماعیل بێشکچی دەبێژێ، بە کۆلۆنیایەکی نێو دەوڵەتان ماونەتەوە و ژێر دەستەی دەسەلاتی شۆڤێنیترین نەتەوەکانی رۆژهەلاتی نێوەراستە.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا

ئیمرۆ ناوەڕۆک و ئامانجە مێژووییەکەی خۆی، کە ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستانە، لەدەست نەداوە. چونکە بارو نۆخی بابەتی کوردستان، وەکو وڵاتێکی داگیرکراو، هەر وەک خۆی ماوەتەوە . ئەوەی لەم بوارەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەوەیە، کە نزیکەی نیو سەدەیەک دەبێ هێزەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە، لە کوردستانی خواروو و ڕۆژهەڵات پشتیان لە ئامانجی ڕزگاریخوازانە کردووە، بە جۆرێکی نا لۆژیکی و نارەوا بزووتنەوەکەیان ڕووە و ئامانجی نا ڕزگاریخوازانە چەواشە کردووە.

لەم لایەوە ئەم وەرچەرخانە چۆنایەتییەی بە زۆرە ملێ بەسەر بزووتنەوەی گەلی کوردستاندا سەپێندراوە، بزووتنەوەکەی تووشی دوو جۆرە تەنگوچەڵەمەی فیکری ـ سیاسی کردووە:

یەکەم : ناوەڕۆک و ئامانجی مێژوویی بزووتنەوەکە شێواندراوە و نەتەوەی کورد، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خۆیدا، ناچار کرا خەبـات و « شۆڕش » بۆ ئۆتۆنۆمی، نەک بۆ سەربەخۆیی و مافی بڕیاردانی چارەنووس، بەرپا بکات. ئەمەیش تەواو بە ناوەڕۆک و ئامانجی بزووتنەوەی ڕزگریخوازی نامۆیە.

دووەم : بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان کرایە بەشێکی بچووک و کەم نرخی بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆن و دیموکراتی عێراق و ئێران و ڕووە و ئامانجی ئەوان چەواشە کرا. لەکاتێکدا هیچکام لە هێزە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە باوەڕ بە سەربەخۆیی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلەکەمان ناهێنن و ، بە ناوی داکۆکی لە یەکپارچەیی. بە ناو « خاکی ئێران و عێراق » وەک هەر

شۆڤێنیست و ڕەگەز پەرستێک دژی سەربەخۆیی کوردستان وەستاون، کەچی ئەرکی ئەوتۆی عێراقچییانە و ئێرانچییانە خراونەتە ئەستۆی بزووتنەوەی گەلەکەمان، کە کەم تا زۆر ئەرکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نین.

ئەم دوو لایەنەی تەنگوچەڵەمەی بزووتنەوەی گەلی کوردستان بە زەقی و بە شێوە و ڕواڵەتی جۆر بە جۆر لە خەبات و ڕاپەڕینی چەکداری ئەم ساڵانەی دوایی کوردستانی خواروو میتۆدو بەرنامە و عەقلیەتی سەرکردایەتیەکەیدا دەرکەوتن. سەرەنجام مەزنترین قارەمانێتی و گەورەترین قوربانیدانی نەتەوەکەمان نەیانتوانی بچوکترین دەسکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانی. برەخسێنن، بگرە تەنگوچەڵەمەکانی بزووتنەوەکە ئاڵۆزتر بوون.

سەرجەمی پرۆسەی ئەم ڕاپەڕینە چەکدارییە و ئاماانجەکانی پێویستییان بە لێکۆڵینەوەی قووڵ و هەمەلایەنە هەیە، کە پێم وایە ئەم کتێبە و بەشەکانی تری گەلی کەرەسە و بابەت و فاکت و دۆکۆمێنتی نەبینراو بۆ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەخەنە ڕوو، هەروا هەندێ لایەنی گرنگی ڕاپەڕینی چەکداری نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئێراندا و پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی هەردوو بەشی بزووتنەوەکە باس دەکات. نووسەر، هاوڕێم فاتح ڕەسووڵ وەک سەرکردەیەکی حزبی شیوعی عێراق و ماوەیەکیش وەک سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی هەرێمی کوردستانی حزبی ناوبراو لە ناو جەرگەی ڕووداوەکاندا ژیاوە و لە نزیکەوە ئاگاداری بڕیارە نهێنی و شتە شاراوەکان بووە و بە ئەمانەتەوە لە کات و شوێنی خۆیاندا تۆماری کردوون تا لە دەرفەتێکدا بڵاویان بکاتەوە.

باسکردنی ئەم کتێبە، ناچارم دەکەن ئەگەر بەجۆرێکی ڕاگوزارانەیش بێ باس لە ڕۆڵی کۆمۆنیستانی کوردستان بکەم لە نێو بزووتنەوەی کوردا، چونکە سەرباری هەموو دڵسۆزی و قوربانی و ئەبەردییان هێشتا شوێنی شیاوی خۆیان لە نێو بزووتنەوەی گەلەکەیاندا نەگرتووە و، ئیمڕۆ لە جاران زیاتر وەک پاشکۆ و پەیرەوکاری هێزە کوردستانیەکان ماونەتەوە. بە ڕای من هۆی سەرەکی ئەم دیاردەیە لەوەوە هاتووە کە کۆمۆنیستانی کوردستانی عێراق هێشتا پەیرەو کارو پێوەندکراوی حزبێکی سەرانسەری عێراقین کە خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی عەرەب و، عێراقیش « بە هەردوو هەرێمی عەرەبی و کوردستانییەوە » بەبەشێک لە وڵاتی عەرەب دادەنێ، لە هەمان کاتدا خۆ بە دۆست و هاوپەیمانی، نەک بە بەشێک، لە بزووتنەوەی گەلی کوردستان دەزانی. بۆیە ئەم حزبە لە بەرژەوەندی گەلی عێراق و عەرەبەوە بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان دەڕوانێ و بە درێژایی ڕاپەڕینی چەکداری گەلی کوردستان، ئەم حزبە، تەنیا کاتێ ڕێگەی بە کۆمۆنیستانی کوردستان داوە بەشداری لەم ڕاپەڕینەدا بکەن کە ئەم بەشدارییەیان بە قازانجی بەرژەوەندی عێراقچییانە و عەرەبچییانەی حزبەکە بوو بێ ئەم تراژیدیا — کۆمیدیایە لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە تا ئێستا چەندان جار دووبارە و سێ بارە بۆتەوە. مەسەلەکەیش، بەڕای من هەر لەوەوە نەهاتووە کە سەرکردایەتی ئەم حزبە دەرس و پەند لە مێژوو وەرناگرێ، بەڵکو لەوەیش دایە کە تا حزبی شیوعی بەم چەشنە بۆ مەسەلەی گەلی کورد و کوردستانی داگیر کراو بڕوانێ ناتوانێ و، بگرە مەحاڵە بتوانێ، بە

جۆرێکی تر ڕەفتار بکات. ئەم دیاردەیەش مەسەلەی حزبی سەرانسەری لە وڵاتانی فرەنەتەوە و فرە نیشتمانیدا دەخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە و بۆ خەڵکی نەتەوەی ژێر دەستی ئەم وڵاتانە وەک ئەفسانەی لێدێ. چونکە ئەم جۆرە حزبانە مەحاڵە بتوانن بەیەک ئەندازە خواست و ئاواتی نەتەوەی سەردەست و حوکمران و خواست و ئاواتی نەتەوەی ژێر دەست و داگیر کراو دەرببڕن. ئەوەتا هەموو ئەم جۆرە حزبانە لە « سۆڤیەتەوە تا یۆگۆسلاڤیا و تورکیا و عێراق و ئێران و ...هتد » لە جەمەردا هەر بە خربی نەتەوەی سەردەست و حوکمرانی ئەم وڵاتانە دەرچوون. هەر هەموویان لەگەڵ ئەوەی ناوی حزبی کرێکاری و کۆمۆنیستی و ئینترناسیۆنالییان بەسەر خۆیاندا بڕیوە و لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری ڕۆڵەی نەتەوە ژێر دەستەکانی نێو ئەم ولاتانە قوربانی بێ ژمارەیان لە ڕیزی ئەم حزبانەدا داوە، کەچی ئەم حزبانە بە توندی وەک حزب و هێزە شۆڤێنیست و ڕەگەز پەرستەکانی نەتەوەکەیان دژی سەربەخۆیی و سیاسی و نیشتمانی نەتەوە ژێر دەستەکانی وڵاتەکەیان وەستاونەتەوە و ئەم سەربەخۆییە بە« لەتکردنی! » خاکی پیرۆزی وڵاتەکەیان دەزانن!! لەوەیش زیاتر حزبە حوکمڕانەکانیان، لەوانە حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی شۆڤێنستانە و هەوڵی تواندنەوەی نەتەوە ژێر دەستەکانی وڵاتەکەی خۆیان داوە. بەکورتی لام وایە کۆمۆنیست و مارکسییەکانی کوردستان تەنیا ئەو کاتە دەتوانن ڕۆڵی شیاوی خۆیان لە نێو بزووتنەوەی نەتەوەکەیاندا بگێڕن کە سەربە خۆیانە و لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندی گەل و نیشتمانەکەیاندا بڕیار وەربگرن و، لە هەموو کات و سەردەمێکدا، ڕژێم لە بەغدا یان تاران هەر چییەک بێ، ئەوان بەشێکی ئۆرگانیکی دانەبڕاوبن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان. چونکە، بۆ ئێمەی کوردستانی،

هیچ مەسەلەیەک لە مەسەلەی ئازادی گەلەکەمان و سەربەخۆیی نیشتمانە داگیرکراوەکەمان پیرۆزتر نییە. ئەمە ڕاستییەکە، ئەگەر تا دوێنێ لە ژێر کارتێکردنی ئەفیونی ئایدۆلۆژیادا دەرکمان پێنەکردبێ، ئەوا هەر ئەبێ لەناو بردنی بە کۆمەڵی نەتەوەکەمان و بە عەرەبکردنی نیوەی کوردستانی خواروو، ڕاوناتی ملیۆنان خەڵکی کوردستان، بەسن بۆ ئەوەی دەرکی پێبکەین.

« ٣ »

بابەت و دۆکۆمێنتە جۆر بە جۆرەکانی نێو ئەم کتێبە و بەشەکانی تری گەلێ ڕاستی شاراوەمان بۆ دەردەخەن و، بە هۆیانەوە مێژوونووسان و لێتوێژەرەوەکان، تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانن بزانن کە سەرکردەی حزبە کوردستانییەکان و بەشێک لە سەرکردەکانی حزبی شیوعی عێراق چۆن بیردەکەنەوە؟ چۆن بڕیاری سیاسی وەردەگرن؟ ئاستی کولتووری و هۆشیاری سیاسییان چەندە؟ لە کاتی تەنگانە و ترسناکدا چۆن ڕەفتار دەکەن؟ چەند دووربین یان کورت بین؟ تا چ ئەندازەیەک بەرژەوەندی تەسکی حزبەکەیان دەخەنە سەرووی بەرژەوەندی نەتەوەکەیان؟ چۆن شەڕی برا کوژی بەرێوە دەبەن؟ تا چ ڕادەیەک بە پەرۆشی کوژران و بە کوشتدانی پێشمەرگەوە دێن؟ ...هتد.

نووسەر ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ڕووداوانەی نووسیوە کە بەلایەوە گرنگ بوون. دەشێ لە کتێبەکەدا هەندی ڕووداو بەرچاو بکەون کە لە ڕۆژی ئیمرۆدا گرنگی خۆیان لە دەست دابێ. یان لێرە و لەوێ هەندێ ڕووداوی لاوەکی و دووبارە بوونەوەی بابەتی کۆبوونەوە نێوان حزبەکان و ناوی

سەرکردەکانیان بەرچاو دەکەون، کە ڕەنگە نووسەر لە ڕوانگەی ئەمانەتی مێژووییەوە تۆماری کردبن، بەڵام دەشێ بۆ خوێنەر هێندە گرنگ نەبن. لە نرخی کتێبەکە کەم ناکەنەوە.

هەروا نامەی نێوان هێزەکان و تۆماری کۆبوونەکان، کە نووسەر دەقاودەق وەک تێکست تۆماری کردوون، لە ڕووی دارشتن و نووسینەوە لاوازن و هەڵەی زمانەوانی زۆریان تێدایە بەڵام لەبەر ئەوەی وەک دۆکۆمێنت هاتوون، ئەو هەقەم بەخۆم نەدا دەستکاری شێوەی دارشتن و لایەنی زمانەوانییان بکەم.

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لە هاوڕێی هێژام کاک فاتیح دەکەم هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا بەشەکانی تری کتێبەکەی بخاتە بەردەستی خوێنەران.

ڕەفیق سابیر
١٩٩١/٦/١٣

سەرەتایەک بۆ داهاتو

ڕاستیان گوتووە « بڕینی هەزار کیلۆمەتر بەیەک هەنگاو دەست پێدەکات »

لەگەڵ تێکچوونی پەیوەندی نێوان حیزبمان و حیزبی بەعسی دەسەلاتداری عێراق و هێرش و تیرۆری بەردەوامیان بۆسەر هەموو گەلی عێراق، وەک هەزاران خەباتکەری دیموکرات و نیشتمانپەروەر، منیش تووشی ئازار و دەربەدەری هاتم.کاتێک خۆم لە « خرێ ناوەزەنگ » دیتەوە ، هەمان ژیان و بارو دۆخم بەرچاوکەوتەوە کە دەساڵ دەبوو لێی دوور کەوتبوومەوە.

ژمارەیەکی زۆری دوکان لە خێوەت و تەنەکە و دار و قافۆن بەسەریەکەوە دروست کرابوون. کڕین و فرۆشتنێکی چالاکانە لەو فرۆشگایانەدا دەکرا. ئەوەی مرۆڤ پێویستی بوایە، هەر لە کەلوپەلی بچووکەوە تا قالی هەمەجۆری ئێرانی و یەخچاڵ و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ڕەنگی و ڤیدیۆ و کامیرا...هتد دەست دەکەوت.

سامان و سەرمایە و قازانجی قاچاغچیانی دیوی عێراق و ئێران

هەموو ناوچەکەی کردبووە کارواتسەرایەک، رۆژ نەبوو بە سەدان بارە هێستر ئاڵوگۆڕی کەلوپەلی بازرگانی نەکرێ بە تەنها بە ناوی شۆرش و کوردستان کەمێک باج « گومرگ »یان لێ وەردەگیرا.

لە سەرووی فرزشگاکەدا، لەمبەرو ئەوبەری خرەکە یا دۆڵەکە ژمارەیەک خانووی بچووک بچووک لە قوڕ و بەرد دروستکرا بوون، لە خانووی کۆنە لادێیەکانی کوردستان دەچوون، ئەمانە گشتیان بارەگای ئەم هێز و حیزبانە بوون کە لە دوایی حوزەیرانی ١٩٧٦دا، روویان کردبۆوە ناوچە شاخاوییەکان و دەستییان بە خەباتی سیاسی و چەکداری کردبۆوە!

زۆری نەخایاند، دووای دوو سێ رۆژ لە ناو ئەم دراما تازەیەدا کەوتمە بیرکردنەوە.

هەر حیزبێک یا گروپێک تەنانەت مرۆڤێکیش، کە دەست بە کارێکی تازە دەکات یان ڕێبازێکی نوێ لە خەباتی سیاسی و نیشتمانیدا دەگرێتە بەر، سەرەتاکەی ڕوون و گەش و دیارە. ڕەنگە کەس نەتوانێ گەرەنتی بدات و بڵێت ئەوەی شانی داوەتە بەر و تەقەلای بێ وچانی بۆ دەدرێت، لەو سنوور و لەو ماوەیەدا هەموو پرۆگرامەکە وەدەست دێت و جێ بە جێ دەکرێن! خۆ ئەگەر ئەرکەکان بنەڕەتی بن و ڕێگاکەش دوور و پڕ کەند و کۆسپ و تەماوی بێت، ئەوا کارێکی یەکجار سەخت و پڕ مەترسییە هەر وەکو کورد دەڵێ « سەری دیارە و ژێری نە ».

مرۆڤ بە هیواوە دەژی، هەر هیوا ناواتیشە هانی دەدات کە تا ئەو کاتەی گیان لە جەستەدا دەبزوێ هەر سوور بێت لەسەر خەبات و تێکۆشانی. ئەو مرۆڤەی بڕوای بە دووا ڕۆژی سەرکەوتن و ئازادی و بەختیاری نەمێنێت، مردنی پێش وەختی بۆخۆی هەڵبژاردووە. هەرچەندە

بە ناوو جەستە بە زیندوو دەژمێردرێ!

لەم بیرکردنەوە و لێکدانەوانەدا بووم، گەیشتمە ئەوەی بۆچی ڕووداوەکان و ژیانی ڕۆژانەم تۆمار نەکەم. یەکسەر بۆ فرۆشگاکە ڕۆیشتم، دەفتەرێکی ٤٠ لاپەڕەی باخەڵم کڕی و دەستم بە تۆمار کردنی ڕووداوەکان کرد.

هەموو ئەوانەی لە خرەکەی ناوزەنگدا دەژیان، ڕۆژەکانیان، ڕۆژانی شادی و دەوروبەری نەورۆز بوو، هەموو لایەنەکان، بەپێی توانا، سەرگەرمی خۆ ئامادە کردن بوون، بۆ گێڕانی ئاهەنگ و یادکردنەوەی ڕۆژی بەهار و خۆشی و هەڵگیرساندنی ئاگر لەسەر لووتکەی چیاکاندا.

لەوکاتەدا دەنــگ بـــــڵاو بووەوە. زۆربـــەی کـادر و لایەنگرانـــی «بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، کە لە ناو ڕێکخراوی (یەکێتی نیشتمانی کوردستـان)دا بوون، لەگەڵ کۆمیتەی ئامادەیی (پارتی دیموکراتی کوردستـان ـ عێراق) « الهيئة التحضيرية للپارت » جیا بوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند. بۆ دۆڵەکەی نێوان گوندی گۆڕەشێر و گوندی دۆڵەتووی سەر خاکی کوردستانی ئێران، پەڕینەوە.

بارەکە بە لایەکی تردا وەرچەرخا. چرپە چرپ، قسە و قسەلۆک، ڕەخنە و توانج، هێرش و تۆمەت خستنەپاڵ، جرت و فرتیان دەکرد، لەو شتە ناڕەوایانەی بڵاو دەکرانەوە، دەبوایە مرۆ هەر پەمۆ بخاتە گوێچکەکانی!!

خۆ ئەگەر سەرکردەکانی هەر لایەکیان، ڕەخنەیەکی بچووک یا ناڕەزاییەکی لە لایەن پێشمەرگە و هەڤاڵەکانی خۆیانەوە بەرامبەر بە لایەکەی تر دەربڕیبایە، ئەوە بە شتێکی یەکجار زل لەقەڵەم دەدرا، بیبەر و بەهاراتی پێدا دەکرا کلک و باڵیشی بۆ دروست دەکرا و بە

ئاسمان وەفڕین دەخرا. ڕووداوە تاڵە کۆنەکان و برینە جەرگ برەکانی ناو بزووتنەوەی ئازایخوازی نەتەوەی کوردمان هێشتا سارێژا نەکرا بوو و توێشکی سەریان تەڕایی خوێنی سووری هەر پێوە بوو، هەر وەک بە نووکی نەشتەر و سەر سوێنگی سەر لە نوی هەڵگەندرێتەوە، ئازاریان تێگەڕایەوە خوێنی تازەش کەوتەوە هەڵقوڵین و ڕشتن!!

ناکۆکی نێوان هێزەکان، هی ساڵانی ١٩٦٤–١٩٧٠، هەروەس هاتنی و تێکشکانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ لە ڕۆژی ٦ی مارتی ١٩٧٥دا و کوشت و بڕەکەی نێوان سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان–عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ناو خاکی کوردستانی تورکیا پایزی ١٩٧٧ و گەلێ ڕووداویتر، هەموویان کرانەوە بنێشتە شینکەی سەرزاران وەکو بلێی تازە هەموو ئەم ناکۆکی و شەڕی برا کوژیی دەستی پێکردبێ.

بەوە ڕانەدەگەیشتم ڕووداوەکانی ڕۆژانە، تەنانەت گیروگرفتی وڵات و ناوخۆی حیزبیان بە تەواوی تۆمار بکەم. دەفتەری یەکەم و دووەم بە ماوەیەکی کەم لاپەڕەکانیان پڕ بوونەوە. ڕووم کردە دەفتەرێکی ٤٠٠ لاپەرەیی، ئیش و کاری سیاسی و جموجۆڵی هەموو هێزەکان لە دیوی عێراق و ئێراندا زۆر بە خێرایی گەشەی دەکرد و گۆڕانکاری بەسەردا دەهات.

بە ڕۆژ لەگەڵ هاوڕێکانم ئەوەی ئەرک بووایە لە کارەکانماندا جێ بە جێ دەکران، شەوەکانیش لەبەر تۆزە ڕۆشنایی چرایەک دا ڕووداوەکانم تۆمار دەکردن. بە پێویستم زانی بۆچوون و ڕەخنە و پێشنیاری تایبەتی خۆم سەبارەت بە هەندێ ڕووداوی گرنگ بخەمە ڕوو.

گەلێ بەخێرایی کات تێپەڕ دەبوو، ڕۆژ نەبوو چەندان ڕووداوێک

گرنگی دراماتیکی لەسەر شانۆی ژیان نیشان نەدرێن، ڕوو لە هەر لایەکدا دەکرا، بە گەرمی داکۆکی لە هەڵوێست و کردەوەکانی خۆی دەکرد و تۆمەت و تاوانیشی دەخستە پاڵ ئەوانی تر. کەس بە دژی خۆی نەدەگوت ترشە و هەروەها کەسیش بە زەبی بە ڕۆڵە قارەمانەکانی نەتەوەکەی خۆیدا نە دەهاتەوە کە ژمارەکی زۆر لە کێشەی ناو خۆ و شەڕی برا کوژی بێفیڕۆ ڕژیشتن!

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر هەستم بە سوودی نووسینەکانم دەکرد و تام و چێژیشم لێ وەردەگرتن. لە کاتێکدا هاوڕێی وا هەبوون کە هەر لە سەرەتاوە ئەم کارەی منیان بەبێ سوود و کات بە فیرۆدان لە قەڵەم دەدا! نەک هەر ئەوە بەڵکو دەمزانی کە هی وا هەبوون لە پاشەملە گاڵتە جاڕی و توانجی بێ مانایان ئاراستە دەکردم!

لەسەرەتادا زۆربەی ڕووداوەکانم بە چەند و چۆنییەتیەکەوە تۆمار دەکرد، زۆری نەخایاند بۆم دەرکەوت کە ئەم کارە بە تاکە کەسێک ناکرێت و هەر هەفتەی دەبێ سەدەها لاپەڕە پڕ بکرێتەوە.

بڕیارمدا ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووداوەکان بە وردی بپشکنم و هەڵیان بسەنگێنم، تەنها سەرەکی و گرنگەکان تۆمار بکەم. بەم شێوەیە ڕۆیشتم، لە لایەک بەڵگەنامەکانم کۆ دەکردەوە و دەمپاراستن، لە لایەکی تریشەوە ڕووداوەکانم تۆمار دەکرد.

ساڵەکان بە خێرایی تێپەڕ دەبوون، بەڵگەنامەکانی کۆمدەکردنەوە و نووسراوەکان لە لام بە نرخترین شت بوون. دەفتەرەکانم وەکو نوشتەی دوورعای شێخان هەمیشە لەگەڵ خۆمدا هەڵمدەگرتن، یا لە شوێنی تایبەتی دەمپاراستن.

بەداخەوە لە ئێوارەی ڕۆژی ١٢/١٠/١٩٨١ لاقاوێکی کتوپڕی زۆر

بە تەوژم هاتە سەر دۆڵەکەی پشتی گوندی « تۆکان » بەڵگەنامەکانی کە نزیکەی سێ ساڵ دەبوو کۆمکردبوونەوە شەپۆلی سیولەکە ڕایماڵین و دەستم نەکەوتنەوە. ئەمە یەکەمین زیانی گەورە بوو کە هەست و دەروونی هەژاند.

لە کارەساتە خوێناوییەکەی یەکی ئایاری ۱۹۸۳دا لە « پشت ئاشان » شوێن و ژیانمان کەوتە بارێکی گەلێ سەختتر. کتوپڕ دیمان لە لایەن چەکدارەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوین. زوو ئەوەم بە خەیاڵدا هات کە چۆن دەفتەرەکانم ڕزگار بکەم و نەهێڵم بکەوێتە دەستی هێرشکەران. کە بڕیارماندا « پشت ئاشان » بەجێ بهێڵین و پاشە کشێ بکەین لەوێش ژمارەیەکی باشی بەڵگەنامەکانم لە ژێر کەڵەکە بەردەکانی نزیک خانووەکەمدا شاردەوە.

هەر لە کۆنەوە ڕۆشنبیر و شۆڕشگێرانی کورد، کاریان ئەوە بووە وەک پشیلەی کۆریە بەدەم یان دژمی هەمیانە بەکۆڵ. بڵاوکراوە و بەرهەمە بە نرخەکان لە ترسی دوژمنانی بیر و باوەڕ لە کونج و قوژبنی نهێنی بشارنەوە.

بەو هیوایەی لە هەلی لەبارتر دەریان خەنەوە و بکەونە دەست جەماوەر. گەلێ بە داخەوە بەرهەمی بە نرخی هەزاران دڵسۆزی نەتەوەکەمان ڕووناکییان نەدیت. چارەنووسیان هەر وەکو بەرهەمی « مازووکەری کون لە پاشۆڵ » بووە! لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی حیزبمان لە ناوەوەی وڵات و لە شاخ، لە کازیوەی ۱۹۸۳/٥/٢ هاوڕێ کەریم ئەحمەد ئەندامی م. س/ی حزبمان ئاگاداری کردم کە بەبێ وەستان لە گەڵ ژمارەیەک هاوڕێ « ۱۷ کەس بووین » بەرەو دیوی کوردستانی ئێران بکەوینە ڕێگا.

زۆر بە پەلە کراسێک و تاقمی تەراش و ڕادیۆیەکی بچووک و دەفتەرەکانم خستە ناو ساکێکی بچووک و لە شانم کرد، ماڵم بە جێهێشت یەکەم دەستە بووین چیای بەرزی قەندیلمان بڕی، ڕێکەوت « صدفە » یارمەتی‌داین و نەکەوتینە ژێر ڕنووە زلەکانی بەفری چیای سەختی پڕ مەترسی قەندیل. ئەوەی هاتە پێشمان و بەسەرمان هات، لە هیچ فیلمێکی سینەما و لە هیچ وڵاتێک نەماندیبوو. بەفرمان شکاند و بەسەر سەختی و ناخۆشی پڕ مەترسی شاخی قەندیلدا زاڵ بووین. ڕێگامان کردەوە و گەیشتینە ئەشکەوتی « دۆڵەنی » لە دیوی کوردستانی ئێران. پشوێکماندا کەمێک حەساینەوە، زۆریشی نەخایاند دوای چەند سەعاتێک زۆربەی هەرە زۆری هاوڕێیان و هاوڕێیان حزبی سۆشیالیستی کوردستان بە دوای ئێمەدا هاتن. بەرەو گوندی « بادیناوە » ڕێچکەمان بەست، بە یارمەتی‌دانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و ئەرتەش و پاسدارانی ئیسلامی ئێران گەیشتینە گوندی « شیناوێ » لە تەک شاری « خانە ـ پیرانشار » .

دوای چەند ڕۆژێک قۆناغمان بۆ گوندی « سێلوێ »ی خێڵی مامەشان گواستەوە. لەگەڵ هەموو ئازار و دەردەسەری شەکەتیشمدا، مایەی خۆشحاڵیم ئەوەبوو کە دەفتەرەکانم هەربە شانەوە بون!

خوێنەری خۆشەویست:

لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٣ هەوڵمداوە، زۆر بــە وردی و بە ڕاشکاوی، کارەساتەکــەی « پشت ئاشان » وەکو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان و ڕاستگۆ دوور لە عەقلیەتی حزبایەتی تەسک، خۆشی لە ناو هەموو ڕووداوەکاندا، پێش و پاشی کارەساتەکە ژیابێ و تۆماریشی کردبێ. ڕوون بکەمەوە ڕاو و بۆچوون و هەڵوێستی تایبەتیم

ئەوسا کە چۆن بوو. خستوومەتە بەردەم ئێوەی بەڕێز دوا بڕیاریش بۆ مێژوو و مێژوونووسان دەمێنێتەوە!

لە ئەنجامی تاوانەکانی یەکی ئایاری ١٩٨٣ لە پشت ئاشان ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیان و خەباتگێڕانی نیشتمانپەروەر شەهید کران، زیانی یەکجار زۆر و هەژانێکی بەتین هاتە سەر حزبمان و حزبەکانی بەرەی دیموکراتی عێراق « جود » و گشت بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراتی عێراقی و کوردستانی.

کڵپەی ئاگری شەڕی براکوژی زیاتر پەرەی سەند، تۆی دووبەرەکی و ڕق و کین و دوژمنایەتی بڵاوتر بووەوە. کوشت و بڕ لە زۆربەی ناوچەکانی « سۆران » شولی لێهەڵکێشرا.

ڕژێمی فاشی عێراق باشترین سوودی لەم ڕووداوە تاڵانە وەرگرت و بە هەلێکی زێڕینی زانی، لە گەڵیٚ لاوە پەنجەی ژەهراوی خستە ناو بارەکەوە.

لەسەرەتای تەمووزی ١٩٨٣ سەرکردایەتی حیزبمان لە گوندی « سێڵویٚ » بڕیاری وەرگرت ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیان بە سنووردا بنێرێتە « سوریا » لەوێشدا بەشێکیان بۆ خوێندن و بەشێکیش بۆ نەشتەرسازی و کاروباریتر ئامادە بکرێن.

لەناو ئەمانەدا چەند هاوڕێیەک ناسیاوی نزیکی خۆم بوون، دوانیانم هەڵبژارد و داوام لێکردن کە چەند دەفتەر و بەڵگە نامەیەکم بۆ بگەیەننە لای کورەکانم لە مۆسکۆ. زۆر مەردانە ئامادەییان نیشاندا و منیش شەش دەفتەر لەگەڵ ژمارەیەک وێنە و بەڵگەنامەم پیٚسپاردن! ئەم دوو هاوڕێیە، خوا هەڵناگریٚ وەکو ئەمانەتێکی بەنرخ ڕاسپاردەکەیان بەجیٚگەیاند بوو، هەرگیز بازمەتی و پیاوەتییان لە بیر ناکەم. لە

راستیدا ئەوەی ئێستا لەبەر دەستانە بەشداری ئەم دوو هاوڕێیەی تێدایە.

چەند مانگێک لەسەر خاکی کوردستانی ئێران ژیانی سەخت و ناخۆشمان بەسەر برد. هەر لە هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسییەوە تا بچووکترین شانەی هاوڕێ و پێشمەرگەکان! بیرکردنەوە و مێشکی هەموو لە کارکردن دابوو، چۆن بگەڕێینەوە بۆ کوردستانی عێراق! چ شوێنێک دەشێ بکرێ بە بارەگای سەرەکی؟ لە هەمان کاتیشدا، لە هێرش و دەسەڵاتی دوژمن و شەڕ پێفرۆشتنی چەکدارەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوور بێت؟ لەبارترین شوێن ناوچەی لۆلان بوو لە سێ سوچی ئێران و عێراق و تورکیا.

بە پێی بڕیاری سەرکردایەتی حزب، لە سەرەتای مانگی ئابی ۱۹۸۳ دەست بە گواستنەوە و دروست کردنی خانوو شوێنی پێویست کرا.

سەختترین ڕووداو لە ژیانی کۆمەڵگا و هەر حزب و گروپ، تەنانەت مرۆڤێکیش تێکدانی هێلانەی و وێرانکردنی هەوارگە و شوێنی کار و گوزەرانییەتی هەروەها دەربەدەری و پچڕانی پەیوەندی بە خاکی نیشتمان و نەتەوەکەوە، زامەکانی قوڵتر دەکردین. ماوەیەک لە ناوچەی « لۆلان » ژیاین بە درێژایی « دۆڵی دەراو » چەند کونە گوندێکمان ئاوەدان کردەوە، وەک گوندی « ماڵی مەلا » و « دەراوی خواروو » و دەراوی سەروو » زستانەکەی ۱۹۸۳-۱۹۸٤ ژیانمان لەوێ بە ڕێکو پێکی بەسەر برد.

لە نیسانی ۱۹۸٤دا جارێکی تر بڕیار درا کە بەشێک لە بنکەکان بەرەو ناوەوە ببرێنە پێش. بارەگای هەرێمی کوردستان ـ حزبی شیوعی عێراق و هێزەکانی مەڵبەندی هەولێر گوێزرایەوە ناوچەی « بارزان »

لەوێدا چەند شوێنێک بۆ ئاوەدان کردنەوە هەڵبژێردران دۆستایەتی و برایەتی و هاوکاریکردنی یەکجار بەهێز دروست بوو لە نێوان ئێمە و ماڵ و منداڵی ئەو برا بارزانیانەی کە لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانەیەی ڕژێمی فاشیستی بەغدا لە کانونی دووەمی ١٩٨٣ کردبویە سەر ئەمانەی لە ئۆردوگای زۆرە ملێی « بحەرکە » و « قوشتەپە » بە دیلی گۆکرابوونەوە. دوایش ڕاپانکردبوو و بە هەزاران دەردەسەری گەڕابوونەوە بۆ چیای سەرکەش و جێگەی دێرینی باوو باپیران و خێڵەکەیان. بەکجار بە دەست کورتی ژیانی خۆیان بەسەر دەبرد. ئەوەی لە توانامانذا بووایە بۆ یارمەتیدانی ئەم لێقەوماوانە درێغیمان نە دەکرد. ماوەی ساڵێک و چەند مانگێک بە ڕێک و پێکی و تەبایانە لەگەڵ ئەم هەژارە دەربەدەرانە ژیانمان بەڕێوە برد.

ئیش و کارەکانی حیزب و پارتیزانیمان بەرەو پێشکەوتن و گەشە کردن دەڕۆیشت. لە گەرمەی تێکۆشان دا بووین. لە کاتێکی یەکجار ناڵەبار و چاوەڕوان نەدەکرا، لە سەرەتای مانگی ئابی ١٩٨٥دا نامەیەکی پڕ هەڕەشەمان پێگەیشت بە مۆری شێخ خالید بارزانی و پاسدارێکی ئیسلامی ئێرانی « ڕەحماتی ڕەزایی » مۆرکرا بوو تێدا ماوەی شەش ڕۆژمان بۆ دیار کرابوو کە ناوچەکە بەجێبهێڵین دەنا بەر هێرش و پەلاماریان دەکەوین!! ئەمەم بەکارێکی گەلێ ناڕەوا قورس وەرگرت، چونکە دەمێکە و هەر لە کۆنەوە حزبی شیوعی عێراق دۆستی ڕاستەقینەی بارزانییەکان بووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەم چەند دێڕە تۆمار بکەم! لەکاتێکدا دوای ئەوەی زانرا کە ڕژێمی فاشی عێراق هەشت هەزار بارزانی بێ سەرو شوێن کردووە زیاتر لە ٣٠ کەسیان خزمی نزیکی شێخ خالید و مەسعود بارزانی بوون، من و هاوڕێ کەریم

ئەحمەد، بە پێی بڕیاری مەکتەبی سیاسی لە کۆتایی ١٩٨٤دا بۆ سەرخۆشی و نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بەم ڕووداوە بۆ گوندی « سلێڤانی » لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ چووین، لە ماڵی کاک مەسعود. شێخ خالید و مەسعود بارزانی و بەهەشتی ئیدریس بارزانی و زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی پارتی لێ بوو، بە ناوی سەرکردایەتی حزب و هەموو شیوعیەکانی عێراقەوە بەشدارێکی گەرمی پرسەکەیانمان کرد. بۆیە چاوەڕوان نەدەکرا بەم نامە پڕ هەڕەشە و قسەی ناڕەوا لە ناوچەی بارزان دەربکرێین!! هیوادارم ژیان یارمەتیم بدات دەقی نامەکەی شێخ محەمەد خالید و ڕەحمانی ڕەزایی لە بەرگی سێیەمی کتێبەکەمدا بڵاوبکەمەوە. لەبەر گەلێ هۆ کە پەیوەندی بە گشت باری کوردستان و عێراقەوە هەبوو. چارەمان نەما بە پەلەو شپرزەیی جارێکی تریش کەوتینە بارکردن و کۆچ و گواستنەوە! ئەمجارەیان بەرەو ناوچەی « بادینان » ڕۆیشتین. بارەگای مەڵبەندی لقی هەولێر کەوتە گەلی « کافی » لە ناوچەی خێڵی زێبارییەکان. بارەگای هەرێمی کوردستانیش لە دۆڵی « مەرانە »ی نزیک بە گوندی سوارە و ئەسپیندارە لە پارێزگای دهۆک دامەزرا.

سەرەتای پایزە، ئەستێرەی گەلاوێژ کەوتۆتە بزوێن. سەرما لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا، خەریکە لیفی هەژاران بدڕێنێ، دیسان هاوڕێ قارەمان و لەخۆبوردووەکان، کەوتنەوە قوڕکاری و خانوو دروست کردن و ئازووقە کۆکردنەوە بۆ زستان! بەو پەڕی ئازایەتی و چالاکییەوە بەسەر زۆربەی هەرە زۆری کۆسپ و تەگەرەکان زاڵ بووین.

لەگرمەی کار و خۆڕێکخستن دا بووین، لە سەرەتای مانگی ئوکتۆبەری ١٩٨٥ بروسکەی مەکتەبی سیاسی حزبمان بە دەست گەیشت.

کە بە پەلە بگەمە بارەگاکەیان لە دۆڵی خواکورک ـ گوندی « ئەرموشی سەری » یەکسەر بەرێکەوتم دوای شەش ڕۆژ ڕێ بە سەختترین ناوچەکانی کوردستانی عێراقدا گەیشتمە لای هاوڕێیان هەر زوو زانیم کەوا بڕیار دراوەوە کۆنگرەی چوارەم لەم ڕۆژانەدا ببەسترێت!

کۆنگرە لە ماوەی ۱-۱۵ی تشرینی دووەمی ۱۹۸۵ لە گوندی « مەرگەوەڕۆک »دا بەسترا. سێ ڕۆژ دوای تەواو بوونی کۆنگرە، هاوڕێ کەریم ئەحمەد ئاگاداری کردم کە ناوی من لە لیستەی دەرچووان بۆ لیژنەی مەرکەزیدا نییە! لە دڵی خۆمدا بڕیارمدا کە بچمە دەرەوەی وڵات و بەم نزیکانە نەگەڕێمەوە ڕێکخراوی حزبی هەرێمی کوردستان، دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر، مەکتەبی سیاسی حزبمان بە نا دڵییەوە ماوەی دام لەگەڵ خێزانەکەمدا بە ڕێگای « تاران » بەرەو سووریا بڕۆین.

لە مانگی ئابی ۱۹۸۳ تا کۆتایی کانوونی دووەمی ۱۹۸۵ زیاتر لە ۷۰۰ لاپەڕەم لە ڕووداوەکان تۆمار کردبوو کەوتمە پرسیار کردن لە خۆم! ئەم دوو دەفتەرەی لەگەڵ خۆمدا بۆ ئێران ببەم یان نا ؟ ئەگەر کەوتنە دەست کاربەدەستانی ئێرانی چەندە بە گران دەوەستێ؟ بۆیە وام بە چاک زانی کە لای هاوڕێ و برادەری خۆشەویستم « أ.ع » بە جێیان بێڵم کە ۲۵ ساڵە دوو هاوڕێی نزیکی یەکترین، ئەم هەر بە ئەندامیش لە لیژنەی مەرکەزی ماوەتەوە.

دوو دەفتەرەکانم لای دانا کە بۆم بنێرێتە « دمشق » لەگەڵ خێزانەکەم بەرەو ئێران کەوتینە ڕێگا. سێ مانگ لە خاکی ئێران ماینەوە لە ۲۲ی نیسانی ۱۹۸٦ گەیشتینە « دمشق » چاوەڕوانی دوو پارمەتیمان لە سەرکردایەتی حیزب دەکرد:

١- بماننێرن بۆ وڵاتێک بۆ معالەجەی پزیشکی.
٢- ئەو دوو دەفتەرەی جێم هێشتبوون بگەن بە دەستم.

تەقەلای زۆرمدا، چەند جار نامەم نووسی و بەدەمیش تکام لە هاوڕێیان کرد کە مافی ڕەوای خۆمانە ئەم دوو داوایەمان بۆ جێبەجێ بکەن!!! هەمووی بێ سوود بوون، تاکو ئێستا نە بۆ موعالەجە نێردرابن و نە دەفتەرەکانیشم بەدەست گەیشتوون!

لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨ لە دمشق هاوڕێیەک موژدەی پێدام و گوتی: لەگەڵ پۆستی حیزب بە ڕێگای سەر سنوور دوو پێچراو گەیشتنە « قامیشلی » لە سەریان نووسرا بوو « وثائق خاص بابو آسوس » بەڵگەنامەی تایبەت بە باوکی ئاسۆس ئەمە زۆر گوشادی کردم کە ڕەنجم بە خەسار نەچووە! دوای ماوەیەک لە هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی داوام کردەوە یارمەتیم بدەن دوو دەفتەر و بەڵگە نامەکانم بۆ بگەڕێنەوە ئەرپەڕی سوپاسیان دەکەم. بەڵام بیانوویان هێنایەوە و جەختی ئەوەیان کرد کە لە دۆڵی خواکورک لە ژێر خاکدا شاردراونەتەوە!منیش بە بەرژەوەندم نەزانی بڵێم زانیومە چ مەفرەزەیەک گەیاندوویەتە بنکەی بادینان و بە دەستی چ هاوڕێیەک بەم دواییە گەیشتە « دمشق » نومێدم لەوە نەبڕاوە کە هاوڕێیانی م.س نەک هەر دەفتەر و بەڵگە نامەکانم بۆ بگێڕنەوە، بەڵکو ماوەشم بدەن چاوم بە ئەرشیفی حیزبمان بکەوێ بەشی پەیوەندییەکانی نیشتمانی بە تایبەتی هی ئەم ١٢ ساڵەی دواییدا. هی ١٩٧٩/١/١ - ١٩٩٠/١٢/٢١ بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتێکی بچووک پێشکەش بە بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراتی عیراقی و نەتەوەییمان بکەم.

لە مانگی نیسانی ١٩٨٩دا هاوڕێ « أ.ن » ئەندامی مەکتەبی

سیاسی پێی ڕاگەیاندم کە بڕیارێکی وا هەیە ئەگەر دژ نەبم لەگەڵ ئەندامێکی ل.م و هاورێیەکی تردا بۆ سوید بچم ئەمەم بەباش زانی و ئامادەیی خۆم نیشاندا، حیزبیش هەموو یارمەتییەکی داین و دوای دوو مانگ گەیشتینە سوید.

خوێنەری بەڕێز و خۆشەویست:

کە دەستم بە تۆمارکردنی ڕووداوەکان کرد، نە لای من و نە لای کەس ڕوون نەبوو و نە دەزانرا کاروانەکەی خەباتی نیشتمانی و دیموکراتی و نەتەوەییمان بەچەند قۆناغ و گۆڕانکاریدا تێپەڕ دەبێ و کەی بە ئاوات و ئامانجەکانی دەگات، یان دووچاری تێکشکان دەبێتەوە! گوێم لە گەلێ قسەی پڕو پوچ و ناڕەواش دەبوو! یان دەیانگوت چۆن دەبێ ئەم هەموو بەڵگەنامانە لای تەنها هاورێیەک تۆمار بکرێن، هەشبوو داوایان دەکرد کە مەکتەبی سیاسی دەستیان بە سەردا بگرێت و فڕێ بدرێتە ئەو شوێنەی ئەرشیفی حیزبی تێدا کۆکراوەتەوە! چەند جار بە هاورێ سکرتێری یەکەمی حیزب و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی/م ڕادەگەیاند کە ئەوەی تۆمارم کردوو و کۆمکردونەتەوە فەرموون هەموویان لە ژێر دەسەڵاتی ئێوەدایە، بیانپشکنن، ئەوەی بە نهێنی تایبەت دادەنرێ، لاپەڕەکان لای خۆتان گل بدەنەوە.

تەنها لە سوید کەمێک حەسامەوە، هەموو دەفتەر و بەڵگەکانم لە مۆسکۆ وە پێنگەیشت. دەستم کرد بە ئامادەکردنیان، بەمەبەستی بلاوکردنەوەیان. وەک ئەزموونی بەشدار بوونم لە بزووتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی لە سەختترین ماوەی مێژووییدا. نیاز و مەبەستم لەم کارەدا ئەوەیە کە هەموو بەڵگەنامەو ئەزموونی تاڵ و سوێر و سەختی ئەم ساڵانەی دوایی، لە ڕەوتی مێژووی خەباتی نەتەوەیماندا لە کۆمەڵێ

لاپەڕەی نووسراو دا بخەمە پێش ڕۆڵە ڕۆشنبیر و دڵسۆزەکانی نەتەوەی کورد ، بەهیوای ئەوەی هاندەرێک بێت بۆ گەران بە دوای لاپەڕە ونبووەکانی مێژووی نەتەوە پارچە پارچە کراوەکەمان.

تەقەلای زۆرم داوە و دەدەم بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بەڕاست و ڕەوانی بەبێ لایەنگیرکردنی هیچ لایەک بخەمە ڕوو. خۆشبەختانە گەلێ لەو برایانە لە ژیاندا ماون کە بەشداریان لە ڕووداوەکاندا کردووە یان زانیاری باشیان لەسەر هەن لە ناخەوە تکایان لێ ئەکەم کە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بکەن، بۆ ئەوەی بەشەکانی تری ئەم کارەم سەرکەوتووتر بن. گومان لەوەدانییە کە کارێکی لەم بابەتە بەتایبەتیش ئەگەر تاقە کەسێک پێی هەڵستێ هەڵەو کەم و کووڕتی تێدا دەبێ بۆیە چاوم لە دەستی یارمەتی برایانی دڵسۆزە کە پشتگیریم بکەن بە ڕاوو پێشنیار و ڕەخنە و چاک کردنەوەی دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەکان، چونکە لەو بڕوایە دام کە لە ئەنجامی هاوکاری کردندا بەرهەمەکەش سەرکەوتووتر دەبێ، بەم جۆرە زیاتر خزمەتی نەتەوەکەمان دەکات.

ڕێچکەی ئەو کاروانەی هەزاران تێکۆشەر تێیدا شەهید بووە ، هەر ئەوا درێژ دەبێتەوە و گەلێ پەند و وانەی چۆن و چلۆن و ئەبجەکتیڤ نیگەتیڤ و دڵ تەزێن، هەروەها بە کەلک و بایەخدار بۆ ئەم نەوەی ئێستا بەجێهێشتووە! ئەرکی مێژوویی سەرشانی ڕۆشنبیرانی دڵسۆز و تێکۆشەرانی نەتەوەی کورد ئەوەیە کە بە گیانێکی ڕەخنەگرانەی بابەتیانە هەموو ڕوو داوو ئەزموونی سەختی ئەوەندە ساڵەیان ڕێک و پێک و بە پوختەیی تۆمار بکەن و پێشکەش بە نەوەکانی داهاتوو بکەن بۆ ئەوەی سودیان لێ وەربگرن و کاروانی خەباتی ئەوان لە هی ئێمە بە بەرهەمتر و سەرکەوتووتر بێت.

لە کۆتاییدا ، دڵسۆزانە سوپاسی ئەم هاوڕێ و برا ئازیزانە دەکەم کە دەمێکە بۆ ئەم کارە هانم دەدەن. هەروەها بۆ ئەو برادەرانەی ڕۆڵی کاریگەریان لە خەباتی نەتەوەییدا هەبووە. ڕووداویان بۆ ڕوون کردوومەتەوە یان یارمەتی تریان داوم.

سوپاسی تایبەتیم بۆ هاوڕێ و برای دڵسۆزم ڕەفیق سابیر نووسەر و شاعیری ناسراو کە سەرجەمی ئەم بەرگەی سەیر کردووە لە ڕووی زمانەوانەوە ، هێندێ دەستکاری کردووە هەروەها تێبینی و سەرنج و پێشنیارە بە نرخەکانی، بەڕادەیەکی زۆر بوونە مایەی وەرگرتنی ئەو شێوە و ناوەڕۆکەی ئێستای بەرهەمەکەم هەیەتی.

سوید : ئیسکلستونە
١٩٩١/٦/١

گەڕانەوە بۆ سەر پیشە کۆنەکانیان

دوای ئەوەی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە عێراقدا لە ئەنجامی کۆدەتا گومانلێکراوەکەی ۱۷ی تەمووزی ۱۹٦۸ دەسەڵاتی سیاسی زەوت کردەوە، حیزبی شیوعی عێراق هەڵوێستی ئیجابی وەردەگرت بەرامبەر بە هەر هەنگاوێک یا بڕیارێک یا خود هەڵوێستێک کەمی بەرژەوەندی جەماوەری تێدا بەدی بکرایا!

لەگەڵ ئەوەش هەڵوێست وەرگرتن، بەرامبەر بە پارتێک کە تێکڕایی مێژووەکەی پڕ بێت لە کردەوە و ڕەفتاری دوژمنانە و شۆڤێنی و گیانی ڕەگەز پەرستی کارێکی سانا نییە! ماندوو بوون و بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەی قوڵی دەوێت.

پارتی بەعس کە گەڕایەوە سەر حوکم لەناو کۆمەڵێک گیروگرفتی نالەباری قووڵ دا دەژیا، پێشی هەموو شتێک جەماوەری عێراق بەو چاوە سەیری ئەم تاقمەی دەکرد، کە تاقم و هێزێکی شۆڤێنیست و تیرۆریستن مێژوو ڕابردوویان پڕە لە تاوان و کوشتن و پیلان گێڕان! هەموو خوێن ڕشتن و کردەوە دڕندەکانی قەسابخانەکانی ۸ی شوباتی

خوێناوی ساڵی ۱۹٦۳ له یاد دا دەرنەچوو بوو. جێگای مەترسی و بڕوا پێ نەکردن بوون له لایەن زۆربەی جەماوەر و هێزە سیاسیەکانی عێراقی کوردستانی.

پێش ئەوەی بەعسیەکان بگەڕێنەوە سەر حوکم نیمچە پەیوەندیەکی لاواز بە نهێنی له نێوان سەرکردایەتی حزبی شیوعی و سەرکردایەتی ئەواندا هەبوو بەلاّم کە گەڕانەوە سەرکار گفتوگۆ و پەیوەندی فراوانتر بوو. مەبەستی ستراتیژی ئەوان، هەر له سەرەتاوە ئەوە بوو کە بۆ ماوەیەک حزبی شیوعی عێراق ڕابکێشن بۆ هاوکاری کردن لەگەڵیاندا. پێویستی زۆریان بەم هاوکاریە هەبوو نەک تەنها هەر بۆ ناوەوەی وڵات بەڵکە بۆ گشت وڵاتانی جیهان و جووڵانەوەکانی ئازادیخواز و ئاشتی و دیموکراسی بۆ، ئامانجیان سود وەرگرتن له ناوو سمعەی حزبی شیوعی.

لەلایەک هێندی هەڵوێست و بڕیاردانی باش و ایجابیان وەرگرت بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی زل و زۆری ناوەوە. له لایەکی تر تەقەلایان ئەدا پەیوەندیان بە هێزکەن لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستی و جولانەوەکانی ئازادی و نیشتمانی و حیزبە شیوعیی و سۆشیالیستەکانی دونیا.

جگە لەمانەش هەموو هێزو توانایان له ڕووی سیاسی، دارایی، ئایدۆلۆژیەوە تەرخان کردبوو، چۆن خۆیان بەباشی پتەوکەن و بچەسپێنن تا جارێکی تر دەسەلأت له چنگیان دەرنەچێتەوە! بۆ بەدی هێنانی ئەم ستراتیژیەتە لەسەر پرنسیپی «الغاية تبرر الواسطة» دەڕۆیشتن. هەر مەترسیەک گومانێک کەم یا زۆر له هەر لایەنەک بایە بە هەموو هێزو توانایان لەناویان دەبرد.

حزبی بەعس هەرلەسەرەتای گەڕانەوەی بۆ سەر حوکم بە پشوی درێژ

بە نهێنی، بە گەلی شێوەو رێگای جۆراو جۆر کارەکانی خۆیان وەجێ دەهاتی مەبەست و ئاماجی سەرەکی یەکەمیان پوچەڵ کردن و لەناو بردنی شۆرش ١١ ئەیلولی ١٩٦١ی کوردستانی عێراق و نەخشەی دووەمیان لاواز کردن و بێهێز کردنی حزبی شیوعی عێراق بوو!

جەماوەری عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی لەگەڵ هێزە پێشکەرتووخوازەکانی دونیا، رێکەوتنەکەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠یان بەسەرکەوتنێکی مەزن لە قەڵەم ئەدا،کە دەسکەوتێکی گرنگە بۆ جولانەوەی شۆرشگێری و دیموکراسی هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی عێراق. دوا بە دوای ئەو هەنگاوە، دامەزراندنی بەرەی نەتەوایەتی و نیشتمانی پێشکەوتنخواز لە نێوان « حشع » و بەعس بەسەرکەوتنێکی‌تر دائەندرا لە مێژووی دوورو درێژی جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراسی [illegible]اق. کەچی رژێمی کاربەدەست هەر لە سەرەتاوە کەوتە پیلان سا[illegible]و[illegible] [illegible]شە کێشان بۆ ئەوەی هەردوو رێککەوتنەکە گەندەڵ بکات بۆیە هەر لەسەرەتایی هەر دوو رێکەوتنەکە هی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و ئەموزی ١٩٧٣ رۆژێک تێ‌نەئەپەری کۆسپ و تەگەرە و بەڵگەو بیانوو نەتێننەوە!! مەترسی جەماوەر لە گشت هەنگاو رەفتارەکانی بەعس زیادی دەکرد و بەبێ بروا و گومان لێکردن تەماشا دەکرا. ئەوەبوو لە مانگی مارتی ١٩٧٤ شەری ناوخۆ دەستی پێکردەوە رژێمی عێراق بە هەموو هێزو توانایەوەو بە هەموو جۆرە چەکێک هێرشی جانەوەرانەی هانییەوە سەر کوردستان.

لێرەدا دەڵێم زۆر بەداخەوە کە هەڵوێستی حزبی ئێمە لە رووی هاوکاری کردنی چەکداری شان بە شان حزبی بەعسی رەگەزپەرست هەڵە و هەڵوێستێکی هەرە چەوت و ناڵەبار بوو، ئەدەبا ئەم هەڵە گەورە

مێژووییه له مێژووی تێکۆشان و خهباتیکردنی حشع ڕوو بدات! ههر لێرهدا پێویسته ئهوهش بگوترێ ههڵوێستی چهوت و دوژمنکارانهی پارتی بهرامبهر به حزبی ئێمه که دۆستی ڕاستهقینهی پارتی بوو یارمهتی ئهوهیاندا و ڕێگهی بۆ ئهوه خۆش کرد که حشع ئهم ههڵوێسته چهوته وهربگرێ. ئهنجامهکهشی ههموو لاکمان تووشی زیانێکی یهکجار زۆر و تێکشکان هاتین.

ههرلهگهڵ تێشکانی شۆڕشی ئهیلول و لهناو چوونی له مانگی مارتی ١٩٧٥، بهعسییهکان زیاتر ڕووی خۆیان والا کرد، پهرده لهسهر زۆربهی ئامانج و ئارهزوو شاراوهکانیان لادرا پیلان و نهخشه شۆڤێنییهکان و ڕق و کینه دژایهتی نهتهوهی کورد و دیموکراسیهت وهکو مانگ له ١٥ی‌دا سهری دهرهانی!!

بهعسیهکان به پێی مادهی ٤٢ له دهستووری کاتی، که وهک شمشێری موسا به کاریان دههانی کهوتنه دهرهێنانی مهرسوم له دوای مهرسوم، لهو مهرسومانهی بلاویان کردهوه! بۆ هیچ لایهنهک نیه کاری سیاسی لهناو ئهو کوردانهدا بکات که دهگهڕێنهوه، له ههر کوردێکی گهڕاوهی پهشیمان بوو، قهدهغهیه لهناو حزبی بهعس‌دا نهبێکاری سیاسی بکات، به پانایی ٢٠کیلۆمهتر به درێژایی سنووری عیراق ـ ئێران پاک دهکرێتهوه و دانیشتوهکانی رادهگوێزرێن. ههر کوردێک بێ ئیجازهی میری چهک ههڵگرێت یهکسهر ئیعدام دهکرێ. میری بۆی ههیه ماڵ و خێزانی کوردهکان به یهکجاری لهههر ناوچه یا شارێکی عیراق دانێت...هتد. ههر یهکێک لهو مهرسوومانه بهوه کۆتایی دههات که ههر کهسێک لهم سنووره دهرچێت ئیعدام دهکرێت!؟ لهمانهش زیاتر به ههموو شێوهیهک تهقهلاو ههوڵدانی بێ وچان بۆ بهعسی کردنی کوردهکان ئهدرا

سەدەها سیخوڕ ـ جاسوس ـ و بەکرێگیراوانی ئەمن و مخابراتیان لە هەموو ناوچە و شارۆچکە و هەتا لە لادێیەکانیشدا بڵاو کردەوە. نەخشەو پیلان و ڕێبازی تایبەتی ئەو کاتەیان بەرامبەر بە حشع بریتی بوو لە پەڵپ و بیانوو گرتن. ڕەخنە و نارەزاییان بەرامبەر بە بەشی زۆری ئەو نووسینانەی لە ڕۆژنامەکانی حزب بڵاودەکرانەوە دەردەبڕی. داوایان لە حزب دەکرد وەکو ئەوان هێرش بەرێتە سەر حزبی بەعسی کاربەدەست لە سوریا بە پێی ئارەزووی ئەوان بە دام و دەزگاکانی ئابووری بگوترێ دام و دەزگای سۆشیالیستی!! بە هیچ شێوەیەک یا لە چ مەجالێک « حشع » نابێ ڕێکخراوی دیموکراسی و کۆمەڵایەتی بهێنێت! وەکو یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراق، یەکێتی لاوانی دیموکراسی عێراق، کۆمەڵی مافی ئافرەتانی عێراق، یەکێتی کرێکاران...هتد. کارکردنی سیاسی لە ناو سوریا قەدەغەیە!! ماوە نیە هەتا ڕەخنە لە نەقابەکانی کرێکاران، یەکێتی کۆمەڵەکانی جووتیاران بگیرێت. ڕێگا نە ئەدرا هانی کرێکاران بدرێت داوای مافە ڕەواکانیان بکەن. هەستی بچووکترین بزووتیان بکردبا لەو ماوانەی باس کراوە، ئەوا بە سەرپێچی پرۆگرامی بەرەیان دادەنا. کەچی هەموو کارێک لە بچووک تا گەورە بۆ بەعسییەکان حەلاڵ بوو، بەپێی ئارەزوو بەرژەوەندی حیزبەکەیان ڕەفتاریان دەکرد، گوێیان بە هیچ نرخ و پەیوەندی ڕێزگرتنێک نە ئەدا. بە پێی بڕیار و نەخشە گڵاوە شۆڤێنییەکانیان سەدەها خێزان و مووچە خۆری عەرەبیان بۆ ناوچە و شار و لادێیەکانی کوردستان گواستەوە. لە تەقەلادانی ئەوتۆ دابوون بست بە بستی زەوی کوردستان بچووک بکەنەوە و بە عەرەب نشینی بکەن. تا ئیمرۆکەش هەر لەسەر هەمان نەخشەی ستراتیژییان بەردەوامن.

لەوکاتەی کە پارتی بەعسی عێراق، شانازی و لاقی سەرکەوتنی لێئەدا بەو سەرکەوتنانەی وەدەستی هانیبوو!! بەتایبەت لەناو بردنی شۆرشی ئەیلولی نەتەوەی کورد و خۆماڵی کردنی کۆمپانیەکانی نەوتی مۆنۆپۆلی، توشی گەورەترین لەخۆ بایی بوون هاتن.

لە ئەندامێکی بچووکیانەوە تا دەگەیشتە ئەندامێکی سەرکردایەتیان وا خۆیان دا ئەنا عێراق بە هەموو دانیشتوان و تەواوی سامان و داراییەوە موڵکی ئەوانە و لەمەودوا بۆ هیچ هێزو لایەنێک نییە قاچ زیاتر لەو سنوورە درێژ بکات کە بەعسی بۆیان دائەنێ. هەستی هەر جوڵەیەکیان بکردبا کەمێک بۆنی دژایەتی ئەوانی لێهاتبایە بە جۆرێکی دڕندانە لێیان ئەدا و لەناویان دەبرد بێ ئەوەی گوێ بە هیچ داب و یاسایەک بدەن یا نرخ بۆ شتێک دابنێن، کە پێی دەگوترێ مافی مرۆڤ.

لەو کاتەی ئەو هەموو رووداوە تراژیدیانە بەسەر عێراقدا تێپەڕ دەبوو لە لایەک دەبینرا بە ئاشکرا بێ پێچ و پەنا گەلێ لە ناوچ جوانەکانی کوردستان بە بلدۆزەرو شۆفڵ و مادەی T.N.T وێران دەکران سەرچاوەی ئاوە سازگارەکان بە چیمەنتۆ دەگیران رەزو باخ و جەنگەڵ دەسوتێنرا، هەزاران ماڵی کورد دەگوێزرانەوە بۆ خوارووی عێراق، بە شێوەی تیرۆری فاشیانە رەفتاریان لەگەڵ جەماوەر دەکرد، ئەوەی چۆکی بۆ دانەدابان و کاری وەکو نۆکەر بۆ نەکردبان بە دوژمنی خۆیان لەقەڵەم ئەدا! ناوی لە لیستەی مخابرات تۆمار دەکرا تا بۆ ئەشکەنجەدان و سەربڕێ شۆرکردن نۆرەی دەهات. بەعسیەکان تاکو کێو کێشەی زۆریان خستە نێوان جیاوازی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوایەتی و بیرو بڕوا. بچووکترین دیاردەی دیموکراسیانەی تێدا بەدی بکردبا بەربەرەکانیان

دەکرد و نەیان دەهێشت.

لەو بارو کاتە تـاهەموارەدا حیزبی ئێمە کۆنگرەی سێیـەمی لە ناوەڕاستی مانگی ئاياری ١٩٧٦ لەژێر دروشمی « دەست لەناو دەست بۆ پێشـەوە بەرەو دامـەزراندنی سۆشیـالیزمی لە عێراق »دا بەست. ئەو بەڵگەنامانەی پێشکەشی کۆنگرەکەکران زیاتر لەسەر هەنگاوو کارە ئەبجێکتیڤەکانی رژێم نووسرا بوون. ڕووی گەش و بەختیار و کامەرانی دووا ڕۆژی عێراق لە شێوەی سەرەکی ڕاپۆرتـەکاندا خۆیان دەردەخست! لەگەڵ ئەوەشدا کاتی گفتوگۆ و لێدوان و دەرس کردنی بەڵگەنامەکان، ژمارەیکی باش لە بەشدار بووانی کـۆنگرەی، بە ئاشکرا رەخنە و نارەزایی زۆریان دژ بەو ڕێباز و سیاسەتەی سەرکردایەتی حیزب لەگەڵ حزبی بەعس تەنانەت بەم شێوەیەی کە لە پرۆگرامی بەرەکەدا هاتبوو. گومانیان زۆر بو بەرامبەر بە دوا ڕۆژی عێراق لەژێر سایەو دەسەڵاتی بەعسیەکان! دەتوانم بڵێم لە ١٢٪ نوێنەرەکان دەنگیان بۆ ئەو خاڵانە نەدا کە دەربارەی ئاسۆی کارکردن و دوا ڕۆژی عێراق بوون.

هەر لەسەرەتای گەڕانەوەی حیزبی بەعس بۆسەر حوکم نەخشەی ئایدۆلۆژیان و یەکێک لە ئەرکە سەرەکیان ئەوە بوو چۆن حزبی شیوعی عێراق لاواز بکەن و لە چوارچێوەیەکی بچووک ئابلوقەی بدەن کورد گوتەنی « وەکو بەرخەکەی حەمکەی لێ‌بێت نە زیاد کار نەبێ » تەنها گیان لە جەستەی‌دا هاتوو چۆ بکات‌ائەوەبوو ئەم ڕاستییانەهەر یەکسەر دوا بـەدوای کـۆنـگرە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ لـە هـەمـوو ڕوونکـەوە و لـە سەرانسەری عێراقیشدا زیاتر سەریان هەڵدەدا. دەست درێژی و ئازاردانی نەتەوەی کوردمان، پەلپ و بیانوو پێگرتن بە حزب و کەسانی دیموکرات خراز گەیشتە سنوورێکی ئەوتۆ کە پێشتر وێنەی نەبووە!

کۆمیتەی ناوەندی حزبمان لە سەرەتای مانگی مارتی ١٩٧٨ لە کۆبونەوەی خۆیدا، لێدوان و دەرسکردنێکی فراوانی باری سیاسی عیراق و پەیوەندی نێوان حیزب و حزبی بەعسی کرد. لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە راپۆرتێکی سیاسی دوورو درێژی بلاوکردەوە، لە رپۆرتەکەدا بە شێوەیەکی ناسک و دڵسۆزی و هێژانە داوا لە سەرکردایەتی حزبی بەعس کرا واز لەو رێبازە چەوتە و پرمەترسیە بهێنێ، دەست هەڵگرێ لە دوژمن کاری کردنی نەتەوەی کورد و رێکخراوەکانی حزبمان دۆستایەتی و پەیوەندی بەرەیی بگێرتەوە سەر بارو دۆخێکی راست و رەوا بەرژەوەندی هەموو گەلەکانی عیراقی تێدا بەدی بکرێت... کەچی بەعسیەکان گوێیان بەهیچ نەدا بە پێچەوانەزیاتر شولی بەربەرەکانی کردنیان هەڵگێشا، روناکی سەوزیان هەڵکرد بۆ لایەنگرو نوسەرەکانیان تا نوکی خامە تیژ کەن رووی هێرشی نوسینیان ئاراستە کەن بۆ سەر حزبی شیوعی عیراق. زۆری نەخایاند هەر لەدوای بلاوکردنەوەی راپۆرتەکەی کۆمیتەی ناوەندی، وتارێکی ژەهراوی پڕ قین و کین لە رۆژنامەی «الراصد»دا بلاوکرایەوە کە پڕ لە درۆ و گوتەی ناڕەواو هێرش و هەڕەشە بوو. لەهەمان کاتدا هاواری بانگەوازی تێدا بەدی دەکرا بۆ رێکخراوەکانی حیزب بەعس و گشت دام و دەزگاکانی ئەمن و مخابرات، تا خۆیان ئامادەکەن بۆ لێدان و تێکشکاندنی رێکخراوەکانی ح. ش. ع لە هەرەتی ئەم شالاوە دوژمنکارانەیان تاوانێکی یەکجار گەورەیان خستە سەر لاپەرەکانی مێژووی رەشیان، ئەویش ئیعدام کردنی ٣١ هاورێ و لایەنگری حیزبمان بوو! لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٩٧٨ بەو بوختانەی گوایا ئەمانە کاری رێکخراوی ح. ش. ع /یان لەناو سوپا و هێزە چەکدارەکانی عیراقدا کردووە.

تیروری جانەوەرانە زیاتر پەرە دەستێنی

هێرش هانین و دەست لێوەشاندن بۆ سەر ڕێکخراوەکانی ح . ش . ع پلەیکی بەرزتری وەرگرت ڕژێمی فاشی ناوچە دوای ناوچە ڕێکخراوەکانی حزبانیان تێکشکاند و شیرازەیان پچراند. هێرشی فراوان لە پارێزگای بەسرە دەستی پێکرد. رۆژی بە سەدان هاوڕێ و لایەنگران ڕاپێچەک ئەدران بۆ دائیرەکانی ئەمن و ئیستیخبارات و بارەگاکانی بەعس و گشت ڕێکخراوەکانی سەر بەئەوان. بە جۆرەها شێوە ئەشکەنجە ئازاری بانگکراوەکان ئەدرا داوایان لێ دەکردن نهێنییەکانی حزبی بدرکێنن، واز لە کارکردنی سیاسی بهێنن لەگەڵ حشع ، مۆرکەن کە جارێکی‌تر ناگەڕێنەوە سەر ژیانی حیزبایەتی تەنها لە ژێر ئالای بەعسی عێراقدا نەبێت! لە ماوەیەکی کەمدا ڕێکخراوەکانی حزبان لە خوارو و ناوەڕاستی عێراق تێکشکاندرا شالاّو گەیشتە بەغدا. لە بەیانی رۆژی ۱۹۷۸/۱۱/۲۲هێرشێکی کتوپڕی درندانە کرایە سەر ژمارەیەک لە هاوڕێیان و دۆستانی حیزب. لە نێوانیاندا چەند هاوڕێیانی ناسراو و کۆنە

ئەفسەر هەبوون. ماوەیەک شوێن بزرکران.لە هەموو دانیشگا و کارخانە و یانە و دائیرەکانی میری ئیقابەکان و بارەگاکانی حزبی بەعس، لقی دائیرەی ئەمن کرایەوە جێگاو شوێن و کەرستەی ئەشکەنجەدانی تێدا ئامادە کرا بوو. هەر لە هەمان رۆژ هاوڕێیانی سەرکردایەتی حزب ئەمانەی لە بەغدا مابوونەوە بە پەلە نامەیەک بۆ مەکتەبی هەرێمی حشع دەنووسن بە دەستی هاوڕێ ئەسعەد خدر بۆ هەولێریان نارد. ئەو کات سێ هاوڕێ لە مەکتەبی هەرێم مابوینەوە « ئەحمەد بانیخێلانی، یوسف حەنا، نووسەر » ئێوارە لای سعات ٨ هاوڕێ ئەسعەد گەیشتە ماڵمان نامەیێکی بچووکی دایە دەستم. دوو سێ دێڕ زیاتر لە ناویدا نە نووسرا بوو « هێرشی رژێم گەیشتە بەغدا، بکەونە ئاگاداری خۆتان چیتان لە توانادایە بۆ پاراستنی خۆتان و رێکخراوەکانی هەموو هەرێم بیکەن.... » ئەوکات لیژنەی هەرێم رابەرایەتی رێکخراوی ٥ پارێزگای دەکرد موسڵ، کەرکوک، هەولێر، سولێمانی، دهۆک. بەپەلە هاوڕێ ئەسعەد یەکسەر گەڕایەوە بەغدا. بە ڕێکەوت ئەو ئێوارە بە میوانی هاوڕێی خۆشەویستم و برادەرم شیروان عەلی ئەمین کە ئەندامی لیژنەی هەرێم و ئەندامی تەنفیزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو لەگەڵ ژن و منداڵەکانی لە ماڵی ئێمە بوون، هاوڕێ هەستی کرد کە ڕووداوێکی سەخت ڕووی داوە! باسی ناوەڕۆکی نامەکەم بۆ گێڕایەوە داواشم لێکرد ئاگاداری خۆی بێت ماڵی ئێمەیان بەجێ‌هێشت بە داخەوە چیتر ئەو هاوڕێ ئازیزەم نەدیەوە، بە پێی بریاری سەرکردایەتی حیزب لەسەر کارەکەی مایەوە، دوای ماوەیەکی کەم دەریان کرد لەسەر کار و بەند کرا. کە لە بەندیخانە دەرهات زۆری نەخایاند بە نەخۆشی شەکر مەرگ بۆی خۆی بردەوە.

بەبێ وەستان ڕۆیشتم بۆ ماڵی هاوڕێ ئەحمەد بانیخێلانی، نامەکەی

هاوڕیانی بەغدام پێدا و ئەوەی هاوڕێ ئەسعەد خدر بۆی باسکردبووم گێڕامەوە، پێکرا هەردووکمان بەرەو گەڕەکی حەفتی نیسان بۆ ماڵی هاوڕێ یوسف حنا ڕۆیشتین، ئەوکات ئەندام بوو لە ئەنجوومەنی یاساداناتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندی نیشتمانی حیزب بوو لە هەرێم « مكتب العلاقات الوطنية في الاقليم » ئەوکات ژمارەی هاوڕێیانمان لە ئەنجومەنی تەنفیزی و ئەنجومەنی یاسا دانان ئەمانە بوون: یوسف حنا، شیروان عەلی ئەمین، ئەحمەد حامد، ئەحمەد دڵزار، ئیبراهیم حاجی مەحمود، حەمەسەعید حبیب، قادر ڕەشید، خەیری عبدولحەمید قازی، سامیە شاکر، مەحمود فەقێ خدر.

لە دانیشتنێکی کورتی نێ قزڵی باسی وەزعەکەمان کرد و بڕیارمان وەرگرت سبەی بەیانی ۱۱/۲۳ هاوڕێ ئەحمەد بچێتە سولێمانی، ئاگاداری ڕێکخراوەکەی ئەوێی بکات وەزعەکە بۆ چ لایەک دەڕوات! منیش ماڵ بەجێبهێڵم هاوڕێ یوسف بەردەوام بێ لەسەرپەرشتکردنی بارەگای مەکتەبەکەی هەرێم...

بەم شێوەیە بڵاوەمان لێکرد، کەوتمە بیر کردنەوەی چڕ و پڕ و ناو گێژاوێکی قوڵی لێکدانەوە، هەستی زۆرم بە مەسئولیەت دەکرد، ئەندامی ل.م و ئەندامی مەکتەبی هەرێم، سکرتێری لێژنەی پارێزگای حزب لە هەولێر ماوەیەکی زۆر سـکرتێری مەکتەبی ڕێکخـراوی حزبی هـەرێم « لتراک » « مكتب اللجنة التنظيمية لاقليم كوردستان » بووم.

بەعسیەکان باش دەیان زانی کە لایەنگر و دۆستانی حیزبی شیوعی لە ناو جەماوەری پارێزگاکە گەلێ زۆرە! هەولێریش بووبتە مەڵبەندی ئۆتۆنۆمی ڕژێمی بەغدا مەبەستیەتی بایەخی پێبدات!! بۆ بەربەست کردنی ئەم شاڵاوە ئایا دەبێ چی بکرێت؟ لە ناو کۆمەڵێک پرسیار و

بیرکردنەوەدا ئەژیام! لە ئەنجامی ڕێبازی ڕاست ڕەوی کە ماوەی ٨ ساڵ حیزبمان ڕەفتاری لەسەر دەکرد، وە وا چاوەنوارڕ دەکرا کە عێراق لە ژێر دەسەڵاتی بەعسیەکان دەبێتە وڵاتی ئاشتی و دیموکراسی و پێشکەوتوخواز باڵەکانی یەکسانی و مرۆڤایەتی هەموو ناوچەکان دەگرێتەوە! کەچی گشت ئەو بۆچوونانەمان کە خۆشم ڕازی بووم بەم ڕێبازە، ناڕاست دەرچوون!

لە ساڵەکانی دوای کۆنگرەی سێیەم سکرتاریەتی کۆمیتەی مەرکەزی گەلێ بڕیار و ئامۆژگاری بلاو کردەوە کە پێویست ئاکات ماڵی نهێنی، کادری نهێنی هەبن! ڕێکخراوەکانی حزب لە سەرانسەری عێراق ڕووی والا کراوەکو نێچیرێکی قەڵەو کەوتنە بەر چەپۆکی ڕژێم بەهەموو لایەکەوە ئابلوقە دران، بە هەموو شێوەیەک هێرش دەکرایە سەری، بەرگری کردن لە ڕووی ڕێکخراو ئایدیۆلۆژی و بیرو ڕاو خۆ ڕاگرتن لاواز بوو! دەرکەوت لەم دە ساڵەی بەعسیەکان گەڕابوونەوە سەر کار بە نهێنی و بە ئاشکرا تەقەلای زۆریان دابوو خۆیان باش ئامادەکردبوو بۆ ئەو کاتەی دەست لە حزبی شیوعی بەرز دەکەنەوە!!

ڕێکخراوەکانی پارێزگای هەولێر وەکو هەموو ڕێکخراوەکانی تری سەرانسەری عێراق تووشی سەرلێشێوان و شپرزەیی هات. نە ئەزاندرا چۆن یا بە چ شێوەیەک ئەم شاڵاوە دڕندەیە بەربەست بکرێت و هاوڕێیانی دڵسۆز و تێکۆشەر بپارێزرێن. ڕۆژانە بە دەیەها هاوڕێ و دۆستانی حیزب ڕاپێچەک ئەدران بۆ دائیرەکانی ئەمن و بارەگای بەعسیەکان و هەموو ڕێکخراوەکانی سەر بە ئەوان. هەموویان کرابوونە شوێنی ئەشکەنجە و ئازاردان. بەهەرەشەو گوڕەشە بە لێدانی تێهەڵدانی زۆر تا لە ژێر ئازارداندا دەگەیشتنە کوشتن. شەڕی قورسی ئایدیۆلۆژیش

سەربار و بن بار بوو. دەستە بەدەستە ئەم ڕۆڵە دڵسۆز و تێكۆشەرانەیان چزک پێدا ئەدا و زەلیلیان دەکردن. بەسەر شۆڕی و دڵشکاوی ئەیانگێڕانەوە ناو جەماوەر و کەس و کاریان. هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکردن کە هەرکەسێک نارەزایی دەربڕێ یا ورتە بکات و بڵێ ئازار دراوم، یا جارێکی تر بگەڕێتەوە سەر ئیش وکارکردنی سیاسی لەناو حشع خۆی نازانێ ئەنجامی چی بەسەر دێن و بەچی دەگات! ئیعدام لە پێشیەتی!

لەوکاتەی گەلانی عێراق لە ناخۆشترین ڕۆژی ڕەش و محنەتدا دەژیا تیرۆر و رەفتاری جانەوەرانەی حیزبی بەعس دەنگی لە هەموو دونیا بڵاوبووەوە، لە جیاتی ئەوەی وڵاتانی سۆشیالیستی و حزبە شیوعیەکانی دونیا دەنگی نارەزایی بەرز کەنەوە دژ بە کردەوەکانی ڕژێمی فاشی بەغدا، کۆمەک پێشکەش بە حشع و نەتەوەی کورد و هەموو ئازاردراو و دەربەدەرەکانی دەست ڕژێم بکەن، ئەبیاندرا لە ڕۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراق و وڵاتاندا بڵاودەکرایەوە، کە چۆن پیاوانی وەکو جیفکۆف سکرتێر و سەرۆکی ئەوکاتی کۆماری بولغاریا و فیدڵ کاسترۆ سەرۆک کۆماری کوبا، سەر دانیان عێراقیان دەکرد. دەست لەناو دەستی سەدام حوسێن لە شارەکان دەگەڕان بە شان و باڵی یەکتریان هەڵدەگوت، دام و دەزگای پروپاگاندە و بڵاوکراوەکانی ڕژێمی عێراق لە ڕووی بەربەرەکانی کردنی حشع و شەری ئایدیۆلۆژیەوە باشترین سودیان لەم سەردانانە وەردەگرت.

منیش یەکێک بووم وەکو هەزاران ئەندامە دڵسۆزەکانی حزب بێ ماڵ و شوێن ئاوارە ببوم هەر شەوە خۆم لە ماڵێک حەشار ئەدا. ڕووم دەکرد بە هەر شوێنێک باس هەر باسی ڕاوتان و گرتنی شیوعیەکان بوو.

بەچەندان شێوە دەگێڕدرایەوە، چۆن ئەم دڵسۆز و نیشتمانپەروەرانە وەپێچەک ئەدرێن بە هەڕەشەو لێدان و ئەشکەنجەدان پەنجەی سەر شۆڕکردنیان پێ مۆر دەکەن، ئەمە هەنگاوی یەکەم بوو لە شاڵاوەکەیان لە دوایدا دەگەڕانەوە سەریان، داوایان لێدەکردن نهێنییەکانی حیزب هەڵبڕێژن شانە و زنجیرەی ڕێکخراوەکانیان ئاشکرا بکەن و لە ریزی حیزبی بەعس کار بکەن!

خۆم هەر وەک یەکێک لە سەرکردەی لەشکرێکی شکاو دەهاتە بەرچاو، ئابلوقەی دارایی و هێرشی فرەوان و سەختی کرابێتە سەر. دوژمن بەبێ بەزەیی کەوتبێتە ناوی! بە ئارەزووی خۆی پەت پەتێنی پێبکات. بەراست و بە چەپ تێکی بشکێنێ و لە ناوی بەرێت. دەستە وەستان لە کونێکا ئەم کارەساتە تراژیدیە لەبەر چاویا بێت و بڕوا، هیچ کارێکی کتوپڕیشی پێ نەکرێت! بەهۆی ئەوەی لە بنەڕەتا لە هەموو سەرکردایەتی حیزبەوە تا بچووکترین شانە، کەم تا زۆر هیچ حیسابێک بۆ رۆژی ڕەش و لێقەومان نەکرا بوو!!

نامەوێ زۆر دەربارەی ئەو ماوە سەخت و ناجۆرە بدوێم کە بەسەر حزبماندا هات، تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە، ئەرکێکی مێژوویی هەرە گەورەیە، بەشێکی گرنگە لە هەموو مێژووی حشع. ئەمەش لە توانای تاکە کەسێکدا نیە بیکات. دەبێ لە دوا رۆژا کۆمیتەی تایبەت « هێئە خاصە »ی بۆ دروست بکرێ و تۆماری بکات! خودی کارەساتەکان و ڕووداوەکان ماوەی مێژوویێکی کورتی هەرە سەختە لە مێژووی جولانەوەی نیشتمانی و چینایەتی و نەتەوایەتی.

دەگەڕێمەوە سەر کاروباری حیزب و بارەگاکەی لیژنەی هەرێم. دەرگاکەی هەر دەکرایەوە، هاوڕێ یوسف رۆژانە سەردانی دەکرد. رۆژ

نەبوو لە هەموو ناوچەکانی عێراقەوە هاوڕێیانی ڕاکردوو پەنا ئەهێنن بۆ خۆ حەشاردان خۆیان ئەخزێننە ناو بارەگای هەرێمەوە. وایان دەزانی ئەوەی بگاتە ئەوێ لە گرتن و ئازاردان بە دوور دەبێ، وەکو ماڵی أبوسفیانی لێهاتبوو لە کاتی شەڕی نێوان دانیشتوانی « مەککە » لەسەردەمی پێغەمبەر کە فەرموو بووی « کل من دخل بیت أبو سفیان فهو آمن ».

پەیوەندی و کاروبارەکانی حیزبی هەموو ئیفلیج و لەیەکدا پچرا. ناو بە ناو گەلێک بە دەنگ و سستی دەنگوباسێکی بەغدامان پێ دەگەیشت. ڕۆژنامەی « طریق الشعب » و « بیروس نوێن » هەر دەردەهێنرا، چەند دانەیەکی کەمیان لێ بڵاودەکرانەوە، ماوە نە ئەدرا بگاتە بازار و خوێنەواران. لە سەرکردایەتی حیزب هاوڕێ هەبوون هەر لە هیوای ئەوەدا مابوون کە ڕژێمی دیکتاتۆری دەستمان لەسەر هەڵدەگرێ، جارێکی تریش پەیوەندی بەرەیی نێوانمان دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی. بڕیاری سەرەکی و هەموو ئامۆژگاری حیزب بریتی بوون لەوەی هەرکەسێک دەتوانێ خۆی لە شاڵاوەکەی ڕژێم ڕزگار کات بارزگار بێت، دەگاتە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان، یا دەرەوەی وڵات، گورگان لە ناو مێگەلی ئاژەڵ گاڵە دەکەن کاکەی شوانیش لەژێر تاشە بەرێک نووستووە » بەم شێوەیە ئەم پەرت و بڵاوییەی بەسەر حزبماندا هات لە مێژووی دوور و درێژی کارەسات و مەینەتی وەها درێژی بە خۆیەوە نەبینی بوو. هاوڕێ یوسف ئاگاداری کردم خۆ ئامادە بکەم لەگەڵ هاوڕێیەکی تری کومیتەی ناوەندی بۆ ناوچەی شاخاوییەکان بڕۆین.

لە ناوەڕاستی مانگی مارتی ١٩٧٩ شەو لەگەڵ هاوڕێ « توما تۆماس »و دوو هاوڕێی‌تر بە یارمەتی دۆستێکی کۆنە دەرەبەگ بەهۆی

ژیانی تایبەتی ئەو ناوی ناهێنم لە هەولێر بە ئۆتۆمبێلی هاورێی نــەمــر « خیری قازی » ئەندامی لیژنەی پارێزگای هەولێر ئەندامی ئەنجومەنی پاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەرەو کۆیە ــ رانیە کەوتینە رێ کە گەیشتینە گوندی « کەسنەزان » دیمان لەوێ ئۆتۆمبیلێکی‌تر چاوەڕێمان دەکات.سواری ئۆتۆمبیلەکە بووین، کتوپڕ بینیم ئەوشوفێرەی دەمانگەیێنێتە دووا ئۆتاغی بوی نیشان کراوە، ناسیاوێکی کۆنە خەڵکی شاری کۆیەیە.

هەرمنی کەوتە بەرچاو بەگەرمی ئەملاو ئەولای یەکمان ماچ کرد. ریزی زۆری لێنام، یەکسەر کەوتە گاڵتە کردن گوتی: « بەخوا نێچیری قەڵەو قەڵەوم کەوتە بەردەست هەر زوو بەبێ یەک و دوو، بەتۆ و ئەو قەڵەوە سوورە زلە، مەبەستی هاورێ تۆما تۆماس بوو .٢ هەزار دینار بەخشیش وەردەگرم، بە قسەی خۆش و نوکتە کردن گەیشتینە سەیتەرەی کۆیە، خۆر تازە خەریک بوو خۆی لە کەلا دەربهێنێ. پاساوڵەکان لەخەو هەڵنەستابوون، تەنها یەکێکیان نەبێ ئەویش خۆی ماندوو نەکرد، بەچاوی خەواڵوو دەستی هەڵبڕی و خواحافیزی لێکردین. بەناو شاری کۆیەدا تێپەڕ بووین چاپخانە و نانەواخانەکان کرابوونەوە، بۆنی نەستووکە بە رۆونی فرنەکان دەگەیشتە بەر لوتمان! لە شار دەرچووین شاخی « هەیبەت سوڵتان »مان بڕی زۆری نەخایاند گەیشتینە رانیە بە ناسانی لەناو شار و سەیتەرەکان تێپەڕین. کات هەشتی بەیانی گەیشتینە گوندێک ناوی « خەندەکە » نزیک بە ناحیەی « سەنگەسەر » برا شوفێرەکە تیمەی برد بۆ ماڵی جووتیارێک، یەکسەر بەرەو دواوە گەرایەوە و گوندەکەی بەجێهێشت. زانیمان برا جووتیارەکە چاوەنواڕی ئیمەی دەکرد، زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردین، دەری بڕی کە

خزمایەتی لەگەڵ یەکێک لە سەرکردەکانی « یەکێتی نیشتمانی کوردستان » هەیە، لە رێگای ئەوانەوە ئاگادار کراوە کە ئێمە دەگەین. بایەخی زۆری پێداین، میوانداری گەرم گوڕی لێکردین، هەردوای نان خواردنی بەیانی گوتی: ئێوارە سعات حەوت بە سەلامەتی رەوانەی « ناوزەنگ »تان دەکەم فەرموون ژوورم ئامادە کردووە بۆخۆتان بنوون.بەهۆی ئەوەی شەوەکە هەمووی نەنووستبووین، یەکسەر کەوتینە ناو پرخە و خەونکی قووڵ، کاتێک چاومان کردەوە دیمان کات نزیکی خۆر ئاوا بوونە. خواماڵی برا جووتیارەکە ئاوەدان کات، خواردنێکی گەلێ باش و بە لەزەتی بۆ ئامادە کردبووین. دوای نان خواردن و چا خواردنەوە گوتی فەرموون ولاغم بەکرێ بۆ ئامادە کردوون هەر ولاغێک بە ١٥ دینار. لە هەموو سەردەم و شوێن و ناوچەیەک مرۆڤی بەرێز و باش و مەردانە هەر هەیە و بووە، پیشەیەک لە پیشە جوانەکانی نەتەوەی کوردمان کە بە پشتا و پشت هاتۆتە خوارو بۆمان ماوەتەوە، ریزی گرتنی میوان و ناندانە هەروەها پێشکەش کردنی کۆمەکە بەپێی توانا بۆ ئەو کەسەی لە کاتی تەنگانەدا کۆمەکی پێویست بێ. سعات حەوتی ئێوارە ماڵ ئاواییمان لە برا جووتیارەکەو ماڵ و کەسوکاری کرد بە سوپاس و رێزگرتنی زۆر لەگەڵ خاوەن ولاغەکان بەرەو ناوزەنگ کەوتینە رێ. دونیایەکی کش و مات شەوەزەنگێکی سارد و بارانأوی هەنگاو بە هەنگاو زیاتر هەستمان بە سەرما دەکرد، بەرەو کوێستان دەرزیشتین، ورتە لە هیچ نەدەهات. وا پێدەچوو کە ئەم ناوچانە قەت شوێنەواری تێدا نەبووە. برادەرە کاروانچییەکە ئاگاداری کردین جگەرەکێشان، قسەکردن بەدەنگی بەرز قەدەغەیە، مەترسی ئەوە هەیە گەر لە رەبایەکانی حکومەتی بەغدا تروسکە ببینن یا هەست بە شتێک

بکەن لە هەموو لایەک دەست بە تەقەکردن دەکەن.

دوای ڕێگا بڕینی شەوو ڕۆژێنی دە سعاتێک گەیشتینە یەکەم بنکەی پێشمەرگە لە گوندی « بێدەلان » پاسەوانێک ڕایگرتین ئێوە چینە؟ بۆچ شوێنێک دەڕۆن؟ سەربە چ حزب و هێزەکن؟ کە بۆی ڕوون بووەوە بۆ ناوزەنگ هاتوین یەکسەر لێپرسراوەکەی لەخەوا هەڵساند، کە لە ژێر چادرێکی نزیکی نووستبوو. زوو هەستی کرد ئێمە ڕاکردووی دەست هێرشی تیرۆری ڕژێمی

عێراقین، خۆی پێشکەش کردین، ناوم ڕەحیم سەنگەسەریە ئێمە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانین. ئێوە گەیشتنە ناوچە ئازادکراوەکان! فەرموون پشوو بدەن کەمێک بنوون لە ژێر چادرەکەمان، دیبان ٨ پێشمەرگە خۆیان لە ژێر چادرێکی ٣ بە ٤ میتری خزاندووە بەهۆی شەکەت و ماندوو بوونمان ئێمەش بە پاڵەپەستۆ شوێنی خۆمان کردەوە و نووستین، لای « سعات ٩ »ی بەیانی لەخەو هەڵساین، پێشمەرگەکان چای و ئەستووکیان پێشکەش کردین، هەر لە نان خواردنەکە بووینەوە پێشمەرگەیەکیان بۆ شارەزایی لەگەڵماندا نارد، تا بمانگەیێنێ بە ناوزەنگ.

بەم شێوەیە گەیشتین بە دۆڵێکی تەسکی ناخۆش، یەکەم جار چەند شوێن و دوکان لە تەنەکە و فافۆن و چادری دروستکراو بینین! مزگێنیان دەهات بە شتومەکی عێراقی و ئێرانی. برا پێشمەرگەکە گوتی: ئەمە فرۆشگایە شتومەکی قاچاغ لێرە دەکڕێ و دەفرۆشرێ شۆڕشیش گومرگیان لێدەستێنێ.

بەم شێوەیە دوای چێشتنی ئازار و ماندوو بوونی یەکجار زۆری بیری و گیانی و لەشی گەیشتینە ئەو ناوچەیەی دەمێک بوو مەبەست و ئارەزوومان بوو بیگەیێنێ.

ئاوزەنگ

فرۆشگاکەمان بەجێهێشت، دوو سەد مەترێک بۆ سەرەوە ڕۆیشتین، ۱-۱٥. خانوێکمان چاوپێکەوت، لە خانووی لادێیە کۆنەکانی کوردستانی دەکرد. پێشمەرگە ڕێبینەرەکە گوتی « ئەوە گەیشتینە سەرکردایەتی ــ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ــ » ئاماژەی بۆ خانوێک کرد « ئەمە شوێنی مام جەلال تالەبانی» بە قسەکانی تەواو نەبوو گەیشتینە بەر دەرگای خانوەکە، مام جەلال هەر بیستی من و چەند هاوڕێیەکی شیوعی گەیشتووین لە ژوورەکەی هاتە دەر، بە گەرمی پێشوازی کردین و کردی بە هەرا و هۆریا و بەخێرهاتن و ڕێز لێگرتن، گازی ئەندامانی سەرکردایەتی خۆیانی کرد، ئەوانیش هەموویان هاتنە پێشواز و بەخێرهاتنمان.

یەکسەر لەگەڵ هاوڕێ تۆما تۆماس هەستی ئەوەمان کرد، سەرکردایەتی « ی. ن. ک » یەکجار گوشادە بەم بارە سەختەی بەسەر حزبماندا هات، هاوکاری بەرەیی نێوان ئێمە و ڕژێمی بەعسی عێراق گەیشت بەو ئاکامە خراپەیە! شاتازیان بەوە دەکرد، بۆچوون و

هەڵسەنگاندنیان بۆ رژێمی شۆڤێنیستی بەعسی عیراق هەمووی ڕاست دەرچوو لەو برادەرانەی لە یەکەم چاوپێکەوتندا لەلای مام جەلال دیمانن، عومەر مستەفاــ عومەر دەبابە، د. فواد مەعسوم، عومەر شێخ موس، د. خدر مەعسوم، ملازم عومەر عەبدولا.

مام جەلال و هەڤاڵەکانی بەڕوو هاوڕێ تۆما تۆماسیان نەدەناسی کە پێم ناساندن زیاتر ڕێزیان لێگرت. پشوێک مابینەوە، گوتیان دوێنی هاوڕێتان مەلا ئەحمەد بانیخێلانی لە مەهاباد گەڕاوەتەوە. نانی نیوەڕۆمان لای ئەوان خوارد هەڵساین خواحافیزیمان کرد بۆلای هاوڕێیانمان رۆیشتین. کە بنکەکەیان هەر سەدو پەنجا مەترێک لە پشت خانووەکانی ئەوان دوور دەبوو.

هاوڕێ بانیخێلانی بەخێرهاتنی کردین. وای دەرخست کاری گەلێ گەورەی کردووە و بەرهەمی باشی هەیە، پەیوەندی گەرم و بەتینە لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران و سەرکردایەتی حزبی تودە لە چەند لایەکەوە چاوەنۆڕی یارمەتی دەکات. ئەوەی واقع دەرخست تەفائولەکانی گەلێ زیاد لە پێویست بوو؟ وا دەرنەچوو!

زانیمان ژمارەی هاوڕێیانی گەیشتونەتە ناوزەنگ، ٣٠ هاوڕێیەک دەبن زۆربەیان لە فەلاحە هەژارەکانی ناوچەی قەلادزە، سەنگەسەر و رانیەنە ڕایان کردووە سەریان بۆ رژێمی فاشی شۆڕ نەکردووە.

ماڵ و منداڵ و هەموو بەرژەوەندەکانی خۆیان وازلێهێنابوو، لەڕێگای پاراستنی شەرەفی خۆیان و حزبیان. تەنها یەک هاوڕێی عەرەب لەناو ئەمانەدا هەبوو ئەویش لەپۆلی چواری دانیشگای کشتوکاڵی زانکۆی موصلٌ بوو ناوی لەخۆی نابوو « أبو حسن ».

هاوڕێکان لە ژوورێکی تەسک و تاریک، ناخۆشترین ژیان دەژیان، بە

ماندووبوونێکی زۆر لە چلەی زستانی سەخت و کوێستان، ژوورەکیان دروست کردبوو بە کەڵکە بەردیش پێش ئەشکەوتێکی بچووکیان گرتبوو ، ئەم قارەمانانە لەم دوو شوێنە دەژیان بەراستی تێکۆشەری لەخۆبوردو و سەربازی نەناسراو بوون!

شوێنی ئێمەش هی هەر چوارمان کەوتە گەڵ هاوڕێیانی ئەشکەوتەکە. کە لە ناوچەکە بەناوی ئەشکەوتی کونە بزنان دەناسرا. بووین بە ١٢ هاوڕێ لەناو ئەشکەوتەکە، تێک خزابووین، لەراستیدا جێگای ٦ کەس زیاتر نەدەبوو .لەگەڵ ئەم هەموو ئازار و دەردەسەرییەی دووچاری گەلەکەمان و هەموو گەلی عێراق و هاوڕێیان هاتبوو. بڕوا بە سەرکەوتن و دوا ڕۆژی بەختیاری یەکجار بەرز بوو، سەرکەوتنی شۆڕشی گەلەکانی ئێران بەسەر ڕژێمی شای ستەمکار یاریدەدەرێکی کاریگەری بە سوود بوو، سنووری نێوان ئێران و عێراق کراوە بوو، چەند شار و ناوچە لە کوردستانی ئێران کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕژێمی تازەی ئاخوندەکانی ئێران دەسەڵاتی ئەوەی پەیدا نەکردبوو ڕێگا قەدەغەکات لە هاتوچۆکردنی نیشتمانپەروەرەکانی کورد لە هەردوو دیودا. دەسەڵاتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژ دوای ڕۆژ پەرەی دەستاند و بەهێزتر دەبوو. زۆربەی جەماوەری کوردستانی ئێران لە دەوریا کۆببونەوە.یەکێ لەو هاوڕێیانە قەت لەیادم دەرناچێ ئەوە بوو، جوتیارێکی هەژاری سەنگەسەری ناوی عومەر عەبدولا بوو، تەمەنی لە ٥٠ ساڵ زیاتر دەبوو، نەخوێندەوار، پێشی ئێمە بە سێ چوار هەفتە ڕای کردبوو گەیشتبووە بنکەی حزب لەناو ئەشکەوتەکە لەگەڵ ئێمە دەژیا. هەر هەلی بۆ ڕێکەوتبا دەستی بەقسەکردنی خۆش و نوکتەی جوان و شیرین دەکرد. ورەی بەرز بوو بە

سەرکەوتن شانازی بێ سنووری بەوە دەکرد جوتیارێکی هەژارە ئەندامە لە ریزی حشع لە ساڵی ١٩٦٣ پێشمەرگەی حزب بووە و لە شەری هەندرین ساڵی ١٩٦٦ بەشداری کردبوو، بۆیە ناویان نابوو عومەر هەندرین؛ یەکجار خۆشەویست بوو، یارمەتی هاورێکانی ئەدا لە هەمو ئیشوکارێک لە ریزی پێشەوەدا بوو.

دوای چەند رۆژێک بانیخێلاتی گەراینەوە مەهاباد. رۆژ نەبوو نزیکەی دە تا پانزە هاورێی تازە لە چەند لایەکەوە نەگەنە بنکە، ژیانمان یەکجار سەخت و ناخۆش بوو، پارە و پولی کەمان لەلا بوو. زۆر بە کەمی توانای کرینی هێندی شتومەکی پێویستمان هەبوو. تاکو بگوترێ خواردەمەنیمان خراپ بوو، تەنها بای ئەوە دەخورا مرۆڤ لە برسا نەمرێ! ژمارەی ئەو چەکانەی بەدەست هاورێیانەوە بوو نەدەگەیشتە ١٠ پارچە چەکی بەکەڵک، ئەوانیش چەند جۆرێک بوون.

خری ناوزەنگ کە کەوتۆتە پێش شاخی مامەندە/ی رۆژهەلاتی شاری قەلادزێ دوو ساڵێک زیاتر بوو کرابووە شوێنی سەرکردایەتی هێزەکانی کوردستان کە دەستیان بە خەباتی چەکداری کردبوو دژی رژێمی عێراق ژیان و گوزەران لەوێدا گەلێ سەخت نالەبار بوو، توانای هەمو هێز و تاقمەکان لاواز بوو. لەوبارە ناجۆرە زانیمان لە رۆژانی دەوروبەری نەورۆز ٢١/مارت/١٩٧٩ بەشی زۆری ئەوانەی خۆیان بە بزووتنەوەی سۆسیالیست دەزانی لەگەڵ تاقمی کۆمیتەی ئامادەیی پارتی « الهیئة التحضیریة للپارت » لە ریزی ی. ن. ک دەرهات بنکەکانی خۆیان لە گوندی گزرەشێر لە ناوخاکی کوردستانی ئێران بنیات نا، لەو سەرکردانەی جیا بوونەوە، رەسوڵ مامەند، تاهیر عەلی والی، قادر عەزیز، حاجی حاجی برایم، سەید کاکە لە بزووتنەوە. د. مەحمود

عوسمان، قادر جەباری، عەدنان موفتی لە کۆمیتەی ئامادەیی، لە رۆژی یەکەمی جیابوونەوەیان نزیکەی ۱٥۰ پێشمەرگە لەگەڵیاندا رۆیشت. جگە لەم هەنگاوە پڕ مەترسییە گوێ بیست دەبووین، ناکۆکی و نارەزایی و وورتە زۆرە لەناو سێ باڵەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێپێکهاتبوو، رێکخراوی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی عێراق، خەتی گشتی، پاشماوەکانی بزووتنەوە. ناکۆکی نێوانیان گەیشتبووە سنوورێک کادرەکانی سەرەکی کۆمەڵەش پاشە ملە قسەو ناوو ناتۆرەو تۆمەتی زۆریان دەخستە پاڵ یەکتری. سەرەڕای هەموو ئەمانە ورتە وێردی سەردەمی گەورە و بچووک، کات و ناکات هێرش بردنە سەر سەرکردایەتی کاتی پارتی « القیادە الموقتە للپارت » و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی بوو. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خالانەی خوارەوە:

١- ناکۆکی نێوان لایەنگرەکانی برایم ئەحمەد و جەلال تالەبانی لەگەڵ بارزانی کە لە ساڵی ۱۹٦۳دا زۆر بە ئاشکرا سەری هەڵدار لە ناوەڕاستی ۱۹٦٤ شەڕێکی خوێناوی لە نێوانیاندا ڕوویدا، سەرۆک بارزانی سەرکەوت و بوو بە سەرۆکی پارتی و رابەری تەواوی شۆرشی ئەیلولی کوردستان.

٢ - تێکشکانی شۆرشی ئەیلولی ۱۹٦۱ لە دوای رێکەوتنی شای ئێران و سەدام لە پایتەختی الجزائر٦/٣/١٩٧٥ هەموو ئۆباڵە سەرەکییەکان دەخەنە ئەستۆی خوالێخۆشبوو بارزانی.

٣ - کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانی ی.ن.ک لە ناو خاکی کوردستانی تورکیا لە کۆتای ساڵی ۱۹۷۷.

٤ - گومان لەوەشدا نیە کە دوژمنانی نەتەوەی کوردمان، رۆڵی خراپیان

هەبوو لە هاندان و قولکردنی ناکۆکی نێوان هێزەکانی شۆڕشگێڕی نەتەوەیمان بەو مەبەستە تەگەیین بە ئاواتە پیرۆزەکانمان و دەست هانینی مافە ڕەواکانمان.

خۆباری ژیانی سیاسی و حزبی ناو حشع شڵەژانی تێدا هەبوو، گەلێ هاوڕێ بە ئاشکرا ڕەخنەی توندیان ئاراستەی سەرکردایەتی حزب دەکرد. بەناو هێرشیان دەبردە سەر ئەم هاوڕێ و ئەو هاوڕێ! کە هۆی سەرەکینە لەم ئەنجامە ڕەشەی هاتە سەر جەماوەر و حزب. لە بنە ڕەتاش دەگەڕێتەوە سەر ڕێبازی ڕاست ڕەوی و بایەخ نەدان بە کێشەی جیاوازی چینایەتی و ئایدۆلۆژی نێوان حشع و حزبی بەعس! هەروەها گوێ بە ڕەخنە و ڕاوو بۆچوونی ئەندام و کەسانی دیموکرات خواز بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ڕۆژانە سیاسەت و رەفتارەکانی شۆڤینیستی رژێمی بەعس نە ئەدرا.

لەم بارە ناسک و پڕ گیروگرفتەدا دەژیاین، ئاگادارکراین بەهائەدین نوری گەیشتۆتە مەهاباد پێشنیارم کرد هاوڕێ تۆما توماس بچێت بۆ ئەوەی هیچ نەبێ کەمێک ڕێگا لە کردەوە تاک ڕەوییەکانی مەلا ئەحمەد و بەهائەدین بگرێت! هاوڕێ لەگەڵ پێشنیارەکەم نەبوو گوتی: با چاوەنۆڕ بکەین! کەچی لە ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٢٨ بە تەتەری تایبەت داوایان کرد بچێتە مەهاباد و هاوڕێ ڕۆیشت.

بەبۆنەی یادی ٤٥ساڵەی دامەزراندنی حشع ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٣١ ئاهەنگێکی خنجیلانەمان ڕێکخست لە گۆرەپانەکەی پێش بنکەکەمان. زیاتر لە ١٥٠ لە هاوڕێ و دۆستان ئامادە بوون. وتارێکم دەربارەی باری سیاسی عێراق و سیاسەتی دوژمنکارانەی بەعسیەکان و ڕووکردنمان بۆ ناوچە شاخاوییەکان خوێندەوە. دوا بە دوام مام جەلال وتارێکی پێشکەش

کرد. بە گیانێکی شۆڕشگێرانە و پڕ تەفائول باسی باری کوردستان و عێراقی کرد.

سەرلەبەیانی ١٩٧٩/٤/١ مام جەلال نامەیەکی بۆ ناردم، داوام دەکات بچمە سەردانیان کارێکی بەپەلە هەیە. کتوپڕ ڕۆیشتم بۆ لایان، دیم لەگەڵ هەموو ئەندامەکانی سەرکردایەتی ی. ن. ک دانیشتووە ئامادە بووەکان:

مام جەلال، عومەر مستەفا، عومەر شێخ موس، د.فواد مەعسوم، د.خدر مەعسوم، نەجمەدین عەزیز ـ سالار، ملازم عومەر، عادل مراد، فازیل عبدالکریم ـ جەعفەر.

دوای پێشوازی کردنم مام جەلال گوتی:« هەر ئەم بەیانییە نامەیەکمان لە مامۆستایەکی ڕانیەیی پێگەیشتووە ناوی ڕەسوڵ حەمەدەمینە، لە نامەکەیدا نووسیویەتی: میری لە بەغدا داوایان لەمن کرد بە نامە ئاگادارتان بکەم کە کاربەدەستانی بەغدا دەیانەوێ وەفدێک بنێرنە خزی ئاوزەنگ چاوی پێتان بکەوێ و ڕاسپاردەیان هەیە دەمەوێ پێشکەشتانی بکەم...» مام جەلال پرسی وەڵام و هەڵوێست چی بێ. هەریەکێک لە بەشدار بووانی کۆبوونەوەکە ڕای خۆی دەبڕی، منیش گوتم کارێکی ئاساییە با ئەم نێردراوە بێت بزانین مەبەستی میری چیە؟ و داوای چی دەکات؟ بەمەرجێک هەر لە ئێستاکەوە هەموو لایەک بەڵێنی ئەوە بدەین هیچ تاقم و حزبێک بە تەنها لەگەڵ میری نەکەوێتە گفتوگۆکردن. بەم شێوەیە ڕێکەوتین لەسەر وەرام دانەوەیان، نامە بۆ ڕەسووڵ نووسرایەوە...

لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ ی. ن. ک ئێستگەی ڕادیۆی خۆی خستەکار، ناوی نا ئێستگەی ڕادیۆی شۆڕشی عێراق « اذاعة الثورة

العراقية » بە وتارێکی ڕێک و پێک مام جەلال پرۆگرامەکانی کردەوە، دەقی وتارەکەم نارد بۆ هاوڕێیانی مەهاباد و م.س. لە دوایدا سەرکردایەتی ی . ن . ک لێیان داوا کردین بە نووسەر و بڵاوکراوە یارمەتییان بدەین بە دوو هاوڕێی لێهاتوو یارمەتیمان دان، ماوەیەک هاوکارییان لەگەڵیاندا کرد.

ئێوارە ڕۆژی ٤/٢ بەهائەدین نوری گەیشتە لامان قاچی نەگەیشتە ناو بنکەکەمان داوای لێکردم بیگەیێنم بە مام جەلال کاری زۆر بەپەلەی لەگەڵیا هەیە. وای دەرخست هاتووە فوویەک بە شۆڕشەکەداکات و مەشخەڵی بگەیێنێتە ئاسمان. هەوڵی زۆرمدا پەلە نەکات، پشوێک بدات، سودی نەبوو!! نامەم بۆ مام جەلال نارد نووسیم: « وا هاوڕێ بەهائەدین نوری هاتیە دەمانەوێ بێینە سەردانت کتوپڕ » وەرامی گێڕایەوە نووسیبووی: « فەرموون وا چاوەنۆڕتان دەکەم » دوو قۆڵی بۆ لای ڕۆیشتین، بەگەرمی پێشوازی کردین، گەلێ قسەی خۆش کرا. ژمارەیەک لە ئەندامەکانی سەرکردایەتی ی . ن . ک ئامادە بوون نانی ئێوارەمان لایان خوارد.

بەهائەدین داوای لە مام جەلال کرد کۆبونەوەیەکی دوو قوڵی بێکەوە بکەن. یەکسەر هەڵسا بۆ ژوورێکی‌تر ڕۆیشتن. سعاتێک زیاتر پێکرا مانەوە، لە دوایدا برادەرانی سەرکردایەتی ی . ن . ک گەلێ پرسیاریان لێکرد دەربارەی باری سیاسی عێراق و پەیوەندی حشع و بەعس و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دونیادا. هەردوکمان گەڕاینەوە بنکەی خۆمان. زۆری نەخایان دوای دوو سێ ڕۆژ بڵاو بوەوە ئەم هەموو پەلە کردنە و قسکە نهێنییەی بەهائەدین ئەوە بوو ئاگاداری مام جەلال بکات حشع چەکی گەلێ زۆرە چۆن بگوازدرێتەوە بۆ ناوەوە و ناوچە

شاخاویەکانی کوردستانی عێراق.

رۆژی ٤/٥ رەسوڵ حەمەدەمینەکە گەڕایەوە بنکەی زەڵێ لەو ماوەیە هەموو لایەکمان مەعلوماتی زۆرمان دەربارەی ئەم نۆکەرە کۆکردبووەوە. زاندرا کە بەعسیە و سیخوری موخابەراتە، هەر بەناو مامۆستای سەرەتاییە. سەرکردایەتی ی. ن. ک کاک عومەر مستەفای نارد بۆ دیتنی، هەر کەمێک لەگەڵی دانیشتبوو، بۆی ڕوون بیوەوە میری بۆ فرت و فێڵ و کاری تێکدەری ناردویەتی. یەکسەر داوای لێکرد بەبێ مانەوە لەکوێ هاتووە بگەڕێتەوە!

لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عێراق ئاژاوەو ناکۆکی و تێهەڵچوون لە نێوان هێزەکانی چەکدار پەرە دەستێنێ، گشت ئەم دەنگوباسانەی دەگەیشتن. هەمویان وا دەگەیێن شەری برا کوژی سەرلەنوێ لە زیاد بووندایە. بەتایبەتی لە نێوان چەکدارەکانی سەربە رەسوڵ مامەند و تاهیری عەلی والی و د. مەحمود عوسمان چەکدارەکانی ی. ن. ک. لەماوەی چەند رۆژێک بەم دواییە ژمارەیەک پێشمەرگە لە هەردوو لا کوژرا ، زۆریشیان لە یەکتری چەک کردووە لە دەشتی کۆیە و چوارتا و دەوروبەری رانیە.

جموجوڵی زۆر کەوتبووە دۆڵەکەی خۆی ناوزەنگ، رۆژنامەنووس و پەیامنیری داموو دەزگای راگەیاند لە گەلێک ولاتان پەی دەر پەی دەگەیشتە ناوچەکە، سەرلە بەیانییەک دوو پەیامنێری رۆژنامەی « لامانتا » ئۆرگانی حزبی سۆشیالیستی فەرەنسا گەیشتە لامان، چوار هاورێ لەگەڵیان دانیشتین. پرسیاری زۆریان کرد: ئێوە بۆچ ڕووتان کردۆتە شاخ؟ دروشمی سیاسی حزبتان چیە لە بارو دۆخی ئێستاکە؟ هەڵوێستی حزبە شیوعیەکانی دونیا چونە بەرامبەربە هەڵوێستی تازەی

حزبتان؟ سەدام حوسێن پەیوەندی لەگەڵ سۆڤیەت و بولغاریا و کوبا بەهێزە! چۆن ئەمە تەفسیر دەکەن نوێنەری حزبتان لە وەزارەت و ئەنجوومەنی تەنفیزی و یاساداتان ماونەتەوە ئەمە چۆن رێکدەکەوێ...؟ ئێمە زۆر بە وردی و هوشیارانە وەرامان دانەوە هەر ئەو دوو پەیامنێرە رۆیشتن ئێوارە رۆژنامە نووسێکی هۆلەندی گەیشتە لامان... بە هەمان شێوە وەرامان دایەوە...

بە هۆی سەرماو ماندوو بوونی زۆر و خراپی و کەمی خواردن. هەستم دەکرد تەندروستیم رۆژ دوای رۆژ بەرەو تێک چوون دەچێت، جەرگ و گەدەم کەوتبووە هێشانێکی زۆر هەموو گرێکانی گیانم ئازاری دەدام. زوو زوو گەندە تام دەهاتێ سەرم ژانی دەکرد ئەمزانی ئەمانە لە ئەنجامی ئەوە هاتبوو کە سێ ساڵ پێش ئەمرۆ کە زەردەم « المرارە » دەرهێندرا بوو.

ئێوارەی رۆژی ۱۹۷۹/٤/۸ هاورێیان کەریم ئەحمەد و تۆما توماس لە مەهاباد گەیشتنە بنکە. پێشوازی گەرمیان لێکرا .هاورێ کەریم بە رووخۆشی و وورەی بەرز کەوتە قسەی خۆش و مجامەلە لەگەڵ هاورێیان، بۆ رۆژی دووە چەند کۆبوونەوە لەگەڵ هاورێیان کرا. ئێوارەکەی میوانی جەلال تاڵەبانی بووین، هەموو ئەندامەکانی سەرکردایەتی ی . ن . ک ئەوانەی لە ناوزەنگ بوون بەشداری خوانەکە بوون. بۆ رۆژی سێیەم کۆبوونەوە لەگەڵ گشت هاورێیانی بنکە کرا. ژمارەیان نزیکی سەد هاورێ دەبوو هاورێ کەریم بە دوورو درێژی دووا لەسەر باری سەختی ناجوری هەموو گەلانی عێراق. کە دووچاری چ رۆژە رەش و کارەسات هاتووە لە چنگ رژێمی دیکتاتۆری بەعسی عێراق، بۆیەکا حزب بریاری وەرگرتیە خەباتی سەختی چەکداری بکات،

بۆ تێکشکاندن و روخاندنی ئەو رژێمە شۆڤێنی و ڕەگەز پەرستە.
هاوڕێیان گەلێ پرسیاریان ئاراستە کرد و رەخنەی توندیان دەربڕی دژی سەرکردایەتی حیزب. هەستم کرد هاوڕێ کەریم کە گوێی لە ڕەخنەی ڕەق دەبوو دەم و چاوی هەڵدەقرچا و نارەحەتی نیشان دەدا.

لەسەر داوا و سوور بوونی چەند هاوڕێکی رانیە و بیتوێن بەڕێکەوتن لەگەڵ هاوڕێ کەریم، بڕیارمان وەرگرت یەکەم مەفرەزەی حزبمان بە نهێنی بۆ ماوەیکی کەم بچێتە ناوچەی بیتوێن و رانیە، گەشتێک بکەن و بگەڕێنەوە خۆ زۆر لە دوژمن بپارێزن. رۆژی ٤/١٢ ئەم مەفرەزەیە بەرەو ناوچەکە کەوتنە رێگا. بەیانی هەمان رۆژ لەگەڵ هاوڕێ کەریم سەردانی مام جەلال /مان کرد. بە دوور و درێژی ئاڵ و گۆڕی بیر و ڕاو بۆچوونی یەکتر دەربارەی عیراق کرا. بەهۆی نەخۆشیەکەم بەپێی بڕیاری لیژنەی بنکە، دووای دانیشتنەکە لەگەڵ هاوڕێ کەریم ئەحمەد بەرەو ئێران کەوتینە ڕێگا.

لە شارۆچکەی سەردەشت هاوڕێ بەرەو مەهاباد ــ تاران رۆیشت تا بگەڕێتەوە سوریا، من و هاوڕێ رەسوڵ سووری مەنگوڕی ماینەوە. بۆ رۆژی دووەم لەگەڵ نەجمەدین عەزیزــسالار بەرەو « بانە » رۆیشتین بەهۆی یارمەتی دانی چەند لاوێکی بانەیی گەیشتمە دکتۆرێکی شارەزاو لێهاتو ناوی « صدری فاتیحی » بوودوای فحص کردنم و تەحلیلاتی خوێن هەندی ئامۆژگاری تەندروستی کردم و دەرمانی زۆر و بە سودی بێ پارە پێدام.

رۆژی ١٩٧٩٤/١٥ شاری « بانە »مان بەجێ‌هێشت بۆ رۆژی دووەم گەیشتمەوە ناوزەنگ تەتەری حزبمان هی ناوچەی قەلادزێ و رانیە گەیشت، نامەو دەنگوباسی زۆری هانیبوو، لە یەکێ لە نامەکاندا

هاتبوو: ئەم مەفرەزەی رۆژی ٤/١٢ دابەزیبوون بۆ ناوچەی رانیە و بیتوین شەوی ١٩٧٩/٤/١٦/١٥ دەکەونە ناو کەمینێکی دوژمن لە شارۆچکەی چوارقورنە لە ئەنجامی تێکهەڵچوون و شەرێکی قورس، قارەمانانەو شێرانە دەستێکی پاڵەوانانەیان کردبووەوە لەگەڵ ئەوەش پارسەنگی هێز جیاوازی زۆری تێدا بوو لە نێوان هێزێکی زۆری دوژمن لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە. خەسارەی زۆر بە هێزەکانی دوژمن کەوتبوو، بەداخەوە دوو هاورێی ئازاو بەجەرگ دوو جوتیاری شیوعی ناوچەکە شەهید دەکرێن، هاورێیان عەلی مارف و شێخە رەسول، ئەم دوو شەهیدە یەکەم قوربانی دان بوو لە گۆرەپانی شەری پارتیزانی و خەباتی چەکداری تازەی پێشکەش کرد.

رۆژی ٤/١٧ مام جەلال نامەیەکی بۆ ناردین نوسیبووی « میری زۆر تەقەلا ئەدا راپانکێشێت بۆ لایەنی خۆی و دووریان کاتەوە لە خەباتی چەکداری و شەری پارتیزانی و هاوکاری کردن لەگەڵ حشع و هێزەکانی تری کوردستان وە دەڵێ لە سێ لاوە نامەیان بۆ ناردووە ناوی هەرسێ سەرچاوەکەشی بۆمان نوسیبوو کە نامەیان بۆ ناردووە. هەروەها نوسیبووی زانیمە میری نامەی بۆ سەرکردایەتی پارتی و تاقمی رەسول مامەند و د. مەحمودیش ناردووە » . وەکو من ئاگادارم ئەوە محاوەلەی دووەمی رژێمە، لەو ماوەیەی کە هەستیان کردووە حشع رێگای شاخی گرتۆتە بەر مەبەستیشی رێگا گرتن و کەرت کردنە لەوەی هێزەکانی کوردستانی و عێراقی یەک بگرن و بەرەیەک دروست بکەن دژ بەوان.

لەم رۆژانەدا یەکەم نامیلکەی ی. ن. ک/م خوێندەوە لە ژێر ناونیشانی « یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆچی؟ » چەند بۆچوون و راوو هەڵوێست و رەخنە و هەڵسەنگاندنی تێدا هاتووە سەرنجی

ڕاکێشام. بەکورتی هەندی لە ڕاو تێبینی و ڕەخنەی تایبەتیم تۆمار کرد بەرامبەر ناوەڕۆکەکانی. ئەو لێکدانەوە و تێڕوانینانەی بەرامبەر ڕێباز و ڕەفتارەکانی حزبی بەعس هاتووە، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی بەرای من زۆربەی بۆچوون هەڵسەنگاندنەکان راستن پەردەی لەسەر ڕووی ڕەشی شاردراوەیان لەژێر دروشمی پێشکەوتنخوازی و سۆشیالیزمی ڕادەماڵێ. لە چەند خاڵێکی سەرەکیش وەکو پرۆگرام کە لە ئامیلکەدا هاتووە نزیکە لە ڕاو بۆچوونی حزبمان دوای ئەوەی لە ریزی بەرەی نەتەوایەتی و پێشکەوتنخواز دەرهاتین دروشمی ڕووخانیدنی ڕژێم هەڵگیرا. ئەوەی دەربارەی پارتی دیموکراتی کوردستان نووسراوە، لە ڕووی ڕێکخستن باری ئایدیۆلۆژی ڕەهبەرایەتی کردنی خەباتی سیاسی و چەکداری تا دەگاتە کارەساتی هەرەسهێنان و تێکچوونی شۆرشی ئەیلوولی ١٩٦١ی نەتەوەی کوردمان لە دوای ڕێکەوتنە شوومەکەی ١٩٧٥/٣/٦ لە پایتەختی الجزائر لە نێوان شای ئێرانی پێشوو حەمە ڕەزا شا و سەدام حوسێن. گەلێ توند و تیژ هاتووە، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و پشکنینەکان مەوزوعیانە نیە. خزمەتی واقیعی سەختی باری نەتەوایەتیمان ناکات ئەو دەرەز و پارچە پارچەییانە کە دەمێکە لەناو کۆمەڵگای کوردەواری و هێزە کوردستانیەکاندا هەیە، زیاتر لە یەکتریدا دەرزینی لەم سەردەمە تا ماوەیەکی داهاتوو نەتەوەو نیشتمانەکەمان زیاتر تووشی ئازار و وێران کاری دەکات وا دەقی یەکەم بەیاننامەی کۆمیتەی دامەزرێنەر لەگەڵ بەیاننامەی دووەم بلاو دەکەمەوە، مەبەستم تەنها سوود وەرگرتنە لە ئەزموونە تاڵ و پڕ زەرەرەکانی خەباتی نەتەوایەتیمانە.

بەداخەوە ڕۆژی ١٩٧٩/٤/٢٤ شەڕێکی گەورە لە شاری نەغەدە لە

ئێران کورد و دانیشتووە تورکەکان روویدا. چەکدارەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کردیبان بە شەری خۆیان شێوەیەکی قوولْ و تا بەدی وەرگرت سێ رۆژی خایاند، کۆنەپەرست و گومان لێکراوو بەکرێگیراوەکانی دوژمنانی شۆرش و گەلەکانی ئێران دەستی بالأیان هەبوو لە هەلْگیرساندنی.

وەکو لە رادیۆکانی تاران و حدکا و پدک بلاْوکرایەوە ژمارەی کوژراو و بریندار لە هەردوو تەتەوە ۱۸۰ کەس زیاترە ئەم جۆرە رووداوە نالەبارانە ماوەی دوورو درێژی دەوێ تاکو ئەنجامەکەی لەبیر دەکرێن. شوێنەوارە خراپەکەش هەر دەمێنێتەوە.

لەسەر داوای چەند کادرێکی حدکا، هاورێیان بانیخێلأنی و بەهائەدین نوری، بێ ئەوەی بارەکە هەلْسەنگێنن و لێکی بدەنەوە و دوور تەماشای ئەنجامی رووداوە بکەن یا حیساب بۆ رای هاورێیانی تریان بکەن، چوار هاورێ پێشمەرگەی شارەزا دەنێرنە نەغەدە تا شان بەشانی پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات لە شەری کورد و تورک بەشداری بکەن. بەرێکەوت بەرپرسیارێکی حدکا لە ناوچەکە کاک کەریمی حیسامی بەوە دەزانێ، یەکسەر داوا لە چوار هاورێیەکەمان دەکات بەبێ وەستان بگەرێنەوە بنکەکانی خۆیان، ئەم بریارەی کاک کەریم لە بەرژەوەندی حزبمان دابوو هەلْوێستێکی گەلێ راستیش بوو.

هاورێ کەریم ئەحمەد لە تاران نامەیەکی بۆ ناردین نوسیبووی:

« مەلا ئەحمەد بانیخێلأنی و بەهائەدین لەم رۆژانە لەگەلْ سامی محمد محمود عبدالرحمن سکرتێری سەرکردایەتی کاتی پارت کۆبونەوە. بێ ئەوەی رای مەکتەبی سیاسی وەربگرن لەگەلی لەسەر ئەم خالأنەی خوارەوە رێکەوتوون:

١- مەفرەزەیەک لە هاورێیان بنێرنە بادینان. بەبێ ئەوەی بزانن توانای چەکمان چی هەیە!
٢- هاوکاری لەگەڵ یەک بەهێزکەین.
٣- پارتی یارمەتیمان بدات لە هاتووچۆکردن بە ناو خاکی ئێراندا هاورێ نووسیبووی « زۆر پەلە کراوە لەم ڕێکەوتنە لەگەڵی دانینە ...هتد »من و هاورێ تۆما توماس لەگەڵ ڕای هاورێ کەریم دابووین نامەیەکی دوو قۆڵیمان بۆ م.س ناردە سووریا ڕەخنەو نارەزایی خۆمان نیشاندا دەربارەی کۆمەڵێک کەموکورتی و گیرو گرفت و هەڵوێستی چەوتی ناڕەوا بەتایبەتی تەسەروفاتی دوو هاورێکەی مەهاباد وەکو:
١- ناردنی پێشمەرگە بۆ بەشدار بوون لە شەری نەغەدە .
٢- سەرف کردنی پارە و پولی زۆر لە مەهاباد بێ ئەوەی گوێ بدەنە ژیانی سەختی هاورێیانی ناوزەنگ.
٣- ڕێککەوتن لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی پارت بەپەلە و بەبێ دەرسکردن لە هەموو ڕێئێکەوە لە لایەن سەرکردایەتی حیزب.
٤- ژمارەیەکی زۆر لە هاورێیان دەهێنن و دەبەن لەم جێگا بۆ ئەو جێگا بەناوی ئیشوکار و بەرژەوەندی حیزب.
٥- لوتی خۆیان خستۆتە ناو ئیش و کاری کوردستانی ئێرانەوە.
ئێوارەی ٤/٣. نامەیەک لە رەسول مامەند و د.مەحمود بە دەستمان گەیشت. داوایان کردبوولەگەڵ سەرکردایەتی ی. ن. ک هەوڵ بدەین هێرشی ئێستگەکەیان لەسەریان ڕابگرن. بەپێی بریاری هاورێیان لەگەڵ هاورێی ئەمر سەید توفیق ئەندامی لیژنەی هەرێمی کوردستان ڕۆیشتین بۆلای برادەرانی سەرکردایەتی ی. ن. ک لەگەڵ جەلال تاڵەبانی دانیشتین دیمان لەگشت وەزعەکە گەلێ نارازییە. کەوتینە گفتوگۆ

داوامان لێکرد هێرشی ڕاگەیاندن بۆسەر برادەرانی گۆرەشێر ڕابگرن، شەڕە جنێو سوودی تێدا نییە بۆ هیچ لایەک دوو بەرەکی و ناکۆکی قوڵتر دەکات. مام جەلال گوتی« ڕاستە پروپاگاندە دژ بە یەکتر ئەنجامی نیە، پێویستە لە لایەن هەموو لایەک ڕابگیرێت » زۆری نەخایاند دوای دوو سێ ڕۆژ مام جەلال ڕۆژنامەیەکی فارسی بۆ ناردین لە تاران دەردەچوو دوو هێرشی توندی حاجی حاجی برایم و قادر جەباری تێدا بڵاوکرابووە بۆ سەر خودی ئەوا

● بەبۆنەی جەژنی کرێکارانی جیهان ڕۆژی یەکی ئایار ئاهەنگێکی خنجیلانەی ڕێکو پێکمان گێڕا زیاتر لە ۲۰۰ هاوڕێ و میوان بەشداریان کرد. لەو ئاهەنگەدا یەکەمجار وتاری حزب بە زمانی کوردی هاوڕێ ڕەفیق سابیر خوێندیەوە، دوای ئەویش عادل سەفەر- أبو شاکر بە عەرەبی خوێندیەوە. جەلال تاڵەبانی وتاری ی. ن. ک/ی پێشکەش کرد برادەرێکی چریکی فدائی خەلک بە فارسی وتارێکی کورتی‌دا. کاک عومەر مستەفا بۆی دەکرد بە کوردی وتاری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق سیروان خوێندیە. سەرجەم ناوەرۆکی وتارەکان ڕێکو پێک بوون تەنها وتاری برادەرەکەی فیدائی نەبێ لەگەڵ ڕێباز و بۆچوونی حیزبی ئێمە یەکتری نەدەگرتەوە.

کە ئاهەنگەکە کۆتایی پێهات، نانی نیوەڕۆ خورا، فیدائیەکان داوای دانیشتنێکی تایبەتیان لێمان کرد. ئەوان هەر ۱۱یان ئامادە بوون، ئێمەش فائق، مەجید عبدالرزاق، سەید تۆفیق، فەتاح تۆفیق، عبدالرحمن قەساب ئامادە بوون. لەسەرەتادا برادەرێک لە فیدائیەکان ڕاپۆرتێکی دوور و درێژی پێشکەش کردین لە سەرەتای دامەزراندنی سازمانەکەیانەوە هاتەخوارێ تا گەیشتونەتە ئەو مێژووە، باسی خەباتی

سەختی بێ پسانەوەی خۆیان و قوربانیەکانی زۆریان لەسەردەمی شا،
هاتە سەر باسکردنی پرۆگرام و ئامانجەکانی دوور و نزیکیان،
هەڵوێستیان بەرامبەر بە حزبی تودە گەلێ توند و سلبی بوو،
نارەزایشیان دەربڕی بەرامبەر وڵاتانی سۆشیالیستی، بەتایبەتی یەکێتی
سۆڤیەت. ئێمەش کورتەیەکمان دەربارەی مێژووی حیزب و خەبات و
تێکۆشان و قوربانییەکانی پێشکەش کرد، شتێکمان لەسەر ئامانجی
دوورو نزیکی نەخشەی سیاسی و ستراتیژیەتی حزبمان بۆ باسکردن.
کەوتنە پرسیار کردن لێمان، ئێمەش چەند پرسیارمان ئاراستەیان کرد
شەو گەڕانەوە بنکەکانی ی. ن. ک.

● لە رۆژانی ٢و٣/٥ چەند نامەیەکمان لە هاوڕێ بانیخێڵانی و
د. مەحمود و رەسوڵ مامەند گەیشتە دەست باسی ئەوەیان نوسیبوو
وەزعەکەی نێوان ی. ن. ک و تاقمی رەسوڵ مامەند و د. مەحمود زۆر
بەرەو خراپتر دەچێت. لە لایەکی تر د. فواد مەعسوم و نەجمەدین عەزیز
هاتنە سەردانمان ئاگاداریان کردین کە تاقمی د. مەحمود و رەسوڵ مامەند
ئیمرۆ ١٩٧٩/٥/٣ هەشتا چەکداریان بەسەرۆکایەتی سەید کاکە ناردۆتە
گوندی بێدەلان پێشمەرگەکانی ئێمەیان وەدەرناوە و گرتویانە لەمەودوا
ئێمە باجی گومرگ وەردەگرین ئەم سەیتەرەیە لەژێر چنگی ئێمەدا
دەبێت. داوایان لێکردین نەهێڵین خوێن برژێ و رۆڵی خۆمان ببینین،
چارەیەک بۆ ئەم گیروگرفتە بدۆزینەوە. هەرئەوان ئێمەیان بەجێهێشت
هەموو کادرەکان بەپەلە کۆبونەوەیەکمان کرد، تەنها بۆ دەرسکردنی
ڕووداوەکەی گوندی بێدەلان. بڕیار وەرگیرا بەبێ وەستان لەگەڵ هاوڕێ
مەجید عبدالرزاق بچین بۆ لای برادەرانی سەرکردایەتی گۆڕەشێر بە
ڕێگاوە لامان‌دا لای برادەرانی سەرکردایەتی ی. ن. ک داوامان لە مام

جەلال کرد ڕاو بۆچوونی خۆیانمان بۆ بڵێن ی . ن . ک تا چ سنورێک ئامادەیە چارەی ئەم گیروگرفتە و هی‌تر بکات لەگەڵ برادەرانی ئەوبەر گوتی « ئێمە زۆر ئیجابی دەبین گەر ئەوان هەڵوێستی ئیجابی وەرگرن » جا بەرەو گوندی گۆڕەشێر کەوتینە ڕێگا ئێوارەکە گەیشتینە لایان دوای پشودانێکی کەم دەست کرا بە گفتوگۆ کردن ئەو برادەرانەی ئامادە بوون لەگەڵ ئێمە د. مەحمود، ڕەسول مامەند، قادر عەزیز، قادر جەباری، سەید کاکە زیاتر لە چوار سعات لەسەر باری ولات و ناوچەکە و پەیوەندی تایبەتی نێوان ئەوان و ی . ن . ک بەڕاشکاوی قسە کرا ئەم ناکۆکی و ئاژاوە و شەڕی برا کوژی نێوانیان زەرەری یەکجار گەورە بە نەتەوەی کوردی مافخوراومان دەگەیەنێ. هێرش بۆسەر گوندی بێدەلان و دەرکردنی پێشمەرگەکانی ی . ن . ک کارێکی ناڕەوایە دوور بینی تێدا بەدی ناکرێت، مانای شەڕ پێفرۆشتنە ناحەزانی هەردوو لا و دوژمنانی گەلەکەمان لە ئاسماندا دەیقۆزنەوە، پەنجەی ژەهراوی خۆیانی تێدەهاوێن، ئەوان لەگەڵ ئێمە لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن بەو مەرجە یەکێتی ئیلتیزامی پێوە بکات. لەسەر داوای ئەوان شەو لایانماینەوە تا نزیکی بەرەبەیان هەر قسەو باسی میللەتی کورد و شۆڕشی ئەیلولی ۱۹٦۱ و ئەو تێکشکانەی دووچاری هات دوای ٦ی مارتی ۱۹۷٥.

ئەو شەوە د. مەحمود زۆر بە دوورو درێژی باسی چوونی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی و خۆی دکتۆر شەفیق قەزاز بۆ کردین کە لە ڕۆژی ۱۹۷٥/۳/۱۲ چووبوونە کۆشکی یاوەران لە تاران چاویان بە شا کەوتبوو.

بۆ ڕۆژی دووەم گەڕاینەوە بنکەی خۆمان یەکسەر لەگەڵ هاوڕێیان دانیشتین ڕیپۆرتاژێکی کورتمان خستە پێشیان ئاسودە بوون لەو

ڕێکەوتنەی لەگەڵ برادەرانی گۆڕەشێر ئەنجامان دابوو لە دوایدا لەگەڵ هاوڕێ مەجید چوین بۆلای سەرکردایەتی ی . ن . ک مام جەلال و عومەر مستەفا لەگەڵماندانیشتن، باسی کۆبونەوەکەی گۆڕەشێرمان بە دوور و درێژی بۆ گێڕانەوە ئاگادارمان کردن لەسەر چەند خاڵێک لەگەڵیان ڕێککەوتین بەو مەرجە ئێوە موافق بن، هەردووکیان ڕێککەوتنەکەیان پەسند کرد ڕێککەوتین ڕۆژی ١٩٧٩/٥/٥ لە بنکەی ئێمە کۆبوونەوە بکەن. بە نامە ئاگاداری د.مەحمود و ڕەسوڵ مامەندمان کرد ڕۆژی ٥/٥ نوێنەریان بەیانییەکەی بنێرنە بنکەی ئێمە. ئەوکات هەشت کادر لە بنکە دەژیاین کۆبوونەوەمان کرد بۆ دەست نیشانکردنی هاوڕێیان لەگەڵ هەردوو لایان بەشداری بکەن لە دانیشتنەکە چوار هاوڕێ داندرا، بە نامەی دوور و درێژ ئاگاداری هاوڕێیانی مەهاباد و م.س/مان کرد.

بەیانی ٥/٥ نوێنەرانی یەکێتی د. کەمال خۆشناو ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو لەگەڵ سالار گەیشتنە لامان. دوای ماوەیەکی کەم قادر جەباری و حاجی حاجی برایم گەیشتن لە ڕۆژێکی سارد و باراناوی، لە ژێر چادرێکی بچووک دانیشتنەکە بەسترا.نوێنەرانی ئێمەی ناوبژیکەر « فاتح، مەجید عبدالرزاق، سەید توفیق، فەتاح توفیق » پاش ئەوەی پێشوازی و بەخێرهاتنی گەرمیان لێکرا نوێنەرانی هەردوو لا داوایان کرد کە فاتح دانیشتنەکە بەڕێوە بەرێ و هاوڕێ فەتاح توفیق مەحزەر بنووسێ.

یەکەمجار قادر جەباری کەوتە قسەکردن بە ناوی سەرکردایەتی خۆیان حەفت خاڵی پێشکەش کرد گوتی « ئەمانە داوای ئێمەیە پێشنیار دەکەم دەرس بکرێت دەمەتەقە و گفتوگۆی زۆریان لەسەر کرا لە ئەنجامدا هەردوو لا بە شایەتی ئێمە لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێککەوتن:

١- پارەو پوولی گومرگی بیندەلان بۆ برادەرانی گوڕشیر بێت.
٢- هێرشی پرۆپاگاندە دژ بە یەکتری رابگیرێت.
٣- ناکۆکییەکانی نێوانیان لە ناوچەی هەورامان زوو چارەسەر بکرێت.
٤- ئەم پێشمەرگانەی بەم دواییە « ی. ن. ک » ناردونیە دەشتی کۆیە بۆ ماوەیکی کەم ناوچەکە بەجێ‌هێڵن تا چارەی ناکۆکییەکان دەکرێن.
٥- ئەو پارەو چەکەی لە دەرەوە دەگات، ی. ن. ک بەشی برادەرانی باڵی بزووتنەوە و کۆمیتەی ئامادەیی بدات.
٦- ڕێکخراوی کارتۆنی دژ بەیەکتری دروست نەکەن.
٧- هەردوو لایان هەوڵ و تەقەلا بدەن بەرەیکی بەرفراوانی عێراقی بە زووترین کات دابمەزرێنت.

بریار وەرگیرا وێنە و دەقی مەحزەرەکە بنێردرێ بۆ سەرکردایەتی هەردوو لا. رۆژی دووەم بۆیان نێردرا. بەداخەوە لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنە و چەندان ڕێککەوتنی تر کە لەنێوان هێزەکان پێک دەهات زۆری نەدەخایاند هەڵدەوەشایەوە، کادر و پێشمەرگەی هێزەکان دەستەو یەخەی یەکتری دەبونەوە و دەکەوتنە گیانی یەکتری. بە بڕوا تەواوم هەموو هێزەکان ئویاڵی مێژووی زۆریەی ئەم کارەساتانە و شەری براکوژی هەڵدەگرن. کە ژمارەیکی زۆر رۆڵەی خەباتکەری قارەمان بێ‌فیرۆ کوژران نەتەوەکەشمان خەسارەتی زۆری پێگەیشت.

● رۆژی ٥/٩ هاوری شاعیری ناسراو ئەحمەد دڵزار درا بە دوای ئەو بە دوو رۆژ هاوڕێیان یوسف حنا و خەیری عبدالحمید قازی کە هەرسێکیان ئەندامی ئەنجومەتی پاساداتان بوون لە ناوچەی ئۆتۆئۆمی گەیشتنە لامان. دەنگوباسی زۆریان لەگەڵ خۆیان هانیبوو، باسی ئاوەرە و ئازار و هێرشی جانەوەرانەی رژێمی بەعس و پرۆپاگاندەکانی دژی

جەماوەر و هێزەکانی نیشتمانییان بۆ گێڕاینەوە. ماوەی شەش مانگێک دەبوو دەنگوباسی ماڵ و منداڵەکانم نەدەزانی بە ڕێگای هاوڕێیانی نامەیێکی کورتی ئاسۆسی کوڕم گەیشتە دەست، نوسیبووی « هەموومان باشین من و هۆگری برام بەبێ ئیمتحان پێشکەوتین بۆ پۆلێکی‌تر بەیەکەمی دەرچووین لەناو هەموو قوتابیەکان دەوروو بەر ماڵمان هەرگیراوە بە سیخوڕەکان ژیانمان پڕ مەترسییە... »

لە وڵات و ناوچەکان هەموو شتێک زۆر بە خێرا لە ئاڵو گۆڕدایە ڕۆژ نەبوو چەندان دەنگوباسی دڵتەزێنەر و ناخۆشمان پێ نەگات یەکێک ئەوە بوو کە ١٢ هاوڕێی ڕاکردوو لە ژێر شاڵاوی تیروری ڕژێمی بەغدا کە تەنها سێ هاوڕێیان چەکدار دەبن، لە دۆڵی سماقوڵی سەربە قەزای کۆیە بەرەنگاری هێزێکی سوپا و جاش دەبن، شەر لە نێوانیان دەست پێدەکات لە ئەنجامدا هاوڕێیەک شەهید دەبێ دووش بریندار، دوای ماندوو بوون و ئازارێکی شەکەت گەیشتنە ناوزەنگ.

هەرسێ هاوڕێ یوسف، تۆما، فاتح ڕۆژی ٥/١٣ میوانی جەلال تاڵەبانی بووین، گفت و گۆی زۆر لەسەر باری سیاسی عیراق و کوردستان و کردەوە تاوانبارەکانی بەعسی عیراقی کرا. لە هەڵسەنگاندن و بۆچوون و لێکدانەوەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری لەیەکتری نزیک بووین هەردووهاوڕێ پێیان گوتم کە داوا لە مام جەلال بکەم هەزار دۆلار و سێ چادرمان بەقەرز بداتێ کە خواحافیزیمان لێکرد داوای ئەو قەرزەم کرد کە گەڕاینەوە بنکەی خۆمان زۆری پێنەچوو پارە و چادرەکانیان بۆ ناردین. ڕۆژی دووەم هاوڕێ یوسف تیمەی بەجێ‌هێشت بەرەو مەهاباد کەوتە ڕێگا هەرسێکمان ڕاو ڕەخنە و نارەزایی خۆمان بەرامبەر گیروگرفتەکان نووسی و وەکو نامەیەکی سێ قۆڵی بردی کە

بنێردرێ بۆ مەکتەبی سیاسی لە سوریا.

چەند رۆژ پێش ئیمرۆ کە نوێنەرانی «الحرکە الاشتراکیە العربیە» ابو شەوقی و جواد الدوشی و ابو عمر ـ عەونی قەلچی گەیشتنە ناوچەکە هەر زوو وایان دەربڕی هاتوون و رۆڵی خۆیان بدەن لە دامەزراندنی بەرەی بەرفراوانی عێراقی دژ بە رژێم.

رۆژی ۱۹۷۹/۵/۱۷ وەفدی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست ـ سەرکردایەتی هەرێمی عێراق «قیادە قطر العراق» گەیشتنە ناوزەنگ بریتی بوون لە ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی هەرێم و ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی القیادە القومیە» عبدالجبار کوبیسی کە ناوی بزوی «اسمە الحرکی» «حازم حسین» لەگەڵ فەوزی راوی ناوی لە خۆی نابوو صفاء جەمیل ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی و ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق دە ئەندامی بەعسیشیان لەگەڵدا هاتبوون، چند رۆژێک میوانی سەرکردایەتی ی. ن. ک بوون لە دواییدا بنکەی تایبەتی خۆیان کردەوە. پاش چەند رۆژێک وەفدیک لە ئێمە چوین بۆ سەردانیان و بەخێرهاتن کردن کەمێک لەسەر کاروباری سیاسی تێکچوی عێراق دووان کرا، دوای ماوەیەک ئەوانیش هاتنەوە سەردانی ئێمە و میوانداریمان کردن بەم شێوەیە ناسین و دۆستایەتی لە نێوانماندا پەیدا بوو. زوو هەستی ئەوەمان کرد کە لە رووی نەخشەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و رۆڵیان لە جولانەوەی نیشتمانی عێراقی وتێڕوانینیان بەرامبەر بە مافە رەواکانی نەتەوەی کوردمان جیاوازێکی قوڵ نیە، لە نێوان ئەوان و حزبی بەعسی دەسەلاتداری عێراق.

ـ بە نامەی تایبەتی هاوڕێ بانیخێلانی داوای کرد هاوڕێ تۆما تۆماس بچێتە مەهاباد بەیانی رۆژی ۵/۱۹ زۆر بە نارەزایی کەوتە رێگا بە هۆی

ئەوەی هەردوکمان رەخنەی زۆرمان هەبوو لەسەر مانەوەی ئەو ماوە زۆرە لە مەهاباد. بە بەڵگەی ئەوەی گۆیە تەقەلا ئەدا هێندی کەڵ و پەڵ و چەکی دەستکەوێ رۆژی ٢٣/٥ هاورێ توما گەڕایەوە بنکە. گێڕایەوە« لە دوای دەست داگرتنی حدکا بەسەر سەربازخانەی مەهاباد چەک و زەخیرە و کەڵ و پەڵ و تفاقێکی یەکجار زۆری تێدا بوو، سودێکی باشی لێوەرنەگیرا بە دزی کردن و راوو رووت و فڕان فڕان ئەوەی چاپوک و ئازا بوو شتومەکی زۆری وەدەست کەوت. لە فرۆشگا دەبانفرۆشت راستە چەند چکێکی گەورە و بچووک و هێندی کەڵ و پەڵ دەستی ئێمە کەوت بەڵام ئەمە بە تاکە کادرێکی لێهاتوو دەکرا نەک هی بارەگا کردنەوە و ژمارەیەک لە هاورێ و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بێتا لەسەر داوای دەفتەری سیاسی حدکا بە تایبەتی داوای د. قاسملو هاورێ برایی حاجی محمود کە ناو خۆی نابوو مەلا محمەدی جوانرۆیی و چەند هاورێیکی‌تر نێردران یارمەتی حدکا بدەن لە هێندی ئیشوکار بە تایبەتی کاروباری تەشکیلاتی پارتیزانی، هاورێکانمان درێغیان نەکرد، دڵسۆزانە گشت ئەو ئەرک و کارانەی پێیان راسپێردرا جی‌بەجێیان کرد قوربانیشیان دا، لەم هاورێیانە هاورێ جەبار کۆکۆیی مامۆستای سەرەتایی و لە دانیشتوانی شاری هەڵەبجەی خوێناوی، شەهید کرا و سێ هاورێش بریندار کران. بەیانی رۆژی ٢٣/٥ برادەران عومەر مستەفا و سالار هاتنە سەردانمان، ئاگاداریان کردین « حازم ــ جەبار کوبیسی و ابو یوسف داوایان لێدەکەن « التجمع الوطني العراقي » کۆبووەی نیشتمانی عێراقی بژێننەوە و بکرێت بە بنچینە بۆ هەموو رێککەوتنێک یا بەرەکی نیشتمانی بەر فراوان لە دوا رۆژدا. ی. ن. ک لەگەڵ راو هەڵوێستی بەعسیەکاندا نیە » بە تەک ئەم روون کردنەوەش بەیانێک بە ناوی

« التجمع » بلاوکرایەوە تێدا هاتبو کە شۆرشی عێراقیان بەرپا کردیە.

● دووبارە بەهۆی تەندروستی خراپ و ئازارەکانی لەشم، داوام لە هاورێیان کرد ماوەم بدەن بچمە ئێران چارەی نەخۆشیەکانم بکەم. ئێوارەی ٥/٢٥ گەیشتمە مەهاباد شارێکی گەلێ جوان و خنجیلانەی خۆشم کەوتە بەرچاو یادی کۆمارە جوانە مەرگەکە و قازی محمدی نەمرم هاتەوە یاد. پرسیارم کرد لە چ گۆرەپانێک سالی ١٩٤٧ قازی نەمر بە سێدارەوە کرا. کەمێک بەرێز و بێدەنگی لە گۆرەپانی چوارچرا وەستام ئەم چەند دێرەی شیعرەی شاعیری نەمری کوردستانی ئێران مامۆستا « هێمن »م هاتەوە یاد کە دەلێ:

لە چوار چرای مەهاباد	لە کانگای بیری ئازاد
دەستی ڕەشی ئیستیبداد	چەقاندی داری بیداد
لەکاتی نیوە شەوا	لە جەنگەی شیرین خەوا
کرا کاری ناڕەوا	لە دار درا پێشەوا

بەهاری سالی ١٩٧٩ لەگەلْ ڕووەوە بەهارێکی خۆش و باراناوی بۆ ڕاپەڕینی گەلەکانی ئێران و سەرکەوتنیان بەسەر رژێمی بنەمالەی پەهلەوی ئەوەندەی تر گەشەی دابوو بە ژیان جەماوەر بە گوشادی و ووڕەی بەرز دەژیا چاوەنواری وەدەست هانینی سەرکەوتنیتر دەکات لە لایەکیتر کۆنەپەرست و هەلپەرست و تاقم و توێژێکی پاشماوەی پاشایەتی لە هەموو کون و قوژبنێک بە پانی و درێژی ئێران کەوتبورن تەقەلا دان و بزوتن، بەو نیازە بارەکە ئاوەژوو بکەنەوە، رژێمێک دابمەزرێنت لە هەموو ڕوویکەوە خزمەتی بەرژەوەندی چینایەتیان بکات.

لەوماوەیە چەند جارێک دیدەنیم لەگەڵ هاورێ برایم - جوانرۆ کرد باسی دەکرد هەر لە هەنگەوە کە سەرەتای خەبات و تێکۆشانی حدکایە ناکۆکی زۆر لە نێوان سەرکردەکانیان دەستی پێکردوە، هێرش و توانج و قسەی ناشیرینی ناڕەوا بە یەکتری دەکەن. ڕەخنەشیان هەیە لەسەر هاورێیانی ئێمە کە ئەو ماوە زۆرە خۆیان لە مەهاباد هێشتوتەوە. پەنجەیان خستۆتە ناو ئیش و کاری کوردەکانی ئێران، حدکا نارازیە لەوەی هاتێ لاوەکانی مەهاباد دەدەن بچنە ریزی تودە.

رۆژی ٥/٢٨ لەگەڵ چەند هاورێیەک چووین بۆ پیشانگای شەهیدەکانی حزبی تودە، وێنەی دەیەها قارەمانی بەجەرگ هەڵواسرا بوو لە دوورەوە وێنەی دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی ئێران د. تەقی ئارانی و وێنەی خسرەوی روزبە دەکەوتنە بەرچاو... بۆ رۆژی ٥/٣. چوم بۆ بیمارستانی مەهاباد بابەخی باشیان پێدام و بە دەرمانی پێویست یارمەتیان دام. هەر کارەکانم لە بیمارستان تەواو بوو کە چەند رۆژێکی خایاند لەگەڵ لاوێکی مەهابادی بەرەو شاری تەوریز رۆیشتین بەچەند لادێ و شارۆچکەی جوان تێپەڕین وەکو میاندواو و مەلیکان و بناو آذەرشەهر. ناوچە دوای ناوچەی کە بە ناویا تێدەپەڕین دیمەنی جوانترم دەکەوتە بەرچاو. دەستی ئاوەدان کردن و ڕێکخستن گەیشتبوە هەموو گۆشەیەک ئەو پرو پاگاندانەی چەند ساڵ بۆی گوێ بیست دەبووین کە دەگوترا شای ئێران شۆرشێکی سپی « الثورة البیضاء » بەرپا کردووە، ئێران لە ڕووی پیشەسازی و ئابووری و کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنە بەرەو پێش ڕۆیشتووە، ڕاستی زۆریان تێدا بوو پێویستە ئەوەش لە یاد نەکرێ هەر کارێک یا هەنگاوێک بەدی دەکرا یا نەخشەی بۆ دەکێشرا دەبا لەو چوارچێوە دەرنەچێت کە سازمانی ئەمنیەتی ئێران ساواک سنوری بۆ

دادەنا! ئەو سازمانە شوم و ستەمکارەش ۳۰ ساڵ زیاتر بوو وەکو ئەژدیها کەوتبوە گیانی گەلەکانی ئێران.

تەوریز شارێکی یەکجار جوان و رێکوپێکە دیمەنی گەلێ قەشەنگی تێدایە، دەبەها دروشمی رەنگاو رەنگی هەمەجۆر دەکەوتە بەرچاوی مرۆڤ وەک بژی ئیمام خومەینی بژی ئایەتولاشەریعەتمەداری بمری کۆمۆنیزم، بمرێ ئەمریکا...هتد لەو شوێنە خۆشانەی لە شاری تەوریز دیتم باخچەی شاهگولی بوو کە ناوی گۆڕا بوو بە میللەت باخچەسی لەگەڵ بازاری زەرینگرەکان. دیمەنێکم کەوتە بەرچاو قەت لە یادم دەرناچێت لە سەردەمی شا ریستورانێکی یەکجار نایاب لەناو دەریاچەیەک دروستکرا بوو پانی و درێژی دەریاچەکە ۱۰۰ مەتر بوو هی رستورانەکە ۲۰ بە ۲۰ ئەو ساختمانە جوانە سوتێندرا بوو گوایە ئەم شوێنە شوێنی طاغوتیەکان بووە مەبەستیان سەرمایەدار و دەرەبەگ و کاربەدەستە گەورەکانی سەردەمی شا بوو! جەماوەر گەر راپەڕی و هەڵسابە سەر پا رێبەرایەتی رێک و پێک و هۆشمەندانەی نەکرێت رووداوی تێکدەرانەی ئەو تۆ روو دەدات کە شوێنەواری کاولکردن و وێران کردن تاماوەیکی دوور هەردەمێنیتەوەو رووی گەش و جوان و پیرۆزی ئامانجەکانی راپەڕینەکە دەشێوێندرێ...

رۆژی ٦/١ گەڕامەوە مەهاباد زاندرا کە باری سەردەشت یەکجار شڵەژاوە حدکا ئاگری بەرداوەتە هێندێ جیگا وەکو عەمباری توتن، دائیرەی کشتوکاڵ و گەلێ ماشین . کادرو پێشمەرگەکانیان شاریان بەجێهێشتووە، دانیشتوانیش سەریان لێشێواوە کەوتونەتە ڕاکردن و دوور کەوتنەوە لەشار. ئێوارەی ٦/٤ گەیشتمەوە سەردەشت دەنگ و باس و مقۆ مقۆی ناخۆش لە ناو ئەو خەڵکەدا بڵاو بووەوە کە لە شاردا

مابوون لەوانە ٥ فرۆکەی جەنگی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق هێرشی جانەوەرانەیان هانیوەتە سەر دۆڵی گۆرەشێر - ناوزەنگ ناوچەکەیان داوەتە بەر بۆمبای ناپاڵم و شێستیر لە گوندی گۆرەشێردایکێک و سێ کیژی عازەبی خستۆتە ژێر خانوەکەیان هەرچواریان کوژراون ٦ کەسیش بریندار بوون ئەوانیش گەیشتنە سەردەشت. ئەم کارە نارەوایەی ڕژێمی عێراق هێندەی تر باری ناوچەکەی شڵەژاند بوو، هەترەی ئەم خەڵکە چوو بوو مەترسی زۆر لە هەموو لایەک بڵاو بووە هەتا دانیشتوانی گوندەکان ماڵەکانییان بەجێهێشت و ڕوویان کردە ژێر دارستان و جەنگەڵ و ئەشکەوت و ژێر کەپکە شاخان.

بۆ ڕۆژی دووەم گەڕامەوە بنکەی هاوینی خۆمان لە تروژەڵە ژیانی هێمن و باری ئاسایی لە لادێیەکانی سەر ڕێگامانندا نەمابوو. ماڵوخێزانەکان لەترسی فرۆکەکانی عێراق « کونە مشکیان لێ ببوە قەیسەری » ڕووە گەش و جوان و پێکەنینەکانیان گۆڕا بووە بارێکی‌تر ئیمەی دەربەدەر و پێشمەرگەکانی کوردستانی عێراقیش هێسکمان گەلێ قورس و نا فرە جا ببو لەلایان. نەیان دەویست چارەمان ببینن، ڕژێمی فاشیستی بەغدا تاوانی دەکرد ئیمەی خەباتکەرانی کوردستانی عێراقی دەبا لە ڕووی نەفسی و کەوت و ڕەوت باجەکەی بدەین!

لەناو بنکەش گۆڕانکاری زۆر کرابوو لەسەر پرۆگرانی ژیانی ڕۆژانەمان پێویست بوو سەعات ٥ی بەیانی گشتمان لەخەو هەستین، بە پەلە نان و چایەک دابەشدەکرا دەبوو یەکسەر بڵاوەمان لێکردبا هەرکەس لەژێر بەردێک یا دارێک خۆی بشارێتەوە جولانەوەش بە کەمی بکرێت. لەم بار و جۆرە نارەوایەدا دەژیاین، لە ڕادیۆکانی هاندەران بڵاوکرایەوە پیاوەکانی باڵیۆزخانەی ڕژێم لە عەدەن مامۆستای زانکۆ هاوڕێ ڕشدی

توفیق احمد/یان کوشت که کادرێکی ناسراوی حزبمان بوو له یەمەن و خەڵقی شاری سولێمانی بوو.

ڕۆڵی حزب و کارەکانی کەوتنە گەشەکردن

لەسەرەتای هێرشی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق بۆ سەر حزب ژمارەیێک لە کادر و هاوڕێیان ڕزگاریان بوو و گەیشتنە ناوچە شاخاوییەکان لە نێوان ئەمانەدا ٩ ئەندامی لێژنەی پارێزگاری هەولێری تێدا بوو هەشت مانگ زیاتر بوو کۆبوونەوەیێکی حزبی ڕێک و پێک بە ناوی کۆبوونەوەی لیژنەی پارێزگا نەبەسترا بوو. ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٨ یەکەم کۆبوونەوەی حزبی لەگەڵ ئەم هاوڕێیانە کرا. ماوەی چەند سەعاتێکی خایاند باری وڵات و ڕووداوەکان لە ڕووی سیاسی/ کۆمەڵایەتی/ ئابووری/باری تێکچوون و شەپرزەیی ڕێکخراوەکانی حزبی ژیانی بنکەو پێشمەرگایەتی و خەباتی چەکداری لێدوانیان لەسەر کرا. زۆر بە ڕاشکاوی هاوڕێیان ئەوەی لە دڵیاندا بوو پێنگاوی دابووە هەڵیان ڕشت ڕەخنە و گازانده و تێبینی زۆریان هەبوو لەسەر ڕووداوەکان بەتایبەتی ڕۆڵی سەرکردایەتی حزب گەلێ ڕاوو پێشنیاری بە سوودیان پێشکەش کرد چند بریارێکی باش وەرگیرا بەتایبەتی بۆ دروستکردنەوەی شیرازەی ڕێکخراوەکانی تێکچووی حیزب لە ناوچەکانی دەشتی هەولیر/ناوهەولیر/کۆیە/شەقلاوە/ڕەواندوز. هەردوای کۆبوونەوەکە

بەچەند رۆژێک ژمارەیەک لە کادرەکان گێڕدرانەوە ناوچەکانی باسکرا بوون بۆ ئەوەی گەلێ بە نهێنی کاروباری حزبیان ئەنجام بدەن. بەتایبەتی لەناو شار و شارۆچکەکان کە میری دەسەلاتی بەسەردا هەیە. بەداخەوە ژمارەیەک لەم رۆڵە قارەمانانە لە کۆڕی خەباتی سەختا بەدەستی دوژمنی فاشی بەغدا شەهید کران. لەو کاتەی هاوڕێیان دەستە دەستە، کلۆ کلۆ روویان دەکردە ناوچە شاخاوییەکان، هەڵوێستی حزب و هێز و گرووپە کوردییەکان وەکو یەکتری نەبوو بەرامبەر بە لێقەومان و ڕێبازی تازەی حیزب! لەسەرەتادا زۆربەیان بڕوای تەواویان بەوە نەهاتبوو کە حشع بەردەوام دەبێ لەخۆ کۆکردنەوەو ئامادەکردن بۆ ئەوەی بەشداری لە خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی بکات. لەم لاو ئەولا دەیان گوت شیوعیەکان چاوەنۆڕی ئەوە دەکەن هەلیان بۆ بڕەخسێتەوە سەرلەنوێ جارێکی تریش بگەڕێنەوە ناو بەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی وەکا جاران دەکەونەوە هاوکاری و هاریکاریکردن لەگەڵ ڕژێمی عێراق لەگەڵ ئەوەش لە نێوان ئەم هێزانەدا هەبوون هەر لە سەرەتای ڕاکردنی هاوڕێیانمان پێشوازی گەرمیان لێدەکردن و لە هەموو ڕووێکەوە یارمەتیان پێشکەش دەکردن بە ئازووقە و پارەپوڵ و چەک و گەلێ شێوەی تر. کە هاوڕێیان ڕوویان کردە ناوچە شاخاوییەکان نە زروفی زاتی و نە مەوزوعی بۆ حیزب لەباردا نەبوو کەچی لەخۆبوردن و سووربوونی هاوڕێیان و قوربانی دانی بێسنووریان وایکرد رۆژ دوای رۆژ زیاتر حزب شوێنی خۆی بکاتەوە نرخ و ڕێزی سیاسی و سەنگی لە گۆڕەپانەکەی کوردستان و هەموو ناوچەکە بەرز دەبووە، هەر گیرو گرفتێک بکەوتبا گۆڕ حسێب بۆ ڕاو بۆچوون و تێڕوانینی حزب دەکرا. دۆستایەتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حزب و هێزەکانی تری کوردستانی بە زۆر بەستراو بە ئێران و تورکیا و

سوریا گەلیٚ بەهێز بوو لە رووی چەند و چۆن رۆلی قەوارەیکی تری وەرگرت. ژمارەی پێشمەرگەکانی روو لە زیاد بووندا بوو توانای دارایی، کاری پارتیزانی، پەیوەندی رێکخراوەکان گۆرا بۆ بارێکی پێشکەوتوتر، گەیشتە پلەیەک وەک ریش سپی گۆرەپانەکە بەرێزەوە تەماشا دەکرا ئەمەش خۆرست وەدەست نەهات ئەنجامی رەنج و تەقەلاو چالاکی هەموو هاورێیان و دۆستانی حزب بوو.

● رۆژی ٦/٩ لەگەلْ هاورێ توما توماس و سەید توفیق و عادل ـ سەفەر چووین بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی ی. ن. ک کە کەوتبوە سەروی دۆلْەکەی توژەلە. مام جەلال پێشوازی کردین. میوانێک لای دانیشتبوو، پێشکەشی ئێمەی کرد گوتی: ئەمە ناصحی کوری شێخ عوسمانی بیارەیە لە لایەن سەرکردایەتی کاتی پارتی نێردراوە بۆ بەرەلاکردنی ئەو گیراوانەی لە لای هەردوو لامان هەیە. هەر کە میوانەکە ئێمەی جێهێشت کەوتینە گفت و گۆ کردن لەسەر چەند خالێک وەکو:

١- پەیوەندی نێوان ی. ن. ک و تاقمی رەسول مامەند و د. محمود بەرەو خراپتر دەچێ. پرۆپاگاندەی زیاتر دژ بە یەکتری بلاْودەکەنەوە.

٢- هاوکاری و هاریکاری بەهێز بکرێت لە نێوان چەکدارەکان و رێکخراوی هەردوو لامان لە پارێزگای هەولێر.

٣- چەک و ئازوقەی پێویست چۆن بگاتە ناوچەکە.

٤- ی. ن. ک پێشنیار دەکا کە لەگەل حشع زیاتر رۆلی کاریگەری وەرگرن بۆ دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی بەرفراوانی عیراق.

٥- بەم دووایییە بە ناوی کۆبووەی نیشتمانی عێراق « التجمع الوطني العراقي » بلاوکراوەیەک بڵاوکراوەتە گوایە: ئەمانە لە دەمێکەوە بنچینەی بەرەیەکیان پێکهانیوە دژ بە ڕژێمی عێراق ڕاستی ئەمە چیە؟ کەمی بەرگریان لە « التجمع » کرد. دیار بوو کە ئەو برادەرە عەرەبانەی لە سوریاوە بە پەلە نێردرابوون بۆ ناوزەنگ بۆ ئەو مەبەستە هاتبوون ئەهێڵن ڕێبازی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی عێراقی و کوردستانی دوای ئەوەی حشع ڕووی کردە شاخ و کەوتە خەباتکردنی چەکداری دژی ڕژێمی بەغدا لەم چوارچێوە دەرچێت کە لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم « تجمع »ە ئەخشەی بۆ کێشراوە. گەر بە ووردی ناوەڕۆکی بەیانەکە دەرس بکرێت ئاشکرایە جیاوازی زۆری تێدا نیە لەگەڵ ڕێبازی ڕژێمی عێراق بەرامبەر بە مافە ڕەواکانی گەلی کوردمان و نەتەوەکانی‌تر لە کوردستانی خوارو .

وا دەقی بەیاننامەکە بڵاو دەکەینەوە:

لەکاتی گفتوگۆ و قسەکردندا هەستمان کرد کە هەڵوێست و گەرم و گوڕی برادەرانی سەرکردایەتی ی. ن. ک وەکو پێشوو نەبوو! نەوشیروان مستەفاش لە کۆبوونەوەکە ئامادە بوو، بە بۆچوون و لێکدانەوەم ئەو کارەی تأسیری کردبوو سەر دانیشتنەکەمان دوو ڕووداو بوو:

١- لەم ڕۆژانە چەند کادرێکی پارتی بەعس « سەرکردایەتی هەرێمی عێراق » گەیشتبوونە ناوچەکە. دەنگی واش بڵاو بووەوە کە یارمەتیان لەگەڵ خۆیان بۆ ی. ن. ک هانیوە.

٢- تا ئێستا هیچ شتێک لەدەرەوە نە پارەکی زۆر نە چەک نە کەلوپەلی پێویست بە ئێمە نەگەیشتەوە. لەگەڵ ئەوەش سەرجەم دانیشتنەکە ئەبجەکتیف بوو. بۆ ڕۆژی دوایی ٦/١٠ د. محمود و ڕەسوڵ مامەند

لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانیان بۆ سەردانمان هاتن دوای پێشوازی کردن پشوودانیان ئەم خاڵانەی خوارەوەیان خستە پێش:

١- دەمانەوێ بزانین بۆچی ی . ن . ک رێککەوتنەکەی ١٩٧٩/٥/٥ خستە پشت گوێ و کاری پێنەکرد؟

٢- هێرشی پڕوپاگاندەی زۆری ی . ن . ک بۆ سەریان بەردەوامە.

٣- هێزەکانی خۆیان و پێشمەرگەکانیان بەپەلە ڕوو لە زیاد بووندایە.

٤- دەست کورتیان لەڕووی پارە و چەک.

٥- باری سیاسی عێراق و ناوچەکانی کوردستان.

ئاڵو ئاگۆڕی ڕاو بۆچوونی زۆر لەسەر ئەم خاڵانە کرا و برادەران خستیانە ڕوو، ئاگادارمان کردنەوە بەردەوامین لە تەقەلادان بۆ چارەکردنی ناکۆکی نێوانتان لەگەڵ ی . ن . ک ئەوەندەی تواناشمان هەبێ دەستی یارمەتیتان بۆ درێژ دەکەین. ئێمەیان جێ‌هێشت بۆ لای بەعسیەکان ڕۆیشتن. بۆ ئێوارە کە میوانداری کرابووین تا بەشداری بکەین لەو ئاهەنگەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق بەبۆنەی تێپەڕ بوونی ٩ ساڵ بەسەر دامەزراندنی دەیگێڕن. سعات ٤ ئێمەی نوێنەرانی حیزب لەگەڵ پێشمەرگەکانمان ژمارەمان ٢٠ هاوڕێ دەبوو بۆ ئەو شوێنەی ئامادە کرابوو ڕۆیشتین، دیمان نزیکەی ٣٠٠ کەسێک کۆ کرابووەوە ئەوەی لە دوورەوە سەرنجی ڕادەکێشا دروشمێکی ٥ مەتری درێژ هەڵواسێندرا بوو فرە شتی تێدا نووسرا بوو، تەنها ناوی مارکسیەتی لینینی نەبێ بە هێمنی بانگی سالارم کرد گوتم ٩ ساڵە ناوتان کۆمەڵەی مارکسی لینینی بووە هەمووی ماوەیەکی کەمە ناوتان گۆڕیوە کەچی ئێمرۆکە لە کدولەی تەڕا ناوی مارکسیەتان نەهانیوە! ڕوو سوور هەڵگەڕ گوتی« رەخنەکە ڕاستە و بەجێیە » بە سرودی

ئینترناسیۆناڵ ئاهەنگەکە کرایەوە. یەکەم وتار مام جەلال پیرۆزبایی ی. ن. ک/ی پێشکەش کرد و وتاری دووەم کۆمەڵە بوو بەکری حاجی سەفەر خوێندیەوە، لە وتارەکەیدا سلاوی بۆ زۆر لا پێشکەش کرد تەنها بۆ حشع نەبێت. وتاری سێیەم وتاری ئێمە بوو، پێشەکی ئامادەمان کردبوو من خوێندمەوە ئەمەش دەقەکەیەتی:

برایانی بەرێز، هاوڕێیانی خۆشەویست!

ئەم کۆبونەوەمان، لەم ناوچە شاخاوییە، بەبۆنەی تێپەڕبوونی ۹ساڵ لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق لە هێندی ڕوویەوە مناسەبەتێکی خۆش و بەختیارانەیە، بۆ ئێمەی کادر و ئەندام و لایەنگرانی حشع، چونکە ئەمە زیاتر تاکید لەسەر ئەوە دەکات کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و ساڵ دووا ساڵ بیرو بڕوای مارکسی لینینی زیاتر پەرە دەستێنێ و شوێنی خۆی دەکاتەوە لە ناو مێشک و دەروونی هەزاران لاو و ڕەوشەنبیران و تیکۆشەرانی شۆرشگێڕ لە ناو وڵاتی ئێمە و وڵاتانی جیهاندا. ڕوون و ئاشکرایە لای هەموو گەلەکانی عێراق، ئەمە بۆ ساڵ و نیوێک دەچێ ڕژێمی حزبی بەعسی عێراقی شالاوی تیرۆر و ئەشکەنجەی دڕندانەی ئاراستەی حزبمان دەکات لە سەرانسەری عێراق. بەو بەڵگەیە وازی نەهانیوە لە کاروباری سەربەخۆی زانستی و ئایدیۆلۆژی و سەر بۆ شۆر نەکردیە! هەر سووریش بووە لە دەربڕینی نارەزایی و ڕەخنەکانی هەمیشە بەرگری کردیە لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردمان و دیموکراسیەت و بەرژەوەندی چینایەتی زەحمەتکێشان. سەرکردایەتی حزبمان بڕیاری وەرگرتیە کە دەبێ هەموو جۆرە خەباتێک بکات، لە پێشەوەیان خەباتی چەکداری، ئەویش بە هاوکاری کردن لەگەڵ هەموو هێزەکانی

شۆڕشگێڕیی و بەرهەڵستکاری عێراقی و کوردستانی، ئەوانەی هەوڵ و تەقەلا دەدەن بۆ لەناو بردنی ئەم ڕژێمە دیکتاتۆریەو دامەزراندنی حکومەتێکی ئیتلافی دیموکراسی لە شوێنیدا.

ئەوەی لەو سەردەمە دەبینرێ ئەوەیە وڵاتانی سۆشیالیزمی و جولانەوەی چینی کرێکاران و ئازادی نیشتمانی و دیموکراسی لە جیهاندا لە پەرەسەندن دایە.

درۆودەلەسە و پرۆپاگاندەی دوژمنانی مارکسیەت پوچەڵ دەبێ. گومان لەوەدا نیە دوا ڕۆژ و سەرکەوتن هەر بۆ کاروانی میللەتان دەبێت. هەڵوێستی چەوت و بڕوای ڕاست ڕەوی یا چەپ ڕەوی و گێرە شێوێن دوا ڕۆژی گەش و سەرکەوتوانەیان بۆ نیە. دەبێ هەموو لایەنگران و سەربازانی پێشکەوتنخوازی مارکسیزم دان بەم ڕاستیە بهێنن کە یەکێتی سۆڤیەت قەڵای یەکەمی وڵاتانی شۆشیالیزم و گەلانی جیهانە. سەرکەوتنی گشت جولانەوەکانی چینی کرێکار و حزبە شیوعیەکان بەستراوە بە یەکتری و بە سەرکەوتن و پێشکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت! هیواداریین کۆمەڵەکەتان ڕۆژ دوا ڕۆژ بەرەو پێش بڕوات و کارەکانی لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و تیوری شۆڕشگێڕی و ڕێکخستنندا لەسەر بناغەی مارکسیزم لینینیزم بەڕێوە بەرێت. ئەو ڕێبازەش بگرێتە بەر کە زیاتر لە حزب و گروپەکانی تری مارکسی نزیکی دەکاتەوە.

هەرێژی یادی ٩ ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەکەتان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

سەرکەوتن بۆ خەباتی پیرۆزی جەماوەر و شۆڕشی چەکداری سەرپاکی گەلەکانی عێراقە بە عەرەب و کورد و کەمە نەتەوەییەکان.

سلاو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان کە گیانی خۆیان بەخت کردیە لە

رێگای ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەمان. سەرکەوتن هەمیشە بۆ بیرو بڕوای مارکسیزم لینینیزمە، مردن و سەرشۆڕی بۆ ئیمپریالیزم و زایۆنیزمە. بڕوخێ حوکمی دیکتاتۆری بەغدا.

ئیتر سوپاس

نامەی هاوڕێیان باتیخێلاتی و یوسف حنا، لە مەهابادەوە ناردبوویان گەیشتە دەستمان، نوسیبویان کە « هاورێ بەهائەدین نوری هەر لە تاران ماوەتەوە نیازی هەیە بچێتە « بلغاریا » هەروەها نووسیبوویان کە « چورینە شنۆ » چاومان بە سامی محەمەد مەحمود عەبدوررەحمان و عارف تەیفور ئەندامی م.س پارت کەوت بەلام شتێکی ئەوتۆیان دەربارەی گفت و گۆیەکەیان نەنووسیبوو.

● لەم رۆژانە کتێبی « الحل و الحرب »ی محمد حسنین هەیکەل/م خوێندەوە لە بەشی ۱۲ی هێندی بەڵگە نامەی نهێنی بڵاوکردۆتە بەپەوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەیە. دیم بڵاوکردنەوەی وەکو ڕووداوێکی گرنگ و هەڵوێستی دەوڵەتانی مەزن کە چۆن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان گەلانی بێهێز و مافخوراو دەچەوسێننەوە و وازی بە چارەنووسیان دەکەن و دەقی لاپەرەکانم لای خۆم تۆمار کرد، بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە:

« لە ۱۹ی کانوونی دووەمی ساڵی ۱۹۸٦ ڕاپۆرتێک لە کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵاوکرایەوە بەناوی بەڵگەنامەی پایک بەشی ـ ج ـ تایبەت بە مەسەلەی کوردەکانی کوردستانی عێراق، سەرەتای ڕاپۆرتەکە بە نامەی قائدی مخابراتی مەرکەزی لە تاران دەست پێدەکا کە بۆ مخابراتی مەرکەزی CIA لە واشنتۆن ناردووە، دەڵێ: لە مانگی ئابی ۱۹۷۱ مەلا مستەفای بارزانی نامەیەکی ناردیە داوای

یارمەتی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات، لە نامەی دووەمیدا کە لە مانگی مارتی ۱۹۷۲ ناردوویە، داواکەی دووپات دەکاتەوە لە کۆنگرێس هەردوو نامە خرایە پێش لیژنەی چلەم بۆ ئەوەی دەرس بکات سەرۆکی ئەم لیژنەیە « هەنری کەسەنگەر » بوو.

لە مانگی ئایاری ۱۹۷۲ سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکان نیکسون سەردانی ئێران دەکات، شای ئێران داوای لێدەکا USA یارمەتی مەلا مستەفا بدات؛ لە ١٦ی حوزەیرانی ۱۹۷۲ نیکسون و هەنری کەسنگەر بریار وەردەگرن کە ١٦ میلیۆن دۆلار یارمەتی مەلا مستەفا بدەن. نوێنەری نیکسۆن « کونالی » دەگاتە تاران ئاگاداری شا محمد رەزا پەهلەوی دەکات « بریار وەرگیرا یارمەتی مەلا مستەفا بدرێت، سنووري یارمەتیەکەش دیاریکراوە »

لە مانگی شوباتی ١٩٧٤ لیژنەی چلەم بریار وەردەگرێت بای ٢٥ میلیۆن دۆلار چەک بۆ بارزانی بکرێت لە ولاتێکی سۆشیالیستی بە مەرجێک ئەوەی بەم کارە هەلّدەستێ لایەنێکی نە ناسراو بێت؛ لە دوای رێککەوتنەکەی ٦ی مارتی ١٩٧٥ نێوان ئێران و عێراق لە جەزائیر، ئێران یەکسەر پشت لە کوردەکان دەکات و سنووریان لێدادەخات لە راپۆرتەکەی بایک رستەیەک هاتووە دەلێ « سیاسەتی USA بەرامبەر بە کوردەکانی عێراق گەلێ بێ ئەخلاقی بوو، نە هاوەماندان گیروگرفتەکانیان حەل کرێت یارمەتیشمان نەدان بۆ چارەسەرکردنی » هەیکەل دەلێ: هەنری کەسەنگەر لە چاو پێکەوتنێکی لەگەلّ مستەفا بارزانی داوای لێدەکات، پەلە نەکات لە بزووتنەوەو جموجولەکانی حسێب بە وردی بۆ زۆر شت بکات پێش ئەوەی ببزوێت؛ هەر لەو دەوروبەرە کەسەنگەر گوتارێک بلاو دەکاتەوە، نووسیبوی « کە بە

لیژنەی چلەمم ڕاگەیاند ئێمە USA پشت دەکەینە کوردەکانی عێراق بۆ ئەوەی عێراق زاڵ بێ بەسەریان و بتوانێ ڕوو بکاتە سوریا!»

لە دوای ماوەیێک زانرا بای ئەم ۲٥ ملیۆن دۆلارە چەکەی بە ناوی کوردەکانی عێراق کڕاوە، نێردراوە بۆ گروپە مەسیحییە ڕاست ڕەوەکانی لوبنان! » وا دەقی لاپەڕەکانی محمد حسنین هەیکەل کە بە زووبانی عەرەبی نووسراوە لێرەدا بلاوی دەکەمەوە. بە ڕاور بۆچونم بۆ جولانەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کوردی پارچە پارچە کراو و مافخوراومان هەیە داوای یارمەتی و کۆمەک بکات لە هەموو ولاتانی جیهان و هەموو حزب و هێز و کۆمەڵەکانی مرۆڤایەتی بە مەرجێک ئەم خالانەی خوارەوەی تێدا بەدی بکرێت:

١- جولانەوەکە بە هیچ شێوەیەک ماوە نەدات هیچ حزب و هێزو لایەنەک پەنجە بخاتە ناو خودی ئیشوکارەکانی نەتەوایەتی و نیشتمانی، سەربەخۆیی جولانەوەکە بپارێزرێ.

٢- بەشی هەرە زۆری هێزو حزبە کوردستانیەکان ئاگاداریان لە گشت پەیوەندیەکانی نهێنی و ئاشکرا هەبێت.

٣- ئەوپەڕی ڕێبازی دیموکراتی بەکار بێت لە ناو گشت ڕێکخراوەکان لە بنەوە تا سەرکردایەتی نەک بە شێوەی بیروکراتیانە سەرکردەکان خۆیان سەپاندبێتە سەرکردایەتی حزبەکان و بە دەستی پۆلایین شوێنەکان بپارێزن.

● مەکتەبی سیاسی ی . ن . ک ڕۆژی ٦/١٢ بە نوسراوێک ئاگاداریان کردین کە بەم دواییە هاوڕێ عزیز محمد چاوی بە د . کمال فواد کەوتیە باسی باری کوردستانیان کردووە و هاوڕێ عزیز محمد گوتویە پێویستە هەمو هێزە کوردستانیەکان هاوکاری

لەگەڵ یەکتری بکەن و جارێکی‌تر ماوە نەدرێت تاکە حزبێک وەکو پێشو هەموو دەسەڵاتی بکەوێتەوە دەست. بۆ رۆژی دووەم بەیانیەکەی لەگەڵ هاوڕێیان توما توماس و سید توفیق چووین بۆ بارەگای م.س/ی ی . ن . ک، مامجەلال و عمر مستەفا و سالار و مولازم عمر عبداللە لەگەڵماندا ئامادە بوون. کەوتینە گفتوگۆ کردن و ئەم خالانەی خوارەوەمان خستە پێشیان:

١- باری سیاسي و کۆمەلایەتی و ئابووری عێراق کە گەلێک بە خێرا بەرەو خراپتر دەروات.

٢- باری کوردستان و پەیوەندی نێوان هێزەکاني چەکدار.

٣- سیاسەتی تازەی حزبمان دوای بریارەکانی کومیتەی ناوەندی لە مانگی ئایار١٩٧٩ .

٤- پەیوەندی چەکدارەکانی ی . ن . ک و چکدارەکانی رەسوڵ مامەند و د . محمود عوسمان.

٥- پێویستیەکانی شۆرش بە تایبەتی پارە و چەک.

مام جەلال بە دوور و درێژی راو بۆچوونەکانی خۆیانی باسکرد لەسەر ئەم خالانەی خستمانە پێش، سەرجەم بۆچوونەکانی هەردوو لامان لە یەکتری نزیک بوو و گوتی « دەبێ حشع ئەو راستیەی لا روون بێ کە چەندە ی . ن . ک پەیوەندی بە هێزە دەکات لەگەڵ ئێوە، دۆست و لایەنگرانمان هەنە، لێمان دوور دەکەونەوە، جا داواتان لێدەکەین لە دوا رۆژا ئەو کۆمەک و یارمەتییانەي لە کیسمان دەچێ، دەبێ حشع بۆمانی پر بکاتەوە بەم شێوەیە ئامادەینە بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو روویکەوە پەیوەندی پتەوترکەین » هەستم کرد لە سەرجەمی قسەکانی مام جەلال سێ مەبەستی هەیە و ئاگادارمان دەکات:

١- خۆ زۆر لە پارت نزیک نەکەینەوە.
٢- بەعسیەکانی سەر بە سوریا نایانەوێ هاوکاری نێوان ی. ن. ک و حشع بەهێز بێت.
٣- هەرکاتی لە دەرەوە یارمەتیمان پێگەیشت بەشی ئەوان بدرێت، هەر کە گەڕاینەوە بنکەی خۆمان بنکەی خۆمان دەقی مەحزەری دانیشتنەکەمان بۆ هاورێیانی م.س/ی حزبمان نارد.

● ئێوارەی ٦/١٤ گەیشتمە مەهاباد بۆ رۆژی دووەم چەند سەعاتێک لەگەڵ هاورێیان بانیخێلانی و یوسف حنا دانیشتم بە ناوی خۆم هاورێ توما توماس لە هێندێ هەڵوێست و مانەوەیان ئەو ماوە درێژە لە مەهاباد رەخنەم گرت و گوتم پێویستە ئێمە زۆر دووربین بین لە کەوت و رەفتمان. بە هێزانە و بەبێ پەلە کردن پارسەنگ لە نێوان حزبمان و حزبە کوردستانیەکان ڕابگرین لە ڕووی چینایەتی و توێشکی کۆمەڵایەتی جیاوازیەکی بنەڕەتی قوڵ نیە لە نێوان گشت هێزە کوردستانیەکان. لەسەر حزبمان پێویستە حسێب بۆ هەڵوێست و پرۆگرام و رابردوو و دوا رۆژی سیاسیان بکەین. بە هیچ جۆرێک ماوە نەدەین لایەک هەست بکات ئێمە تای تەرازووی هەڵوێستمان بەلایەکی تردا دەشکێننەوە . بەگەرمی هەردوو هاورێ بەرگری گەرمیا لە هەڵوێستەکانیان کرد. هەتا گوتیان هاورێ عادل حەبە کە نوێنەری حزبە لە تاران لەگەڵ ڕاوو بۆچوونی ئێمە دایە. لەوەش زیاتر ڕوو بە ڕووی گەلێ بە ڕەقی هاورێ بانیخێلانی پێمگوتم « تۆ لایەنگری لایەک دەکەی بەرامبەر بە لایەنەکانی تر » بڕواو قەناعەتی تەواوم لەگەڵ ئەوە دا بوو کە من انحیاز ناکەم بۆ هیچ لایەنەک، تەنها هەڵوێستی ئەبجەکتیڤ بەرامبەر بە حزب و ڕووداوەکانی سیاسی و بەکردەوە وەردەگرم، رەفتاریشم

لەگەڵدا دەکەم، لام زۆر ڕوون بوو کە لایەن هەنە هەموو ووزەو توانایان تەرخان کردووە حزبمان ڕابکێشن بۆ سود وەرگرتن لە دۆستایەتی هاوکاری کردن لەگەڵماندا. بە پێچەوانەی ئەوە لایەن هەبوون لە تەنگاوترین ڕۆژی ڕەش کە بەسەر حزبماندا هات، دەستی یارمەتیان بۆ درێژ کردین لە گەڵیٚ ڕوودەوە. ئەوەش مانای ئەوە نادات ئەو هێزەی یارمەتی پێشکەش کردین کەم و کورتی زۆریان نەبووە! من تەنها باسی هەڵوێستی ئەبجەکتیڤی ناکەم. هەڵەی زل زل و هەڵوێستی چەوتی نارەوا تووشی حیزب و هێزە کوردستانیەکان و حزبمان هات، بەلاَم هەموو کاتێک پێویستە لەبەر ڕۆشنایی راستیەکان ڕووداوەکانی هەڵبسەنگێندرێن و بەرخوردیان لەگەڵدا بکرێت. ئەوکاتەی لە مەهاباد بووم زانیمان سامی محمد محمود عبدالرحمن چاوی بە د. عبدالرحمن قاسملو کەوتووە، لەسەر باری کوردستانی ئێران و عێراق و پەیوەندی پارت و حدکا گفتوگۆیان بووە هەر لەوکات ئێمەش نامەیەکمان بۆ م.س پارت نارد داوامان کرد گیراوەکانی یەکێتی بەردەن ئەوانیش هی پارت بەردەن.

● ڕۆژی ٦/١٧ بلاٌوبووەوە کە عمر مستەفا، عمر شێخ موس، د.فواد مەعسوم، ئازاد هەورامی لەگەڵ فەوزی ڕاوی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بەعس سەر بە سوریا گەیشتونەتە مەهاباد لە ماڵی گۆرانی بێژ حەمەی مامڵێ دابەزیون. بۆ ئێوارەکە عمر مستەفا، د.فواد مەعسوم و ئازاد هەورامی هاتنە سەردانمان، ئێمە هەرسێکمان لەگەڵیان دانیشتین باسی باری کوردستانی عێراق و ئێران کرا، بەتایبەتی چۆن پێویستە هەموو لایەک دڵسۆزانە هەوڵ و تەقەلا بدات ئاگری شەری براکوژی بکوژێندرێتەوە و بەرەی دیموکراتی عێراقی دروست بکرێت. لە بۆچوونەکانی یەکتری نزیک بووین تەنها هەڵوێست بەرامبەر بە پارت

نەبێ کۆتاییان بە دانیشتنەکە هاتی بە مەرجێک سبەی ٦/١٨ سعات. ١ جارێکی تریش دانیشینەوە لە هەمان رۆژ.بە نامەیێکی کورت م.س پارت ئاگاداریان کردین لە ماوەی دوو رۆژی‌تر گیراوەکانی ی. ن. ک بەردەدەین.

لەکاتی دیاریکراو کۆبوونەوەی دووەم دەستی پێکرد، نوێنەرانی هەردوو لامان نوێنەرانی دانیشتنی یەکەم بووین زۆر شت کە لە دانیشتنی یەکەم باسی لەسەر کرابوو دووپات کرایەوە لە ئەنجامدا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە رێککەوتین:

١- ماوە نەدرێت شەڕی برا کوژی رووبدات.

٢- هەردوو لایان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارت گیراوەکانی یەکتر بەردەن.

٣- هێرشی راگەیاندن راگیرێت، دەست درێژی لە نێوان حزبە کوردستانیەکان بۆ سەر یەکتری نەکرێت.

● مەهاباد م جێهێشت رۆژی ٦/١٩ بەرەو ئاوزەنگ گەڕامەوە بە رێککەوت کات سعات ٤ ی ئێوارە لە گوندی بنوخەلیف توشی جەلال تالەبانی هاتم، گوتی « کاتی دیاریکراوم لەگەڵ د. قاسملو هەیە دەچم کۆبوونەوە دەکەین » ئەم هەنگاوەم زۆر پەسند کرد راوو بۆچوونەکانی خۆشم وەکو پێشنیارێکی دلسۆزانە خستە روو کە بریتی بوو لەوە، ئەرکێکی مێژووییە لەم هەل و مەرجە ناسکە نەخشەیێکی تازە دابندرێ بۆ بەهێزکردنی یەکێتی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کوردمان، پێش هەموو هەنگاوێک چارە بدۆزرێتەوە بۆ ئاکۆکی و دوو بەرەکی نێوان هێزەکانی کوردستانی. مامجەلال نیشانیدا ئامادەیە بەبێ یەکو دوو لەگەڵ د.قاسملو رێککەوێت و هیچ گیروگرفتێک لە نێوانیاندا

نەهێڵێ! ئێوارە تاریکی کەمی باڵەکانی شۆڕ کردبوو گەیشتمەوە ناوزەنگ. دوای دوو رۆژ نامەی مەلا احمد و یوسفمان بە دەست گەیشت، نوسیبوویان« چاومان بە د.قاسملو کەوت فرە خۆشحاڵی نیشاندا بەرامبەر بەر کۆبوونەوەی لەگەڵ تاڵەبانی کردبووی »

ئێوارەی ٦/٢٢ لەگەڵ هاوڕێیان سید توفیق و عادل سەفەر چووین بۆ سەردانی فەوزی راوی ـ صفادوای سڵاو و پێشوازی کردن و رێزگرتنی یەکتر، کەمێک دواین لەسەر باری وڵات و ناوچەکە، هاوڕێ فەوزی گوتی: یارمەتیتان دەدەم لە دەرچوون و هات و چۆکردنی نێوان تاران و دمشق، داوایەکم هەیە لێتان لە بڵاوکراوەکانی حزبیتان هێرش مەهێننە سەر ناوی حزبی بەعس، دەتوانن بڵێن رژێمی عێراق یا دام و دەستگای ئەحمد حەسەن بەکر و صدام حسێن... » دەمەتەقەی زۆرمان لەگەڵدا کرد، لەسەر داواکەی و زۆر بە ڕابەکی چەوت و ناڕەوامان زانی، لەگەڵیدا نەگەیشتینە ئەنجامێک لای هەڵساین لە رێگاماندا سەردانی د. کمال خۆشناو/مان کرد. د. کمال خۆشناو بۆ گێڕاینەوە کە م.س/ی یەکێتی نیشتمانی بەم دواییە دانیشتنێکی کرد، پێش ئەوەی چەند ئەندامێکی بچێتە دەرەوە، چەند بڕیارێکی گرنگی وەرگرت لە بڕیارەکان:

١- یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیوەندی خۆی بەهێزکات لەگەڵ حزبی شیوعی عێراق.

٢- ڕاوو بۆچونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرامبەر بەعسیەکانی سەر بە سوریا وەکو ڕاوو تێڕوانینی حزبی شیوعی عێراقە.

٣- هەوڵ دەدەن پەیوەندیان بەهێزکەن لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستی و حزبە شیوعیەکان .

٤- بەرە لەگەڵ سەرکردایەتی کاتی پارتی ناکەین، بەلام هودنە و

موتارکەیان لەگەلدا دەکەین.

٥- هەولْ دەدەین کە برادەران رسولْ مامەند و د. محمود و هێزەکەیان رابکێشینەوە ناو ریزی یەکێتی نیشتمانی. پێخۆشحالْ خۆمان بەرامبەر ئەم بریارە ایجابیانە دەربری. گوڤان بریاری راست و رەوا کارێکی قورس نیە، گرنگ لەوەدایە چۆن رەفتاریان پێدەکرێت. هەر کە گەیشتینەوە بنکەی خۆمان دیان د. محمود و رسولْ مامەند شەوکەتی حاجی مشیریان بۆلامان ناردیە، بۆ ئەوەی ئاگادارمانکات کە خۆی . ٢ چەکدار ریزی یەکێتییان جێهێشتووە و چوونەتە پالْ ئەوان. شەوکەت بۆمانی باسکرد کە پارت ناصیحی شیخ ئەنوەری ناردۆتە لای د. محمود و رسولْ مامەند داوای کۆبونەوەیان کردیە. بەلاْم وەرامی هەردوکیان بریتی بووە لەوە « ئامادە نینە کۆبینەوە تا بە بلاْوکراوەیکی رەسمی بەسەرهاتی عەلی عەسکەری و خالید سەعید روون نەکەنەوە » هەروەها شەوکەت باسیکرد « کەلە ئەنجومەنی تایبەتی خێلْی بارزانیەکان شێخ خالید و کاک مەسعود و کاک ئیدریس لەگەلْ هێندی کادری کۆنی پارتی وەکو فەتاحاغا و عبدالوهاب ئەتروشی بریاریان وەرگرتیە سامی لە سکرتاریەتی پارتی نەهێلْن » هەر یەکسەر برادەرانی گۆرەشێر بایەخی زۆریان بە شەوکەتدا تا گەیاندیانە ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی حسیک هەرکە دی توانای داوای برادەرانی حسیک کەمە و ژیانی رۆژانەشیان سەختە. جارێکی تر بازی دایەوە و گەرایەوە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ئەوانیش هەمان ریزی پێشویان لێگرتەوە و کرایەوە بە یەکێک لەسەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

● لەسەر بڕیاری لیژنەکەمان رۆژی ٦/٢٦ لەگەڵ هاوڕێ عادل سەفەر بۆ دوو مەبەست چوین بۆ بارەگای م.س/ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان:

١- ئاگاداریان بکەین لە رێکخراوی حزبیان لە سەنگەسەر نامەیەکیان پێگەیشتووە نوسیویانە « میری عیراق تەقەلا دەدا لە رێگای ئیستیخباراتی عەسکەری رانیە بە هۆی چەند کورە دەرەبەگێکی پشدەری جەلال تالەبانی بکوژن. ئەم کەسانەش پێشمەرگەن لە ریزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە نامەکەدا ناوی سیان هاتبوو.

٢- لێیان داوابکەین کەمێک لە ئەنجامی گفتوگۆیەکانیان لەگەڵ نوێنەرانی حدکا ئاگادارمان بکەن. مام جەلال بە دوور و درێژی باسی کرد « کەلەگەڵ مەلا بەختیار حکمت حکیم کە ئەوکات ئەندامی م.س کۆمەڵەی رەنجدەران و سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو » کۆبونەوەیان لەگەڵ د.قاسملو و غنی بلوریان، ملا حسن رستگار، سید رسول بابەگەورە کرد. پێشەکی مام غەنی بەخێرهاتنی گەرمی کردین دوای ئەو د.قاسملو کەوتە قسەکردن و گوتی « کاتی خۆی حدکا گەلێ گوشاد بوو کە زانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزرا. بەداخەوە دەبینین دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئێران کوردەکانی عیراق دەست دەخەنە ناو ئیشوکارەکانی کوردستانی ئێران، یەکێتی نیشتمانی کوردستان یارمەتی هێندێ هێز و تاقم دەدا کە دژی حدکا دەبزون بە تەلفزن هێرشمان دەهێننە سەر، داوا دەکەین برادەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چاوێک بە هەڵوێستی خۆی بگێڕێتەوە » مامجەلال گوتی « وەرامی دکتۆرم دایەوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان نارەزایی و رەخنەی زۆری هەیە. حدکا یارمەتی رسوڵ مامەند و د.محمود

دەدات کە دژی ئێمە کار دەکەن. هاتنی شەمسەدین موفتی‌دا بگەڕێتەوە عێراق، لە ئەورووپا یارمەتی هێندێ گروپ ئەدا دژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان رەفتار دەکەن وەکو گروپی سەلاح بەدرەدین. بەهیچ شێوەیەک دەستمان نەخستۆتە ناو ئیشوکاری کوردستانی ئێران. ئێمە برسینە لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستانی عێراق دەژین چاومان لە کۆمەک و یارمەتیدانە لە هەر لایەک بێت. کارێکی رەوانیە رێگامان لێ قەدەغە بکەن شتێک بۆخۆمان کۆبکەینەوە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان یارمەتی حدکای دا بە چەک کاتێ کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ داگیرکردنی پادگانی مەهاباد لەسەر داوای ئێوە بە لێهاتوترین کادری عەسکەریمان یارمەتیمان دان. حدکا هەڵوێستی چەوت و نابەدییە، بەرامبەر ئەم هێرشە درندانەی رژێمی فاشی بەعسی عێراق دەیهێنێتە سەر کوردەکانی عێراق و حیزبی شیوعی عێراق جارێک دەنگی نارەزاییتان بەرز نەکردەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئامادە بووین و ئامادەینە هاوکاری تەواو لەگەڵتان بکەین. د. قاسملو وەرامی دامەوە گوتی « تەنها ١٥ پارچە چەک و ١٥ هەزار تومانمان داوە بە رەسوڵ مامەند و د. محمود و بە درێژی لەسەر باری تازەی ئێران و گشتکوردستان دوا، چەند پێشنیارێکی خستە پێش » لە ئەنجامدا هەردوو لامان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارە رێککەوتین:

١- پەیوەندی نێوان هەردوو لامان بەهێزکەین، بەرمەرجە نەهێنی بێ.
٢- لە وڵاتانی دەرەوە و ئەورووپا کار و بزوەکانمان رێکخەین و هەڵوێستمان لە یەکتری نەزیک بێت.
٣- لیژنەیەک پێک بهێندرێت لە هەردوو لامان، مانگی جارێک

کوبوونەوە بکەین بۆ پتەرکردنی پەیوەندی نێوانمان.

٤- وەفدێکی هاویەش لە هەردوو لامان بنێرینە ولاٌتانی سۆشیالیستی و سەردانی حزبە شیوعیەکانی دنیا بکات.

٥- داوا لە سەرکردایەتی کاتی پارتی بکرێت بەیاننامەیەک دەربهێنن تێدا نارەزایی و رەخنە لە خۆیان بگرن، کە پەیوەندی و هاوکاری کردنیان لەگەڵ ساواک و میت و سیا هەبووە. هەروەها پەیوەندیەکانی خۆیان بپچرێنن لەگەڵ دەرەبەگ و کۆنە پەرستەکانی کوردستانی ئێران. گەر پارت لەسەر ئەم داویەمان موافق بوو کوبونەوەیان لەگەڵدا دەکەین. دوای ئەوە د. قاسملو باسی کرد، ژمارەیەک لە سەرۆک خێڵە کوردەکان خەریکی جموجوڵ و بزووتنەوەی گومان لێکراویان هەیە، وەکو حەسەن ئاغای شکاک و عەلی باپیرئاغای مەنگور و شێخ حەسەنی گەزگەز. داوای لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد یارمەتیان بدات بە ژمارەیەک پێشمەرگە بۆ سەر پێ شۆرکردنیان. هەر یەکسەر پێم گوت فەرموو ئەوە ٤٢ پێشمەرگەم لەگەڵدایە، لەژێر فەرمانی ئێوە دانە، هەر کارێکیان پێ ئەسپێرن ئامادەنە. کە کۆتاییان بە دانیشتنەکە هانی داوای یارمەتیم لێیان کرد وەکو « دۆشکا، طوپ، موشەک، تفەنگی ژێر سی. فیشەک و کەڵ و پەلی تر بەم شێوەیە کۆبونەوەمان کۆتایی هات. لە رێگای گەرانەوە دابووم زانیم پێشمەرگەکانمان ئێستاکە لە شەر کردن دانە لە گوندی « تازە قەلعە و ئەمەد »لە ناوچەی پیرانشار دژی دەرەبەگەکانی ناوبراو ».

- رۆژی ٦/٢٨ سەردانی بەعسیەکانی سەرکردایەتی هەرێمی عێراقمان کرد بەبۆنەی ئەوەی کادرێکی تازەیان بەناوی ابو صلاح لە سوریاوە

گەیشتبو دوای ناسین و پێشوازی کردن هێندێ دەنگوباسی سوریا و هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی بۆ گێڕاینەوە، بەیاننامەیەکی پێدایین کە لە ناوەڕاستی مانگی ئایار حزبمان بڵاوی کردبووە. شەو چەند جار بەیاننامەکەم بە وردی خوێندەوە گەلێ ڕستە و بیرو ڕاو و بۆچوونی تێدا هاتبوو، بەڕای من یەکتری نەدەگرتەوە. دانیشتم نامەیکی ڕەخنەگرتنم بۆ م.س حزبمان نووسی ئەمەش تەکستەیەتی:

الرفاق الاعزاء في المكتب السياسي

تحية رفاقية حارة مع الاحترام..

ادعو لكم النجاح و التوفيق و اتمنى ان نكون قريبين فيما بيننا رغم بعد المسافة و الصعوبات قبل يوم واحد فقط حصلت من عنصر قيادي لحزب البعث العربي الاشتراكي، قيادة قطر العراق البيان الصادر من قبلكم اواسط شهر مايس المنصرم، قرأتة بدقة و إمعان، لاحظت فية بعض المسائل و التناقضات، وجدت من الواجب الضروري ان اكتب ملاحظاتي و انتقاداتي بشانة لعلى اساهم ولو جزئيا في معالجة بعض الثغرات،

١- في البيان سرد جيد لسلبيات حزب البعث الحاكم في العراق، لكن هناك تناقض بارز بين العبارات، مثلا في الصفحة الاولى تبدأ الجملة الاولى منذ مايزيد على السنة، بدأ الوضع يتدهور بسرعة، الي أخر العبارة و تاتي جملة منذ ١٩٧٧ تصاعدت جملة مكافحة الشيوعية... الخ و في الصفحة السابعة من البيان تاتي العبارة منذ سنة ١٩٦٨ يكيل البعث الضربات..و نهاية العبارة على الطريقة المكارثية بالامتناع عن اى

نشاط سياسي خارج صفوف البعث و المنظمات التابعة له و بهذه المناسبة اشير الى العبارة الواردة في مذكرة حزبنا المقدمة الى الاحزاب الشيوعية في نيسان من هذة السنة حول حقوق الانسان في العراق. فقد جاء البعث الى سدة الحكم اثر انقلاب عسكري دون الاستناد الى اي شكل من اشكال الشرعية سواء كانت استفتاء أو إنتخابات، و ماتزال الاوضاع الاستثنائية هي السائدة. كل هذه العبارات و امثالها تدفع بكوادر و قواعد الحزب الى تفكير عميق و توجية جملة من الاستفسارات حول بداية العمل و التقارب ثم التحالف الجبهوي مع البعث.كان المفروض مسبقا التهيئة لاعطاء الاجوبة الكافية المقنعة عليها كي لا نعمق البلبل و الارباكات الفكرية، اكثر مما هي عليها الآن:

٢- في الصفحة الثامنة وردت العبارة الآتية: بذلك انتهى وجود الجبهة بالذات و لم يعد حزبنا ملزما باي قرار يصدر باسمها هذه كل ما وردت حول الجبهة و علاقتنا بها، اما كان من الافضل الاتيان بعبارة اوضح و اكثر صراحة بخصوص انسحابنا من الجبهة القومية التقدمية.

٣- حول الموقف من السلطة البعثية الفاشية الحاكمة في العراق وردت العبارة ان حزبنا يدعو مرة اخرى حزب البعث العربي الاشتراكي، يعيد النظر في موقفة السلبي في هذا الظرف العصيب الذي تجتازه الامة العربية...الخ الا تكفي كل هذه المأساة و الالام التي عانت الشعب العراقي منها الكثير، و حصة حزبنا من ضرياتهم ليست بالقليل. ثم ناتي نناشد البعث من جديد بعيد النظر في موقفة السلبي. هل ان سياسة ابادة الحزب الشيوعي العراقي و اضطهاد الشعب الكردي و

سياسة التبعيث و التهجير و تجربة عشرة سنوات معهم غير كافي، مجازر انقلاب ٨ شباط ١٩٦٣ و بداية عودتهم الى السلطة ١٩٦٨ و ضرباتهم للحزب سنة ١٩٧٠ و ١٩٧٢ الى يومنا هذا هو موقفنا سلبي ام نهج فاشي و خطة مرسومة! العبارة المذكورة حقا مؤلمة.

٤- حول الدعوة الى تكوين جبهة وطنية ديمقراطية وردت عدت مهام، لكنها خالٍ من الاشارة الى كيفية الاتيان بالسلطة الائتلافية التي تتمكن انجاز هذه المهام. بتقديرى كان من الافضل الاشارة صراحة بان ليس للبعث الحاكم مكان في الحكم الائتلافي القائم لا بعد ادانة و شجب كامل سلوكها.

ايها الرفاق:

لاجل ان نندمج كليا مع مآسي و الآم شعبنا والعمل الجدي المثابر لمعالجة الثغرات و التمزق التي حصلت جراء الهجات الوحشية المستمرة ضد الجماهير الشعب العراقي عموما و الشعب الكردي و حزبنا الشيوعي خصوصا و كذلك احتراما للتضحيات و دماء الشهداء اقترح مايلي:

١- عودة رفيقين من رفاق م.س على اقل تقدير مع عدد من رفاق ل.م الى جبال كردستان للمساهمة و الاهتمام اكثر بدور حزبنا و لتهيئة الثورة المسلحة العراقية الشاملة.

٢-إعادة الشيوعين الذين تركو العراق في السنة الماضية، بالاخص الذين لديهم القابلية الجسدية للكفاح المسلح.

٣- توفير و تدبير المستلزمات الاساسية ــ المال و السلاح ــ على الاقل لرفاق الذين يعيشون حاليا في الجبل و عددنا بحدود ٤٠٠ رفيق.

٤- مساعدة العوائل المنكوبة ضحايا ارهاب البعث.

٥- طرح مسودة مشروع برنامج الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية

باسرع وقت.

ان كافة القوى الديمقراطية و التقدمية الكردية تنتظر من حزبنا الكير و تضع آمالا كثيرا علينا ايضا. بتقديري ان الفرصة مراتبة و الاستعدادات المعنوية و السياسية متوفرة لاجل العمل في سبيل تحقيق اهداف شعبنا و بناء عراق ديمقراطي مزدهر. ختاما اتمنى ان تاخذ ملاحظاتي و الاقتراحات بنظر الاعتبار.

ولكم الموفقية و النجاح

رفيقكم :ابو أسوس

تۆزەلە: ١٩٧٩/٦/٢٨

● هاورێ توما توماس ئێوارەی ٦/٢٩ لە مەهاباد گەیشتەوە لامان. ئاگاداری کردم کە سامی سکرتێری سەرکردایەتی پارت وەرامی ئەو نامەی بۆ ناردینەوە کە بۆی نێردرا بوو دەڵێ « ئێمە کاتی خۆی بەیانمان دەرهانیوە، تێدا تێکشانی خۆمان هەڵسەنگاندووە بەیانی تر دەرناهێنین، گیراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دوایدا بەردەدەبن، حیزبی شیوعی عێراق دۆستی نەزیکی پارتیە... » بە ڕاو بۆچوونی من و هاورێ توما برادەرانی پارت لەسەر ڕێبازی پێشویان سوورن.

***

هەنگاوێک بۆ پێشەوە

لای هەموو ڕێکخراوەکانی حزب و دۆست و لایەنگرانی شاردراوە نیە، پاشەکشە و هەڵاتن و ڕووکردنە ناوچە شاخاویەکان و پەنا بردن بۆ بەر خەباتکردنی سەختی چکداری و شەری پارتیزانی لەسەر بنەڕەتی دەرسکردن و لێکدانەوەی قوڵ دەستی پێنەکرا هێرشی دڕندانەی ڕژێمی بەعسی بەغدا و دەست درێژیان بۆ سەر حزب ئەم ڕێبازە تازەیان سەپاند چارە نەما یا ئەم ڕاپەڕین و دەستکردنەوە یا سەر شۆڕکردن و چۆکدانان! خۆ گەر ڕێبازی بەرگری کردن هەڵنەبژاردبا ئەمە سەرشۆڕی و مردن بوو بە گەورەترین هەڵە لە قەڵەم ئەدرا. تا ماوەیەکی یەکجار دووریش لە یاد دەرنەدەچوو. لە سەختترین ماوەی دژواردا، هەزاران ئەندام و لایەنگرانی حزب و دیموکراسیەت کەوتنە خۆ ڕزگارکردن لە ژێر تەوژمی هێرش و تیرۆری ڕژێم. هەرچەند بڕیارێکی لاوازی شەر ماوی م.س هەبوو لەسەر ئەم هەنگاوە!! هەنگاوی داهاتووش ڕوون نەبوو. لە هەموو کون و قوژبنەکانی وڵات ئەوانەی توانایان هەبوو کەوتنە ڕاکردن

و خۆشاردنە، شیرازەی ڕێکخراوەکانی حزب لە ناوەوەی وڵات تووشی پچڕ پچڕی هات. زۆربەی هاوڕێیانی م.س و ل.م کەوتنە ئەوروپا و سوریا ژمارەیەکیش کەوتنە ناوچە شاخاویەکانی کوردستان، سەر سنوری عێراق - ئێران. لەسەرەتای مانگی تەموز ٤ ئەندامی ل.م لەگەڵ ژمارەیەک لە کادر و لایەنگرانی حزب ئیش وکارەکانی حزبی و لە خۆ کۆکردنەوە دابوون بۆ خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی. گیروگرفت و کەم و کورتی و کۆسپ یەکجار زۆر لە پێش گشت کارەکاندا هەبوو. هەموو لە هیوای ئەوە دابووین ژمارەیەک هاوڕێیانی م.س و ل.م دەگەڕێنەوە توانامان لە هەموو ڕوێکەوە بۆ بارێکی پێشکەوتوتر دەگۆڕێت.

لە ناوەڕاستی مانگی تموز هاوڕێیەکی م.س بۆ یەکەمجار گەیشتە لامان دوای دوو سێ ڕۆژ کەمێک پشوویدا، کەوتینە کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی حزب لە ناوچە شاخاویەکانی هەرێمی کوردستان. بە شێوەیەکی فرەوان و قوڵ ئەم مەسەلانە باسکران، باری حزب لە وڵات، خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی، بایەخدان بە ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکانی حزبی لە بنکەو ئەو ناوچانەی دەستمان بەسەریان دەگات بە نهێنی و بە ئاشکرا بەهێزکردنی پەیوەندی نیشتمانی ئیشوکارەکانمان لە نێوخۆمان دابەشکرد.

● ڕۆژی ٧/١٦ ئێستگەی ڕادیۆی بەغدا و ڕاگەیاندەی گەلێ وڵاتانی جیهان بڵاوکرایەوە کە سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر وازی هانی لە سەرۆک کۆماری و ئەمینداری گشتی پارتی بەعس و فەرماندەی گشتی هێزەکانی چەکدار سەدام حوسێن شوێنی ئەوی گرتەوە و بوو بە سەرۆک کۆمار و ئەمینداری گشتی پارتی بەعس و فەرماندەی گشتی هێزەکانی

چەکدار. بەم بۆنەیەوە گۆڕانکاری لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و ئەنجومەنی وەزیران کرا. عیزەت ابراهیم دوری بوو بە جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش. تەها یاسین رەمەزان جێگری یەکەمی سەرۆک وەزیران. تاریق عەزیز جێگری دووەم و وەزیری دەرەوە. چوار وەزیریش لە کار دوور خرانەوە. محمد عایش، فەوزی عبداللە، جعفر قاسم حمودی، کریم شلتاف. بەم هەنگاوانە سەرەتای گۆڕانێکی گەورە بەسەر رژێمی عێراقدا هات بەم نزیکانە رووداوی گەلێ گەورە و پڕ مەترسی روو دەدات بۆ رۆژی دووەم ۷/۱۷ بە بۆنەی گەڕانەوەی بەعسیەکان بۆ سەر حوکم سەدام حوسێن یەکەم وتاری لە ئێستگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا بلاوکردەوە بە ناوی سەرۆک کۆمار.

- رۆژی ۷/۱۸ نامەی هاوڕێ کریم احمد لەگەڵ پرۆژەی بەرەی دیموکراسی عێراق بەدەستمان گەیشت بە مێژووی ۷/۱٤ لە دمشق نامەکەی نوسیبوو لە هەمان رۆژ یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاگاداری کردین مام جەلال دەچێتە تاران بۆ چاو پێکەوتنی بە ئیمام خومەینی و سەرکردەکانی شۆرشی ئیسلامی ئێران. لە زۆر لا دەنگوباس دەگات باری ئێران بەرەو تێکچوون و گرژی دەڕوات دەفتەری ئیمام و وەزارەتی مهدی بازرگان دژایەتیان بۆ مافی رەوای گەلانی ئێران بە تایبەتی گەلی کورد و دیموکراسیەت ناشارنەوە و هەڕەشە و گوڕەشە دەکەن. ئەم پرۆژەی بەم دوایە بە ناوی پرۆژەی دەستوری ئێرانی بلاویان کردەوە بۆنی هیچ هەناسەیێکی دیموکراسی و پێشکەوتنخوازی تێدا نەهاتوە لەم ۳ مانگەی دوایدا بە هاندان و پیلان و فرت و فێلی ئاخوندە کۆنە پەرستەکان گەلێ رووداوی خوێناوی پڕ مەترسی رویدا وا وێدەچێت ولاتی‌ئێران بەرەو دوا رۆژێکی رەشی یەکجار سەخت و ناخۆش بڕوات.

ـ له رۆژی ۷/۲۱ کۆمیتهکهمان که ناومان نابوو هەتدرێن کۆبوونەوه بریارمان وەرگرت هاوڕێیان توما توماس و بانیخێلانی بچنه ئەورووپا و سوریا بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوڕێیان کۆببنەوه و باری عێراق هێزەکانی چەکداری کوردستان پەیوەندیەکانی نیشتمانی پێویستیەکانی خۆمان له چەک و پارە گەڕانەوەی ژمارەیەک له هاوڕێیانی م.س و ل.م ...هتد دەرس بکەن. بۆ رۆژی دووەم هەردوو هاوڕێیەکه چوون بۆ سەردانی مام جەلال و م.س/ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاگاداریان بکەن بریاره بچنه دەرەوه کەمێک وتووێژیان ببوو لەسەر باری گشتی سیاسی عێراق و هەموو ناوچەکه. بۆ رۆژی ۷/۲۳ هەردوو هاوڕێ ئێمەیان بەجێهێشت بەرەو تاران و سوریا و ئەورووپا کەوتنه ڕێگا. له هەمان رۆژ جەلال تاڵەبانی رۆیشت بۆ دیتنی ئیمام خومەینی.

ـ دوای چەندان دانیشتن و چاو پێکەوتنی دوو قۆلی و سێ قۆلی حیزبی شیوعی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەعسی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی که یەکەم کۆبوونەوەی رەسمی سێ قۆلی له بنکەی ئێمه به ناوی کۆمیتەی ڕێک و پێکخستن « هیئة التنسیق » کۆبێتەوه رۆژی ۷/۲۵ کۆبوونەوەکه کرا. کۆبوونەوەی دووەم رۆژی ۷/۲۸ له بارەگای بەعسیەکان لای فەوزی راوی بەسترا.

ـ له چەند لایەک دەنگوباسم پێ گەیشت که دام و دەزگای ئەمن و موخابەرات و نۆکەرە چڵکاوخۆرەکانی بەعس ماڵەکەمیان له هەولێر هەر ئابلوقه داوه ئەزیەت و ئازاری زۆری ماڵ و منداڵەکانم دەدەن. ئاسوودەییان بێ نەهێشتوون، به مەترسی دەچنه قوتابخانه، زوو زوو دائیرەکانی ئەمن و جاسوسیەت بانگیان دەکەن هەڕەشەو گوڕەشەی زۆریان لێدەکەن بەتەلەفۆن گاڵتەو جوێن و هێرشیان دەکەنه سەر له ناکاو

وەک مژدەیەک بەدەستی دایکی پێشمەرگەیەکی ئاسیاو نامەی کوڕە گچکەکەم ئاراس گەیشت، ژنە ئاسیارەکە بە قسەش بارو ژیانی ماڵ و منداڵ و خزم و کەسانی بۆ گێڕامەوە، سەرجەم گوشاد بووم. ئەمە دەقی نامەکەیە:

کاکە چۆنی... دەستەکانت ماچ دەکەم. ئێمە باشین بۆچی نایێتەوە، دەوەرەوە، هەموو ڕۆژێ هەر لە لای دەرگای حەوشە رادەوەستم دەڵێم بەڵکە کاکم دێتەوە... لە قوتابخانە دەرچووم بۆ پۆلی دوو. هەموومان باشین، دەستەکانت ماچ دەکەم.

هەر خۆشیت

کورت: ئارە

هەر بە هەمان ئافرەت وەرامی نامەکەم ناردەوە

زۆر خۆشەویستم ئارە گیان

چاوە گەش و جوانەکانت، سەری کوڵمەت ماچ دەکەم. گومانم نیە ڕوومەتە جوانەکانت ڕەنگی زەردی بەسەردا گەڕاوە وێنەی لە گوڵێکی سووری سیس بوو دەکات... خۆشیتان و بەختیاریتان هەمیشە ئاواتمە تا ئەو ڕۆژەی دەچمە ژێر خاک هەموو کاتێک ئێوەی ئازیز لەبەر چاوم، لە یادم دانە ئەمە یەکەم نامەیە بۆتانی دەنێرم مانای ئەوە ناگەیەنێ ئێوەی ئازیزم یاد کردبێت یا سۆزی دەروون و خۆشەویستیم سارد بوبێتەوە هۆیەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەم ژیانە سەختەو ڕۆژە ناخۆش و ڕەشانەی هاتوتە پێشمان. ڕاستە بەجەستە لێتان دوورم بەڵام جوانەوەو هەڵسان و

دانیشتنتان وەکو تابلۆیەکی گەلێ رازاوەی جوان بەرامبەرم هەڵواسراوە تکاتان لێدەکەم بایەخی زۆر بە خوێندنەکەتان بدەن، یەکترتان گەلێ خۆش بوێ ریزی دایکتان بگرن مەهێڵن بێ باوکیتان پێوە دیار بێت.
هەواڵی هەموو خزم و دۆست و برادەران دەپرسم

دڵسۆزتان تاکو مردن: کاکە
تۆژەڵە: ١٩٧٩/٧/٢٥

● رۆژی٧/٢٦ کۆبونەوەیێکی حزبی فراوان بەسترا ژمارەی ٢٨ هاوڕێ بەشداری تێدا کرد دوو هاوڕێی ئەندامی هەرێم حەفت هی لێژنەی پارێزگا، پێنج لێژنەی قەزا، ئەوانی تر ئەندام، لە دانیشتنەکە دوو خاڵ دەرس کرا:
١- ئەو بەیاننامەی حزب لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ئەم ساڵە بڵاوی کردبووەوە.
٢- پێشنیاری پرۆژەی بەرەی دیموکراسی عێراق.
زۆر بە ڕاشکاوی و دڵسۆزانە هاوڕێیان ڕاو ڕەخنە و بۆ چوونەکانی خۆیان خستە ڕوو زۆربەیان بیرو بڕوای ڕاست و ڕەواو بە سوود بوون. هەش بوون لە دانیشتنەکە لە ژێر پەردەی سەربەستی دەربڕین ڕاوو بیر هەرچی دەهاتە سەر لێویان گێڕانەوەی تێدا نەبوو ئەمە پوختەی ئەو ڕاوو ڕەخنەو پێشنیارانەیە کە پێشکەش کران:
١- سەرکردایەتی حزب گەلێ دوا کەوتبوو لە پاراستنی زۆربەی هەرە زۆری کادر و ئەندامەکان و لە خۆئامادەکردن بۆ ڕێبازی تازە.
٢- سەرکردایەتی حزب بەرپرسیارە بەرامبەر گشت ئەم کارەساتانەی ڕووی داو ڕوو ئەدات.

٣- ئەم هەموو هێرش و تاوانانە کرایە سەر حزب کەچی سەرکردایەتیمان تاماوەیکی زۆر ورتەی بە ئاشکرای لێوە نەهات.

٤- ئەمە حەفت مانگە ژمارەیەک لە هاوڕێیان گەیشتونەتە ناوچە شاخاویەکان ئامادەی تەواویان هەیە بۆ بەرگری کردن لە شەرەفی سیاسی و حزبایەتیان. کەچی تا ئێستاکە سەرکردایەتی حزب شتێکی زۆر کەم چەک و پارەیان گەیاندووە بە بنکەکانی حزب.

٥- لە بڵاوکراوەکانی حزب و ڕاگەیاندنی، ناکۆکی و جیاوازی زۆری تێدایە دی دەکرێ، یەکتری ناگرنەوە، هەڵوێستی جیاواز جیاواز هەیە لە ناوخودی سەرکردایەتی.

دروشمی ڕوخانی ڕژێمی بەعس و دیکتاتۆر بە ئاشکرا هەڵنەگیراوە.

٧- هەڵوێستی وڵاتانی سۆشیبالیزم و گەلێک لە حزبە شیوعیەکان هەڵوێستیان چەوتە گیانی نیونەتەوایەتی تێدا نیە نەک هەر گوێیان مزی تێدا کراوە و بەرژەوەندی تەسک بەری چاوی گرتوون، بە پێچەوانەیش ڕژێمی عیراقیان گرتووە بە هەموو شێوەیەک پارمەتی وەکۆمەکی دەکەن. خۆشم بڕوای تەواوم هەبوو بە زۆربەی ڕەخنەکان و بەراستم دەزانین، مەحزەری دانیشتنەکەو ڕایەکان بۆسەرکردایەتی حزب نێردرا.

● سعات ٨ی ئێوارەی ٧/٢٨ بەیاننامەکی گرنگ لە ئێستگەی ڕادیۆی بەغدا بڵاوکرایەوە ئەمە کورتەکەیەتی:

لە ڕۆژی ١٩٧٩/٧/١٢ ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی محی عبدالحسین لە ڕیزی حزب دەرکرا. بە تەواوی دانی بە پیلانێک نا، کە نەخشەی بۆ کێشرا بوو دژ بە ڕژێمی حزبی بەعس چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی دەستی باڵایان لە پیلانەکەدا هەبووە، وەکو

غانم عبدالجليل عدنان حسين حمداني، محمد عايش، محمد محجوب.

له رۆژی ۷/۲۲ کۆبوتەوەیەکی فرەوان لە هۆڵی « خلد » سازکرا هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی شۆرش و سەرکردایەتی بەعسی عێراق و ژمارەیکی زۆر له کادره پێشکەوتووەکان ئامادە بوون، گرتیان لە دان پێنانەکانی محی گرت ئەمانەی ناویان هات لە ریزی حزبی بەعس دەرکران. بە پێی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش « مجلس قیادە الثورە » دادگای تایبەت پێکهێندرا بۆ محاکمە کردنیان لەم ناوانەی خوارەوە:

نعیم حداد سەرۆکی دادگا، سعدون شاکر، سعدون غیدان، حسن علي، تایە عبدالکریم، عبدالله فاضل، حکمت ابراهیم عزاوي. هەروەها کۆمیتەی لێتۆژینەوە « هیئە التحقیق » لە سێ ئەندامی ناسراوی بەعس پێکهات: عبدالفتاح یاسین، برهان عبدالرحمن، جعفر قاسم حمودي.

● هاورێ توما توماس گەیشتەوە بنکە. ئاگاداری کردین « سەفەر ناکات بۆ دەرەوە » لە رێگای گەرانەوەی سەردانی م.س حدکای کردبوو لەسەر بریاری پێشوویان حدکا ۹ تفەنگی برنۆ لەگەڵ تۆپێکی ۸۱ گرتیان پێدا بوو. ئەمەش بەشێکی کەم بوو لەو بەڵێنەی پێیان دابووین.

- لەم رۆژانە نامەیەک و ۱۵ هەزار دینارمان لە سوریاوە گەیشتە دەست، نامەکە مۆری هاورێ « ع »ی پێوە بوو ئاگادارمان دەکات « جۆر مەبەست چەکە وا لە رێگایە بەم زووانە دەگاتە دەستتان، خۆشم دوای چەند رۆژێکی تر دەگەرێمەوە هاورێی عەزیز نارەزایی و رەخنەی هەیە لەسەر هێندی هاورێیان کە بە فرت و فێڵ بەبێ بریاری حزب ماڵ و منداڵیان گەیاندۆتە وڵاتانی دەرەوە ».

- سەرکردایەتی کاتی پارت وەرامی خۆی لەسەر پێشنیاری پرۆژەی بەرەی دیموکراتی عیراقی بۆ گێڕاینەوە، سەرجەم راو تێبینیەکانیان ئەبجەکتیڤ بوو، ئامادەیی خۆیانیان نیشاندا بوو بەرامبەر هەموو جۆرە هاوکاری و هاریکاریکاری و خەباتکردنی هاوبەش لە رێگای روخاندنی رژێمی بەعس و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتیلافی دیموکراتی و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان.

- برادەرانی گۆرەشێر ئاگاداریان کردین لە نێوان ٣-٨/٦ کۆبونەوەیکی حزبی فرەوانیان رێکخستورە، باری کوردستان و عیراق و خۆیان بە باشی تێدا دەرس کرد. ناویان بوو بە حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان « حسیک » هەروەها دەرسی پێشنیاری پرۆژەی بەرەی دیموکراسی عیراقیان کرد و را و تێبینیی خۆیان ئامادە کرد.

لیژنەیەکی ناوەندییان هەڵبژارد لەم ناوانەی خوارەوە:

١- رەسول مامەند ٢- د. محمود عوسمان ٣- تاهیر عەلی والی ٤- عادل مراد ٥- قادر جەباری ٦- مەلا ناصیح ٧- عەدنان موفتی ٨- سەید کاکە ٩- قادر عەزیز ١٠- ئەحمەد فەقێ رەش ١١- شەوکەتی حاجی مشیر ١٢- ئەنوەر مەجید سولتان.

سێ ئەندامیان هەڵبژارد بۆ سەرۆکایەتی و بەرێوەبردنی ئیشوکارەکانی رۆژانە:

١- رەسول مامەند ٢- د. مەحمود عوسمان ٣- تاهیر عەلی والی.

یەکێک لە بریارەکانیان ئەوە بوو لە مانگی تشرینی یەکەم کۆنفرانسێک سازکەن بۆ دانانی پرۆگرام و یاسای ناوخۆی حزبەکەیان. لەم لاو ئەولاش دەنگ بلاوبووەوە کە سالح یوسفی هەڵبژێردرا بە سەرۆکی حزبەکە ئەوکاتیش خوالێخۆشبوو کاک سالح لە بەغدا لە ژێر چاودێری دەسەلاتی

رژێم دەژیا زۆری نەخایاند رژێمی تاوانبار بە نامەی میندار « رسالە ملغومە » شەهیدی کرد.

- هاورێیانی مەڵبەندی سولێمانی ئاگاداریان کردین کە هاورێ باوکی سیروان ئەندامی پاڵێوراوی کۆمیتەی ناوەندی حزب گەیشتنە بنکەی « بلە بزان » لە ناوچەی هەورامانی کوردستانی عێراق. یەکسەر بە بروسکە داوامان کرد بگاتە لای ئێمە.
- بە نامەیێکی تایبەتی لە رێکخراوێکی حزبیان ئاگادار کراین، لەم دام و دەستگای موخابەرات بەکرێگیراوێکیان ناوی « حسێن رسوڵ میران » لە دانیشتوانی قەڵادزە ناردۆتە ناوچەکە بۆ جاسوسی و کوشتنی چەند کەسێک بە مەفرەزەی تایبەتی دۆزرایەوە و دەستگیر کرا. زۆری نەخایاند لە سێ حزبی کوردستانی نامەمان بۆ هات، هەر سێ داوای بەردانی دەکەن و دەڵێن ئەم پیاوە هی ئێمەیە و کار بۆ ئێمە دەکات! وەرە سەیری ئەو بارە ناجۆرە و بەرەڵلایە بکە!! پیاوێکی گومان لێکراو سێ حزب بە هی خۆی دازانێ لە نێوانیاندا پێش برکە هەبوو لە بەرگری لێکردنی... دوژمن چەند بە ژیرانە و هێمنی سود لەم بارە وەردەگرێ دەیەها نۆکەر و سیخوڕ بڵاودەکاتەوە لە ریزی حزب و پێشمەرگەکان بۆ تێکدەری و کوشتوبڕین و جاسوسی هێزە کوردستانیەکان دەرگاکانی خۆیان وارا کردبوو، بۆ ئەم باز بازێنە پیاوانی گومان لێکراو، زۆربەی ئەوانەی رووبان تێدەکردن. زۆر بە سانای لە ریزی خۆیان وەریان دەگرتن. حسێبی ئەوەیان دەکرد « هەر زۆر بێ و بۆر بێ » گوێیان بە ئیحتیمالاتی خراپەکاری دوا رۆژ نە ئەدا!.

● لە نێوارەی ۱۹۷۹/۸/۷ رادیۆی بەغدا بڕیارەکانی دادگا قەرە

قوشیەکەی بە ناوی دادگای شۆرش بلاْوکردەوە. گوایە بڕیارەکانی بە پێی مادە ٩٥٨ لە قانونی عقوباتی بەغدا وەرگیرا بوون. حوکمدانەکانیش بریتی بوون لە کوشتنی ٢٢ گەورەترین کادری سەرکردایەتی بەعس، سێ کادر بە ١٥ ساڵ. ٣ کەسیش حوکمی جیاواز، بەهۆی نەبوونی شاهێد لەسەریان ١٢ گیراو بەردران. ناوی کوژراوەکان:

١- محمد عایش : ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش.

٢- غانم عبدالجلیل : ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش.

٣- عدنان حسین حمدان : ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش.

٤- محي عبدالحسین مشهدي : ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش.

٥- محمد محجوب : ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش.

٦- خالد عبد عثمان : وەزیری تنسیق

٧- طاهر احمد امین : مدیر عام

٨- لیوا ولید محمود سیرەت : فەرماندەی فەیلەقی/١

٩- غازي ابراهیم ایوب : مدیر عام

١٠- نوري حمدي احمد

١١- عبالخالق ابراهیم سامرائي : ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی پێشووی حزبی بەعس

١٢- وليد صالح جنابي : فەرماندەی هێزەکانی بەغدا
١٣- ماجد عبدالستار سامرائي
١٤- وليد ابراهيم اسماعيل : لێپرسراوی رێکخراوی بەعس لە موسڵ
١٥- ابراهيم عبد جاسم
١٦- بدن فاضل عوسيب : ئەندامی لقی بەغدا و سکرتێری نەقابەکانی کرێکارانی عێراق
١٧- طالب محمد سويلح
١٨- اسماعيل محمد ابراهيم نجار : مدير عام
١٩- نافع علي حسين كويسي
٢٠- خليل ابراهيم قصاب
٢١- حازم يونس عبدالقادر
٢٢- احمد ذنوب كريم
ئەوانەی ١٥ ساڵ حوکم کران:

١- مورتەزا سەعید عبدالباقي: وەزیری دەرەوەی پێشوو باڵیۆزی عێراق لە مۆسکۆ و مەدرید
٢- طاهر حبيب علي رويبعي
لەگەڵ ئەندامێکی تر.
٣٠ کەس بەم شێوەیە حوکم کران:

١ کەس	١٢ ساڵ
١ کەس	١٠ ساڵ
٥ کەس	٧ ساڵ
٦ کەس	٥ ساڵ

٦ کەس ٣ ساڵ
١ کەس ١ ساڵ

بە هۆی نەبوونی شاهید ١٣ گیراو بڕیاری بەردانیان لە بەندیخانە درا. لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی بەعس ئێوارەی ڕۆژی دووەم ژمارەیەکی زۆر لە کادرە پێشکەوتووەکانی بەعس لە گوللەباران کردنی ٢٢ حوکم دراوەکە بەشداریان کرد.

هەر هەمان ڕۆژ ئێوارە خۆپیشاندانی گەورە لە بەغدا و شارەکانیتر ڕێکخرا صدام وتارێکی پڕ هەڕەشەو گوڕەشە و چاو سوورکردنی ئاراستەی گەلەکانی عێراق و کادر و ئەندامەکانی بەعس کرد. کوتیەکەی ئەوە بوو هەرکەسێک یا لایەنێن ورتەی لێوە دەرچێت ژیان بە خۆیی و ماڵ و منداڵ و کەس و کاری نابینێت و ملیان دەپەڕێندرێ. هەروەها بۆ هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر چەند بەڵێنێکیدا، وەکو مانگانەی مووچەخۆر و کرێکاران زیاد دەکات، پلەی ژیان بۆ بارێکی باشتر دەگۆڕێ. بەم سەرەتایە خوێناویە و هەنگاوە ناڕەوایە و دوور لە هەموو هەستێکی مرۆڤایەتی سەدام حسین بە نەخشەی فرت و فێڵ و نانەوەی پیلان دژ بە نزیکترین هاورێکانی یەک لەدوای یەک لەناوی بردن گەیشتە کورسی سەرکۆماری. دەتواندرێ بگوترێ لە عێراق نە لە وڵاتێکیتری ڕۆژهەڵات لەسەردەمی جەنگیزخان و هۆلاکۆ ستەمکاری وەها نەهاتۆتە سەر کار. لە دوای سێ ڕۆژ سەدام بە پێی مادەکانی ١٠٤٤ تا ١٠٤٨ مەرسومی کۆماری دەرهانی، مانگانەی هەموو مووچە خۆرەکان و کرێکارانی دەوڵەت ١٧.٥ دینار، پۆلیس و سیخورەکان ٥ دینار، خانەنشینەکان و پیر بۆ ٩ دیناری زیاد کرد.

● لەسەرەتای مانگی ئاب چەند رۆژنامەیەکی ئێرانیم پێگەیشت، رۆژنامەی ئایندەگان/ی رۆژی یەکشەمەی ٧ی مۆردادی ١٣٥٨/ی ئێرانی رێککەوتی ٢٩ تەموزی ١٩٧٩ نامەیەکی دوور و درێژ لە ژێر ناوی نامەیەکی کراوە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ بەرێز سەرۆک وەزیرانی ئێران، مەهدی بازرگان بلاوکردبووەوە، سەرەتا دەست پێدەکا:

حضرة السيد المهندس مهدي بازركان

رئيس الوزراء المحترم للدولة المؤقتة لجمهورية الثورة الاسلامية الايرانية

مع التقدير و الاحترام

نرجو ان تخطو الجمهورية الاسلامية خطوات ظافرة في تنفيذ المهمات و الاهداف التي ضحي من اجل عشرات الالوف من المخلصين و تسير في تقدم و تطور مستمرين قبل حوالي سنة عندما كنتم تقاومون نظام الشاه كناقد قدمنا لكم رسالة عرضتنا فيها استعداد الاتحاد الوطني الكردستاني و جميع انصاره المسلحين الكردستانيين لتقديم كل المساعدات الضرورية لاسناد الثورة الايرانية و بينتا فيها استعدادنا الكامل و كما يرتايه قائد الثورة الامام خميني و القادة الاخرون، ان نساهم في النضال المباشر معكم. وقبل هذه الرسالة كنا قد ابدينا استعدادنا للسيد الامام خميني و شريعتمداري و كريم سنجابي. و كذلك زار وفد من قبلنا في پاريس الامام خميني و ألتقى مع دكتور يزدي و كنا نعرف ان مواقفنا هذة تقابل من قبل الشاه و نظامة بالحقد و الكراهية و اعمال القسوة ضدنا ولكن لقناعتنا بضرورة المساهمة و تقديم المساعدات لكل الحركات الثوريه في المنطقه و

على راسها منظمة التحرير الفلسطينية، كنا مستعدين لتحمل عواقب موقفنا هذا بكل صبر و ايمان. و فعلا كان رد فعل عملنا هذا شديدا و قاسيا من قبل الشاه حيث قام بمساعدة الجيش العراقي و افسح المجال له لمطاردتنا من جهة و من جهة اخرى ساهم هو بجيوشه و قام بمحاربتنا و ضربنا من الخلف عندما كنا نقاوم الجيش العراقي...الخ

دێته سەر باسکردنی سەرکردایەتی کاتی پارت و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی، نزیک چوار لاپەڕەی فولسکاپ دژیان هاتوتە خوارێ، کۆتایی نامەکە بەمە دێت:

في الحقيقة ان تقديم المساعدة للقيادة الموقتة او احيائهم هو عمل ضد الثورة الاسلامية و ضد مكتسباتها و ضدنا و عداء للشعب العراقي و للثورة العراقية لتي نحن بدانا بها في جبال كوردستان. و بهذة المناسبة نرجو و نامل ان لا تعطوا المجال بهولاء ولا تخسرو صداقتكم للشعب العراقي من العرب و الاكراد و الثورة ضد الحكم الفاشي في بغداد.

نتمنى لكم السعادة والنجاح

اتحاد الوطني الكردستاني « العراق »
المكتب السياسي

لە نامەکدا گەلێ تۆمەت و شتی ناڕوا هاتووە، بەهیچ شێوەیەک بەرژەوەندی جولانەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کوردی تێدا نەبووە و نیە. دوای بیرکردنەوەو لێکدانەوەیەکی زۆر هەتا ڕای چەند برادەری زانا و هێژای خۆشەویستم وەرگرت. دیم بلاوکردنەوەی دەقی هەموو نامەکە

بەتایبەتی لەو هەل و مەرجە ناسکەی کوردستانی خواروی خۆشەویستمان پێدا تێدەپەڕی و دوای ئەوەی ئەمە چوار ساڵە بەرەی کوردستانی لە نێوان هێزەکانی کوردستانی عێراق پێکهاتووە و هاوکاری و هاریکاری و باڵی یەکبوون و برایەتی بەسەر هەموو هێزەکان بلاوبۆتەوە. جەماوەری گەلەکەمانیش چاوەنۆڕی وەدەست هاتینی ئامانجە پیرۆز و ڕەواکانی دەکات. نەک کولانەوەی ئازار و زامە کۆنەکان. هیوادارم خوێنەرانی ئازیز و مێژوونووسان لەگەڵ ڕاو بۆچوونی مندا بن لەم هەڵوێستە! بە پێچەوانە دوژمنەکانی نەتەوەکەمان بەتایبەت ئەم حوکومەتە دەسەلاتدارە ملهوڕانەی کوردستانیان پارچە پارچە کردیە، ستەمکارانە بە خۆیانەوە لکاندووە سوودی زۆر لەم جۆرە ڕێبازە چەوتانەوە وەردەگرن و لە ئاسمان دەیقۆزنەوە. نەتەوەی کورد لە شۆڕشەکانی شێخ عبداللەی نەهری تا هەنوکە نزیکی ١٢٠ ساڵە قوربانی ئەدات و خوێنی دەڕژێت، کەچی نزیکی ٢٥ میلیۆنین لەو سەردەمە لە هەموو شتێک بێ بەشین. دوژمنانی نەتەوەکەمان یەک لە دوای یەک بەسەر هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانماندا زاڵ بوون هۆی سەرەکیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە توانیویانە دوو بەرەکی و ڕق و کین لە ریزی نیشتمانپەروەران و ڕۆڵەکانی بلاوبکەنەوە و کورد بە کورد بە کوشت بدەن. کارێکی گەلێ ناڕەواشە کە پەنا ببردرێتە بەر دوژمنانی نەتەوەکەمان دواوی یارمەتیان لێبکرێت بۆ سەر کوتکردنی یەکتری یاخود بە حەکەم لە نێوانماندا دابندرێن. ئەرکێکی مێژووی قورس لە ئەستۆی هەموو حیزب و هێزەکانی کوردستانی و نیشتمانپەروەران دایە سوود لە مێژووی دوور و درێژلە ئەزموون و رابوردوی تاڵ و سوێری دەربەدەری و ئاوارەیەکان وەربگرین هەمیشە ڕێگا ڕوون کەرەوە بێت بۆ خۆڕێکخستن و یەکگرتی

بۆ ئەوەی ئاڵای خەباتمان زیاتر بگەشێتەوە، سەرکەوتن و دوا ڕۆژی بەختیار وەدەست بهێنێ.

● ڕۆژی ٨/٨ هاوڕێیان یوسف حنا و توما توماس بەرەو خانە کەوتنە ڕێگا بە مەبەستی کۆبونەوە لەگەڵ سەرکردایەتی پارت. لە ڕۆژی ٨/١٤ گەڕانەوە لە ڕێگای سەردەشت توشی مەفرەزەی هاوڕێیانی مەڵبەندی سولێمانی دێن هەموویان پێکڕا گەیشتنە لای ئێمە لە ناو زەنگ هاوڕێ توما ڕاپۆرتێکی لەسەر گەشتەکەیان پێشکەش کردین تێدا هاتبوو « ڕۆژی ٨/١٠ لەگەڵ وەفدی پارتی کۆبوینەوە بریتی بوون لە کاک مەسعود بارزانی و محمد محمود و دوو کادریتر دەرکەوت لە ئەوروپا گەڕابوونەوە. بە دوورو درێژی ئەم خاڵانە باسکران:

١- پەیوەندی نێوان حیزبی شیوعی عێراق و پدک.

٢- پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراق.

٣- هێندێ جیاواز کاری « متفرقه »

سامی لە قسە کردندا نیشانی دابوو کە پارت ئامادەیە بۆ هەموو هاوکاری و دۆستایەتیەک لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق. دەربارەی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەردەوامە لە هێرش هانینە سەرمان بە هەموو شێوەیەک لەم ڕۆژانە ڕۆژنامەکانی تاران کۆبونەوەی مام جەلال لەگەڵ ئایەتوڵلا منتظری/یان بلاوکردەوە کە پڕە لە هێرش و قین دژی ئێمە. چارمان نیە ئێمەش دەس دەکەین بە ڕیسوا کردنیان باسی هەڵوێست و کردەوەکانیان دەکەین هەر لە سەرەتای شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ تاکو ئێستاکە ئەسکو لەژێر مەنجەڵەکە دەدەین، ئەوەی ژێر پەردەیە دەیخەینە ڕوو. سەرکردایەتی پارتی لای ڕوون نیە بۆچی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق خۆی لەناوزەنگ و

تۆژەڵە خزاندووە. تەک بە تەک بارەگای یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەژین. کاک نوری شاوەیس ئاگاداری کردین لە بەرلینی رۆژهەڵات چاوی بە کاک عزیز محمد کەوتبوو گفتوگۆی زۆریان بوو لەسەر باری عێراق و کوردستان و بەرەی نیشتمانی بەرفراوان. راو بۆچوونیان لە یەکتری نزیک بوو.

سامی چەند داوا و پێشنیاری پێشکەش کرد:

١- گیراوەکانیان کە لە لای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەندن بەر بدرێن.

٢- لە دوا رۆژا عێراق بکرێت بە کۆمارێکی فیدرالی وەکو یوگوسلاڤیا.

٣- مام جەلال کورێکی خانەقینی بە ناوی عبدالواحد باجلانی ناردووە بیانکوژێت. با واز لەم کردەوە ناڕەوایان بهێنێت. هاوڕێ یوسف هەندی قسەی کرد لەسەر ڕێبازی تازەی حیزب و پەیوەندیەکانی نێوان گشت هێز و حزبە کوردستانیەکان. ئاگاداری برادەرانی پارتی کرد کە ئێمە بە هەموو هێز و تواناوە تەقەلا دەدەین شەڕی برا کوژی و ئاژاوە لە نێوانیاندا نەمێنێت. دەربارەی ژیان لە توژەڵەو ناوزەنگ، چەکمان نیە با پارت ٥ پارچە چەکمان پێبدات ئێمە لەوێ دوور دەکەوینەوە. یەکسەر کاک مەسعود دەکەوێتە قسە کردن «باشە چەک ئامادەیە» هاوڕێ توما وەرامی دابووەوە ئێمە چەکمان ناوێ خۆمان چەکمان هەیە بەم زووانە پێمان دەگات. رازی نابین هیچ لایەک مەرج لەسەر ئێمە دانێت. هاوڕێ یوسف دەڵی نیازمان هەیە ژمارەیەک لە چەکدارەکانی خۆمان بنێرینە بادینان داوا لە پارت دەکەین یارمەتیمان بدات، سامی هەر گوێی لەم داوایە دەبێ ڕووی گرژ دەبێ و دەم و چاوی وێک دێ دەڵێ «داوا لە

حیزبی شیوعی عێراق دەکەین لە ماوەی مانگێک بەیاننامەیەک بلاوکاتەوە دژی شەری برا کوژی و ئەم ئاکۆکیانەی هەنە پەلەش مەکەن لە ناردنی پێشمەرگە بۆ بادینان » نارەزایمان دەربری لەسەر داوا و رایەکانی سامی. پرسیارمان لێکردن دەنگ بلاوبویتەوە کە عبدالوهاب اتروشی و رشید سندی و سابیری برای کاک مەسعود گەراونەتەوە باوەشی رژێمی بەغدا! نوێنەرانی پارتی وەرتەیان نەکرد » ئەمە کورتەی رپۆرتەکەی هاورێیان بوو.

● چەند دەنگوباسی جیاواز و ناخۆش گەیشتە ناوچەکەمان ئەوە بوو لەسەرەتای ئەم مانگە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حسیبک تووروشی دوو شەری یەکجار سەخت هاتوون نزیک ٤. پێشمەرگەیان لە هەردوو شەرەکە شەهید دەکرێن شەری یەکەمیان لە رۆژ ئاوای کۆیە نێوان گوندی شیواشۆک ـ گۆپتەپە ـ مامقلنج، شەرەکەی دووەم لە باشووری کۆیە رۆژی ٨/١٢ لە نێوان گوندی تیمارۆک ـ پێبازۆک بەشی هەرە زۆری شەهیدەکان لە پێشمەرگەکانی ناوچەی کۆیە بوون.

- ئێوارەی رۆژی ٨/١٦ رادیۆی بەغدا سێ مەرسومی کۆماری بەناوی سەدامەوە بلاو کردەوە ژمارەیان ١٠٧٦. ١/٧٧. ١/٧٨. ١ بریتی بوون لە:

١- گشت ئەو بەندکراوانەی لە دادگای تایبەتی و دادگای شۆرش حوکمی ئیعدامی دابوون بەر بدرێن تەنها ئەوانە نەبن دزیان لە سامانی میری « اموال الدولة » کردیە یا بە تۆمەتی کرین و فرۆشتنی موخەدیرات.

٢- عەفوو کردنی گشت ئەو کوردانەی چوونەتە شاخ یا رایان کردووتە دەرەوەی ولات. گشت راکردووەکانی ریزی پۆلیس و ئەمن

دەگرێتەوە. سەرکارەکانیان بێ ئەوەی کەس پرسیاریان لێبکات.
٣- حوکمی گشت گیراوەکان لە ١٥٪ کەم دەبێتەوە.
سەدام لە دەرهاتینی ئەم جۆرە بڕیارانە دوو مەبەستی هەیە:
١- بۆ ئەوەی وا نیشانی جەماوەری عێراق بدات لە سەرۆک کۆماری پێشوو دووربینتر و باشترە.
٢- جیاوازی و دوو دڵی لە ریزی هێزە بەرهەڵستکاریەکان بە تایبەتی نێوان پێشمەرگە پەیدا بکات.
- لەسەر بڕیاری کۆمیتەی سەرکردایەتیمان هەندرێن ئێوارەی ٨/١٧ هاوڕێیان تۆما و سید توفیق و نووسەر بۆ سەردانی مام جەلال رۆیشتن، بە بۆنەی گەڕانەوەی لە تاران کە ٢٢ رۆژی خایاند، دوای سڵاو پێشوازی کردنی یەکتری داوامان کرد کەمێک باسی گەشتەکەیان بۆ بگێڕێتەوە گەلێ شتی بە دوورو درێژی بۆ گێڕاینەوە کورتیەکەی بریتی بوو لە:
« چاوم بە ئایەتوڵلا ئیمام خومەینی و مونتەزری و محمدی کوڕی کوڕەزاکەیخومەینی، حسێن مستەفاکەوت هەموویان پرسیاری زۆریان کرد دەربارەی باری عێراق و کوردستان و هێزە کانی ئیسلامی و بەرهەڵستکار دژ بە رژێمی بەعسی عێراق مەترسیان دەربڕی لە هاوکاریکردن لەگەڵ چەپڕەو و کۆمۆنیستەکان، گەلێ لە خودا پاڕانەوە یارمەتی هەژار و بێچارەکانی عێراق بدات و رزگریان کات لە ژێر چەبۆکی بەعسی کافر... داوام لێیان کرد چاوی خێریان لێمان بێت و دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن، هەر نەبێ ئەم چەک و جبەخانەی کوردەکانی عێراق کە لە سەربازخانەی جلدیان عەمبار کراوە لەسەردەمی شا مەبەستم چەکەکانی شۆڕشی ئەیلوول بوو بۆمانی بگێڕنەوە...

یارمەتیمان بدەن چەک و کەلوپەلی پێویست و ئازوقە و دەرمان بە ناوخاکی ئێران تێپەڕکەین بۆ بنکەکانمان هەموویان بەڵێنیان پێداین.
ئەمدەزانی محمد منتظری خاوەنی رۆژنامەی « پەیامی شەهید »، بۆ رۆژی دووەم گشت گفتوگۆ و قسەکانی لەگەڵ باوکی کرا بوو لە شاری قم بەدرێژی وەکو ریپۆرتاژێک لە رۆژنامەکە بلاوکرابۆوە! چاوم بە نوێنەری حزبتان لە تاران عادل حەبە و هاتی حەسەن نوێنەری رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین کەوت، هاتی پێی ڕاگەیاندم کە سەدام داوای لە یاسر عرفات کردیە ناوبژی بکات لە نێوان رژێمی بەغدا و هێزەکانی کوردستان بە مەبەستی ڕێککەوتنەوە!
حازم حوسێن ڕای ئەوەبوو دروشمی روخاندنی رژێم بخرێتە ناو پرۆژەی بەرەی نیشتمانی عێراق.
دەنگ هەیە سۆڤیەتەکان و کوبا و حزبی شیوعی لوبنان تەقەلا دەدەن حیزبی شیوعی عێراق ڕێکخەنەوە لەگەڵ رژێمی بەعس و بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان لە بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی پێشکەوتو خواز.
لەگەشتەکەم دوو شەو لەگەڵ تاهیر عەلی والی پێکرا بووین گفتوگۆی فرەمان کرد هیوادارم لە داهاتوو دا زیاتر لە حسیک نزیک بینەوە. دوای هەموو قسەکان جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەردەوامە لەسەر هاوکاری کردن و هاریکاری لەگەڵ حیزبی شیوعی عێراق بە هیچ شێوەیەکیش ئامادە نینە لاپەڕەی تازە لەگەڵ پارت بکەینەوە، هاوکاریان لەگەڵ بکەین پێش ئەوەی ئەم داوایانەی لە چەند ڕێگاوە پێشکەشمان کردوون، وەڵامان بە ئەبجەکتیف بۆ نەگێڕنەوە » دانیشتنەکەمان سێ سەعاتی خایاند، کە گەڕاینەوە

راپۆرتێکی دوور و درێژمان ئامادەکردلەگەڵ نامەیکی تایبەتی بۆ م.س حزبمان نارد ئەمەش تەکستی نامەکەیە :

الرفاق الاعزاء في م.س

تحية حارة...

تدور شائعات الآن خاصة بعد اعدام المجموعة من قادة البعث المناوئين لصدام و صدور قرارات العفو، بان هناك محاولات للاتصال مع الحزب الشيوعي العراقي و فتح معه حوار لإعادة العلاقة بين الحزبين، و قد تناقلت هذه الاشاعات الاوساط القوميج الكردية و البعث اليساري المتواجد في كردستان و اكد قسم منهم بان البعث يحاول دفع بعض احزاب الشيوعية مثل الحزب الشيوعي اللبناني و كوبا للتوسط بين البعث و الحزب لهذا الغرض. ان المسألة قد تبد و طبيعية بالنسبة لبعض الرفاق في الحزب و لكن برأينا ان التفكير في فتح الحوار مع البعث في الوقت الراهن قد يستفيد منه صدام حسين فقط و سوف يخلق جوا من البلبلة الفكرية في صفوف الحزب و خاصة ان الجروح لي تندمل بعد و ان الضربة الاخيرة تركت جوا نفسيا، لا يمكن الاستهانة به مطلقا و عليه نوكد على ان يستمر الحزب لسياسته التحالفية مع القوى المعارضة لحكم البعث و تقوية الانصار فنياً و ماديا و كذلك تقوية تنظيمات الحزب و ايجاد الجبة المعارضة و عدم تفكير في اي حوار مع البعث في الوقت الراهن على الاقل مع ضرورة الاستفادة من الوضع الناشئ: . ان صدام حسين في مازق جدي و ان حكمة اصبح ضعيفاً جدا و يحتاج الى هدنة مع القوى المعارضة، و لذا نرة

يحاول التقرب من عندنا و من القوى الكردية المسلحة و ذلك بالقضاء على المعارضة داخل حزبة و اعادة تنظيم قوتة و تقويتها و ثم اعادة الضربة للحزب، ناهيك عن ماتركتة هذه المفاوضات سلباً على الحزب و كوادره و قواعده. ان اية قوة سياسية تعمل لادامة و تقوية البعث مجدا و سوف لا يحصد الا الدمار لنفسها و ان تجربتنا مع البعث في بداية السبعينات هي خير دليل على ذلك.

عليه نرى ان نكون حذرين جدا في مواجهة طلبات البعث و اننا بحاجة الي تشديد النضال بشتى انواعة للقضاء على حكم البعث و الاتيان بحكم ديمقراطي حقيقي للعراق. ان الوضع الجديد يحتاج الى اتخاذ اجراءات سريعة لتعزيز قوى الحزب العسكرية فنيا و ماديا و بعكسة فسوف نترك وضعا سلبيا. ان تقوية الحزب و تسليح الانصار و تشكيل جبهة المعارضة و تقويتها سيجعلنا في وقف القوة فيما اذا فكرنا في التفاوض معه مستقبلا ان الظروف الحالية اصبحت اكثر ملائمة لتشديد النضال المسلح مع القوى ضد الحكم الفاشي و ان استمرار في هذه السياسة سوف يجعل الحزب في موقع افضل و سوف تلتف حولة الجماهير و سيكون بامكانة فرض شروط بشكل افضل في المستقبل لذل نرى ان توخذ الملاحظات بنظر الاعتبار. رغم اننا نرى صعوبة اللقاء مع البعث من قبلكم و مع هذا فهذا واجب علينا لابداء راينا في المسائل و الاستفادة من المقترحات الواردة.

مع تحياتنا الحارة

ابو سيروان   ابو جوزيف   ابوأسوس

توژەله ١٩٧٩/٨/١٨

● یەکەم نامە بە ناوی حسیک ــ عێراق گەیشتە دەستمان ئەوەش دوای ئەوە بوو کە کۆمیتەی ئامادەیی پارت « الهیئە التحضریە للپارت » و بزووتنەوەی سوشیالیتی بوون بە یەک حیزب ئەمە دەقی نامەکە :

حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان
٨/١٨

بۆ هاوڕێیانی حیزبی شیوعی عێراقی تێکۆشەر

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

هیوادارین صحەتتان باش بێت و لە کاروباردا سەرکەوتووبن، لەبەر ئەوەی هێندێ شتی تازە هاتۆتە پێشەوە، دەربارەی پەیوەندی ئێمە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەینی مامجەلال، بۆ ئەوەی ئێوەش ئاگادار بن ئەوا هەڤاڵ ئەنوەر مەجید سوڵتان ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی حیزب هات بۆلاتان بۆ ئەوەی بۆتان شرح بکات ئومێدەوارین هەر رایەکتان هەبێ ئاگادارمان بکەن.

ئیتر بۆ پێشەوە

هەڤاڵتان	هەڤاڵتان	هەڤاڵتان
تاهیر عەلی والی	رەسوڵ مامەند	د.مەحمود عوسمان

● رادیۆی تاران بلاوی کردەوە کە هێزەکانی ئەرتەش و پاسدارانی ئیسلامی دوای شەڕێکی دوو رۆژی توانیان شاری پاوە لە پارێزگای

کرماشان لە کوردە یاخی بووەکان بستێنتەوە لە هەمان دەنگوباس بڵاویان کردەوە ١٣ رۆڵەی کوردی شارەکە و ١٨ کوردی تریش لە شاری کرماشان ئیعدام کران.

ئیمام خومەینی نارەزایی زۆری دەربڕی بوو دژ بە حدکا و ڕێبەرینی کوردەکان بە تایبەت دژ بە د.عبدالرحمن قاسملو و شیخ عزەدینی حوسێنی ئیمام مزگەوتی گەورەی مەهاباد، باری کوردستانی ئێران یەکجار شڵەژاوە جموجوڵ هەموو ناوچەکانی گرتۆتەوە دەنگی بێزاری و نارەزایی لە تیرۆر و کردەوە دڕندانەکانی پاسدارانی شۆرشی ئیسلامی ئێران لە زیاد بوون دایە. هەر لەم کاتەدا رادیۆی دەنگی ئەمریکا رایگەیاند کە جلال تالەبانی نەمێنداری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بروسکەی بۆ ئیمام خومەینی و سەرۆک وەزیرانی ئێران مهدی بازرگان ناردووە پشتگیری لە شۆرشی ئیسلامی ئێران دەکات.

● بە پێی بڕیاری هاوڕێیانی هەندرێن بۆ لای مامجەلال رۆیشتم داوای کۆبونەوەکی دوو قۆڵیم لێکرد پێکرا دانیشتین، راوو رەخنە و بۆچوونەکانی حزبی خۆمان بەرامبەر بە گەلێ ڕووداو خستە ڕوو، بریتی بوون لە:

١- ناکۆکی و دووبەرەکی هێزەکانی چەکداری کوردستان، ڕوو لە تەشەنە کردن دایە، مەترسی گەورە دروست دەکات لەسەر دووا رۆژی جولانەوەی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی و کوردستان.

٢- سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق لە بەکە دۆڵ نزیکی یەکتری دەژین سودی گەلی گەلێ زۆر دەبێ پێش ڕووداوی هێندێ ڕووداو ئاڵوگۆڕی بیرو را لەگەڵ یەکترا بکەین، بۆ نمونە دوێنی شەو ١٩/٢-٨ ئێستگەکەتان بانگەوازی

بلاْوکردەوە داواتـان کردبـوو بە پـەلـە هەمـوو پێشمـەرگەکـانتـان بگەڕێنەوە بارەگای سەرکردایەتی.

٣- پێشنیار دەکەین ڕێکخستن « التنسیق » لە ئێرانماندا هەبێ لە هەڵوێست و هەڵسەنگاندن و تێڕوانین، بەرامبەر بە حزب و هێزەکانی کوردستانی لە هەموو بەشەکانی کوردستان. ئەمەش سوودی دەبێ بۆ دوا ڕۆژی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی نەتەوەکەمان لە هەموو پارچەکان. لە وەرام دانەوە مام جەلال گوتی « دوێنێ وەفدێکمان بۆ مەهاباد نارد لە هەڤاڵان د. کەمال خۆشناو، ئازاد هەورامی و عەلی حەوێز پێک هاتووە بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی حدکا کۆببوونەوە بکەن. هەرکاتی گەڕانەوە لەگەڵ ئێوە دادەنیشین بارەکە دەرس دەکەین، ئیحتیمال هەیە د. قاسملو داوامان لێبکات لەگەڵ حزبی بەعسی عێراق بکەوینە گفتوگۆکردن! حدکا نیازی هەیە شۆڕش لە کوردستانی ئێران بەرپا بکات داوای یارمەتیش لە ڕژێمی عێراق دەکات!

لەولاو ئەملا دەنگوباس بلاْو دەبێتەوە حیزبی شیوعی عێراق لە شاخەکانی کوردستان خۆی دەکێشێتەوە لەگەڵ بەعسی عێراق دەکەوێتە گفتوگۆ کردن. بەعسیەکانی سەر بە سووریا ئاگاداریان کردووین، حکومەتی سووریا تەقەلا ئەدات کودەتایەک ساز بکات دژ بە صدام و تاقم و دەست و پەیوەندەکانی! ڕۆژ دوای ڕۆژ باری ئێران خێرا بەرەو تێکچوون و شلەژان دەڕوات، ئیمام خومەینی سوورە لەسەر ئەوەی هێرش ببرێتە سەر کورد و ئازەری و بلوچ و عەرەب، داوا دەکات هەموویان لە ژێر ئاڵای ئیسلامیدا بژین و لە ژێر ڕەهبەرایەتی خۆشیدا بێت » کە لە دەربڕینی ڕاو بۆچوون و ڕێکخستنی ئێرانمان بدەیەن. هەڵوێستی حیزبی

شیوعی عێراق بەرامبەر بە پرنسیپی گفت و گۆکردن لەگەڵ ڕژێمی بەغدا دەرگای بە یەکجاری نەگرتووە. بەڵام تاک تاکە بەرژەوەندی هیچ هێز و حیزبێکی تێدا بەدی ناکرێت تەنها ڕژێم نەبێت. چەندەش تەقەلای دڵسۆزانە بدرێت بۆ دامەزراندنی بەرەی دیموکراسی عێراقی قوناغی سەرکەوتنمان نزیکتر دەبێتەوە کە گەڕامەوە لای هاوڕێیانم باسی هەموو دانیشتنەکەم دوور و درێژ بۆ گێڕانەوە.

● ڕۆژی ٨/٢٢ یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بوو سعات ٩.٥ بەیانی جەلال تالەبانی، د. کەمال خۆشناو، م. عومەر عەبدوڵلا، فازیل عەبدولکەریم عەلی حەویز و برایم قادر ڕانیەیی هاتنە سەردانمان. بە گەرم و گوڕی پیرۆزبایی جەژن لە یەکتری کرا. وەکو هەموو دانیشتنەکانی پێشوو کەوتینە سەرباسکردنی باری وڵات بە تایبەتی باری تازەی کوردستانی ئێران و حدکا. ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە ڕۆڵێکی مێژوویی کەوتۆتە ئەستۆی حیزبی شیوعی عێراق کە ئەم واقیعە خوێناوییە ناخۆشە بە وڵاتانی سۆشیالیستی بگەیێنێ. لەکاتی خواردنی نانی نیوەڕۆدا بووین نامەیەکی د. قاسملو گەیشتە مام جەلال بۆ دانیشتوەکانی خوێندەوە تێدا هاتبوو:

« حدکا داوای کۆبونەوەیەکی بە پەلە دەکات لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان » لە هەمان کات هاورێ یوسف گەیشتەوە بنکە. کەمێک دوان و گفتوگۆ لەسەر نامەکە کرا. بڕیار وەرگیرا وەفدێکی دوو قۆڵی لە حیزبی شیوعی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەم کۆبوونەوە برۆن. کاتی سعات ٣.٥ نیوەڕۆ نوێنەرانی هەردوو لا بەرەو گوندی بنوخلیف کە ٢٥ کیلۆمەتر لە تۆژەڵە دوور بوو کەوتینە ڕێگا سعات ٦.٥ ئێوارە گەیشتینەماڵی حاجی پیرۆت کوێخای

گوندەکە. بەگەرمی پێشوازی کردین کەمێک چاوەڕوانمان کرد، نوێنەرانی حدکا گەیشتن.. زۆری نەخایاند کۆبوونەوە دەستی پێکرد.
نوێنەرانی حدکا:د. قاسملو، غەنی بلوریان، ئەمیری قازی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان: جەلال تاڵەبانی، د.کەمـــال خۆشـــناو، عەلی حەویز، فازیل عەبدولکەریم.
حشع: توما، یوسف، فاتح
د. قاسملو دوای بەخێرهاتن کردن گوتی « باری ئێران گەلێ بە خێرایی بەرەو تێکچوون دەڕوا، ئیمپریالیستی جیهانی لە ڕێگای نۆکەرەکانی وەکو ابراهیم یەزدی، صادق قوطبزادە، مصطفی شمیران مانی ئیمام خومەینی دەدەن هێرشی درندانە بکرێتە سەر کوردستانی ئێران دەسەڵاتدارەکانی ئێران کەوتوونەتە خۆ ئامادەکردن و نەخشەیان کێشاوە بۆ هێرش هانین. مەترسییەکی یەکجار گەورە لەسەر مان و نەبوونی ئێمەدا هەیە. کۆنەپەرستە گومانلێکراوەکان تەقەلای ئەوە دەدەن ڕژێمی کۆنەپەرستی وابەستە بە کۆمپانیاکانی مانۆپۆلی بەسەر هەموو گەلەکانی ئێراندا بسەپێنن لە ژێر پەردەی شۆڕشی ئیسلامی. داوای کۆمەکتان لێدەکەین. بە پێی توانا لە هەموو ڕوویەکەوە پشتمان بگرن » لە دوای قاسملو نوێنەرانی حیزبی شیوعی عیراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕاو بۆچوونی خۆیان نیشاندا لەسەر باری شلەژاوی ئێران و داواکانی دکتۆر لە ئەنجامدا هەرسێ لا لەسەر ئەم خاڵانە ڕێکەوتین:
١- هەرسێ لا بە پێکرایی و هاریکاری دەست دابگرن بەسەر شاری مەریوان دەسکەوت دابەش بکرێت وەکو یەک.
٢- ئیش و کار و هێزەکانی ناوچەی سەردەشت ڕێکبخرێن و یارمەتی یەکتری بدرێت لە کاتی خۆ ئامادەکردن بۆ دەست بەسەر داگرتنی

پادگانی سەردەشت.

٣- حدکا یارمەتی بێ چەکەکانی حیزبی شیوعی عێراق بدات تا بتوانن باشتر لە شەڕەکە بەشداری بکەن.

٤- هەوڵبدرێت بە سێ قۆڵی هێرش و تیرۆری ئێران، لە هەموو وڵاتانی دونیا ریسوا بکرێت، داوای کۆمەک و یارمەتی بۆ شۆرش و نەتەوەی کوردی ماف ژێر پێنخراومان بکەین.

٥- هەوڵ و تەقەللا بدرێت لە ئێران بەرەیەکی دیموکراسی دروست بکرێت بۆ وەدەست هانینی مافەرەواکانی هەموو گەلەکانی ئێران لە مافە نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی و دیموکراسیەت.

٦- حدکا داوا لە سەرکردایەتی پارت دەکات کۆمەکی کوردەکانی ئێران بکەن و خۆ نەبەستنەوە بە رژێمی ئاخوندەکان لێرەدا مام جەلال کەوتە قسەکردن گوتی « هەرکاتێک پارت ئەم خالانەی بەجێهانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەلوێستی بەرامبەریان دەگۆرێ لەگەلیان دەکەوێتە گفتوگۆ کردن » د. قاسملو نارەزایی زۆری دەربڕی لەسەر هەلوێستی چەوت و ناڕەواکانی حزبی تودەی ئێران کە دژایەتی حدکا دەکات هەتا بەردەوامن لە هێرش هانین بۆسەر خودی خۆی لەگەل هەموو ئەمانەشدا حدکا ئامادەیە دانیشێت و لەگەلیان گفتوگۆبکات، لەسەر دۆستایەتی و هاوکاریکردن ڕێکیش بکەوین. بەداخەوە ڕێباز و هەلوێستی تودە لەگەل ئەو بیرو بروایەی داوای دەکەن ناگونجێت! دانیشتنەکە ٥ سەعاتی خایاند، بەپەلە هەر بەم شەوە دکتۆر گەڕایەوە سەردەشت دوای ئەوەی نامەیکی تایبەتی بە دەست گەیشت.

بەیانی رۆژی دووەم کاتی نانی بەیانیمان دەخوارد، تەتەرێک گەیشت نامەیکی دا بە مام جەلال، داوا کرابوو بگاتە سەردەشت بە

تەلەفۆن قسە لەگەڵ وەزیری دەوڵەت داریوش فروهەر بکات لەسەر داوای ئیمام خومەینی یەکسەر بەبێ وەستان بەرەو سەردەشت کەوتە ڕێگا ئێمەش بۆ تۆژەڵە گەڕاینەوە.

ــ شەوەکە مەکتەبی هەندرێن کۆبووەوە، ڕیپۆرتاژێکی خەستمان دەربارەی کۆبوونەوەکەی بنوخلیف و باری کوردستان پێشکەشی هاوڕێیان کرد و بە نامەیەکی بە پەلە بنکەی بەلە بزان « ئاگادار کرا کە پێویستە کۆمیتەیەکی ٣ قۆڵی لە حیزبی شیوعی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حدکا پێکبهێنرێ بۆ ئەوەی نەخشە بکێشن چۆن شاری مەریوان لەژێر دەستی پاسدارانی ئیسلامی ڕزگار بکەن، هاوڕێ عبدالله مەلا ئەرەج نوێنەری حزب دەبێ. هەروەها بڕیار وەرگیرا هاوڕێ توما توماس و چەند هاوڕێیەکی مەکتەبی عەسکەریمان لەگەڵ نوێنەرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بچنە سەردەشت دەرسی وەزعەکە بکەن و ٣ قۆڵی لەگەڵ حدکا نەخشەی داگیرکردنی پادگانی شارەکە بکێشن. بەیانی ٨/٢٢ بەرەو سەردەشت ڕۆیشتن. دوای سێ ٣ ڕۆژ هاوڕێ توما و ملازم عومەر گەڕانەوە تۆژەڵە نارەزایی زۆریان دەربڕی بەرامبەر بە لاوازی ڕێکخراوەکانی حدکا و پلەی نزمی ئیشکەرەکانیان کە زەمینەیان ئامادە نەکرد بەبچووکترین هەنگاو و یارمەتیمان بدەن. حدکا بە تەنها خۆی دەستی بەسەر پادگانەکەدا گرت. لە ڕێککەوتنەکەی « بنو خلیف » پاشگەز بوونەوە. زاندرا هەموو چەکە سوکەکانی پادگانەکە دزرابوو. تەنها چەکی قورس وەکو تۆپ، چەکی ڕیز، گوللە تۆپ، ئوتومبیل و کەلوپەلی تر مابوو. سێ ئوتومبیل و کەمێک فیشەکیان دا بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئێمە هیچمان دەست نەکەوت.

● لە ئەنجامی هێرشێکی سەختی قەوان کە ئەرتەش و پاسدارانی ئیسلام، حەفتەیەکە هانیویەتە سەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستان شاڵاوی ئاگری شەر هەموو ناوچەکانی گرتۆتەوە. لە هەموو کون و قوژبنێکی کوردستانی ئێران، جەماوەر و هێزەکانی سیاسی کەوتونەتە خۆ دەربازکردن و هەڵاتن! ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و هەوادارانی حیزبی تودە، سازمانی چریک، کۆمەڵە ڕوویان کردە سەر سنوور، بنکەکانی خۆیان نزیک بە هێزە چەکدارەکانی کوردستانی عێراق دامەزراند. ئاگادار کراین ئەندام و لایەنگرانی تودە گەیشتونەتە گوندی کانی زەرد بڕیارمان وەرگرت بە هەموو شێوەیەک یارمەتییان بدەین. حدکا ئاگاداری ئێمە و یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ی کرد ڕێگا ناگرن لە هیچ هێزوو لایەنەک کە لە ترسی کوشتن و بڕی شاڵاوی ڕژێمی ئاخوندەکان ڕادەکەن. هەروەها ئاگاداریان کردین نوێنەری خۆیان ناردۆتە تاران بۆ ئەوەی ئەگەر کاربەدەستانی ئێران بە تایبەتی ئیمام خومەینی داواکانیان قبوڵ بکات شەڕ ڕاگرن. داواکانیش ئەمانەن:

١- کوشت و بڕو خنکاندنی کوردەکان بوەستێندرێ.

٢- بڕیاری قەدەغە کردن لەسەر حدکا هەڵگیرێت و بتوانی بە ئاشکرا و سەربەستانە کاری سیاسی خۆی ئەنجام دات.

٣- ئەرتەش و پاسداران لە شوێنی خۆیان بوەستن.

٤- ئیمام خومەینی وەفدێکی تایبەت بنێرێتە ناوچەکانی کوردستانی ئێران، گیروگرفتەکان بە ڕێگای ئاشتیانە چارەسەر بکرێن.

هەموو هێزەکانی کوردستانی ئێرانی ئەم هەنگاو و هەڵوێستەی حدکایان فرە بەسند کرد. کەچی کاتێک چاوەنواری وەرامی ئەبجەکتیڤی ئیمام و ڕژێمی ئێران دەکرا. ڕادیۆکانی ئێران و لەندەن بڵاویان کردەوە ئیمام

خومەینی فتوای سەر پاکردنەوەی حدکا و چەکدارەکانی کوردستانی دەرهانیوە!

لەو کاتە ناخۆشە و دژوارانەدا، نامەیەک لە حەمەدەمین سراجی ئەوکات ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی حدکا بوو بە مێژووی ١٣٥٨/٦/٦ ئێرانی گەیشتە دەستمان، تێدا داوای کردبوو هاوڕێ توما توماس لەگەڵ ژمارەیەک چەکدار و پێشمەرگە کە لە تۆپ و ئارپیجی بزانن بگەنە پاسگای بەردەپان یەکسەر دوای نیوەڕۆ هاوڕێیان یوسف و توما لەگەڵ ١٧ چەکداری شارەزاو زانا بەرەو پاسگاکە کەوتنە ڕێ. ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢٩ هەردوو هاوڕێ نامەیەکی بە پەلەیان نارد داوای ٨ هاوڕێی تریان کردبوو. پەیێ وەستان بگەنە لامان. هاوڕێیان ئامادەکران و کەوتنە ڕێ. نامەی دووەمی کاک حەمەدەمین گەیشت، ئەمەش تەکستەکەیەتی:

برای بەڕێز باوکی ئاراس
دوای سلاو

بەگوێرەی نامەی برادەرانی کومیتەی ناوەندی بۆ دفاع کردن لە مەهاباد پێویستمان بە هێندیک شارەزا لە چاندنی مین-لغم و هێندیک شارەزا لە تۆپ و چەکی قورس هەیە.ابو جمیل/یش لێرەوە دوورە، تا بە خۆی ئەوەوە نامەت بۆ بنووسم تکایە هەرچەند هاوڕێی شارەزا لەم بارەوە هەیە بۆمانی ڕەوانەی بەردەپان/ی بکەن بەخێرایی، تا بەرەو مەهابادیان بەڕێ بکەین

ئیتر سوپاس

١٣٥٨/٦/٩ براتان: سراجی

● لەم ڕۆژانە هێندێ ڕووداوی سەرنج ڕاکێشەر ڕووی دا. بۆ یەکەمجار لە هەموو مێژووی تورکیای تورانی، دوو ئەندامی پەرلەمانی ئەنجومەنی نیشتمانی داوا لە «بلند ئەجەوید»ی سەرۆک وەزیر دەکەن تورکیا دەنگی نارەزایی بەرزکاتەوە دژ بەو قەسابخانەی لە ژێر پەردەی ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا بەرامبەر کوردەکانی ئێران دەکرێ.

صدام بۆ هاڤانا پایتەختی کوبا ڕۆیشت بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆبوونەوە سەرۆکەکانی وڵاتانی بێ لایەن بکات کە نوێنەرانی ٩٤ دەوڵەت لەم کۆبوونەوەدا ئامادە دەبن.

ـ لە ڕۆژی ٩/١ نامەی م.س حدکامان پێگەیشت، پێشنیاریان کردبوو حیزبی شیوعی عێراق و حدکا لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حسبک و حدک کۆبوونەوەیەکی پێنج هێز ساز بکرێ ئەمەش دەقی نامەکەیە:

دەفتەری سیاسی

١٣٥٨/٦/٩

برایانی بەڕێزی مەکتەبی سیاسی حشع

سلاوێکی گەرمی برایانەتان پێشکەش دەکەین،

برایانی بەڕێز هەروەکو خۆتان دەزانن هەل و مەرجێکی ناسک لە کوردستانی ئێران پێکهاتووە، جارێکی دیکە مان و نەمانی گەلی کورد لە گۆڕێدایە هەروەها جارێکی دیکە زۆر وێدەچێ ئەم کاتە مێژووییە چارەنووسی گەلی کورد بۆ ماوەیەکی درێژ دیاری بکات. بۆیە پێمان وایە

که یارمەتی دان بە خەباتی رزگاری گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ئەرکی هەموو کوردێکی بەشەرەف و ئازادیخوازە بۆ لێکۆڵینەوە لەم گیروگرفتە گرنگە بە ناوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لێتان دەگێرینەوە کە لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی مەکتەبی سیاسی کە لە هەر پێنج لاوە پێکدێ بەشدار بن

دەفتەری سیاسی
حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

دەرسی نامەکە کرا بریار وەرگیرا لەگەڵ هاوڕێ یوسف سەردانی سەرکردایەتی ینک بکەین تا بزانین رای ئەوان لەسەر پێشنیارەکەی حدکا چیە. لەگەڵ مام جەلال و ٥ ئەندامی سەرکردایەتی دانیشتین، زوو بۆمان دەرکەوت کە دژی پێشنیارەکەن و گوتیان ینک بەشداری کۆبوونەوەکە ناکات! ئێمە هەردووکمان بۆ شوێنی دیار کراو ماڵی حاجی ئەحمەدی بێورانی رۆیشتین لە ماڵەکە دیمان غەنی بلوریان، ئەمیری قازی، حەمەدەمینی سەراجی لە حدکا، د.محمود، رەسوڵ مامەند، حاجی حاجی برایم، عەدنان موفتی لە حسیک دانیشتوون چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد. مام غەنی ئاگاداری کردین کە وەرامی پارتییان بۆ نەهاتۆتەوە بۆیە د. قاسملو چۆتە چاوپێکەوتنیان. کەوتینە گفتوگۆ کردن لەسەر باری کوردستانی ئێران و عێراق. بە تایبەتی ئەم دوو بەرەکی و ناکۆکیانەی لە نێوان هێزە چەکدارەکاندا هەیە. یەکتری کوشتن جێگای نارەزایی و نارەحەتی هەموو لایەکمان بوو. رەخنە ئاراستەی ئەملا و ئەولا کرا. ئێمەش رەخنەمان لە شێوەی بانگکردنەکەی م.س/ی حدکا گرت کە

راستتر ئەوە بوو پێشتر پێشنیارەکە پێشکەش بکرێت. ڕاو تێبینی هەموو حزبەکان وەربگیرایە بە تایبەت لای هەموومان ڕوونە نێوان پارت و یەنک چەند ئاڵۆز و تێکچووە. بۆ ڕۆژی دووەم « م.س » حدکا غنی بلوریانی بۆ لای م.س/ی یەنک نارد تا بە نامەیەکی تایبەت پێشنیارەکەیان پێشکەش بکات و داوایان لێبکات بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا بکەن. ئێمە نوێنەرانی هەرسێ حیزب لە ماڵی خانە خوێیەکە بووین تەتەرێکی حسیک بە زوور کەوت ئاگاداری کردین کە ملازم ئەنوەر مەجید سوڵتان لەناوچەی دووئاوان نێوان بانە ـ سەقز شەهید کرا و پێشمەرگەیەکی حشع بە گوللە باسکی شکاوە. تەزوێکی سارد و بێدەنگییەک بەسەر هەمووان‌دا هات هەر لەناو دانیشتنەکەدا نوێنەرانی حسیک بڕیاریان وەرگرت تاهیر عەلی والی لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانیان بچنە بانە سەرپەرشتی ئامادەکردنی تەرمەکەی شەهید ئەنوەر بکەن و بنێردرێتەوە سولێمانی گەر ئەمەش جێبەجێ نەکرا لەسەر سنوور بنێژرێن.

هەر لە هەمان ڕۆژ من و هاوڕێ یوسف و مەلا حسن ڕستگار ئەندامی ل.م حدکا بەرەو شوێنی د.قاسملو کەوتینە ڕێگا بە ناوچەو دیمەنی نایاب و جەنگەڵ و دارستانی یەکجار جواندا تێپەڕین بەرەو خانە تا گەیشتینە گوندی میراوێ کە ٤٠ کیلۆمەتر لە سەردەشت دوورە. مەلا حەسەن ئێمەی برد بۆ ماڵی خۆی ئەوکات ژن و منداڵەکانی لەوێ دەژیان. هەرکە گەیشتینە ماڵەکەی دیمان د. قاسملو چاوەنوارمان دەکات، پیاوێکی ڕیش سپی باڵا بەرزی چوارشانەی لەتەک دانیشتبوو، تەمەنی ٧٥ زیاتر دەبوو. دەو گەرم یەکجار قسە خۆش، هەست و ڕەفتی سەرنجی ڕاکێشام بە نەهێنی پرسیارم کرد ئەم ڕیش سپیە بەرێزە کێیە؟

گوتیان ئەمە ناوی محەمەدی سەروکانی/یە لە ناوچەکە بە حەمە ڕێوی ناسراوە لە بنەماڵەیێکی ناسراوە لە کاتی کۆماری مەهاباد، پلەی کەپیتانی « رئیس »ی هەبوو لە ریزی کوماری کوردستان، لەشەڕی « مامشە » لەگەڵ ئەرتەشی ئێران قارەمانیتی نیشاندا، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٦ بەهۆی دڵسۆزی و چاونەترسی، سەرۆک کۆمار، شەهیدی ئەتەوەی کورد قازی محەمد میدالیەی قارەمانیتی پێدا، لەسەردەمی رژێمی شا ماوەیکی زۆری لە بەندیخانەدا بەسەر برد.

لە دوایدا لەگەڵ د.قاسملو بۆ ماڵی مەلا خالیدی. مەلا خەلیل لە گوندی عەلی ئاباد ڕۆیشتین زۆری نەخایاند نوێنەرانی حسیکیش گەیشتنە لامان ئێوارە دانیشتن دەستی پێکرد. نوێنەرانی هەرسێ حزب هەمان نوێنەرانی کۆبوونەوەکەی گوندی بێوران بوو، د.قاسملو خۆشی ئامادە بوو.

د.قاسملو پێشوازی گەرم و پێخۆشحاڵ بوونی خۆیانی دەربڕی و گوتی: « سەرکردایەتی پارت ئامادە نابێ، بەڵگەیان ئەوەیە دەڵێن دەرسی تازەی باری ئێرانمان نەکردووە، نازانین بۆ چ لایەک دەچێ و نیاز و ئامانجی دوور و نزیکی ئیمام خومەینی چیە؟ مەسعود بارزانی وا لە تارانە هەستم کرد ناکۆکی قوڵ هەیە لە نێوان سەرکردایەتی پارت و سامی و زۆربەی کادرە گەنجەکان و پێشکەوتنخوازەکان، کوڕەکانی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا و لاینگرەکانیان لە ریزی پارت دەیانەوێ خۆیان بە رژێمی ئیسلامی تازەی ئێران ببەستنەوە، هەر بۆیەش وا بێدەنگن بەرامبەر بە گشت ڕووداو کارەساتە خوێناوییەکانی لە کوردستانی ئێران ڕوو دەدات. وادیارە برادەرانی یەکێتیش نایانەوێ بەشداری لەم دانیشتنەدا بکەن. پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە دەرسی

ڕەزعەکە بکەین. وا شەڕی بەرگری کردن لە خۆ فەرز کرایە سەرمان. حدکا هەوڵ دەدا تا لە توانایدا هەیە ئەو ناوچە و شار و شارۆچکانەی لە ژێر دەسەلاتیدایە بیان پارێزێ، گەر نەکرا پەنا بەرێتە بەر شەڕی پارتیزانی درێژ خایەن. گیر گرفتمان گەلێ زۆرە:
١- کادرمان لە مەیدانی ڕێکخراوی حیزبی و سیاسی و پارتیزانی کەمە.
٢- سەرجەم تەشکیلاتی حزبمان لاوازە، بەهێزی ئەوەی تازە دامەزراونەتەوە.
٣- ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران لە خۆکۆکردنەوە و خۆئامادەکردندایە بۆ هێرش هێنان بۆسەر هەموو گەلەکانی ئێران، هەر جولەیەک دیموکراسیەت و پێشکەوتنخوازی تێدا بەدی بکرێت بە دەستێکی ئاسنی کپی دەکاتەوە.
٤- بێ کاری و هەژاری و بێگوزەرانی ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر بلاٌودەبێتەوە.
لەگەڵ ئەم هەموو بارە ناجۆرە ڕژێم بە هیچ جۆرێک ئامادە نیە گفتوگۆمان لەگەڵدا بکات. بۆیە بوونی هێزەکانی چەکداری کوردستانی عێراق بەتەک ئێمەوە باشترین پشتگرتن و یارمەتیە، هەموو ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەلاتی حدکا دایە هی ئێوەشە. لە گۆڕەپانی خەباتکردنی نەتەوایەتیماندا جیاوازی لە نێوانماندا نیە.
ئەم واقیعانە بوون پاڵی پێوە نایین نامەتان بۆ بنووسین و داوای ئەم کۆبوونەوەیە بکەین. چەند ڕۆژ لەمەو بەر کۆبوونەوەم لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، سازمانی چریکی فیدائی خەڵک ـــ شاخەی کوردستان و مامۆستا شێخ عزالدین حسینی کرد. هەموویان هێزی چەکداریان کەمە. کەچی داوامان لێدەکەن لە هەموو نیشوکارێک دەنگیان وەکو دەنگی ئێمە بێت! هەمووبڕیارێک بە

دەنگی زۆربەو الاکثریە » وەربگیرێ. حدکا ئەمە بە دەست و پا بەستنەوە دەزانێ، ناتوانین بەم شێوەیە هاوکاریان لەگەڵدا بکەین » دوای ئەوەی د. قاسملو راو بۆچوونەکانی خۆیانی پێشکەش کرد نوێنەرانی حشع و حسیک گەلێ رەخنەیان لەو بەرەڵلاییە و گوێ نەدانەی لە خاکی کوردستانی ئێران ، هەتا لە ریزی رێکخراوەکانی حدکاش تەشەنەی کردووە!! گەلی پێشنیار و تێبینی دڵسۆزانە خسترایە روو بۆ پێشخستن و بەرێوە بردنی ئیش و کارەکان بەشێوەی رێکوپێکو باشتر هەموو لەگەڵ ئەوە دابووین کە پێویستە لەم کاتە ناسکەدا پشتی حدکا بگیرێت بەهەموو تواناش یارمەتی بدرێت! د. محمود عوسمان پێشنیاری کردتەقەلای زۆر بدەین سامی و لایەنگرەکانی رابکێشین بۆ هاوکاریکردن لەگەڵماندا. د. قاسملو: « بەراستی کۆبوونەوەکەمان لەم کاتە دژوار و ئاڵۆزەدا لە مێژووی گەلی کوردمان رووداوێکی بەسوودە. وای بەباش دەزانم کە:

١- رێککەوین لەسەر ئەو ناوچە ئازاد کراوانەی پێویستە بەرگریان لێبکرێت.

٢- هەڵسین بە شاڵاوی بلاوکردنەوە و رۆژنامەگەری و پروپاگەندەی فرەوان لە ناو ئێران و ولاتانی دەرەوە. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە کۆمیتەیەکی هاوبەش پێکبهێنین.

٣- پەیوەندی بەهێزکەین لەگەڵ ولاتانی سۆشیالیست بەتایبەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت. حدکا بریاری هەیە بەم نزیکانە وەفدێک بنێرێتە دەردەوە.

٤- کۆمیتەیەکی عەسکەری هاوبەش پێکبهێندرێ لە هەموو حیزبەکان بۆ یارمەتی دانی حدکا.

٥- حدکا بڕیاری هەیە و نەخشە دەکێشێ بۆ لەناو بردنی ئیمام خومەینی ئەم کارەش لەشەری تانک بە گرنگتر دەزانین. دەربارەی پێوەندیان بە عێراقەوە باش دەیانناسین هێزێکی شۆڤێنی رەگەزپەرستن، دژ بە هێزە نیشتمانپەروەرەکانی عێراقن، هەردەم داوامان لێدەکەن ماوە نەدرێت لە خاکی ئێران دەست درێژی و هێرش بۆ ناو عێراق بکرێت. بەرای م.س/ی حدکاهەنگاوێکی پر سوود دەبێ گەر بۆ ماوەی دوو مانگ کاری پارتیزانی لەناو خاکی عێراق دژ بە رژێم رابگیرێت. عێراق بە دۆستی ئیمرۆکەی خۆمانی دەزانین گومانمان لەوەدا نیە دوژمنی سبەینێیە، بڕیاریان داوە پارمەتیمان بدەن دەرگای سنوور بکەنەوە و لەژێر پەردەی قاچاغچیەتیدا ئازوقە و بەنزین و شتومەکی پێویستمان بۆ بنێرن » نوێنەرەکانی حشع یەک دوای یەک هاتنە قسە کردن بۆ چارەکردنی ئیش و کارەکان ئەم پێشنیارانەیان پێشکەش کرد:

١- کاروباری رێکخراوی حزبی و عەسکەری و ئیداری لاواز و بەرەڵایە پێش هەموو کارێک دەست بە چارەکردنیان بکرێت.

٢- دەنگوباسی رووداوەکانی کوردستانی ئێران لە هەموو ناوچەکان بە فراوانی بڵاو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی جەماوەرەکە ئاگای لە هەموو رووداوێک هەبێت.

٣- کۆمیتەی ناوچەیی « الهیئات المحلیە » پێکبهێندرێ بۆ سەرپەرشتکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی حدکا دایە.

٤- دانانی شێوەیەک بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و یارمەتی و باج لە ناوچەکان.

٥- تەقەلا دان بۆ ڕێککەوتن و هاوکاریکردن لەگەڵ هەموو هێز و حزبەکان.

٦- ڕێگا لە نۆکەر و جاسوس و بەکرێگراوەکانی هەردوو ڕژێم بگیرێ کە بەپێی ئارەزووی خۆیان و سەرفیرازانە لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا دەسوڕێنەوە. د. قاسملو زۆربەی پێشنیارەکانی پەسند کرد تەنها ئەوە نەبێ کە « ئامادە نینە کاروباری پارتیزانی خۆیان بخەنە ژێر فەرمانی ئەم گروپە بچووکانەی توانای پارتیزانییان کەمە » جارێکی تریش نارەزایی و زۆر و ڕەخنەی بەرامبەر هەڵوێستە چەوتەکانی سەرکردایەتی حزبی توودە سەبارەت بە گیرگرفتی کوردستان و گشت نەتەوەکانی تری ئێران دەربڕی و کە خۆیان کردووە بە بلوێرژەن بە شان و شەوکەتی ئیمام خومەینیدا هەڵدەڵێن هەروەها نارەزایی و گازاندەی بەرامبەر کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەربڕی کە گروپێکی سەر لێشێواوی کورت بینن. کۆبوونەوەکە سەرکەوتوانە کۆتایی پێهات، بەڵام هیچ کام لە بڕیارەکان بە کردەوە کاریان پێنەکرا!.

● بەم دواییە ١٨ مامۆستای ئایینی ناسراو لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران بروسکەیەکیان بۆ ئیمام خومەینی نارد، تکای لێدەکەن چارە بدۆزنەوە بۆ گیروگرفتی کوردەکان، کوردەکان هەموویان خواناس و موسڵمانن. داوای مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆیان دەکەن، هێرش هانین بۆسەریان کوشتن و بڕین و وێرانکردنی لادێ و ناوچەکانیان کارێکی یەکجار ناڕەوایە خودای مەزن قبوڵی ناکات... ئیمام خومەینی بە وتارێکی توند و تیژی پڕ هەڕەشە کردن لە ڕادیۆی تاران وەرامی دانەوە! تۆمەتی خوانەناسی و لادانی لە ئایینی ئیسلامی پیرۆزی خستە پاڵ

نەتەوەی کورد. داوای سەرکوتکردنی کردنا؟ هەموو ئێمەی نوێنەرانی هەرسێ حزب پێکرا بووین، بلاَوەمان لە کۆبوونەوەکە نەکردبوو، رادیۆی تاران و ولاَتانی تر بلاَویان کردەوە کە هێزی ئەرتەش و پاسدارانی ئیسلامی شاری بانە و مەهابادیان داگیر کردەوە. شەوەکە لەگەلْ د. قاسملو گەڕاینەوە سەردەشت، دیمەنێکی ئەوتۆ کەوتە بەرچاومان لەیاد دەرناچێت. ئەم شارە جوانکیلە دانیشتووەکانی چۆلیان کردبوو، ئاگر و دوکەلْ بەری ئاسمانی داگرتبوو زۆربەی دەستگاکانی دەولەت تێک و پێک درا بوون، گەورە و بچووک کەلْ و پەلْ و پرنسکەیان بە کۆلەوە بوو، نە ئوتومۆبیل نە تراکتۆر، هەتا ئاژەلی یەک سمیش بە ساناا وەدەست نەدەکەوت. قیژە و گریان و هاواری ژن و مندالْ و پیرو پەککەوتووان دونیای پڕکردبوو وەکو دەلێن لە رۆژی حەشری دەکردا مرۆڤ هەر گوێی لەوە دەبوو، ئەها پاسدار نزیک بوونەوە! ئەها سبەی بەیانی دەگەن! لەم ڕووداوە تراژیدیانە ئەم پرسیارە دەهاتە پێش ئایا دەبێ لە ژێر ئالاَی ئیسلامدا ئەم تاوانە گەورانە ئەنجام بدرێن؟ زوو لە شارەکە نەماینەوە، بەرەو گوندی بێوران کەوتینە ڕێگا. بە رێککەوت تووشی هاوڕێ توما و پێشمەرگەکانمان هاتین دەگەڕانەوە بۆ بنکەکانمان. هەر ئاسۆ تاریک بوو تازە جیاوازی لە گورگ و مەڕ دەکرا، بێوران/مان بەجێهێشت.

که گەیشتینە گوندی بنوخلیف پێشمەرگەکانی حدکا ئاگاداریان کردین، پێشی ئێمە بە ماوەیەکی کەم د. قاسماو و دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی گەیشتوون وا لەگەلْ جەلال تالەباتی دوو ئەندامی سەرکردایەتیان لە مالی حاجی پیرۆزت چاوەڕوانتان دەکەن. ئێمە هەرسێکمان بۆ لایان ڕۆیشتین، زۆری نەخایاند نوێنەرانی حسیک/یش گەیشتن کات سەعات

١ی نیوەرۆ ڕۆژی ١٩٧٩/٩/٤ لەسەر داوای هاوڕێیانی حدکا ئەم کۆبوونەوەیە چوار قۆڵیە ئامادە کرا. نوێنەرانی حدکا و حسیک هەمان نوێنەرانی کۆبوونەوەی گوندی عەلی ئاباد بوون تەنها هی حشع هاوڕێ تۆما کەوتە گەڵ. نوێنەرانی یەنک جەلال تاڵەبانی، فازیل عەبدولکەریم، عەلی حەویز، د. قاسملو بەخێرهاتنی گەرمی کردین و کەوتنە باسکردنی باری ناجۆری ئەم دواییەی کوردستانی ئێران و گوتی « چاوم بە محەمەد مەحمود عەبدورەحمان سامی و جەوهەر نامق کەوت، داوام لێکردن پارت پارمەتی کوردی ئێران بدات لەم قۆناغە ئاڵۆز و ناسکەدا، کۆنەپەرستە ئایینیەکانی تاران لە خۆ چەسپاندن دان، گەر بۆیان بچێتە سەر نە ماوەی کورد نە گەلەکانی تری ئێران دەدەن، ناهێڵن هیچ هێزێکی پێشکەوتووخواز جوڵە بکات یا ورتەی نارەزایی و بێزاری لێدەرچێت. هەمووی سەرکوت و تەفرو تونا دەکەن بەناوی مەزهەبی شیعە. سامی وەرامی دامەوە « پارت باری قورسە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکانیا لە کەرج و شارەکانی تری ئێران دەژین، کاک مەسعود بارزانی هەر لە تاران نەگەڕاوەتەوە، بۆیەکا پارت بێلایەن دەوەستێ بەرامبەر بەو ڕووداوانەی دووچاری کوردەکانی ئێران دێن. بەشداری لەم جۆرە کۆبوونەوانە ناکەین. »

مامجەلال:

سامی دوو مەبەستی هەیە لە هەڵوێستەکەی، یەکەمیان وا خۆنیشان دەدا کە پێشکەوتووخوازە، رازی نیە لەم هەڵوێست و کارانە، دووەمیان بۆ ئەوەی نارەزایی و قینی زۆربەی ئەو گەنج و کەسانەی لەگەڵ ئەم ڕێبازەی بنەماڵەی بارزانی دانینە، بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. مەسعود بۆیە چۆتە تاران بەڵێن و پەیمانی پشتگرتن و لایەنگری بە

ئیمام خومەینی پێشکەش کات. ئەنجامی ئەم کارە گەلێ قورس دەوەستێت لەسەر هەموو لایەکمان. ڕژێمی کۆنە پەرستی ئێران بۆ زۆر کاری خراپ و ناڕەوا ڕایان دەکێشێت کە تۆسقاڵێک بەرژەوەندی نەتەوەی کوردی تێدا بەدی ناکرێ، نە لە نزیک نە لە دوور. داوا لە سەرکردایەتی حدکا و حشع دەکەم هەڵستن بە دەوری مێژوویی خۆیان، هەوڵبدەن سەرکردایەتی کاتی پارت دوور خەنەوە لە ژێر تەئسیری ڕژێمی ئاخوندەکانی ئێران و بگەڕێنەوە ریزی هێزەکانی تری کوردستانی عێراق کە خەباتی سەخت دەکەن دژ بە ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق و خزمەت کردنی نەتەوە ماف ژێر پێخراوەکەمان »

یوسف :

پێویستە هەموو لایەکمان پشتی سامی و پێشکەوتووخوازەکانی ناو حدک بگرین و دەستی یارمەتیان بۆ درێژ کەین.

د. قاسملو :

بە ڕاشکاوی دەڵێم ڕژێمی خومەینی دوو ئامانجی هەیە لە دۆستایەتی کردنی پارت. یەکەم بەکاریان دەهێنێ دژ بە کوردی ئێران. دووەم دژ بە بیروڕای پێشکەوتووخوازی بەتایبەت دژ بە کۆمۆنیستەکان. ئەم هەلومەرجەی ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێران هاتۆتە کایە نەدیتراوە، زۆربەی جەماوەرەکە ئامادەیە قوربانی بدات و بەرگری لەمان و دوا ڕۆژ و مافە ڕەواکانی بکات. پەیوەندیمان لەگەڵ بەرەی دیموکراتی میللی ئێران تاقمی مەتین دەفتەری و هێندێ گروپ و لایەنی تر باشە.شیرازەی سوپای ئێران پچڕاوە، باری تێکچووە، چەک و جبەخانەی زۆر کەم بۆتەوە ناکۆکی زۆر لە ریزەکانیدا بڵاوبۆتەوە، لە هەموو مێژووی گەلی کوەی ئێران پشتگرتنی وەهای بە حەق نەدیتراوە.

وەکو ئێستا کە هەیە. ماوە زۆر هەیە هەمووەمان سود وەربگرین لەم ناکۆکیانەی لە نێوان ئێران ــ عێراقدا هەیە. ڕوومان کردۆتە ناوچە شاخاویەکان، بڕیاری خەباتی چەکداری شەڕی پارتیزانی درێژ خایەنمان داوە. تووشی گەلێ گیرگرفت و کەم و کورتی هاتووین، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی شارەکان ڕایان کردۆتە ناوچە شاخاویەکان. دەستیان داوەتە چەک. حدکا پێویستی بە یارمەتی هەیەو دەمانەوێ مەشقی پارتیزانی و بەکار هێنانی چەک بەم خەڵکە بکەین. چارەنووسی ئێمە و ئێوە بەیەکەوە بەستراوە. بڕیارمان هەیە جوڵانەوەی ئازادیخوازی نەتەوەکەمان لە ئێران ببەستینەوە بە گشت جوڵانەوەکانی دیموکراسی و خەباتکردنی ڕەوای گەلەکانیتری ئێران. بایەخ دەدەین بە ڕاو تێبینی و ئامۆژگارییەکانتان و سوودیان لێ وەردەگرین. غەنی بلوریان کەمێک لەسەر ئەو ڕاو بۆچوونانەی د.قاسملو پێشکەشی کرد دوا، بە گەرمی لەگەڵ هەمووی دابوو.

جەلال تاڵەبانی:

سەرکردایەتی یێک بڕیاری هەیە بە هەموو توانایەوە یارمەتی حدکا بدات. ئەوەی لێمان داوا بکەن بە پێی توانا بۆتانی جێبەجێ دەکەین. دەزانین بەڵێنی چی دەدەین. پێشی هەموو هەنگاوێک پێویستە سەرکردایەتی حدکا بە قەناعەتی تەواو دان بەوەدا بنێت چارەنووسی گەلی کوردی ئێران و عێراق بە بە یەکتری بەستراوە. بەهێزکردنی پەیوەندی کوردی عێراق بە ئێوەوە، لە سەرمان گران دەوەستێت لە لایەن سوریا و ڕژێمی خومەینی. هەر دوو لایان ڕازی نیە یێک پەیوەندی بەهێزی هەبێ و هاوکاری لەگەڵ ئێوەدا بکات. کادرتان پێویستە بۆ مەشق پێکردنی کارو باری پارتیزانی ئامادەینە

بۆتان بنێرین. تکام لە برادەرانی حدکا ئەوەیە باری خۆیان لە هەموورووێکەوە باش دەرس کات. بەتایبەتی هاوکاریکردن لەگەڵ حشع و ینک لەلایەن دۆستی ئێوە مەبەستم ڕژێمی بەعسی عێراق بە سانا قبوڵی ناکەن. بە ڕای ئێمە لەسەر حدکا پێویستە پەیوەندیەکانی لەگەڵ گشت هێزە پێشکەوتووخوازەکانی ئێران لە پێش هەموویانەوە حزبی تودە بەهێز کات. بەشێکی ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەر ئەستۆی برادەرانی حشع. سێ تێبینی و پێشنیاری تایبەتیم هەیە:

١- حدکا کە هێزێکی ئێرانییە لە ژێر دروشمی « ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیموکراسیەت بۆ ئێران » تێدەکۆشێ، بانگتان دەکەین تەقەلای بێ وچان بدەن پەیمانی کارکردنی نیشتمانی « المیثاق العمل الوطني » پێکبهێنن لەگەڵ هەموو هێزە دیموکراسی و پێشکەوتوخوازەکان.

٢- مەقاڵێکی سەرکردایەتی خۆتان بنێرنە دەرەوەی ئێران بە مەبەستی بەیوەندی پەیداکات لە نێوان حدکا و هێزە پێشکەوتووخوازەکانی جیهان بە تایبەتی یەکێتی سۆڤیەت و حیزبە شیوعیەکان.

٣- دەربارەی پەیوەندیتان بە ڕژێمی بەعسی عێراق پێشنیار دەکەم بە قوڵی دەرسی بکەن هەتا گەر بتوانن ڕای سۆفیەتیەکان وەربگرن بە سوودە.

د. قاسملو:

گوشادم بەوەی مام جەلال ئاماژەی کرد بە پەیوەندی خۆیان بە سوریاوە، وا دیارە سوریا پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ ڕژێمی تاران. دەربارەی گشت ئەو ڕێکخراوانەی لە ئێران کاردەکەن بەردەوامین بۆ لەناو بردنی ئەو جیاوازیانەی لە نێواندا هەیە. تەقەلا

دەدەین بەرھەیەکی نیشتمانی دروست بکرێت. رازی نینە لە کردەوە تاک ڕەوییەکانی مامۆستا شێخ عزالدین حسێنی پیاوێکی ئایینی پاکە، لە کاری سیاسی کەم زانایە، حدکا کردی بە ڕەھبەری ئایینی کەچی دەیەوێ خۆی هەموو شتێک بێ. دەمانەوێ دۆستی هەموو لایەک بێ، تێکۆشێت بۆ خزمەتکردنی گەلی کوردمان. ئەوکات ئامادەینە یارمەتی تەواوی بدەین. ماوە نادەین وا خۆی حسێب کات ڕەھبەری هەموو کوردی ئێرانە وەکو خومەینی لێ بێت. لەسەر داوای حدکا کۆبوونەوەیەک لەگەڵ هێندی تاقم و گروپەکانی ئێرانی سازکرا. لە ئەنجامدا نەگەیشتین بە ئەوە بڕیارێک وەربگرین. جیاوازی سەرەکی لە نێوانماندا لەسەر ئەم دوو خاڵە بوو:

١- هەموو گروپەکان گەورە و بچووک، دەیانەویست بڕیار وەرگرتن بە دەنگی زۆربە بێ لە ئیشوکاری پارتیزانی بەمەش حدکا دەبەسترێتەوە.

٢- لەگەڵ هیچ گروپێک هاوکاری ناکەین یەکێتی سۆڤیەت بە سۆسیال ئیمپریالیست لە قەڵەم بدات.

جەلال تاڵەبانی:

مامۆستا شێخ عیزەدین ئامادەیە هاوکاری لەگەڵ حدکا بکات، پیاوێکی پێشکەوتنخواز و ڕەوشەنبیرە. سۆڤیەت بە نزیکترین و ڕاسترین دۆستی کورد دەزانێ.

تەقەلا چەند بدرێت ناکۆکی نێوان حدکا و حزبی تودە نەمێنێ لە بەرژەوەندی گەلەکانی ئێرانی دایە. ئەوەش مانای ئەوە نادات ێنک تێبینی و ڕەخنەی لەسەر ڕێبازی تودە نەبێت وا مەزانن ناکۆکی لە نێوان ئێمە و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستاندا نیە. ناڕێکین

لەسەر هەڵوێستی تیژ و توندیان بەرامبەر بە حدکا. پێویستە مافی سەربەخۆیی کارکردنی سیاسی و تێشوکاری حیزبایەتی بۆ هەموو گروپ و حیزبەکان هەبێ.

یوسف :

پێش ئەوەی لەم کۆبوونەوەیە ئامادە بین، هاورێیانی مەکتەبی هەندرین و کادرەکانمان دانیشتنێکمان ڕێکخست، دەرسی ڕووداوەکان و باری ناوچەکە کرا. بڕیار وەرگیرا ئەم پێشنیارانە پێشکەش بە ئێوەی بەرێز بکەین، بۆ ئەوەی بە پێی توانا یارمەتی و پشتگیری تەواو پێشکەش بە گەلی کوردی ئێران بکەین.

برایان مایەی شادی و کامەرانیە بۆ ئێمەی شیوعیەکانی عێراق کە دەبینین لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندی تێکۆشان و هاوکاری کردنی کاریگەرانە لە نێوان حزبە کوردیەکانی عێراق و حدکا لە دایک دەبێ. ئەم کارە هەست بە مەسئولیەت کردنێکی گەورە و دەست نیشان کردنێکی ڕاستە. مەترسیکی سامناکە وا ڕوو بە ڕووی خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان دێت. مەبەست دوور خستنەوەی لەسەر ڕێگای ڕاست و پوچەڵ کردنی ئامانجە پیرۆزەکانی و لەناو بردنیەتی! خەباتی سەختی گەلی کوردستانی ئێران، بەشێکە جیا ناکرێتەوە لە خەباتی نەتەوەکەمان لە دیوی عێراق و خەباتی هەموو گەلانی ئێرانە لە پێناوی دیموکراسیەت و بەختیاری و مافی چارەنوسیدا پشتگیری و یارمەتی دانە بۆ خەباتی چەکداری و جولانەوەی دیموکراسی لە سەرانسەری عێراق بروا و باوەڕی تەواومان هەیە گەر ریزەکانمان بکەین بە یەک و کارەکانمان بە جوانی ڕێکبخرێن، هەلومەرجی باش هاتۆتە کایە، هیوا و ئاواتی سەرکەوتنی تێدا بەدی دەکرێ. بۆ

پێشخستنی گشت نیشوکارەکانمانی قۆناخی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان ئەم پێشنیارانە پێشکەش دەکەین:

١- هەر کاتێک پێویستی کرد ئەم کۆمیتە چوار قۆڵیە کۆبونەوەی دەوری بکات.

٢- ئەنجومەنێکی عەسکەری لە نێوانی هەرچوار حیزب پێکبهێندرێ باشتریش وایە حدکا لە نوێنەرێک زیاتری لەناو ئەنجومەنەکەدا هەبێ، ئەنجومەنەکە سەپەرشتی ڕێکخستنی کاروباری تشکیلاتی پارتیزانی بکات.

٣- تەواوی توانا هونەرییەکانی عەسکەری هەر چوار حیزب لە شوێنێک کۆبکرێتەوە، وەکو شارەزایانی بەکارهێنانی تۆپ، RPG ، چەکی ڕیز، چاندنی مین، بێتەل، بۆ ئەوەی دەورەی زۆری مەشق پێکردن و فێرکردن بۆ پێشمەرگەکان بکرێتەوە. ئەم هەنگاوەش سوودی دەبێ بۆ هەموو لایەکمان.

٤- بەزنجیرەیەک بەستنەوەی بێتەل « تنظیم شبکات لاسلكي » ناوچەکانی کوردستان بە تایبەت درێژایی سنوور بەیەکتریەوە ببەسترێنەوە.

٥- مەڵبەندێکی ڕاگەیاندن و پروپاگاندە دابمەزرێت، شارەزایانی هەر چوار حیزب بەشداری تێدا بکەن.

٦- ووزە و توانای هەموو ڕێکخراو هێزە کوردیەکان لە دەرەوەی کوردستان لە یەک ڕێکخراودا کۆبکرێنەوە، بۆ پێناسینی مەسەلەی کوردمان بەرای گشتی جیهان و بەرگری لە مافە ڕەواکان.

٧- حدکا پەیوەندیەکانی لەگەڵ هێز و حیزبە سیاسیەکانی ئێران بەهێز بکات.

نەتەوەی کوردمان گەلێ لە مێژە لە خەباتی سەختی خوێناوی‌دایە

دوژمنەکانی بە توانا و دەسەڵاتن، هەموو بەرپرسیارین بەرامبەر بە هەموو ئازار و دەردەکانی پێویستە پەند و سوود وەربگرین لە هەموو ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانەی تێپەڕ بوون ڕێبازی ڕاست و ڕەوا بگرینە بەر تا مێژوو ڕێز لە تەقەلایەکانمان بگرێت.

جەلال تاڵەبانی:

بەگەرمی پەسندی پێشنیارەکانی کرد و گوتی: دەبێ هشیع زیاتر هەوڵ لەگەڵ حیزبی تودە بدات هەڵوێستەکانی ڕێکخات لەگەڵ جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و حدکا.

د. قاسملو:

ئەم پێشنیارانە گەلێ بە سوودن، ئێمە لەگەڵیاندایە. پێشنیار دەکەم لە دەرەوە لیژنەیەک پێکبهێندرێ بە ناوی لیژنەی بەرگری کردن لە مافی گەلی کورد. هەروەها حدکا بە پێویستی دەزانێ کۆمیتەیەکی عەسکەری بەزووترین کات لە نوێنەرانی هەر چوار حیزب پێک بێت و تواناشی بخرێتە ژێر دەسەڵاتی.

د. مەحمود:

پێویستە باش بزانین حکومەتی عێراق دیکتاتۆرە، دژ بە دیموکراسیەت و گەلی کوردە، هەوڵ و تەقەلای ئەو دەدات ڕژێم و دەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامی ئێران تێک بشکێنێ و حکومەتێکیتر بێتە سەر کار تا نەتوانێ شیعەکانی عێراق هاندات و دژی حیزبی بەعس ڕاستیان کاتەوە. ڕژێمی عێراق بە نەهێنی دژی سۆڤیەت کار دەکات. بەمە ڕازی نابێت حدکا لە پشت ئەوانەوە پەیوەندی بە سۆڤیەت و هیندێ وڵاتەوە بکات. چەندە تەقەلا بدرێت بۆ ڕاپەڕینی گەلەکانیتری ئێران وەکو ئازەری، بلوچ و عەرەب سوودی زۆری تێدا

بەدی دەکرێ بۆ مەسەلەی نەتەوەی کوردمان.

غەنی بلوریان:

ئەو پەیوەندیانەی هەیە لە نێوان حادکا و هێزەکانی‌تری کوردستانی عێراق، رژێمی بەغدا باش گوێ بیست دەبێ و هەمووی دازانن! گومان لەوەدا نییە هەڵوێستیان نەگەتیڤ دەبێ بەرامبەر نزیک بوونەوەی ئێمە لە وڵاتانی سۆسیالیزم بە تایبەت لەگەڵ سۆڤیەت. حدکا بریاری داوە هاوکاریتان لەگەڵدا بکەین، یارمەتی و پشتگیری ئێوەشمان یەکجار زۆر پێویستە.

لە ئەنجامی گفتوگۆ و وتوویژکردن رێککەوتین لەسەر دروست کردنی کۆمیتەی عەسکەری بەرز، هەر حیزبێکی عێراقی یەک نوێنەری هەبێ حدکاش بە ئارەزووی خۆیەتی چەند نوێنەر دادەنێ. هەر لە کاتی دانیشتنەکە نوێنەراتی سێ حیزبە عێراقیەکە دەست نیشان کران:

١- ینک	ملازم عومەر عەبدوڵلا
٢- حـــیـک	حاجی حاجی برایم
٣- حشع	توما توماس
٤- حدکا	چوار ئەندام

ئەم ڕاگەیاندنەش بە ناوی هەرچوار حیزب بلاوکرایەوە دەقی بەیانەکە:

ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی هاوبەش

رۆژی ١٩٧٩/٩/٤ لە یەکێک لە گوندەکانی ئێران کوبونەوەیکی هاوبەش لە نێوان حدکا لەگەڵ ینک و حــیـک و حشعدا بەسترا. لەم

کۆبوونەوەیەدا د. قاسملو، غەنی بلوریان، ئەمیری قازی، حەمەدەمینی سراجی نوێنەرانی حدکا. جەلال تاڵەبانی، عەلی حەویز، فازیل کەریم نوێنەرانی یەک. د. مەحمود عوسمان، رەسوڵ مامەند، حاجی حاجی برایم نوێنەرانی حسیک بوون. باوکی حکمت، باوکی جوزیف و باوکی ئاسۆس نوێنەرانی حشع بوون.

لەم کۆبوونەوەیە باسی باری ئێستای کوردستان و تەواوی ئێران و ئەو هێرشە شۆڤێنیە دڕندەیە کرا بۆ سەر گەلی کورد و دووچاری بووە، بوێتە هۆی داپڵۆسین و دەربەدەرکردن و لەناوبردنی رۆڵەکانی. هەموو لایەکانی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەوە رێککەوتن کە ئەو جەنگەی گەلی کورد لە ئێران دەیکا، جەنگی هەموو گەلی کوردە و جەنگی دیموکراتیە بۆ گەلانی ئێران و لە بنچینەدا جەنگێکە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا باسی سیاسەتی هاوپەیمانی کرا لە کوردستانی ئێران و سەرانسەری ئێران و باسی ئەو جۆرە شێوە پشتگیر کردنە کرا کە لە لایەن هاوبەشەکان پێشکەش بە گەلی کوردی دەکەن لە ئێراندا، کۆبوونەوەکە بڕیاریدا:

١- ئەم لیژنەی ئێستا هەر کاتێ پێویستی کرد کۆبوونەوەی دەوری بەستێ.

٢- ئەنجومەنێکی سوپای هاوبەش پێک بێ، کە ئەرکی رێکخستن و مەشق کردن و پڕچەک کردن و ئازوقەدانی پێشمەرگەکانی حدکا بگرێتە ئەستۆی خۆی. وە نەخشەی تاکتیکەکانی شەڕو بەڕێوەبردنی چالاکی و سەربازی بکێشن، وەلایەنە عێراقیەکان توانا و شارەزایی خۆیان لە بواری کاروباری سود بە هونەری و ئیداری و رۆشنبیریەوە پێشکەش بکەن.

٣- هەوڵ بدرێ دەزگایکی ڕاگەیاندن پێک بێ لە ناوەوە و دەرەوەدا چالاکی فیکری و سیاسی بنوێنێ بۆ ئەوەی کە ڕای گشتی ئاشنای مافەکانی گەلی کورد و داخوازیە ڕەواکانی بکا و دوژمنان و سیاسەتی چوسانەوە و دەست درێژی کردن دژی گەلی کورد ئابڕوبەری و ڕای گشتی پێشکەوتنخوازی بۆ لای مەسەلەی کورد ڕابکێشێت.

٤- هەوڵ بدرێ تواناو تەقەلای کۆمەڵەکانی قوتابیانی کورد لە ئەورووپا ڕێکبخرێت و هاوکاری لە نێوانیاندا بەهێز بکرێ بۆ پشتگیری کردنی تێکۆشانی گەلی کورد. وەک سەرەتایەک بۆ پێک هێنانی کۆمەڵێکی بەرگری کردن لە کوردەکانی دەرەوە پێک بێ لەسەر شێوەی ئەو کۆمەڵەی کە بەرگری لەگەلی عێراقی دەکرد لە دوای کۆدەتاکەی ٨ ی شوباتی ١٩٦٣ خوێناوی.

٥- حدکا نوێنەری بۆ دەرەوە بنێرێت تا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستی و حیزب و ڕێکخراوە شیوعی و سۆسیالیستی و کرێکاری و دیموکراتیەکاندا لە پێش هەموویانەوە لەگەڵ حزبی شیوعی سۆڤیەتی پەیدا کات. هاوڕێیانی حشع لەم ڕووەوە تەقەلا بدەن بۆ ئەوەی ئەرکی نوێنەری حدکا ئاسان بێ.

٦- بۆ پێکهێنانی بەرەی دیموکراتی لە ئێران، حدکا پرۆژەیەکی تەواو ئامادە بکات وەکو پێشنیارێک بەسەر هەموو هێزە پێشکەوتوخوازانی دژ بە ڕژێمی ئاخوندەکان دابەش بکرێت.

٧- لایەنەکانی کۆبوونەوەکە باسی هەڵوێستی سەرکردە پارتیەکانی ق.م/یان کرد بەرامبەر بە تێکۆشانی گەلی کورد ئەو ناکۆکییەی لە مەکتەبی سیاسی دایە لەبارەی هەڵوێست بەرامبەر بە شۆڕشی کوردی

ئێران و هەروەها پێوەندییان لەگەڵ فەرماندەرەکانی ئێراندا. بریار درا لایەنە هاوبەشەکانی کۆبوونەوەکە بەشداری لەوە بکەن پاڵ بە ق.م بنێن، هەڵوێستی خۆی بە لایەکا بخا. یا لەگەڵ گەلی کورد بێ. یا لەگەڵ دوژمنانیدا وە ئەم لایانەی هاوبەشی ئەم کۆبوونەوە هان و یارمەتی لایە نیشتمانیەکە بدەن کە داوای پشتگیری گەلی کورد دەکا.

حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان	حیزبی شیوعی عیراق
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران	یەکێتی نیشتمانی کوردستان

١٩٧٩/٩/٤

هەر کۆبوونەوە چوار قۆڵیەکە کۆتایی پێهات، نوێنەرانی حسیک و پسک دوای ٦ مانگ ساردی و ناکۆکی نێوانیان بە مەستەوای سەرکردایەتی کۆبوونەوەیکی تایبەتیان کرد. زۆری نەخایاند، پاش چەند رۆژێک حاجی حاجی برایم لە لایەک و عەلی حەویز و فازیل کەریم لە لایەکی‌تر باسی دانیشتنەکەیان بۆ گێرامەوە بە ئەمانەت شتە سەرەکییەکانم تۆمار کرد کورتیەکەی « کە هەردوو لا دادەنیشتین دەکەوتینە گلەیی و گازاندە لە یەکتری لەسەر ئەو هەموو شەڕ و پێکدادانەی نێوانیان. ژمارەیکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەی هەردوو لا تێدا چوون، لە ئەنجامدا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پێک هاتبوون:

١- پێویستە لەمەودوا سەرکردایەتی هەردوو لا زوو زوو یەکتری ببینن بۆ

ئاڵۆ و گۆڕکردنی ڕاو تێبینیەکان لەسەر باری کوردستان و عێراق.
٢- لەناو خاکی کوردستانی عێراقدا، هاوکاری و هاریکاری لەگەڵ یەکتری بەهێزکەن.
٣- تەقەلا بدەن بڕوا بە یەکتری بگەڕێنەوە دۆخی پێشوو.
٤- هەر گرفت و ناکۆکیەک لە نێوانیان ڕوویدا بە گفتوگۆی برایانە چارەسەری بکەن، چەک لە نێوانیان بەکار نەیێت.
٥- هەڵوێستی هەردوو لایان بەرامبەر بە ڕژێمی عێراق یەک بێ، هیچ لایەکیان بەبێ ئەوی تر نەکەوێتە گفتگۆ کردن.
نوێنەرانی حسیک پێشنیاریان کردبوو ڕاگەیاندنێک بە ناوی هەردوو لایان بلاو بکرێتەوە، نوێنەرانی یئک لەگەڵ ئەم پێشنیارە نەبووبوون، داوایان کردبوو هەر لایەک بە تەنها بلاوکراوەیکی ناوخۆ « نشره داخلیه » دەربهێنێ لە سنووری ڕێکخراوەکانی خۆیان بلاویکرێتەوە » بەڕای من یەک ڕاگەیاندنی هاوبەشیان دەربهێنایە و بە فرەوانی لە هەموو کوردستان بلاو بکراباوە، گەلێ سوودی دەبوو.
● هێرشی فرەوانی ئەرتەش و پاسداران بۆ سەر هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد. کۆمیتەی ناوەندی حدکا بەبۆنەی بەرپاکردنی شەڕی پارتیزانی و بەرگری لە خۆکردن، یەکەم بەیاننامەی بلاوکردەوە. داوا لە هەموو هێزەکانی دونیا دەکات دەنگی نارەزایی بەرز بکەنەوە و دەستی یارمەتیان بۆ درێژ کەن. بە داخەوە دەقی بەیانەکە بەر لافاوەکەی ١٢/١/ ١٩٨١ لە دۆڵەکەی گوندی نۆکان کەوت. هەروەها لە ڕۆژی ٩/١ کۆمیتەی ناوەندی حدکا بەیاننامەیکی تری بلاو کردەوە وا دەقی وێنەی عەرەبی بەیاننامەکە پێشکەش دەکەم.

بيان اللجنة المركزية للحزب الديمقراطي الكردستاني ـ ايران
حول جرائم نظام الخميني

ايها المواطنون الاعزاء

منذ ان بدات حرب الابادة التي اعلنها الخميني ضد الشعب الكردي ارتكب هذا النظام جرائم بشعة في المنطقة بز فيها نظام محمد رضا شاه، فبعد قصف مدن و قرى كوردستان و ذبح العزل من السلاح في المنطقة. ثم بناء على اوامر صادرة من « خلخالي » اعدامات جماعية لا ناس ابرياء في مدن كرمانشاه، پاوة، مريوان، سننندج و سقز مما ادى الى اعتراض شديد من قبل جماهير ايران و الراي العام العالمي، تمت هذه الاعدامات دون محاكمة و كان بين الذين تم اعدامهم اطفال في عمر ١٢ سنة.

و الآن قام نظام الخميني بارتكاب جريمة ففي قرية « قارنة » بالقرب من « نقدة » قتل ٤٦ من سكانها على ايدي جلاوزة الخميني و الذين يسميهم الخميني بحراس الثورة بين هولاء الضحايا ٤ نساء و ٧ اطفال قطع الحراس رووس ضحاياهم بكل هدوء و لم يرحم حرس « اس اس » الخميني الذين يتظاهرون بالاسلام حتى باطفال في عمر ٥ سنوات و شيوخ في السبعين من عمرهم. لقد هزت هذه الجريمة النكراء الراي العام العالمي و كشفت عن الماهية الرجعية لنظام الخميني ضد الانسانية امام الجماهير الايرانية و العالم اجمع.

ان حراس الخميني الذين يدعون حماية « المستضعفين » قاموا بذبح الفلاحين المعدمين العزل في قارنة و بزوا في ارتكاب الجنايات الوحشية جندرمة محمد رضا شاه كما قام حراس الخميني في مدينة پيرانشهر و

مدن اخرى بنهبت اموال منتسبي حزبنا و اضرموا النار في بيوتهم.

ان هذه الاعمال الوحشية تدل بوضوح تام بان قصد الخميني من الهجوم على كردستان هو ابادة كاملة للشعب الكردي، لقد قام نظام الخميني باقامة مذابح جماعيج لشعبنا بهدف ابادتة.

اننا نطالب جميع الايرانيين الشرفاء، جميع الناس الشرفاء و جميع القوى التقدمية و الوطنية في البلاد و جميع المنظمات و الشخصيات المتحررة في جميع انحاء العالم برفع اصوات احتجاجاتهم ضد جرائم نظام الخميني. اننا نطالب بفضح جرائم الكاذبة حول انسانيتة و حبة للبشرة و تعرية وجة نظامة الكالح المجرم امام العالم باسره. اننا ندعو جمعية الدفاع عن حقوق الانسان، منظمة الامم المتحدة، منظمة العفو الدولي، الصليب الاحمر الدولي و جميع المنظمات المحبة للبشرية للقيام بتقديم احتجاجات شديدة الى الحكومة الايرانية على جرائم « الحراس » الوحشية كما ندعوهم ان ترسلوا مندوبهم الى ايران للتحقيق في الجرائم و بالاخص جريمة قارنة.

اللجنة المركزية

للحزب الديمقراطي الكردستاني ــ ايران

سەرکردایەتی هێزەکانی پێشمەرگەی حدکا مێژووی ٩/١٣ ڕاگەیاندنی ژمارە یەکیان بلاۆکردەوە باسی ئەم چالاکیانە دەکات کە پێشمەرگە نەبەردەکانیان لە ڕۆژانی ٦ و ٨ و ٩ و ٩/١٢ لێدانی کوشندەیان ناراستەی ئەرتەش و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کردیە لە بۆکان، بانە، سەردەشت، ڕێگای سەردەشت مەهاباد و پیرانشەهر و دەسکەوتی باشیان وەدەست هانیوە.

ـ له شەوی٧/٨/٩/١٩٧٩ یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی عەسکەری هاوبەش « الهیئه العسکریه المشترکه » کە لە کۆبوونەوەی ٩/٤ بڕیاری لەسەر وەرگیرا بوو بە ئامادە بوونی نوێنەراتی هەر چوار حیزب پێکهێندرا. د. قاسملو لەگەڵ سێ ئەفسەر لە نوێنەرانی حدکا بەشداریان تێدا کرد. دەرسی باری ڕووداوەکانی ئەم دوایەیان کردبوو. بەتایبەت هێرش و شاڵاوی ئەرتەش و پاسداران بۆ ناوچەکانی کوردستان و داگیرکردنەوەی شاری سەردەشت. گەلێ بڕیار وەرگیرا لەمانە شەری پارتیزانی هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران بگرنەوە و بەرگریان لێبکرێت و لێدانی کوشندەی توند ئاراستەی پاسداران بکرێت. یەکێک لە بڕیارەکان ئەوە بوو بە ٥٠-٦٠ تفەنگ یارمەتی حشع بدرێ.
ـ بە ڕێککەوتی ١٣٥٨/٦/١٦ کە دەکاتە ١٩٧٩/٩/٧ مامۆستا شێخ عزالدین نامەیێکی ئاراستەی گشت گروپ و هێزەکانی کوردستانی ئێران کرد. داوای کردبوو نوێنەریان ڕۆژی ١٣٥٨/٦/١٨ لە بارەگای یەنک کۆبنەوە، گفتوگۆ و لێدوان لەسەر باری کوردستانی ئێران بکەن. بە مەبەستی یەکگرتن و خۆ ڕێکخستن دژ بە هێرشەکانی ئەرتەش و پاسداران. دوای دوو ڕۆژ زانـدرا ڕێکخراوی چریک و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان رازی نینە نوێنەری حیزبی تودە بە ناوی دیموکراتیەکانی ئێران خۆیان لەقەڵەم بدەن و دانیشتنیان لەگەڵدا ناکەن.

بەیانی ٩/٨ بۆ یەکەمجار سەردانی مامۆستا شێخ عزالدینم کرد، لە ژێر چادرێک نزیک بە کەپرەکانی ئێمە دەژیا. پیاوێکی ئایینی باڵابەرز لە تەمەنی ٦٠-٦٥ ساڵیدا دەبوو. ریشێکی ماش و برنجی پانی بەردابۆوە، جل و بەرگی مەلایەتی لەبەردا بوو بە دەنگێکی زۆر نزم قسەی دەکرد، گوێت نزیک نەکردبا نەت دەزانی دەڵێ چی مرۆڤ هەر

زوو هەستی دەکرد نیشتمانپەروەرێکی کوردی دڵسۆزە. ماوەیەکی باش لای مامەوە گەڵێ تاڵ و گۆڕی ڕاو بیرو بڕوامان لەگەڵ یەکتری کرد.

● لەم ڕۆژانەدا چەند ڕووداوێک، یەک دوای یەک ڕوویاندا وەکو:

١- لیژنەی مافی مرۆڤ لە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناڕەزایی زۆری دەربڕی دژ بەو هێرش و شاڵاوەی پاسدار و ئەرتەشی ئێرانی دەیکاتە سەر جەماوەری کوردستانی ئێران.

٢- یەکەم وەجبە چەک یارمەتی لە عێراقەوە بۆ حدکا گەیشتە ناوچەکە، بەشی زۆری تفەنگی پەڕەشووت بوو.

٣- دەفتەری سیاسی حدکا بنکەی خۆی هانیە تۆژەڵە ٣٠٠ مەتر لە ئێمە دوور و ٢٠٠ مەتر لە بنکەکانی ینک.

٤- ئەندام و هەوادارەکانی حزبی تودە کە لەترسی شاڵاوی ئێران ڕایان کردبوو کەڵ و پەلەکانی خۆیان هانیە ناو بنکەکانمان و تێکەڵی ئێمە بوون، بنکەی سەربەخۆیان هەڵگرت.

٥- ڕادیۆی تاران بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی پاسداران ٤٦ یاخی بووی کوردیان لە گوندی قارنە کوشتووە.

٦- دەنگوباس بڵاو بووەوە کە ڕژێمی عێراق نیازی هەیە ڕێگای ئوتومۆبیل لە قەڵادزە تا گوندی سونێ لەسەر سنووری عێراق و ئێران بکاتەوە. لە ڕۆژی ٩/١٠ لەگەڵ سێ ئەندامی سەرکردایەتی ینک دانیشتین باسی ئەوە کرا گەر ئەم ڕێگایە بکرێتەوە چەند مەترسی بۆ هەموو لایەک پەیدا دەکات؟ بڕیار وەرگیرا و نامەمان بۆ د. قاسملو نارد هەوڵبدات کارکردن بۆ کردنەوەی ئەم ڕێگایە ڕابگیرێت، دەنا چار نیە بە تۆپ لێیان ئەدرێ و بلدۆزەرەکانیان ئەشکێندرێ.

ـ نامەی هاوڕێ جوانڕۆ/مان گەیشتە دەستمانەوە تەکستیەتی:

هاوڕێیانی تێکۆشەر لە هـ

پاشی سەلاو...

شاری مەهابادمان چۆڵکرد. شەڕەکەمان سەرکەوتووانە نەبوو. سەبەب زۆرە. هەرەگرنگەکەی شەڕەکەمان بە پشتیوانی سەید سەلیم و جەلالی حاجی حوسێن کرد. لە ڕاستیدا هیچ دەورێکیان بە فعل نەگێڕا. یعنی تەنفیزی نەخشەکەیان نەکرد کە خۆیان تعهدیاندا... بەلام جماعەتی جەلال تالەبانی کاک قادر خەبات هەر لە شەرەکە ڕایان کرد. کشانەوەو تێک بەربوون، لە ئەنجامدا پێشمەرگە تەردیان کرد لە مەسئولەکەیان و گەڕانەوە. اعتذاریان بۆ ئێمە هێنایەوە کە وەزعیان وەهایە چوار شەهید و دوو ئەسیرمان داوە لە میللەتیش سێ کەس کوژراوە، لە دوژمن زیان لەو عەدەدە زیاترە. کشاینەوە، مەعنویات زۆر شکاوە لە ڕیزی دانیشتوان، هەروەها شکاوی مەعنویاتی چەکداران زۆر زۆرە، لە هیچ شوێنێک خۆیان ناگرنەوە، لە پێشی هەموویان مەسئولانی حزب جێگەی لۆمەن چونکە ئێمە هێشتا لە نزیک پادگان بە ٥ کیلۆمەتر دەژیاین، کەچی ژمارەکیان ماڵیان گەیاندە عێراق. مەلا ڕەسوڵ شەری ئیعلان کرد و دژی کرداری قیادەکەیان کەچی خۆشی ڕایکرد و ماڵی برد و دووری خستەوە.

ئەلان لە منطقەی « گوێچکەدەری » گوێزراوەتەوە ئەمشـەو بـۆ « کوڕان » لە « کاولان »یش لەسەر ڕێگا سیطرەمان هەیە و لە ئەنجامی گرتنی سەردەشت دیراسەمان کرد، بڕیارماندا کە شەڕ نەکەین لە ڕێگای

سەردەشت مەهاباد بەڵکو خۆمان لا بدەین بۆیە تەخشەمان بۆ کێشا و تنفیذیشمان کرد.

لەسەر بڕیاری لیژنە تنفیذیکە بە میان ڕاگەیان لەلایەن د.قاسملو و کاک مەلا رسول زۆر تێک چوو جنێوی‌دا، هەڕەشەی کرد کە قبوڵ ناکات و بە تفەنگ ئەو شخصە نا لائیقانە دەردەکات و سزایان دەدات. زۆر نارەحەت بوو لەوەی کە بۆچ ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی و مەسئولی کۆمیتەی نزامیە و فعالە و سێ شەهیدی داوە ناکرێت بە عضوی لیژنەکە کەچی هێندێ ئەفسەرانی وا......وا...... مەسئولیەتیان پێ ئەدرێ! زۆرمان هەوڵدا بۆ هێمن کردنەوەی خاصتە کە تحریکی مەلا سمایلی لەسەر بوو، هەوڵمان لەگەڵ سەرگورد عباسی و ئەوانیشدا هێشتا وەزعەکە هەرماوە. پێویستە بزانن کەمن زۆر زەروریە تماسێکم هەبێت لەگەڵتاندا

....

....

حەزم کرد یەک دوو برادەری باشم لەگەڵ بێت ئێوە عددێکتان بۆ ناردم پێنج کەسیان چەکدار کراوە، لە فعالیاتی مەفرەزەی تۆپی «١٠٥» زۆر ناجح بوون مەفرەزەی تۆپی «١٢٠» فاشل بوون. مەسئولەکەیان عادل زۆر سەرکەشی کرد. لە پاشا رشاشێکی ژ٣مان داوەتێ کە چوو بۆ شەڕەکە هەتا ئێستاکە گومە مصیری نازانین.

وەزع زۆر ناجۆر و نارەحەتە لەم ناوچانەدا. ئەتوانی بڵێیت تەنهام و مەسئولی هەموو هێزەکانم و سەرپەرشتی هەموویان ئەکەم. ئەگەر ابو شاخەوان یان یەکێکی‌تر بۆ رێکخستنی بێنیم «لاسلکی» لە ڕێگەی خۆتان یان بارەگای حدکا باخێرا بیگەیەنە لای من، ئەو هەموو کەرەستم بۆ بخاتە کارەوە، ئیش بکا زۆر عملیە و زۆریش زەروریە. محتاجی

هەوالآت و اتصالاتم لەگەڵتان. خاصتە وضعی تازە سفری صدام بۆ طهران و ایرانیەکان بۆ عێراق، خطری صلح کردنی هەردوو طرف هەیە، ئەمەش حسابێکی ئەوێت نازانم ڕاو بۆچوون چۆن ئەبێت.

ڕزگار و سید عمر هاتونەتەوە بێ ئەوەی پرس بەکەس بکەن و مخالفن، حوسێنە سوور ناردوومانە لەگەڵ هاوڕێ حیدر و فرج دا بریاردرا کە خێرا بگەڕێنەوە، بەلاّم نەگەڕاونەتەوە ئێستاکە زۆر مخالفە خاصە ئەمە تفەنگێکی برنۆی دراوەتێ لە لایەن خۆمەوە. بۆ حمایەی خۆم، کەچی دوورترین دەوری دی دوور لەو مەبەستەن.

ئیتر خۆشیتان

جوانرۆی ١٩٧٩/٩/١٤

● رۆژی ٩/١٢ مامۆستا شێخ عیزەدین و چەند ئەندامێکی م.س/ی ینک و سەرکردایەتی حسیک و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران و چوار کادر لە هاوڕێیانی تودە ژمارەیان گەیشتە ٢٠ میوانێک دەبوون لە بنکەی ئێمە کۆبوونەوە. سەرکردایەتی حدکا ئاگاداریان کردین ناتوانن بەشداری لەم میوانداریە بکەن بەهۆی سەرقاڵی و کاری زۆریان لە ڕاستیدا بڕوام بە بەڵگەکەیان نەبوو ئارەزوویان نەبوو لەگەڵ شێخ عزالدین و نوێنەرانی کۆمەڵەدا بەشداری بکەن. هەرچەند بەناو میوانداری بوو، بەلاّم بوو بە کۆبوونەوەیێکی سیاسی گەرم و گوڕ گەلێ مەسائیل باس کرا. هەر لەناو دانیشتنەکە ئێمەی نوێنەرانی حشع، ینک و حسیک لەسەر ئەوە ڕێکەوتین نامەیەک بۆ دەفتەری سیاسی حدکا بنێرین، داوایان لێبکرێت رۆژی ٩/١٥ کۆبوونەوەیێکی چوار قۆڵی لە زەڵێ

بکرێت، تەنها بۆ دەرسکردنی پەیوەندی نێوان حدکا و ڕژێمی عێراق.

ڕۆژی ۹/۱۳ هاوڕێ جوانرۆی گەیشتە لامان، هەر پێنج ئەندامەکەی هەندرێن لەگەڵی کۆبووینەوە. ڕاپۆرتێکی دوور و درێژی دەربارەی باری ئێران و گشت ڕووداوەکان کە بە خێرا تێدەپەڕی پێشکەش کردین، گوتی: « ۱۰ و ۱۱ ئەم مانگە کۆمیتەی مەرکەزی حدکا کۆبووەوە منیش لە دانیشتنەکان ئامادە بووم » ئەم خاڵانەی خوارەوە دەرسکران:

۱- حدکا و چەکدارەکانی تووشی شکست هاتوون، هێزی ئەمەش گەلێ زۆر بوو، لەمانە لاوازی ڕێکخراوی حیزب و پێشمەرگایەتی و هەڵوێستی لاوازی ئەم دۆستانەی هاتبوون یارمەتیمان بدەن. هەروەها دورکەوتنەوەی سەرکردەکان لە ناوچەکان و جەماوەرەکە.

۲- باری تازەی کوردستان و ئێران خراپە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بریار وەرگیرا کۆمیتەی نیزامی پێکهێنەری دوو ئەندامی ل.م لە کۆمیتەکە دوور خرانەوە، دوو تازە لە شوێنیان داندران. کەریمی حیسامی داندرا رۆڵی گرێ بەستنەوەی « حلقه الوصل »ی هەبێ لە نێوان هێزی تشکیلاتی پێشمەرگە و کۆمیتەی مەرکەزی و م.س. کاروباری پێشمەرگەکان بەم شێوەیە ڕێکخرایەوە:

أ - هێزی مەهاباد بەناوی هێزی پێشەوا ئامیر هێز سەرگورد عەباسی.

ب- هێزی خانە و لاجان ئامیر هێز سەید ڕەسوڵ بابەگەورە.

ج- هێزی سەردەشت مەلا حەسەن شێوەسەڵی.

د- هێزی سەقز و بۆکان ئامیر هێز فاروقی کەیخسرەو.

هـ- پێشمەرگەکانی ناوچەی پاوە و مەریوان لە هێزێکی تایبەت ڕێکبخرێن ئامیر هێز مەحمودی ئاشتیانی.

و- شکاکەکانی دەورروبەری سنارمامەدی لە ناوچەکانی ماکۆ هێزێکی تایبەتیان لێ ڕێکبخرێ.

٣- دەرسی باری پەیوەندی خۆیان بە عێراقەوە کرا. نوێنەریان بەردەوامە لە هاتوچۆکردن بۆ بەغدا. تا ئیمرۆکە ژمارەی هەزارتفەنگی پەرەشوت و چەند رشاشێکیان پێگەیشتووە. بڕیارە لەم رۆژانە هەزار کلاشینکۆف، برنۆ و پەرەشوت بە دەستیان بگات. د.قاسملو و غەنی بلوریان مەترسیان دەربڕی بەرامبەر بە هاوکاری لەگەڵ رژێمی عێراق.

٤- رەخنەی زۆریان هەیە لەسەر یەنک، حسیک و پارت، چونکە ئەمانە هەر خەریکی ئەوەنە دەستکەوت پەیدا کەن و بۆلای خۆیانی ڕابکێشن. بڕیاریان وەرگرت کۆمیتە چوار قۆلیەکەی لە کۆبونەوەی ٩/٤ بڕیاری لەسەر وەرگیرا بوو ڕایبگرن و کاری پێنەکەن! ئارەزوویان هەیە پەیوەندی لەگەڵ حشع بەهێزتر بێت بەمەرجێک گەلێ بەنەهێنی بێ. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا د.قاسملو ئاگاداری کۆمیتەی کرد بەم زووانە دەچێتە بەغدا چاوی بە کاربەدەستانی عێراق دەکەوێ، ئەندامێکی دەفتەری سیاسیشی دەچێتە وڵاتانی سۆشیالیستی بە تایبەت سۆڤیەت. بۆ رۆژی دوایی د.قاسملو دانیشتنێکی تایبەتی لەگەڵدا کردم. داوای کرد بچمە ماکۆ هەموو پێشمەرگە و لایەنگرەکانی حدکا رێک بخەم و بکەونە چالاکی و جەنگی پارتیزانی تەقەلاش بدرێ بگەنە سەر ئاوی « ئاراس » سنوری ئێران و شورەوی. هەروەها بڕیار وەرگیرا ١٠٠ پارچە چەک بدرێ بە حشع و یەنک. هەندرێن هێندێ رەخنە و تێبینی و ئامۆژگاری هەبوو لەسەر هێندێ ڕووداو.

● له سەعاتی یەک و نیوی رۆژی ٩/١٥ نوێنەرانی هەر چوار حیزب لە «زەلێ» لای هاوڕێیانی لقی پشدەر کۆبوونەوە، نوێنەرەکان ئەمانە بوون

حدکا : د. قاسملو، ئەمیری قازی، عەزیزی ماملێ.
ینک : جەلال تاڵەبانی، فازل عەبدولکەریم، عەلی حەویز.
حسیک : رەسوڵ مامەند، د. مەحمود، تاهیر عەلی والی.
حشع : یوسف حنا، توما توماس، فاتح رسوڵ.

یوسف بەخێرهاتنی گەرمی نوێنەرەکانی کرد و گوتی «ماوەیەک پێش ئێستا بریارمان وەرگرت زوو زوو کۆبونەوە پێکرا بکەین و لە هەموو ڕوێکەوە وەزعەکانمان دەرس بکەین، هێزەکانی عێراقی باشتر لە برادەرانی حدکا رژێمی عێراق دەناسین، دەنگوباس لە ناوەوەی عێراق گەیشتووە، کە رژێم بریاری هەیە جاش کۆکاتەوە تا بینێرن بۆ دیوی کوردستانی ئێران یارمەتی حدکا بدەن. گشت ئەم کۆنەپەرست و سەرۆک عەشیرەتانەی دەست نیشان کراون دوژمنی هەموو لایەکمانن، دوژمنی نەتەوەی خۆیانن، نۆکەری بەکرێگیراو دەبن تەنها بۆ بەرژەوەندی رژێمی بەعس رەفتار دەکەن. حدکا لایەنگر و هەوادار و کەسانی لێهاتووی یەکجار زۆری هەیە چک هەڵگرن و شەڕی پارتیزانی بۆ بکەن، زانیومانە ژمارەیێکی زۆر لە خێزانی برا کوردەکانی ئێران رایان کردووە بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق، سازمانی مخابەراتی عێراق و جاسوسەکان ئرکو هوریان لەناوڕدا دەکەن. ئێمەی هێزەکانی عێراقی مەترسیمان هەیە بەرامبەر دوا رۆژی ئەم ڕووداوانە!! لە هەموو دانیشتنەکانمان، دوو قۆڵی و سێ قۆڵی و چوار قۆڵیەکان باسی ئەوە کراوە لەسەر هەموو لایەکمان

پێویستە بێ ووچان تەقەلا بدەین سوود لە جەماوەری خۆمان وەربگرین، پەیوەندی و پشت بەستن بە ئەوەوە بێت. نەک کۆنە پەرست و دەرەبەگی هەردوو دیو لەژێر پەردەی کوردایەتی و دوژمنایەتی رژێمی خومەینی کۆ بکرێتەوە. هێزەکانی کوردستانی عێراق خۆمان بە بەشێک لەگەڵ حدکا و جولاَنەوەکانی ئەتەوەیان دا دەبینێ تکا لە د. قاسملو دەکەم روونکردنەوەیەکمان دەربارەی ئەم قسە و قسەلۆکانەی بلاَوبوونەتەوە بداتێ. هەتا دەنگ هەیە سوپای عێراقی نیازی هەیە بێتە گوندی سونێ و شێنێ. ئەم کارەش گەر راست بێ و سەربگرێ دەرگا گرتنە لە پێش هەموو لایەکمان.

جەلال تاڵەبانی:

یەک بە تەواوی لەگەڵ ئەم قسانە دایە کە هاورێ یوسف پێشکەشی کرد.

تاهیر عەلی والی:

زانیومانە چوار سەرۆک عەشیرەتی جاف لە لایەن کاربەدەستانی عێراق بانگ کراون بۆ ئەوەی چەک هەڵبگرن و بچنە دیوی ئێران یارمەتی حدکا بدەن، هەر چوار سەرۆکەکەش سەر بە سەردار جافن.

د. مەحمود:

لە کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی مەترسی خۆمان خستە رووی د. قاسملو، یارمەتی دانی رژێمی عێراق بەم شێوەیە مەترسی گەورە بۆسەر هەموومان پەیدا دەکات.

رەسول مامەند:

ئێمە هەر سێ حیزبەکەی عێراقی لە بارەگای هاورێیانی شیوعی باسی ئەم بارە ناهەموارانەمان کردو واشمان پەسند کرد بە چوار

قزلیش ئەوە دەهێنێ لێدوانی لەسەر بکرێتەوە.
د. قاسملو:
حدکا لەگەڵ کردنەوەی ڕێگای سونێ و هاتینی جاشدا نیە. پێش چەند ڕۆژێک لەگەڵ ئێوە دانیشتین، باسی هەموو شتێکمان بۆ کردن ئێوە بە دۆستی نزیکی خۆمان دەزانین بۆیە هەرچی لامان هەبێ بۆتانی هەڵدەرێژین، کەچی لە ئێوە لایەن هەیە پەیوەندیان بە وڵاتانی دەرەوەیە هەتا پرسیشیان نەکردووە ئەم پەیوەندیە چۆنە و بۆ چ لایەک دەڕوا. حدکا پەیوەندی لە کۆنەوە بە عێراق هەبووە، بەم دوایە ئەوان داوای نوێکردنەوەی دەکەن. باش دەزانین مەبەستی عێراق چیە لەم پەیوەندیە. لێتان ناشارینەوە دەمانەوێ بۆ ماوەیکی دیار کراو یارمەتیان لێوەر بگرین. هاوڕێیانی حشع ئاگاداریان کردین بلدۆزەر هاتووە ڕێگای سونێ بکاتەوە. خۆم چووم بۆ شوێنەکە ڕاست دەرنەچوو بە هیچ شێوەیەک یارمەتی عەلی حەسەناغای مەنگوڕ قبوڵ ناکەین. توانای ئەوەمان هەیە بۆ ماوەی ۱۰ ساڵ شەڕی پارتیزانی بکەین بەڵام پێویستمان بە پشتگرتن و کۆمەکی هێزەکانی کوردستانی و عێراقی هەیە. دەمانەوێ بزانین نەخشەی ڕژێمی عێراق بۆ کوێ دەڕوا، هەرکاتێک زانیمان لە سنور دەرچو ماوەی نادەین، کارێک ناکەین زەرەر بگەڕێتەوە سەر بەرژەوەندی گەلی کوردی عێراق، هەتا گەر دونیامان هەموو بۆ بکات بە ئاڵتون. زۆربەی ئەم خێزان و ڕاکردووانەی چونەتە عێراق هەڤاڵان و لایەنگرانی ئێمە نین، ڕێگامان گرتووە، ناهێڵین چیتر کەس دەرچێت. ئەمەی زانیومانە هەزار ماڵێک زۆربەیان دانیشتوانی مەریوان و باوەن ڕایان کردووە بۆ عێراق، لاوەکانمان

هەموو گلداونەتەوە. ئاگاداری هەموو ڕێکخراو و برادەراتی خۆمان کردووە بە درێژایی سنوور هیچ یارمەتییەک وەرنەگرن بریاری دەفتەری سیاسی لەبەر نەبێ. دەربارەی مەشق کردن بە پێشمەرگەکانی خۆمان ئێمە حیزبێکی سیاسی سەربەخۆینە مافی ئەوەمان هەیە هەڤالاتمان بنێرینە لای دۆستەکانمان مەشقیان لەسەر بەکارهێنانی چەکی قورس و سووک پێ بکەن. هەمیشە حدکا بۆ چوون و ڕوانگەی خۆی دەخاتە پێش ئێوە. ئەم یارمەتیانەی گەیشتوون زۆر کەمە پێویستمان بە دۆشکا، موشەک،RPG، نارنجۆک، بێسیم، دەرمان...هتد هەیە. لە خۆ ئامادە کردن داین بە کۆمەک و پشتگرتنی جەماوەری گەلی کوردی ئێران خەباتی چەکداری خۆمان تا سەرکەوتن بەرپا دەکەین. بە هەموو دڵسۆزی و نیاز پاکی هاوکاری لەگەڵ ئێوە دەکەین، ئەمەش کارێکی کەم نیە بە گوێرەی حکومەتی بەغدا. هەرکاتێک پرسیارمان لێ بکەن پەیوەندیتان هەیە بە سێ هێزە چەکداریەکانی کوردستانی عێراق لە وەڵامدانەوە دەڵێین پەلێ هەمانە. وادیارە گەلێ مەعلوماتی نهێنی و تایبەتی بە ئێوە دەگات، ئێمە هیچی لێ نازانین و پێمان ناگات. ئەوە ئەو مانایە دەدات ڕژێمی عێراق گەلێ بە سڵ کردنــــەوە « تحفظ » دۆستایەتی لەگەڵ حدکا دەکات. دەگەڕێمەوە سەر ئەو باسانەی لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٩/٤ باسمان کرد، بەڕای ئێمە ئەم هەنگاوەی بەم دواییە ڕژێمی عێراق کە گیراوە سیاسیەکانی بەردا هەنگاوێکی باش و بەسوودە، هیواداریین سودی لێ وەربگیرێ بە ڕاشکاوی ڕای خۆمان لاتان دەربڕیوە، گوتومانە و دەڵێین یەکەم وڵات هەبێ یارمەتی گەلی کورد بدات، گەر بیەوێ یەکێتی

سۆڤیەتە، گەر ئەمەش وەدەست بهێندرێ پارمەتیدانە بۆ هەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتوخوازەکان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو کاتەی لە بەغدا دەژیاین، بەعسیەکان زۆر داوایان لێمان دەکرد هێرش بەرینە سەر شۆرشی ئەیلولی کورد و خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی بەناوی ئەوەی کە ستارئاغای مەمەدی شکاکی گرتوە و چەندان کادریشمان کوژران. بە هیچ شێوەیەک ئەوەمان قبوڵ نەکرد هەتا گەیشتینە ئەوەی ئێستگەکەشیان لێ ستاندینەوە....

جەلال تاڵەبانی:

گوشاد بووم بەم روون کردنەوانەی د. قاسملو ئێشانیدا ئێمەش زانیومانە رژێمی عێراق دەیەها کەسی بانگ کردووە بۆ بەغدا کە چک و پارە وەربگرن بچن یارمەتی حدکا بدەن، هەتا یەکێک لەوانە برای منە، بەرای من ئەم کارانە خزمەتی حدکا ناکەن. بە پێچەوانە تەقەلادانە بۆ کڕینی ژمارەیکی زۆر لە هەموو نارچەکانی کوردستان. ئەم گفتوگۆیانەمان سودی زۆرە و خزمەتی هەموو لایەکمان دەکات. دو تێبینی تایبەتیم هەیە:

١- ئەم دانیشتنە بۆ بەرژەوەندی هەموو هێزەکانی کوردستان و نەتەوەی کوردە نەک تەنها بۆ لایەک.

٢- حکومەتی عێراق بەنیازی ئەوە کار دەکات هەموومان راکێشێت دژی رژێمی تازەی ئێران بوەستین.

د. قاسملو:

هەر ئێمە باسی پەیوەندیەکانی خۆمان دەکەین هێزەکانی عێراقی بەیوەندیان بە زۆر لا هەیە هەر ئاماژەی بۆ ناکەن.

جەلال تالەبانی:

بەرای من ئەم بۆ چوون و رایەی د. قاسملو لە شوێنی خۆی نیە! ئێمە هەمورومان لە کوردستانی عێراق خۆ بە بەشێک لە کوردستانی ئێران دەزانین حدکا مافی ئەوەی هەیە داوامان لێ بکا بزانێ پەیوەندی ئێمە بە ئێرانەوە چیە؟ بەڵام مافی ئەوەیان نیە داوامان لێبکەن بزانن پەیوەندیان بە سوریا و لیبیا و سۆڤیەتەوە چیە؟ لە خودی مافی خۆمانە بزانین پەیوەندیان تا چ سنوورێکە لەگەڵ عێراق ئەوانیش هی ئێمە بزانن لەگەڵ ئێران. لەم رۆژانە مەلا محمەدی دەڵگەیی مامۆستایی مزگەوتی گەورەی قەڵادزێ نامەی بۆ ناردووم داوا دەکات هودنە لەگەڵ حکومەتی عێراق بکەین و بکەوینە گفتوگۆ. وەرامم بۆ نوسیەوە با عێراق پارمەتی فەلەستینیەکان و کوردی عێراق بدات، پێنک پەیوەندی تایبەتی هەیە لەگەڵ کۆبونەوەی نیشتمانی عێراقی « التجمع الوطني العراقي » و حزبی شیوعی بەم دوایەش لەگەڵ سەرکردایەتی حسیک رێککەوتینەوە. بڕیارمان هەیە لەو ماوەیەدا حشع، حسیک و پنک کۆبونەوەیەک بکەین، هەڵوێست و هەنگاوەکانی داهاتوومان رێکبخەین بەرامبەر بە گشت ئەو ئیحتیمالاتانەی بەرەو روومان دەبێتەوە! هێزەکانی کوردستانی عێراق بە کردەوە نیشانیان داوە لەگەڵ حدکادانە لە کۆڕی خەباتکردن و تەقەلاکانیدا.

ئەمیری قازی:

ئاشکرایە ناکۆکی هەیە لە نێوان رژێمی عێراق و ئێران، ئێمە حەز دەکەین هێزە کوردستانیەکانی عێراقی سود لەم ناکۆکیانە وەربگرن بۆ بەرزەوەندی جولانەوەی ئازادیخوازی نەتەوەي کوردمان.

د. قاسملو:

بەرای من رژێمی ئاخوندەکانی ئێران هیچ کۆمەکێک بە ێنک ناکات گەر دژی کوردی ئێران نەوەستێت و کاری بۆ نەکات.

د. مەحموود:

روونکردنەوەکانی د. قاسملو گەلێ بەسوودە مەترسی لە گشت ئەو رووداوانەی باسکرا بەدی دەکرێ ئەوە دەهێنێ بە بەردەوامی دەرسی بکەین و گفتوگۆیان لەسەر بکرێت. جولانەوەی شۆرشگێری لە کوردستانی عێراق تووشی قورسترین تێکشکان و گیروگرفت هاتووە لە ئەنجامی کەم و کورتیەکانی ناوخۆ و بەرژەوەندی و هەڵوێستەکانی لەگەڵ ئەملاو ئەولا.

تکام ئەوەیە برادەرانی حدکا راو تێبینی و مەترسیەکانی دەیانخەینە روو وای وەرنەگرن کۆسپیان بۆ دروست دەکەین بەرای من زرووفی بەرپاکردنی شەری پارتیزانی لە کوردستانی ئێران پێ‌نەگەیشتووە رژێمی ئیمام خومەینی سەپاندی بەسەر کوردەکانی ئێران. حدکا چەندە هاوکاری و پەیوەندی خۆی بە رژێمی عێراق کەمکاتەوە بۆ دوا رۆژی جولانەوە پیرۆزەکەی کوردی ئێران پرسوودترە. شۆرشی ئەیلولی کوردستانی عێراق لەسەرەتادا زۆر بە کەمی یارمەتی لە شا وەردەگرت. کەچی وەختێک بیندرا هەموو گیان و توانای شۆرشەکە کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی حکومەتی شا. لەبەر چاوی هەمووومان دایە ئەنجامەکەی بەچی گەیشت، لە دوای رێککەوتنی ١٩٧٥/٣/٦ی جەزائیر لە نێوان سدام و شای ئێران.

لە عێراق باری هەنکە جیاوازی هەیە لەگە پێشوودا. جولانەوەی چەکداری و شۆرشی سەر لەنوێ سەری هەڵداوەتەوە. رژێمی بەعسی

عێراق نەخشە دەکێشێ و پیلان دادەنێ لەژێر پەردەی یارمەتیدانی شۆڕشی کوردستانی ئێران، ئەم جارەش شۆڕشی کوردستانی عێراق پوچەڵ کات و لەناوی بەرێت. چەندەی پەیوەندی نێوان هەموو هێزەکانمان لە هەردوو دیوی کوردستان بەهێزتر کەین زیاتر بەرژەوەندی دوا ڕۆژی نەتەوەکەمانی تێدا بەدی دەکرێت.

ڕژێمی عێراق پروپاگاندە بلاوەکاتەوە، هێزە چەکداریەکانی کوردستانی عێراق رێگا دەگرن یارمەتی بزوتنەوە و راپەڕینی کوردستانی ئێران بدرێت. لە لایەن کوردی عێراق پرسیاری زۆرمان دەربارەی ئەم دەنگوباس و رووداوانە لێدەکرێت. بۆیە کا چەندە هەر چوار هێز بە قولی دەرسی هەموو ڕوو داوو هەنگاوەکانمان بکەین ئەوەندە لە ناخی بەرژەوەندیمانداییە بۆ ئەوەی جارێکی تریش نەتەوەی کوردمان دووچاری کارەسات نەبێتەوە. بەڕای من وەستانی بێ لایەن « محایدـ » نیـە لە نێوان گەلی کوردستانی ئێران و هێرش و تیرۆری ڕژێمی خومەینی بۆ سەریان. مەترسی گەورە لەوەدا دەبینم لایەک یارمەتی لە عێراق وەرگرێ و لایەکی تریش لە ئێران. گەر بتوانین دەرگای‌تر بدۆزینەوە بۆ کۆمەک وەرگرتن، چارەیەکیش بۆ برا کوردەکانی ئێران بدۆزینەوە بۆ هەردوو لامان سەرکەوتنی تێدایە.

وا دەبینم سوریا و جولاَنەوەی ئازایخوازی فەلەستین « فتح » دەتوانن لەم ڕووەوە یارمەتیمان بدەن. بەهیچ شێوەیەک ڕاستی تێدا بەدی ناکرێت حدکا ئەندام و لایەنگرانی بنێرێتە عێراق بەناو مەشق پێکردن لەسەر بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێک قورس یا سووک.

ڕژێمی عێراق ڕژێمێکی دەوڵەمەندی شۆڤێنیزمە، هەوڵی کڕینیان دەدات. بە گەرمی هانی کوردەکانی ئێران دەدات دژی حکومەتی

ئیسلامی ئێران کاربکەن بە پێچەوانە قورسترین ئازار و ئەشکەنجە ئاراستەی ئێمە دەکات بۆ لەناوبردن و سەر پێ شۆڕکردنمان.

جەلال تالەبانی:

ئایە حدکا لەگەڵ ئەوە دایە هەوڵ بدرێت سوریا و یاسر عرفات، تەقەلا بدەن بە ڕێگای ئاشتیانە چارەی مەسەلەی کوردی ئێران بکرێت؟

د. قاسملو:

ئێمە بە گفتگۆکردن رازین، بەلام ئیمام خومەینی سەرکەش و کەللە ڕەقە ماوە نادات، لە شەری « دووناوان » زیاتر لە ١٠٠ پاسدار کوژرا. بێزاریان گەیشتە سنورێک هاوار کەن و لە شەر کردنی کوردەکان ڕاکەن، نارەزایی گەیشتۆتە ئەو پلەیە ئێرانیەکان دەڵێن خودموختاری دەدەین بە کوردەکان بەبێ حدکا، هەتا لەگەڵ ئەم ڕایەش داینە.

پێشی هێرشمان بکەنە سەر و شەرهەڵگیرسێت چووین بۆ لای ئیمان خومەینی، داوامان کرد گیروگرفتەکان بە ئاشتیانە چارە بکرێن، باری هێمنی و ئارامی لە هەموو ناوچەکانی بگەرێتەوە دۆخی جارانی، تەقەلاکانمان گشتی بێ سوود بوو، دەرکەوت سەرکردایەتی ڕژێم نەخشەو پیلانیان کێشا بوو شەر لە خاکی کوردستانی ئێران هەڵبگیرسێنن. لەسەرەتادا وەزارەتی بەرگری و مستەفا شەمیران و ئەحمەدی مفتی زادە دەستی بالأیان هەبوو لەم هێرشانەی کرانە سەر ناوچەکان بە تایبەتی بۆ سەر پاوە.

حدکا لەگەڵ دۆزینەوەی چارەکردنی ئاشتیانە دایە، ئامادەین لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران بکەوینە گفتوگۆ کردن بە کەمترین داواکردن

رازی دەبین کە بریتینە لەم داوایانە:

١- ئەمنیەتی ناوچەی کوردستانی ئێران بە دەستی کوردەکان بێ، واتا پۆلیس و موچە خۆرەکان کورد بن.

٢- خوێندن لە قوتابخانەکان بە زوبانی کوردی بێت.

٣- ماوە بە حدکا بدرێ کاروباری حیزبایەتی و سیاسی خۆی بە ئاشکرا بەرێوە بەرێ.

٤- ئەرتەشی ئێران لە سنوورەکاندا هەبن، بە مەرجێک دەست نەخەنە ناوکاروباری ناوچەکانی کوردستانی ئێران.

ئەمانە داواکانی ئێمەن ئامادەین نوێنەری خۆمان بنێرینە لای یاسر عرفات داواکانمان پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی بیگەیێنێ بە ئێرانیەکان.

جەلال تاڵەبانی:

لەم رۆژانە برادەرێک ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعسی هەرێمی عێراق دەگەرێتەوە سوریا نامە دەنووسم بۆ سەرۆک « حافظ الاسد » و یاسر عرفات.

قاسم :

پێویستە ئەم راستیانە لە یاد نەکەین کە دەبێ پێش هەموو هەنگاوێکمان هاوکاری و هاریکاری کردن لەگەڵ یەکتر لە نێوخۆمان پتەو کەین. وا بکەین هەمیشە هەنگاوو هەڵوێستە سەرەکیەکانمان تێک بکاتەوە بایەخی باش بە رێکخراوەکانی حیزبی و تشکیلاتی پارتیزانی بدرێت. چالاکی و گورج و گۆڵیەکانیان زیاتر پەرە بستێنێ. بەتەک ئەم هەنگاوانەمان واز لە دۆزینەوەی چارەی ئاشتیانە بۆ گیروگرفتەکان نەهێنین.

جەلال تاڵەبانی:

ئەو پێشمەرگانەی دەیاننێرینە لای برادەرانی حدکا بۆ یارمەتیدانیان سکاڵای زۆریان هەیە بۆ نموونە دەڵێن پێویستی کەم و کورتیەکانمان چارە ناکەن، هەتا خواردنمان کەم دەدەنێ.

د.مەحموود :

پێشمەرگەکانی ئێمەیش هەمان سکاڵایان هەیە.

د. قاسملو :

ئەمە قسەی پێشمەرگەکانی ئێوەیە، هی ئێمەش نارەزای زۆریان هەیە لە کردەوە و جوڵانەوەی رۆژانەی پێشمەرگەکانی ئێوە.

جەلال تاڵەبانی:

ماوە هەیە پێشمەرگەکانی خۆمان کە ئێستا لە نزیک سەردەشت دەژین بیانگێڕینە بنکەکانی خۆمان؟

د. قاسملو :

پرسیار لە ئەمیری قازی دەکات. ئەتوانن بیانگێڕنەوە یان نا؟

ئەمیر :

بەڵێ با بگەڕێنەوە.

د. قاسملو :

زانیومە کە بەعسی هەنە لەلای یەک و شێخ مالیک لای حسێک، مەترسی ئەوە نیە ئەوانە گفتوگۆیەکانی ئێمە و بزووتنەکانمان بگەیەنن بە رژێمی عێراق و ئێران؟

شتی سەرەکی و گرنگ هەیە لەگەڵیان باس دەکەین، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە لایەنەکانی ترەوە هەبێ باس ناکرێت.

د. مەحمود :

بە گشتی کەمێک قسە بۆ هەڤالآنی خۆمان دەکەین، بەس بۆ شێخ مالیک هیچ باس ناکرێ.

جەلالتالەبانی :

زانیومە شێخ مالیک لە شاری قم نێردراوە بەرای ئێمە بنێردرێتەوە ئێران باشترە.

د. مەحمود :

لەگەڵ رێای مام جەلال دامە دەبنێرینەوە. خاڵێکی تر هەیە دەمەوێ باسی بکەم. گروپێکی بچووک هەیە پیان دەگوترێ پارتی سۆشیالیستی کورد ــ پاسۆک دەیانەوێ هاوکاری لەگەڵ هەموولایەکدا بکەن و لەم جۆرە کۆبوونەوانە بەشداری بکەن. بریاریان هەیە سەردانی هەموو لایەکان بدەن و بیانبینن. پێشنیار دەکەم داواکەیان جێبەجێ بکرێت .

فائق :

لە هاوڕێیان و لایەنگرانی خۆمان زانیوە گروپێکی بچووکن، تەنها لە پارێزگای سولێمانی هەنە، دۆستایەتی و پەیوەندیان لەگەڵدا پتەو کەین هەنگاوێکی ڕاست و ڕەوایە. لەگەڵ ئەوەدا نیمە کتوپڕ بێنە دانیشتنەکانمان، بە پێچەوانە لەم کاتە ناسکە فرەوان کردنی کۆمیتەکە بەرژەوەندی تێدا نیە نهێنییەکان ناپارێزرێن. لەگەڵ ئەوەش کۆبوونەوەی دوو قۆڵی لەگەڵیاندا بەسوودە. ئێمە ئامادەینە بیان بینین.

ئەمیری قازی :

لە هەرسێ هێزداوا دەکەم ناوو نیشانی رێکخراوەکانیان و هاوڕێیان

لە دەرەوە پێ بدەن، بۆ ئەوەی بڵاوکراوەکانی خۆمانیان بۆ بنێرین.
هەر یەکسەر لەناو دانیشتنەکە چەند ناوو نیشان و ژمارەی تەلەفۆنی پێدرا.

باری ناوچەکە بە درێژایی هەموو دۆڵەکە لە گوندی بنوخلیف و کانی زەرد تا گۆزەشێر و پاسکاوێ، شڵەژا بوو ئاسودەی پێوە نەمابوو ئەمجارەیان هێلیکۆپتەرەکانی ئێران زوو زوو دۆڵەکەیان بە رشاش دەرشاند.

● کۆمیتەی سەرکردایەتی حزبمان لە شاخ لەم بارەدا دەژیاین، لە ناوەراستی مانگی ئەیلول هاورێیەکی م.س حیزبمان گەیشتە لامان.

هەندرێن دەستی بە کۆبوونەوە کرد. هاورێکە رپۆرتاژێکی دوور و درێژی دەربارەی رووداوەکان و ئەم گۆراتە قولانەی بەسەر عێراقدا هات لەم ساڵە پێشکەشی کرد هەوەها باسی ئەم هەڵە زل زلانە و کەم و کورتیانەی کرد کە حیزبی تێکەوت. وای نیشاندا کە م.س دەستی لەسەر داناوە، نەک جەماوەر و رێکخراوەکانی حزبیمان پێش سەرکردایەتی حیزب هەموو هەڵەکان و لادانی دەست نیشان کردبوو ئێمەش بە راشکاوی راوو بۆ چوون و رەخنەکانی خۆمان نیشاندا هەمووی کرا بە مەحزەرێک بۆ م.س بەرز کرایەوە

دانیشتن لەگەڵ
پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆک

بۆیەکەمجار رۆژی ٩/١٨ دانیشتنێکی دوو قۆڵی بەسترا لە نێوان حشع و پاسۆک.

نوێنەرانی پاسۆک:

جەلال حاجی حسێن، ملازم محەمەد شەوقی، ملازم شوان محەمەد، ملازم مەنسور عەبدولکەریم، فەرهاد سەدیق.

حشع:

یوسف، فاتح.

هاوڕێ یوسف بە ناوی حیزب بەخێرهاتنی گەرم و گوڕی کردن و رێزی لێنان.

جەلال حاجی حسێن:

گوشادم بەم کۆبونەوەیە کە یەکەمجار لەگەڵ هاوڕێیانی حشع دادەنیشین. ئێمە وەکو هەموو هێزێکی نیشتمانپەروەر باش هەست

بەوە دەکەین باری ولأت ئالۆز و تێکچووە. شالأوی تیرۆری رژێمی عێراق، هەموو لایەکی گرتووە، ئەوە کردیە پێویست لەسەر هەموو هێز و نیشتمانپەروەرانی دلسۆز خەباتی بێ ووچان بکەن بۆ چارەکردنی و گۆرانی بارەکە بۆ بارەکی‌تر. دەمانەوێ دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هەموو هێزە کوردستانیەکانی عێراق بکەین، هەمووشیان بە دۆستی خۆمان دەزانین.

یوسف:

پێخۆشحاڵین بەسەردانتان، دوێنێ جەلال تالەبانی ئاگاداری کردین کە ئێوە دێنە سەردانمان، بەخێربێن. لە کۆنەوە حیزبی ئێمە لە ناوەوە و دەرەوە ناسراوە. رێبازی سیاسی و پرۆگرامان بە فرەوانی بلأوکراوەتەوە. ئارەزوو مەبەستمان هەموو هێز و لایەنەکانی‌تری نیشتمانیی و نەتەوەیی باش بە قوڵی لە سیاسەت و رێباز و هەڵوێستەکانمان بگەن. چەندە هێزەکانی نیشتمانی شارەزایی یەکتریان هەبێ، ئەوەندە باشتر دەتوانین هاوکاری و هاریکاری لەگەڵ یەکتردا بکەین.

حشع بەرەی نیشتمانی لەگەڵ حزبی بەعسی دەسەلأتداری عیراق پێکهانی، بە دڵسۆزانە هەموو التزام و ئەرکەکانی دەباراست، کەچی بەعسیەکان بەوە رازی نەبوون کە حزبمان سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی و فیکری و کاری حزبایەتی خۆی بپارێزن. گوێیان بە هیچ نەدا، بەرەکەیان تێک و پێکدا کەوتنە لێدانمان بە مەبەستی تەفر و تونا کردنمان.

روومان کردە بەر خەباتی چەکداری، پرۆژەی پرۆگرامی بەرەی نیشتمانی دیموکراسیمان دابەشکردیە بەسەر هەموو حیزب و گروپەکانی

عیراقی و کوردستانی. تیدەکۆشین و خەباتی بێوچان دەکەین بۆ لەناوبردنی رژێمی دیکتاتۆری عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیتلافی دیموکراسی لە شوێنیدا. پەیوەندیمان لەگەڵ هێزە پێشکەوتوخوازەکانی کوردستانی/عیراقی، رۆژهەلاتی ناوەراست و ولاتانی سۆشیالیست بە هێزە. هەمیشە ئامادەییمان دەربریوە بە پێی توانا یارمەتی حدکا بدەین، بۆئەوەی سەرکەوێت و بگات بە ئاواتەکانی، پەیوەندی ئەوان بە رژێمی عێراق مەترسی پەیدا دەکات لەسەر جولاُنەوەی گەلی کوردمان لە ئێران و عێراق.

سەرکردایەتی کاتی پارت بەم دوایە توشی کێشەی ناوخۆ و گیروگرفتی گەورە هاتووە، بەخێرایی بۆ ئەوە دەرۆن ببن بە دوو کەرت، کەرتی سامی و بەشی لایەنگرانی کورانی خوالیخۆشبوو مەلا مستەفا. زانیومانە ئێوە پاشماوەی «کاژیکن» مەبەستمانە دەربارەتان شتێک بزانین، هەنگە پرۆگرام و ئامانجەکانی نەزیک و دووری پاسۆک چیە؟.

فاتح:

بە کورتی باسی ئەو کۆبوونەوە چوار قۆلیەی بۆ گێرانەوە، کە لە رۆژی ۹/۱۵ بەسترا لە نێوان سێ حزبەکەی عیراقی و حدکا،

جەلال حاجی حوسێن:

دوای تێکشکانی شۆرشی ئەیلولی کورد، نەتەوەکەمان دوچاری ناخۆشترین ژیانی پڕ ئازار و ئەزیەت و دەردەسەر هات، هەموو نەتەوەکەمان و هێزەکانی سیاسی توشی شپرزەیی بوون ئێمە کاژیکەکانی کۆن زۆربەمان گەراینەوە شارەکان. بەزەقی دەماندیت ژیانی نەتەوەکەمان لە هەموو روێکەوە رۆژ دوای رۆژ بەرەو ناخۆشتری

دەڕوات. بەعسیەکان نەخشەی ئەوەیان هەیە پەرت و بلاوی بە گەلی کوردمان بکەن، ڕووی جوگرافیای کوردستان بگۆڕن، گەلی لە ناوچەکان بکەن بە عەرەب نشین. لەگەڵ ژمارەیەک کەسانی نیشتمانپەروەر و دۆست و ناسیاوی کۆنی یەکتر کەوتینە گفتوگۆ و دەرسکردنی بارە ناهەموارەکان، لە ئەنجامدا گەیشتینە سەر ئەو بڕوایە لە ۱۹۷٥/۹/۱۱دا « پارتی سۆسیالیستی کورد » دابمەزرێنین.

زۆری نەخایاند لەسەردەمی شەهید « ئارام » سکرتێری کۆمەڵەی مارکسی ـ لینینی کوردستانی عێراق، سەرەتای ۱۹۷٦ کەوتینە گفتوگۆکردن بە نیازی دانانی پرۆگرامی هاوبەش و هاریکاریکردن. هەردوو لامان لە بڕوا و قەناعەتی تەواو دا بووین کە پێویستە دروشمی سەرەکیمان تێکشکان و ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراق و خزمەتکردنی نەتەوەی کورد بێ لە هەموو بەشەکانیدا. لەسەرەتای کارەکانماندا بووین، برادەرێکمان کەوتە دەست دام و دەستگای ئەمنی عێراق دانی بە هەموو شتێکەوە نا، نهێنیەکانی دا بە دوژمن، ناوی زۆربەی ئێمە کەوتە دەست دوژمن! ناچار بووین رابکەینە ناوچە شاخاویەکان. هەر زوو بینیمان پەیوەندی نێوان هێزەکانی دەستیان داوەتەوە چەک گەلێ ناجۆرە، تەبایی لە نێوانیاندا نیە، شەڕە کۆنەکەی جەلالی و مەلایی لە گۆڕدا ماوە. خۆمان بە لایەنگری هیچ لایەکیان نەکرد. لە ماوەیەکی کەم بۆمان دەرکەوت گۆڕانکاریەکی زۆر لە ڕێباز و هەڵوێستی پارتیدا نەبووە، بۆیەکا خۆمان لە یەکێتی نیشتمانی نزیک کردەوە، ئەم بڕیارەش بەگران لەسەرمان وەستا، ژمارەیەک لە هەڤالانمان لەم بەینەدا شەهید کران.

سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران زیاتر هانی داین بایەخ بە کاری پارتزانی

بدەین لە ناوخاکی کوردستانی عیراق. ڕێکخراومان لە پارێزگای سولێمانی هەیە، بڕیارمان هەیە لە مانگی تشرینی یەکەم کۆنفرانسێک ببەستین، باری ڕووداوەکانی کوردستان دەرس بکەین و ڕێبازی تازە بۆخۆمان هەڵبژێرین. ئێمە گەیشتوینەتە ئەم بڕوایە هەر لە سایەی دیموکراتیەت و سۆشیالیزمی نەتەوە مافخوراوەکان، بە ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانیان دەگەن، لەگەڵ هەموو هێزە نیشتمانیەروەرەکانی کوردستان خەباتی سەختی پارتیزانی درێژخایەن دەکەین بۆ ڕزگارکردنی کوردستانی عێراق. کوردستان هەموو بە یەک خاک و یەک وڵات دەزانین ئامانجی دوورمان ئەوەیە ئەم سنوورە دروستکراوە لە نێواندا نەمێنێت. کرێکار و هەژارانی جیهان بە دۆست و برایانی خۆمانیان دادەنێین باوەڕی تەواومان بە مافی چارەنووسی بۆ گەلی خۆمان و هەموو گەلێکی مافخوراو هەیە. داوا دەکەین هەموو بەئازادی و بەختیاری و دیموکراسی بژین. ئەم گوتانەشمان بەرتیل نیە بەهیچ لایەک، ئەمە بیرو بڕواو قەناعەتی تازەمانە.

تکامان لە حشع هەیە انطباعاتی کۆنیان بەرامبەر بە ئێمە بگۆڕن، کە دژی بڕوای پێشکەوتوخوازین. باش دەزانین گەلێک لەو کارە خراپانەی لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول دەکران لە ناوشاری سولێمانی دەخرانە پاڵی ئێمە مێژوو دەری دەخات کە لەم تاوانانە دوور بووین. هەڵەمان ئەوە بوو، خۆمان بە حدک بەستبوو، جارێکیتر نابین بە وابەستەی هیچ لایەک، ئامادەشین بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ ئێوە و هەموو هێزەکانیتری کوردستان.

یوسف:

سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکان. بەهێزکرنی دۆستایەتی و پەیوەندی

لە نێوان دوو هێز یا چەند هێز بەندە بە ڕێباز و هەڵوێست و کردەوەکانی داهاتووی هەر لایەنەک لەم لایانە. حشع ڕێزی هەر گرووپێک دەگرێ کە دیترا لەسەر ڕێبازی پێشکەوتوو خوازی و بۆ بەرژەوەندی جەماوەرەکەی خەبات دەکات.

فاتح:

بەم دواییە بڵاوبۆتەوە، ئێوە بوون بە بەشێک لە حسیک هەر زووش لێیان جیابوونەوە هۆی دوورکەوتنەوەتان چی بوو؟

جەلال حاجی حوسێن:

دوای ئەوەی ماوەیەک لە یەنک نزیک بووین، گەلێ ڕەخنە و تێبینی لامان کۆبۆوە. بەرامبەر هەڵسوکەوتی سەرکردەکانیان. کە بەشێک لە ڕێکخراوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق و کۆمیتەی ئامادەیی پارت « الهیئە التحضیریە للپارت » لە یەنک جیابوونەوە، دیسان ماوەیەک دوورە پەرێز وەستاین. هەتا هەڵوێستی خۆمان بە سەرکردایەتی پارت ڕاگەیاند، دژی شەڕی برا کوژی وەستاین. لە ئەنجامی ئەم ڕێبازە ژمارەیەکی باش پێشمەرگە ڕوویان لە ئێمە کرد.

قسەو قسەڵۆک بڵاوبۆوە کە سێ هەزار پارچە چەک و میلیۆنێک و نیو دینار گەیشتە سەرکردایەتی یەنک ئەمە ناکۆکی و کێشەی نێوان سەرکردەکانی یەکجار قوڵتر کرد، لەڕاستیشدا وا نەبوو، هەموو گورچەکانەی گەیشتن ۲۸۲ کلاشینکۆف لەگەڵ بارەیەکی کەم. خۆم لە هاتنیان بەشدار بووم. تەقەلای زۆر درا کۆنفرانسێک لە نێوان یەنک و بزووتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمیتەی ئامادەیی ببەسترێ، چاری گیروگرفت و کەموکوڕییەکان بکات بەداخەوە نەکرا.

لە ڕۆژانی ۱۸ و ۱۹۷۹/٤/۱۹ سەرکردایەتی بزووتنەوەی

سۆسیالیست و کۆمیتەی ئامادەیی و پاسۆک کۆبوونەوە، دەرسی وەزعەکە کرا. چەند بڕیارێک وەرگیرا لەمانە:

جارێکی‌تر بزووتنەوەی سۆسیالیست تاگەڕێتەوە ناو یەک. هەرسێ لایان دان بەوە ناهێنن کە جەلال تالەبانی سکرتێری شۆڕشی تازەی کوردە. ئامادەنە سیفەیەک بۆهاوکاری کردنی پارتیزانی و سیاسی لەگەڵ یەک بدۆزنەوە تاکو بەرەی دیموکراتی بەرفراوانی عێراق دادەمەزرێ. لە ناو کۆبوونەوەکە بڕیار وەرگیرا قادر عەزیز و قادر جەباری بچنە گوندی بنوخلێف لەگەڵ نوێنەرانی یەک کۆ ببنەوە، گفتوگۆ لەسەر ئەو ناکۆکیانەی نێوانیاندا هەیە بکەن و چارەیان بۆ بدۆزنەوە. هەرسێ لامان لەسەر ئەم خالأنەی خوارەوە رێککەوتین:

- هەڵوێستیان بەرامبەر بە حدک و یەک وەکو یەکتری بێ.
- بۆ هیچ لایەکیان نیە بە تەنها پەیوەندی دروست کات لەگەڵ لایەکی‌تر، بێ ئاگادار کردنی یەکتر.
- پرۆگرامێکی رێکوپێک بۆ شۆڕشی کوردستان دابنرێ.
- نوێنەری هەرسێ لا لە سەرکردایەتی شۆڕش بەشدار بن.
- هەردەسکەوت و پارمەتیەک گەیشتە دەستی هەرلایەکیان دەخرێتە ژێر دەستی لیژنەکانی هاوبەش.
- لیژانی سیاسی و عەسکەری و دارایی لە نێوانیا دروست بکرێ.
- کاروباری پێشمەرگەکان بەشێوەیکی رێکوپێک و دیموکراسیانە رێکبخرێن.
- هاوکاری و دۆستایەتی گەرم و گوڕ لە نێوانماندا هەبێ.

بە مێژووی ١٩٧٩/٨/٣ بە صفەتی چاودێریکەر « المراقب » ئامادە بووین لە کۆبوونەوەی فراوانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی

کوردستان و کۆمیتەی ئامادەیی پارت لە رۆژی دووەمی کۆبوونەوەکە رەسوڵ مامەند کتوپڕ هاواری کرد و مژدەتان پێ دەدەین کە حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستانی عێراق دامەزرا.

م. محەمەد شەوقی:

هەڵوێستتان چیە بەرامبەر بە هاتنی پارت بۆ بەرەی یەکگرتووی دیموکراتی لە داهاتوو دا؟

فاتیح:

حزبی ئێمە رێباز و پرۆگرامی تایبەتی خۆی هەیە، پرۆژەی بەرەی نیشتمانی و دیموکراسی بڵاوکردۆتەوە، هەر حزبێک یا گرووپێک یا کەسانی ناسراوی سەربەخۆ ئامادەییان هەبێ لەسەر ئامانجی هاوبەش هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن، بێگومان ئامادەینە بەهەموو شێوەیەک هاوکاری و هاریکاریان لەگەڵدا بکەین.

را و هەڵوێستی حشع جیاوازە لەگەڵ را و بۆچوونەکانی سەرکردایەتی یەنک بەرامبەر بە پارت. بەداخەوە هەڵوێستەکانی پارتی ئەو دواییانەیان بەرامبەر رووداوەکانی کوردستانی ئێران، ناڕەواو نالەبار، لەگەڵ بەرژەوەندی مافی نەتەوەی کوردمان یەکتری ناگرنەوە. ئەرکێکی مێژووییە و لەسەر گشتمان پێویستە تەقەلا بدەین برادەرانی پارت رابکێشین بۆ نزیک بوونەوەی تەواو لەگەڵ هێزەکانی کوردستانی عێراق. دۆستی راستەقینەی کوردی ئێرانیش بن. بەم شێوەیە کۆبوونەوە کۆتایی پێهات.

●بەیانی رۆژی ٩/١٩ هاورێیانی هەندرێن لەگەڵ هاورێ شێخ بۆ کۆبوونەوە رۆیشتنە بارەگای یەنک، لە دانیشتنەکە نوێنەرانی ئەوان جەلال تاڵەبانی و شەش ئەندامی سەرکردایەتی بوون.

مام جەلال بەگەرمی پێشوازی و بەخێرهاتنی کردین. ڕێزگرتنی زۆری نیشـاندا بەرامبەر هاوڕێ شێخ کە تازە گەیشتبووە ناوچەکە یەکەم جاریش بوو لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستان کۆببێتەوە لەگەڵیا و گوتی: داوای زۆرمان لە هاوڕێ شێخ هەیە باسی گشت ڕووداوەکانی عێراق، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ئەو خاڵەی مێشکی ئێمەی زۆر پێوە مەشغوڵە ئاسۆی دوا ڕۆژی هاوکاری و هاریکار کردنی یەک لەگەڵ ج.ش عێراقیە.

هاوڕێ شـێخ:

سەرکردایەتی حزبان و م.س بەتایبەت هاوڕێ عەزیز محەمەد سلاو ڕێزیان هەیە بۆتان. زۆرمان ئارەزووە مەسەلە بنەڕەتیەکان لەگەڵ ئێوە باس بکەین. ئەم خاڵانەی فرە ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان حشع و یەک ئەمانەن:

١- سیاسەتی تازەی حزب.

٢- هاوکاری کردن و کارکردنی پێکرایی نێوان هەردوو لامان.

٣- بەرەی نیشتمانی دیموکراسی عێراقی.

٤- پێویستیەکانی شۆڕش، چەک، پارە، شتومەکی تری پێویست.

٥- ڕای گشتی جیهان بەرامبەر باری تازەی عێراق.

جەلال تاڵەبانی:

لەمانگی نیسانی ئەمساڵە مامۆستا کەریم ئەحمەد هاتە ناوچەکە، بە درور و درێژی ڕاو بۆچوونی خزماتم بە ڕاشکاوی خستە ڕوو، گوتمان یەک دڵسۆزانە ئامادەیە هەموو پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ حشع بەهێزترکات لە هەموو ئیشوکارەکان بچووک و گەورە. هەرکارێک یا هەنگاوێک بەرژەوەندی گشتمانی تێدا بەدی بکرێ، ئێمە ئامادەینە

چۆن ئێوە مەبەستتانە و دەتانەوێ، سنووری ئەم هاوکاریە لە لای سەرکردایەتی حشع دایە. لەو رۆژەی هاورێکانتان ڕوویان کردۆتە شاخ، دۆستایەتی و هاریکاری رۆژ دووای رۆژ باشتر بەرەو پێش رۆیشتووە، هیوادارین لە داهاتوشدا بەتینتر بێت.

لە زۆربەی ئەو گیروگرفتانەی لە گۆرەپانەکە هاتونەتە گۆرێ را و بۆچوونەکانمان لە یەکتری نزیک بووە، تەنها هەڵوێست بەرامبەر بە پارتی نەبێت. پێک وا دەبینی کاتی ئەوە هاتووە پەیوەندیەکان شێوەیکی بەرزتر وەرگرێت. وەکو بەرەکی دوو قۆڵی رەفتار لەگەڵ یەکتریدا بکەین را و تێبینیەکانی خۆمان ئامادە کردووە لەسەر ئەو پرۆژەی بلاوتان کردۆتەوە، دەربارەی پێکهێنانی بەرەی بەرفرەوانی عێراقی. تەمبەڵیمان کردووە تاکو هەنکە مسوەدەکەمان چاپ نەکردووە و وەرامەکەشمان بۆتان وەخرا. ئەو تێبینیانە لەسەر پرۆژەکەتان هەمانە ئەمانەن:

١- پێویستە دروشمی روخانی رژێمی بەعسی عێراقی تێدا بێ.

٢- باسی ئەم بارە سەخت و ناخۆشە بکات کە سێ ساڵە گەلی کوردمان لە عێراق تێدا دەژین.

٣- ئاماژە بکرێت بۆ سیاسەتی رژێمی عێراق، لەم چەند ساڵانەی دووایدا بە کردەوە لەسەری دەرۆیشتن وەکو ئاسایشی کەنداو « امن الخليج » هەڵوێستیان بەرامبەر سوریا، جولانەوەی ئازادیخوازی فەلەستینی و دژایەتی کردنی وڵاتانی سۆشیالیزم.

رژێم لە تەنگوچەڵەمەی قوڵدا دەژی، کێشەی ناوەخۆیان گەیشتۆتە ناخیانەوە نەخشەی ئەوەیان هەیە یەکە یەکە هێزە کوردستانیەکان بۆلای خۆیان رابکێشن. بەڵێنی ئەوە بدرێت هیچ حزبێک بە تەنها گفتوگۆ

لەگەڵ رژێم نەکات. دەنگوباسێکی نەهێنی هەیە رژێم محاولات لەگەڵ پارت دەکات بگەڕێنەوە گەریان. ئەرکی ئێمەی هێزەکانی عیراقی، بەرامبەر شۆرشی ئێران ئەوەیە لایەنگر و پشتگیری کوردەکانی ئێران و هێزە پێشکەوتوخوازەکان بین. ڕەوا نیە پەنجە بخەینە ناو ئیشوکارەکانیان! با هێزە ئێرانیەکان خۆیان چارە بۆ گیروگرفتەکانیان بدۆزنەوە! لە هەلومەرجی ئێستا ئەرکی سەرەکی ئێمەی هێزەکانی عێراقی بریتیە لە رێکخستنی کاروبارەکانمان، ریزەکانمان بکەین بەیەک، لێدانی کاریگەری ناراستەی رژێمی بەعس بکەین کە دوژمنی هەموو لایەکە. ئاگادارین حدکا بەردەوامە لە بەهێزکردنی پەیوەندی بە رژێمی عێراقەوە ئەمە کارێکی باش نیە. دەرکی ئەوە دەکەین نەخشەی سەرەکی رژێم ئەوەیە شۆرشی تازەی کوردەکانی عێراق لەناو بچوێنێ، ماوەش نادات کوردەکانی ئێران بە ئامانجەکانی بگات.

یەنک باش دەزانێ حشع بەستراوەتەوە بە التزاماتی زۆر بەرامبەر بە ولاتانی سۆشیالیزم و حزبە شیوعیەکانی جیهان و جولانەوەی رزگاریخوازی عەرەبی. بۆیەکا دەمانەوێ بۆمان روون بکەنەوە « انهاء الحکم » کۆتایی بە دەسەلات، مەبەست روخانی رژێمە یان نا ؟ دەربارەی کۆمەک و یارمەتیدانی ولاتانی دەرەوە، حشع توانای لە هەموو لایەکیتر باشترە. دەتوانێ رۆڵێکی سەرەکی باشی لەم بوارەدا هەبێ. بۆ پەرەسەندنی راگەیاندن و پرۆپاگەندە پێشنیار دەکەم کۆمیتەیەکی هاوبەش و لیژنەی بەرگری کردن لەگەڵی عێراق دروست بکرێت وەکو ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٣ دروستتان کردبوو. یەنک ئامادەیە بەشداری باش لەم جۆرە کارانەدا بکات.

شێنخ :

ڕای تایبەتیمان هەیە، کاتێک تەقدیرمان وابوو حزبی بەعس بەرەی گەلدایە، داوای پێکهێنانی بەرەمان لەگەڵیاندا دەکرد. هەرچەندە ئەوکاتیش لە هاوڕێیانی ئێمەیان دەکوشت دوو ساڵە دەزانین ڕژێمی بەعسی عێراق ڕۆژ دوای ڕۆژ بۆ پاشەوە دەگەڕێتەوە، لە هەموو ڕوێک هەڵوێستەکانی لە گۆڕاندایە، نەماندەتوانی کتوپڕ لە هەموو ئیشوکارێک و پەیوەندی خۆمان لەگەڵیاندا بکێشینەوە. لە مانگی شوباتی ١٩٧٩ کۆمیتەی مەرکەزی حیزبمان گەیشتە ئەو قەناعەتە هیچ ماوەیەک نەماوە حشع لەگەڵ ڕژێمی بەعس ڕێککەوێتەوە. بڕیارمان وەرگرت هەنگاو دوا هەنگاو بڕۆین بۆ هەڵگرتنی دروشمی ڕوخاندنی، بڕیارمانە ئەم ڕژێمە بڕوخێنین چونکە بۆتە دژی هەموو پێشکەوتنێک و بەرژەوەندی جەماوەر، هەر لایەک سەری بۆ شۆڕ نەکات، تەقەلای لەناوبردنی دەدا.

لە باروو دۆخی تازەی وڵاتمان، لەسەر هەموو هێزەکانی نیشتمانی و دیموکراسی پێویستە، ڕیزەکانی خۆیان ڕێکخەن، لەیەکتری نزیک ببنەوە، لەسەر پرۆگرامێک کە ئارات و ئامالجی هەموو لایەکان و جەماوەری تێدا بەدی بکرێت ڕێککەوین. حزبی ئێمە لەم بوارەدا هەموو هێز و توانای بۆ تەرخان کردووە و درێغی تێدا ناکات تاکو جێبەجێ دەکرێت. بە داخەوە هەتا هەنکە هەموو هێزە نیشتمانی و نەتەوەییەکان نەمانتوانیوە خۆمان بە هێزەکانی دیموکراسی و پێشکەوتوخواز و مرۆڤایەتیەکانی جیهاندا بناسێنین. ئەرکی سەرەکیمان دەبێ بریتی بێ لە هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتریو بەرەی نیشتمانی بەرفرەوان پێکبهێنین. وەرامی هێزەکانی عێراقیان لەسەر

پرۆژەی بەرە وەرگرتۆتەوە تەنها ینک ماوە. ئامادەینە لەگەڵ هەموو هێزەکانی بەرهەڵستکار کۆبینەوە، هەر جێگایەک هەڵبژێردرێ. سەر سنوور، سووریا یا هەر شوێنێکی‌تر. هەڵوێست بەرامبەر بە پارت، ڕای ئێمە ئەوەیە تەقەلا بدرێ بگەڕێنەوە ناو وڵات، هاوکاری تەواو لەگەڵ هێزەکانی نیشتمانی و نەتەوایەتی بکەن هێزێکی نیشتمانینە، گیروگرفتی زۆریان هەیە، تەقدیری وەزعی ئەوان دەکەین.

کۆمەڵگای کوردەواری وەکو هەر کۆمەڵگایەک لەم جیهانەدا، جیاوازی چینایەتی و ئایدۆلۆژی تێدا هەیە. ئەمەش دیاردەیەکی ساکارییە. یەکەم هەنگاو کە حشع تەقەلاو کاری زۆری بۆ دەکات و بایەخی پێدەدات ئەوەیە شەڕی براکوژی لە نێواندا نەمێنێ، هێرشی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی دژی یەیەکتری بوەستێندرێ. پارت پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی ئیمام خومەینی پەیدا کردووە، بەکارێکی سانای نابینین لایەنەک دۆستی ڕژێمی ئێران بێت و پرۆگرامی بەرەیش لەگەڵ حشع مۆرکات! پێویستە لەسەر هەموو لایەکمان، ئەم ڕاستیەمان باش لا ڕوون بێت، ئەگەر ریزەکانی خۆمان ڕێک نەخەین و بەرەیەک پێک نەهێنین، ڕژێمی بەغدامان پێ ناڕوخێت و حکومەتی ئیئتلافی دیموکراسیمان لە شوێنیدا پێ دانامەزرێت.

● ڕۆژی ۸/۲ . نوێنەرانی حشع بۆ بنکەی تازەی دەفتەری سیاسی حدکا کە کەوتبوە پشتی « ئاشی پشکاوێ »ی گوندی گزڕشێر کەوتینە ڕێگا. نوێنەرانی حدکا: د. قاسملو، ئەمیری قازی، مەلا عەبدوڵڵای حەیاکی، پێشوازییان لێکردین، لە دانیشتنەکە دکتۆر کەوتە سەرباسکردنی باری ئێران و کوردستان و گوتی « پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو هێزەکانی نیشتمانی ئێرانی و عێراقی‌دا هەیە، تەنها حزبی تودە نەبێ، ئەویش

نایەوێ گفتوگۆ و دۆستایەتیمان لەگەڵدا بکات. حدکا ئاسوودەیە لە هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ حشع. گیروگرفتمان زۆرە، کۆسپی زۆر زلمان لە پێشە، داوا لە حشع دەکەین یارمەتیمان بدات، گەلێ ئارەزوومان هەیە ئاسێن و دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیزم و جیهانی سێیەم پەیدا بکەین. نامەیەکمان ئامادە کردووە، بەم زووانە بە « أبو شریف » ‹ ئاماژەی بۆ ئەمیری قازی کرد› بۆ یاسر عرفاتی دەنێرین بۆ لوبنان، داوامان کردووە هەوڵبدات لە تیمام خومەینی نزیکمان کاتەوە و چارەیەک بۆ مەسەلەی کوردی ئێران بدۆزرێتەوە.

شێخ :

هەردەم بەردەوام دەبین لە هاوکاریکردن لەگەڵ حدکا بۆ یارمەتیدانتان ئەوەی لە توانادا بێت دریغی ناکەین. لێتانی ناشارینەوە مەترسیمان هەیە لە پەیوەندی ئێوە بە رژێمی عێراق، ئەمانە شۆڤێنستن دژی هەموو گیانی مرۆڤایەتی و دیموکراسینە، شوێنی بڕوا پێکردن نینە. بە درێژی باسی بارە عێراق و وردەکاریتری دوو قۆڵی نێوانمان کرا]. ئێوارە کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات و گەڕاینەوە دوای نیو سەعاتێک رۆیشتین بەپێ. لامانەدا و چووینە سەردانی برادەرانی سەرکردایەتی حسیک دوای نان خواردنی شێوان کەوتینە کۆبوونەوەکی دوو قۆڵی. نوێنەرانی حسیک: رەسوڵ مامەند، د.مەحمود عوسمان و عەدنان موفتی و مەلا ناسیح بوون. نوێنەران حشع هەمان چوار نوێنەرەکەی گەڵ حدکا بووین.

د. مەحمودعوسمان :

بەخێرهاتنی گەرم و گوڕی کردین بەتایبەت هی هاوڕێ شێخ کە بە سەلامەتی گەیشتەوە ناوچەکە، هیوای زۆرمان هەیە هاتنی هاوڕێ

رۆڵێکی باش بدینێ لە نزیک کردنەوەی گشت هێزە چەکدارەکانی کوردستان. شەڕی برا کوژی و دووبەرەکی لە نێواندا نەمێنێ. سوپاسی هاوڕێیانی حشع دەکەین بۆ ئەو هەموو تەقەلایانەی داویانە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفت و ناکۆکی نێوان هێزە چەکدارەکانی کوردستان. ئەو پرۆژەی حشع بلاوی کردۆتەوە بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو، بە هەنگاوێکی پڕ سوود و پیرۆزی دەزانین. زوو وەرامان ناردەوە، شاردراوە نیە کە ئەمە ٤٥ ساڵە حشع بۆتە شوێنی بڕوا پێکردن، نەک تەنها هەر لە عێراق بەڵکە لە دەرەوەش. دوای هاتنی حشع بۆ ناوچە شاخاوییەکان، هەلومەرجێکی گەلێ لەبارتر هاتە کایە بوو بە یاریدەدەر، خەباتو تێکۆشانی نەتەوەی کوردمان بگۆڕێت بچێت بۆ بارێکی پێشکەوتووتر. هیوادارم گەیشتنی هاوڕێ شێخ تاسیرێکی ایجابی قول و کاریگەر بکاتە سەر گشت وەزعەکەو بەرەی نیشتمانی دیموکراسی زوو پێکبهێندرێ تۆبتوینە گەلێ شتی تازە گوێ بیست بین دەربارەی وەزعەکە لە هەموو ڕوێکەوە.

شێخ:

سەرکردایەتی حیزب سلاوتان پێشکەش دەکات کاتی خۆی حزمان نە دژی بارزانی بوو نە دژی برایم ئەحمەد، تەقەلای زۆرماندا نەهێڵین شەڕی براکوژی لە نێوانیاندا ڕوو بدات. باری عێراق شڵەژاوە و تێکچووە. بێ ووچان خەبات دەکەین دژ بە ڕژێمی بەعسی عێراق، لە هەوڵ و تەقەلا داینە هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی لە بەرەیێکی یەکگرتووی بەرفرەوان کۆبینەوە، خۆمان بە دۆستی ڕاستەقینەی یەنک و حسک و پارت و سەرکردایەتی هەرێمی عێراق/حزبی بەعس دەزانین. ڕق و کین و ناکۆکی و دووبەرەکیمان

لەگەڵ هیچ لایەک نیە ئەو جیاوازە بچوکانەی لە هەڵوێست و هەڵسەنگاندن لە نێواندا هەیە ماوە زۆرە بە پشووی درێژ و گیانی برایانە و گفتوگۆ کردنی دڵسۆزانە چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە و دەرزەکان تەسک بکرێنەوە. ئەوەش ئەو مانایە ناگەیێنێ پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو بەیەک چاو یەک کێشە لە تەرازوودا. ڕەخنەی بە پەلەو سەرپێ ناگرین، حوکمی پۆزێتیڤ یا نەگەتیڤ بەسەر هیچ لایەک نادەین. تا گەلێ بە ووردی دەرسی ڕێباز و ڕەفتارەکان نەکەین. حسێبی زۆریش بۆ پرۆگرام و پەیوەندیەکانی هەر لایەک لە هەموو ڕوێکەوە دەکەین. مەبەستمانە بزانین ڕووی ئاسۆی دوا ڕۆژی بۆ کێ دەچێت. پێخۆشحاڵین دۆستەکانمان باش دەرسی وەزعی ئێمە بکەن و بە ووردی تێمان بگەن.

کاتێ خۆی لەگەڵ بەعسی عێراق لەسەر پرۆژەی هاوبەش ڕێککەوتین کەچی ئەوان لایاندا و پاشگەزبوونەوە هەموو بەڵێن و ڕێککەوتنەکانیان خستە ژێر قۆندەرە، کەوتنە بەربەرەکانی و لێدان و ئازاردان و قرت و برکردنمان. ڕووداوەکانی عێراق و ئەو گۆڕانکاریانە، بە ڕووداوی خۆرسک و کاسار دانانێن. لە ڕووی ئایدیۆلۆژی/سیاسی و چینایەتی گۆڕانێکی قوڵ بەسەر حیزبی بەعسی عێراقدا هات. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی لەسەر کاردانە و دەسەلاتیان لە ژێر دەست دایە.

د. مەحمود عوسمان:

لەو ڕۆژەی ئێمە جیاواز بووینەوە لە ریزی ینک تا مانگی ئاب حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانی عێراقمان پێکهانی، هەوڵمان داوە نەکەوینە شەڕی برا کوژی، هاوڕێیانی ئێوەش تەقەلای زۆریان

داوە گیروگرفت و ناکۆکییەکان، بەگیانی برایەتی و ئاشتییانە چارە بکرێن نەک بە لوولەی تفەنگ و یەکتر کوشتن.

بەم دواییە لەگەڵ یەنک گەیشتینە نیمچە تێک بوونەوەیەک، بڕیار بوو ئەم بەیانە مام جەلال بێتە سەردانمان کەچی نامەیەکی توند و تیژی بۆناردین ئەمە چەند ڕستەیەک دەی خوێنمەوە. « دانیشتنتان لەگەڵدا رادەگرین، ڕاگەیاندی پێکرا دەرناهێنین، ئێوە بەردەوامن لە هێرش هانین بۆسەر یەنک. سید کاکە لەم ڕۆژانەدا پێشمەرگەیەکی ئێمە لە پێشمەرگەکانی جەمالی عەلی باپیر کوشت، هێرشتان بردۆتە سەر لایەنگرەکانی ئێمە لەناوچەی کۆسرەت « مینە کوێە » گومانلێکراو و تاوانبارێکی گەورەیە، دوێنێ شەو لە زیندانی ئێمە ڕاتاندوتانە.... داواتان لێ دەکەین هەوڵی چارەکردنی ئەم کارە ناڕەوایانە بدەن دیسان پەیوەندیمان لەگەڵ یەنک گرژ بۆتەوە.

ڕەسوڵ مامەند:

کردەوەکانی سەید کاکە لە ناوچەی « کۆسرەت » بەرگریکردنە لە بەرژەوەندی جوتیارە هەژارەکان، دژی خاوەن موڵکەکان.

فـاتـح:

ڕێکخراوی حزبی ئێمە شارەزایی باشیان هەیە لەبارەی ژیانی هەموو جوتیارەکانی ناوچەی کۆسرەت، خاوەن مرلکەکان گەورە نینە. تەنها یەکێکیان نەبێ ئەویش کاکە زیاد آغای کۆیییە.

لەسەر چ بنچینەیەک سید کاکە لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ لای ئێوە پێشمەرگەیەک دەکوژێ، ئازاری خەڵک دەدا. باش دەزانێ ئەوانەی ئازاریان دەدات براو کەسی جەلال تاڵەبانیە. گوتمان ئاگادارکراوە کە پەیوەندی نێوان ئێوە و یەنک بەرەو باش و ئاشت بوونەوە دەچێ. ئەم

کردەوانە ڕەوانینە، کاری خراپ ر چەوت و تێکدەرینە، پێویستە ڕێگای تەواو لەم جۆرە کردەوانە بگیرێت.

د. مەحمود:

داوا لە هاوڕێیانی حشع دەکەم زیاتر معلوماتمان لەسەر ئەم ڕووداوانە پێشکەش بکات تا لە دانیشتنی کۆبوونەوەی نیشتمانی « التجمع الوطنی » باسی لەسەر بکرێت.

شێخ:

ئامادە نینە لەگەڵ هەموو لایەکانی تجمع و گشت ئەو هێزانەی لەسەر پرۆگرامی هاوبەش ڕێکدەکەوین، بەرەی نیشتمانی دیموکراسی پێک بهێنین.

د. مەحمود:

پێشنیار دەکەم لەسەر خاکی وڵاتی خۆمان ڕێککەوتنی بەرە مۆر بکرێت.

شێخ:

هەرشوێنێک زۆربەی هێزەکان هەڵیانبژارد ئێمە لەگەڵ ئەوین داینە. کۆتایی بە دانیشتنەکە هات و ڕۆژی ٩/٢١ گەڕاینەوە تۆژەڵە.

● لەم ڕۆژانە حدکا بانگەوازێکی بۆ ڕای گشتی جیهان بڵاوکردەوە دەربارەی باری ناجۆر و تێکچووی کوردستانی ئێران کە کەوتۆتە ژێر شاڵاوی هێرشێکی دڕندانەی ئەرتەش و پاسدارانی ئیسلامی، دەتوانی بڵێی کوردستانی ئێران وێنەی وا وێرانکاری خوێناوی بە خۆیەوە نەدیوە. هەروەها دەفتەری سیاسی نامەیێکی دوور و درێژی دا بە ئیمام خومەینی بە هۆی گرنگی هەردوو بڵاوکراوەکە، دەقەکانیان بڵاودەکەینەوە.

ـ رۆژی ٩/٢٢ هاوڕێ شێخ سەردانی فەوزی راوێ کرد، دوای پێشوازی کردن و یەکتر ناسین، هاوڕێ باسی باری سیاسی عێراق و گورج و گۆڵی هەموو هێزەکانی بەرهەڵستکار دژ بە رژێمی بەغدای کرد رەخنەی لەسەر هەڵوێستی جەبار کوبەیسی ئەمینداری گشتی سەرکردایەتی هەرێمی بەعس دەربڕی کە سێ جار لە کۆبوونەوەی هێزەکانی بەرهەڵستکار لە دمشق ئامادە نەبوو! ئەمە وای کرد مەسەلەی دروستکردنی بەرەی نیشتمانی دوا بخرێت، فەوزی بەرگری لە هەڵوێستەکانی حازم کرد و گوتی « ئێمەی بەعسی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، ئامادەینە رێککەوین لەگەڵ حشع و بەرە مۆر بکەین ».

هەندرێن دوو رۆژ لەسەر یەک کۆبوونەوەی تایبەتی خۆی کرد. باری کاروبارەکانی خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی، رێکخراوەکانی حیزبیمان پەیوەندی نێوان هەموو هێزە چەکدارەکانی کوردستان، باری کوردستانی ئێران/باری عێراق... هتد، دەرسکرد.

رۆژی ٩/٢٥ هاوڕێ سکرتێری هەرێم ناوچەکەی جێهێشت بەرەو راژان و سوریا کەوتە رێگا بڕیار وەرگیرا هاوڕێ یوسف تا راژان لەگەڵیا بێت، دوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرکردایەتی پارت ئەو بە رێگای سنوور بەرەو سوریا بڕوا هاوڕێ یوسف بۆلای ئێمە بگەڕێتەوە.

ـ لە ٩/٢٦ نامەیەکی سەرکردایەتی حسیک گەیشتە دەستمان بە ناوی برادەران د.مەحمود، رەسوڵ مامەند، تاهیر عەلی والی مۆرکرابوو، تێدا نووسرابوو « ئەمە چەند رۆژێکە یەنک بەتایبەتی مام جەلال سەرلەنوێ پەیوەندی لەگەڵماندا ئاڵۆز کردۆتەوە، بارەکە لە نێوانماندا گەلێ گرژ بۆتەوە لە زۆربەی ناوچەکان لە رۆژی ٩/٢٣ حەمەی حاجی مەحمود ئامیر هەرێمی یەکی هێزەکانی یەنک لە پارێزگای سولێمانی، نامەیەکی

هەرەشاوی ئاراستەی عوسمانی قالە منەوەر دەکات کە ئامیر هێزێکی حسێک بوو لە شارباژێر داوای لێدەکات لە ماوەی یەک سەعاتدا هەموویان چەکەکانیان دابنێن و خۆ بەدەستەوە بدەن. دەنا هەموو لەناو دەچن! لەگەڵ نامە دەگات و دوای چەند دەقیقەیەک هێرشیان دەبەنەسەر و هەموویان چەکدەکەن، تەنها عوسمان و پێشمەرگەیەک دەتوانن خۆرزگار بکەن.

رشاشێکی دۆشکامان لا بوو مامجەلال بە توندی داوای کردەوە بۆیانی بگێڕنەوە، یەکسەر بۆیانمان گێڕایەوە، بۆ ئەوەی شەڕی براکوژی تەشەنە نەکات. داوا لە حشع دەکەین هەوڵبدات چارەیەک بدۆزرێتەوە و شەڕی براکوژی بوەستێندرێ »

کۆبوونەوەیکی کورتمان لە نێوە خۆماندا کرد دەرسی نامەکە کراو بڕیارمان وەرگرت نامە بۆ سەرکردایەتی ینک بنێرین داوای کۆبوونەوەیان لەگەڵدا بکەین. بەڕێککەوت ئێوارەکە چاوم بە ئەندامێکی م.س/ی ینک کەوت، بە کورتی ڕەخنە و ناڕەزایی خۆمانم خستە ڕووی، لەسەر ئەم ڕووداوە ناڕەوایانەی بە دواییە نێوان حسێک و ینک لە هەندێ ناوچە ڕوویدا بوو. بە گەرمی بەرگری لە هەڵوێستەکانی خۆیان کرد و ئاگاداری کردم کە زیاتر لە ۲۰ گەنجی ڕەوشەنبیری لێهاتوو، ریزی پارتیان جێهێشتووە و گەیشتونەتە « خانە » لە دوایدا زانیومانە ئەمانە تاقمی کاروان ئاگرەیی و شەماڵ بوون، زۆری نەخایاند زۆربەیان هاتنە ریزی حیزبمان .

رۆژی ۹/۲۷ سەرکردایەتی ینک وەرامی نامەکەیان داینەوە ر کاتی کۆبوونەوەی دوو قۆڵیان دانا. لەگەڵ هاوڕێیەکی پاڵێوراوی ئەندامی لێپرسراوی ل.م لەکاتی دیار کراو چووین بۆ بنکەی م.س/ی ینک مام

جەلال و سێ ئەندامی سەرکردایەتیان لەگەڵمان دانیشتن. کەوتینە باسکردنی ڕووداوەکان.
مـام جـەلال:

ئەمە شەش مانگە خۆمان مات کردووە لەشەڕ پێ فرۆشتنی حسیک، چەندان دەست درێژیان کردووتە سە پێشمەرگە و لایەنگرەکانمان و پەلپیان پێگرتوون، ئازاریان داون، هەڤالانمان دەکوژن، چەکیان دەکەن. دائمان بە خۆدا گرتیە، ئامۆژگاری پێشمەرگە و ڕێکخراوەکانی خۆمان کردیە، دوورە شەڕ بوەستن، گوتومانە بە ڕێبازی سیاسی و ئاشتیانە چارەی گیروگرفت و ناکۆکیان لەگەڵدا دەکەین، کەچی ئەوان هەر بەردەوامن لەسەر کردەوەی چەوت و ناڕەوا. وەرامی ئێمەیان بە هێرش هاتینە سەر داوەتەوە.

ئاگادارن لە ٩/٤ لە گوندی «بتوخەلێف» لەگەڵیان ڕێککەوتین کەچی سەرکردایەتی حسیک سەید کاکەی ناردە دەشتی کۆیە، بە ڕێگاوە هەر گەیشتبووە ناوچەی بنگرد کەوتە ڕاونانی پێشمەرگەکان و لایەنگرانی ئێمە. ژمارەیەک پێشمەرگە و لایەنگرانی ئێمەی چەککردن، ژمارەکیان کوشت، خۆ هێرش و جوێن و پروپاگاندە دژمان هەرپاس ناکرێت. چەند کەسێکیان بە میوانی هاتبوونە سەردانی هەڤالانمان سەردانی گیراوێک بە ئاشکرا بەکرێگیراو و جاسوسی عێراقە هەلیان بۆ ڕێکخست و دزیانەوە.

بە پێچەوانە پێنک ڕێگای نەداوە بە کوشتن و گوللە وەرامیان بدەینەوە. پێشمەرگەیکی ئەوان لە ئاوزەنگ چەککرا. ٥٥ پێشمەرگەی بارەگای م.س خۆمان سزادران و بۆ ماوەیەک چەکمان کردن. ڕازی نەبووین لە ڕۆژی ٩/٢٣ پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک چەکدارەکانی

عوسمانی قاله منەوەریان چەککردبوو. داواشمان کردیە ئامیر هێزەکەمان بینە سەرکردایەتی، لەسەر کردەوەکانی محاسەبەی دەکەین. بریارمان وەرگرت هەشت پارچە چەکی پێشمەرگەکانی « پاسۆک » لەگەڵ پێشمەرگەکانی حسیک دا بوون چەکەکانیان بۆ بگێڕینەوە لەسەر داوای جەلالی حاجی حوسێن و ملازم محەمەد شەوقی.

سەرکردایەتی یەنک بریاری وەرگرت چیتر دوو قۆڵی دانیشتن لەگەڵ حسیک نەکات، بروامان پێیان نیە. ئامادەینە بە گفتوگۆ و ڕێبازی سیاسی و ئاشتیانە هەموو گیروگرفتەکان لەگەڵیاندا چارەسەرکەین بەمەرجێک نوێنەرانی حشع و بەعسی سەرکردایەتی عیراق، لە نێوانیاندا ئامادەبن وەکو شایەت بۆ دوا ڕۆژ »

ئێمەش راو بۆچوونەکانی حزبان خستە پێشیان و داوامان لێکردن کە زیاتر هەست بە بەرپرساوی مێژوویی بکەن بەهۆی ئەوە یەنک توانا و دەسەلاتی لە هەموو رشونکەوە لە حسیک زیاترە. پێشنیارمان کرد پێکەوە کۆ ببینەوە چارەی ئەم ناکۆکی و کوشت و برە بکەن، با چیتر خوێنی پێشمەرگەی کورد بە دەستی یەکتر بێسود نەرژێت. ڕێککەوتین لەسەر داواکەمان ،نامە بنێرین بۆ سەرکردایەتی حسیک پێشنیار بکەین تاهیری عەلی والی و عومەر عەبدوڵلا بە ئامادە بوونی نوێنەرانی حشع و بەعسی هەرێمی عیراق کۆببنەوە. دەرسی باری تازەی پەیوەندی نێوانیان بکەن. هەنگاوی دوایی سەرکردایەتی هەردوو لایان کۆبونەوەی فرەوانتر بکەن.

لە رۆژی ٩/٢٨ نامەیەکمان بۆ سەرکردایەتی حسیک نارد ئەمەش تەکستەکەیەتی:

برایانی بەریز لە
سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عیراق

دوای پیشکەش کردنی سلاو

هیوادارین هەردەم لە خۆشیدا بن.

ئیمە سەردانی یەکیتی نیشتمانیمان دا، لەگەڵ مامجەلال دانیشتین زۆر بە دووڕو دریژی باسی ئەم رووداوە تالەبارانەمان لەگەڵیاندا کرد کە بەم دوایيە روویدا. رای حزبی خۆمان بەرامبەر ئەنجامی پڕ مەترسی گشت رووداوەکان نیشاندا. ئەوانیش برادەرانی ینک رەخنە و گلەیی و گازاندەی زۆریان هەبوو. پیشنیاری یەکەم ئەوەبە کاک تاهیر عدلی والی و کاک م.عمر عبدالله کۆببنەوە، بە ئامادە بوونی نوینەرانی حشع و بەعس. باسی رثووداوەکان بکرێت. نەخشەی کارکردن « جدول العمل » بۆ دانیشتن فرەوانی نیوان هەردوو لاتان دابنین.
سەرکردایەتی ینک لەسەر ئەم پیشنیارە موافقن ئاگادارمان بکەنەوە. چ رۆژێک کاک تاهیر ماوەی هەیە بگاتەی ینکەی ئیمە، بۆ ئەوەی ئاگاداری برادەرانی ینک بکەبن نوینەریانم بنیرن دانیشتنەکە بکەن.

لەگەڵ سوپاس و ریزگرتنمان

مەکتەبی هەریمی کوردستان
حیزبی شیوعی عیراق
١٩٧٩/٩/٢٨

تۆژەڵە :

سەرکردایەتی حسیک بە نامەیکی کورت وەرامیان دابنەوە، مۆری رەسولْ مامەندی لەسەر بوو. نووسیبویان: « باشە کۆبوونەوەی لەسەر دەکەین بەیانی وەرامی تەواو دەدەینەوە لەسەر نامەکەتان »

● رۆژی ۹/۲۹ هاوڕێ یوسف گەیشتەوە لامان. دەربارەی چوونەکەیان بۆ سەردانی سەرکردایەتی پارت، راپۆرتێکی پێشکەش کردین تێیدا هاتبوو کە دوای ١٦ سەعات رۆیشتن گەیشتوینە شوێنی م.س پارت لە ئاوەخوادە » سامی لەوێ نەبوو، جەوهەر نامق پێشوازی کردبوون، مەترسی و نارەزایی لەسەر بۆچوون و هەڵوێستەکانی بنەماڵەی بارزانی بەتایبەت هی ئیدریس و شێخ خالید دەربڕیبوو، کە هەردووک کەوتونەتە جولە واخەریکن لەگەڵ رژێمی ئیسلامی ئێران رێککەون و هێرش بەرنە سەر پێشمەرگەکانی حدکا... هتد. هەر یەکسەر جەوهەر بە ئوتومۆبیل ناردبوینە گوندی « زێوە »ی کوردستانی ئێران لای سامی. دوای پێشوازی کردن، ئەویش کەوتبووە دەربڕینی نارەزایی و مەترسی، زۆر بە دوور و درێژی باسی هەمان ئەوانەی بۆ کردبوون کە جەوهەر باسی کردبوو. سامی گوتبووی « چەند رۆژ لەمەوبەر بارزانیەکان لە کەرەج نزیکی تاران کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان کرد بوو، توانیبوویان کاک مەسعود رابکێشن بۆ ئەو رێبازە چەوت و پڕ مەترسیەی ئیدریس و شێخ خالد گرتوویانەتە بەر. هەروەها بڕیارمان وەرگرت بەم نەزیکانە کۆنگرەی نۆیەمی پارت ببەستری. ئێمە ژمارەیەک لە گەنجە پێشکەوتوخواز و رەوشەنبیرەکان، نیازی ئەوەمان هەیە لە کۆنگرە بەشداری نەکەین. بڕوای تەواومان هەیە بنەماڵەی بارزانی چۆنیان نارەزوو بێ، ئەوە دەچێتە سەر! توانامان هەیە کاری سیاسی بکەین، ناتوانین پێشمەرگە بژێنین و جەنگی پارتیزانی بکەین. بەهیچ شێوەیەک

ئامانەوێ خۆ بخەینە ژێر سێبەری جەلال تاڵەبانی. جا گەر حشع توانای هەیە دەستی یارمەتیمان بۆ درێژکات، ئەوە دەست بەکارکردنی سەربەخۆی خۆمان دەکەین. دوای تەواو بوونی کۆنگرە ناوچەکە جێ دەهێڵین گەر یارمەتیشمان نەدەن ناچار دەبین ڕوو بکەینە وڵاتێکی ئەوروپا. خۆمان بە ڕژێمێکی کۆنەپەرست نابەستینەوە، دوژمنایەتی حدکا و کوردەکانی ئێران ناکەین.

هاوڕێ شێخ باسی سیاسەتی تازەی حیزبی بۆ کردبوو و داوای لێکرد کە بمێنێتەوە لە ریزی پارت بەسوود تر لەوەی جێ بهێڵن. هەروەها ئاگاداری کردن کە هاوڕێیان دەنێرینە بادینان، یارمەتیان بدەن بۆ ئەوەی بە هاوکاری هەموو لایەک جەنگی پارتیزانی لە ناوچەکە پەرە بستێنێ.

سامی گوتبووی داوامان لە ئێوەش گێڕاوەتەوە کە وەکو میوان لە کۆنگرە ئامادە بن پەلەش مەکەن لە ناردنی پێشمەرگە بۆ بادینان بیخاتە دوای کۆنگرە. بارزانیەکان و لایەنگرانیان لە ریزی پارت کەوتونەتە جموجوڵ، بە بەڵێن پێدان، بەپارە، هەتا هەڕەشە و گوڕەشە خەریکی ڕاکێشانی دەنگی نوێنەرانی کۆنگرەنە بۆ لایەنگرتنی خۆیان، ئەو هەموو کۆشەش و هەوڵ و تەقەلایانەی ماوەی سێ ساڵە داوەمانە وا خەریکە بەفیڕۆ بچێت و بکەوینە ژێر رەحمەتی ڕژێمی ئێران. سامی هەر کۆتایی بە قسەکانی هانی هاوڕێ شێخ و هاوڕێیانی کە لەگەڵیا بوون. بەناو خاکی تورکیا بەرەو سووریا کەوتنە ڕێ.

● دوو نامەمان گەیشتە دەست، نامەی یەکەم هی فەوزی ڕاوێ لێپرسراوی بەعسیەکانی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق لە ناوزەنگ، داوادەکات بەپەلە کۆببوونەوە بکەین. بۆئەوەی سنوورێک بۆ ئەم شەڕی براکوژیە دابندرێ کە ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ.

ئەمە تەکستی نامەکەیە:

الرفاق قيادة مكتب لجنة اقليم كوردستان
للحزب الشيوعي العراقي

تحية نضالية... ارجو لكم كل الخير...

استلمت رسالة من الحزب الاشتراكي و قد ذكروا انهم لا يحبذون الاجتماع على مستوى م.عمر عبداللة و كاك طاهر. و يرغبون الاجتماع بشكل مباشر على مستوى القيادتين السياسي و قدا اكدت لهم بان لاضرر من ذلك. و يهدف مثل هذا الاجتماع الى التمهيد للاجتماع على المستوى الا على. هذا وقد تركت تحديد الموعد من حيث المكان و الزمان اليكم حيث ورد اعتراض على المكان ايضا في رسالتهم.

مع خالص تقديري و احترامي

رفيقكم: صفاء
٩/٢٩

نامەی دووەم وەڵامی سەرکردایەتی حسیک لەسەر نامەکەی ئێمە بوو ئەمەش تەکستیەتی:

بۆ/ هاوڕێیانی حزبی شیوعی عێراق

سەلاوێکی شۆڕشگێرانە

هیواداریین سەرکەوتووبن لە خەباتدا

نووسراوەکەتان کە بە مێژووی ٩/٢٨ نووسیبوتان لە لایەن کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزب دراسەت کرا لەشەوی ٩/٢٩/٢٨و بڕیار درا بەم شێوەیەی خوارەوە وەرام بدرێتەوە:

١- ئێمە زۆر سوپاسی ئەو هەوڵ و کۆششەی ئێوە ئەکەین و ئومێدەوارین کە ئەوکۆششانە سەرکەوتووبن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کە هیچ بەرژەوەندیان تێدا نیە و تەنها زەرەر لە کورد دەدەن لەم زروفەدا و بە نسبەت ئەوەی ئقتراحتان کردوە بۆ دانیشتنی ملازم عمر و کاک تاهیر و ئامادە بوونی نوێنەرانی ئێوە و حزبی بەعس، بە قەناعەتی ئێمە لەوە هەرچەندە هیچ مانعمان نیە بۆ هەموو جۆرە کۆبوونەوەیەک، ئەم جۆرە کۆبوونەوانە زۆر سودیان نیە و مشاکیل چارەسەر ناکەن وە کۆنیش ئەم جۆرە کۆبونەوانە کراون بۆ م.ع و لیژنەی تەنسیق، بەلاّم هیچ کێشەیان پێ چارە نەکراون، چونکە لەلایەکەوە کۆبونەوە لەو مستوایانەدا ناتوانن مشاکل چارە بکەن و بڕیاری لێبدەن، لە لایەکی ترەوە حەلی جەزری وەزعەکەیان پێ نادۆزرێتەوە. لەبەر ئەوە ئێمە وەکو بۆ حزبی بەعسمان نوسیوە لە وەرامی نامەی خۆیان و نوسیومانە کە اجتماعات لەسەر مستوای قیادەی سیاسی بکرێت و بەردەوام بێت

بۆ کۆبوونەوەکانی ئێمە و یەکێتی پێشوو. بە ئامادە بوونی ئێوە و حزبی بەعس. وەکو دەزانن قرار بوو برادەرانی یەکێتی رۆژی ۲/۹. بێنە بارەگای ئێمە پێمان باشە ئەوە جێبەجێ بێت و ئەوان بفەرموون بۆ لامان و ئێوەو حزبی بەعسیش بفەرموون تا کۆبوونەوەکە بکەین و بەڵکو چارەسەری بنەڕەتی بدۆزینەوە. ئەگەر برایانی یەکێتی مانعیان هەیە لە هاتن بۆ لامان ئەوە لە شێنێ یا لە زەڵێ بارەگای ئێوە، ئێمە مانعمان نیە و دێین تا کۆبوونەوە بکرێت. وەلەراستیدا ئەو هێرشە درندانەی جەماعەتی یەکیەتی کردوویانە سەر بارەگای هەرێمی سێ ئێمە لای « سلێمانی » بە شێوەیەک بووە کە بۆ ئێمەی دەرخستووە ئەوان نیەتی پاشیان نیە، چونکە لە کاتی کۆبوونەوەکانی ئێمە و ئەوان نەخشەیان کێشاوە دوو ئەندامی سەرکردایەتی تێدا بوو ئەمە زۆر تاسیری لە ئێمە کردووە، بەلأم لەگەڵ ئەوەش لەبەر بەرژەوەندی گشتی، تا مشاکیل کەم بکرێتەوە ئێمە مانعمان نیە بۆ دانیشتن و ئومێدەوارین دانیشتنەکان جدی بن و هەردوو لا بە نیەتی پاک و بە جدی بچینە پێشەوە لەو وەزعە کە ئەگەر بە جدی نەبێ نەیکەین چاکترە. تکایە ئێوەش لەو ڕووە قسە لەگەڵ برایانی یەکێتی بکەن. بەڵکو کارێکی وا بکەن کۆبوونەوەکە لە مستوای بەرز بێت و هەموو لایەک بەجدی و بە پەلە بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتی بگەڕێین.

٢- بە لای ئێمەوە ئەو مشاکلەی هەن هەمووی هۆی خلافاتی سیاسیە، و تا خلافاتی سیاسی چارەسەر نەکرێت و صیغەیەک بۆ ئەم مەبەستە نەدۆزرێتەوە مشاکلیتر چارەسەر ناکرێت. چونکە مشاکیلی عسکری و هەموو ناکۆکیتر بە هۆی خلافاتی سیاسیەوە هاتووە.

بەنەهێشتنی ئەو خلافە سیاسیە چارەسەر ئەکرێت و ئەگەر صیفەی سیاسی ئەدززرێتەوە کۆبوونەوەی‌تر سوودی نیە. ئەگەر صیفەی سیاسی دززرایەوە ئەوە هەموو جۆرە دانیشتن و قسەکردن طبیعی و زۆر سود بەخش ئەبێت.

ئەمەیە ڕای ئێمە و ئومێدەوارین ئێوەش لەگەڵ برایانی بەعس قسە بکەن و جێگار کاتی دانیشتن دابنێن و ئاگادارمان بکەنەوە. وە برادەرە بەعسیەکان رایان وایە کە کۆبوونەوەکە لەسەر مستوای قیادەی سیاسی باشترە حتما ئێوەش هەر رائیتان وایە. بە قەناعەتی ئێمە کۆبوونەوە لەسەر مستوای عسکری ممکنە ئەتوانێت تمهید بۆ کۆبوونەوەی سیاسی بکات.

ئیتر هەر بژین لەگەڵ ڕێز و سلاو

براتان	براتان	براتان
طاهر علی والی	رەسول مامەند	د. مەحمود عوسمان

١٩٧٩/٩/٢٩

بە نامەیەکی کورت وەرامی برادەرانی حسکمان دایەوە، نوسیمان لەدوای دەرسکردنی نامەکەتان و چاو پێکەوتنمان بە لایەکانی ترەوە گەیشتینە چ ئەنجامێک ئاگادارتان دەکەینەوە.

لەماوەی ئەم شەش مانگەی برادەرانی حسیک لە ریزی یەک جیابوونەتەوە، چەندان جار هەوڵ و تەقەلای دڵسۆزانە دراوە ناکۆکی و گیروگرفتەکانیان بە گفتوگۆ و ئاشتیانە چارەسەر بکەن، هەرجارەی بارەکە کەمێک هێمن دەکرێتەوە، کتوپڕ لە شوێنی فتیلەیەک

دادەگیرسێندرێ و ئاژاوە و تێکچوون لە نوێ دەس پێدەکاتەوە. بارەکە دەگۆڕێت « ڕیسەکە دەبێتەوە خوری » وەک ئەوەی سەرەتای کوشتو بڕی یەکتر بێت. ئەم برا کوژییە و کارەساتە خوێناویانە خۆڕسک نیە، پەلجەی ژەهراوی دوژمنانی نەتەوەکەمان و ئەم رژێمانەی کوردستانیان پێوە لکاندراوە تێدایە، تا لە توانا دا بێ ناهێڵن رێککەوتن و تەبایی و یەکگرتن لە نێوان حزبە نیشتمانپەروەرەکانی سەرانسەری کوردستان یان لە نێوان هێزەکانی پارچەیەکیدا هەبێ جگە لەم هۆیە هۆی تریش هەن وەکو رۆڵی سەرکردایەتی خۆ پەرستی و کورت بینی و پێشخستنی بەرژەوەندی تایبەتی تەسک و بنەماڵەیی و خێڵەکییە بەسەر بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەمان و دوا رۆژی ئەمانە و مانەوەی کۆمەڵگای کوردەواری وەک کۆمەڵگاێکی دواکەوتووی جوتیاری و سەرجەم ئەزمی و دواکەوتووی بیرو بڕوای سیاسی لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتانی گەورە بونەتە هۆی تێکشان و سەرنەکەوتنی یەک بە دوای یەکی شۆرشەکانی میللەتی کوردمان کە لە مێژ ساڵە خوێنی لە پێناودا دەرژێندرێ. لە کۆتایی سەدەی بیستەم ۲۵ ملیۆن کوردین لەسەر خاکی دێرینی خۆمان بێ مافین. لەم جیهانەدا نەتەوەیەک نەماوە بەقەد نەتەوەی کورد، لە هەموو مافەرەواکانی و ژیانی سەربەخۆیی و بەختیاری بێ بەش بووبێ! وها مابێتەوە.!

● رۆژی ۱۹۷۹/۹/۲۹ رۆژی یادی تێپەڕبوونی ۳۸ ساڵ بوو بەسەر دامەزراندنی حزبی تودەی ئێران، بەو بۆنەیەوە ئەو هاوڕێیانەی تودە کە لەگەڵ ئێمە دەژیان، ئاهەنگێکی ئەنجیلانەیان رێکخست، داوایان لێکردین بەشداریان لەگەڵدا بکەین. لەسەر بڕیاری هەندرێن ئەم وتارەم ئامادە کرد و خوێندمەوە:

هاوڕێیانی خۆشەویست

بەناوی گشت هاوڕێیانی حزبی شیوعی عێراق لەسەر سنورر و بەناوی خۆمەوە، گەرمترین پیرۆزبایی و سلاوی شۆڕشگێڕیتان پێشکەش دەکەم، بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ۳۸ ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبە تێکۆشەرەکەتان « حزبی تودەی ئێران » ئەم حزبەی بە درێژایی تەمەنی هەر تێکۆشاوە و لە خەباتی سەختی خوێناوی پڕ مەترسیدا بووە، لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئالای مارکسیزم لینینیزم لە ولاتەکەتاندا، بە هەزاران قوربانی پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی گەلەکانی ئێران، چینی زەحمەتکێشانی ئێران لە چەوسانەوە و کۆیلەتی رزگاریان بێ. مێژووی حزبە قارەمانەکەتان، مێژووی نەپچڕاوی جولانەوەی شۆڕشگێڕی و مارکسیزمیەکانی ئێرانیە. ئەم مێژووە پڕ شانازیەی کەلە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردیە لە هۆیە سەرەکیەکانیش، نزیک بوون و بەیوەندی بەهێز بوو لەگەڵ حیزبی سۆسیال دیموکراتی روسیا.

هەرلە دوای شۆڕشی ۱۹۰۵ کە لە روسیای قەیسەری هەڵگیرسا ئاگری شۆڕش لە تاران/تبریز و باکوری ئێران و گەلێ شاریتر بەرپا بوو، جەماوەر راپەڕی شای قاجارەکانی ئەوکاتی ناچارکرد دان بە مافی گەلدا بنێت. یەکەم یاسا لە هەموو مێژووی ئێران لە ساڵی ۱۹۰۶ بلاوکاتەوە و بەرلەمان پێک بێت. هەر لەو سەردەم یەکەم شانەي مارکسی لینینی لە شاری رەشت و تەوریز دامەزرا. لە ساڵی ۱۹۰۷ ئەم رێکخراوە سارایە بەهەڵگیرساندنی راپەڕینێکی چەکداری بەناوی راپەڕینی « رەنجدەرانی ئێران ــ دهقانان ایران » هەڵسا، ئەم راپەڕینە شۆڕشگێڕیە ترس و لەرزێکی زۆری خستە ناو جەرگەی بنەماڵەی شا قاجاریەکانی

ئێران و دەرەبەگ و کۆنەپەرستەکان. بە تەنگە تاوی هاتایان بردە بەر قەیسەری روسیا، داوای یارمەتیان لیکرد، راپەرینە شۆڕشگێڕیەکەی باکوری ئێران لەناو بەرێت. قەیسەر بەپەلە سوپای روسی نارد، راپەرینەکە تێکشێندرا و لەناو چوو نەیتوانی هیچ لە ئامانجەکانی بهێنێتە دی. هەمو گەلەکانی ئێران گەلێ لە پێشووتر توشی ئەشکەنجە و ئازار و دەربەدەری هاتن.

لەگەڵ هەموو ئەو کردەوە جانەوەرانەی سوپای روسیا قەیسەری و ژەندرمەکانی قاجاری هانییانە سەر گەلەکانی ئێران، گیانی خۆ ڕاگرتن و کۆڵنەدان هەر لە بەرگریکردندا بوو. زۆری نەخایاند دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتوبەری مەزن لە روسیا ۱۹۱۷ رەوشەنبیر و شۆرشگێرەکان کەوتنەوە بزوتن و خۆ کۆکردنەوە، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ ریزی خۆیان رێکخەنەوە لە حزبێکی مارکسی لینینی لە ئەنجامی خەبات و تەقەلادانی زۆریان، توانیان لە ساڵی ۱۹۲۰ لە شاری گیلان حزبی کۆمۆنیستی ئێران دامەزرێنن. هەر لە سەرەتای دامەزراندنیا، حزبەکە پەیوەندی خۆی لەگەڵ حیزبی لینینی و ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم «کۆمنتێرن» بەهێزکات. ئەندامی سەرکردایەتی حزبەکە «حەیدەر ئوغلی زادە» لە کونگرەی گەلانی رۆژهەلات لە ساڵی ۱۹۲۱ بەشداری کرد. هەروەها هاورێ «ئاخوند زادە» لە ئەنتەرناسیۆنالی سێیەم نوێنەری حزبەکە بوو. بە ماوەیکی کەم حزبەکە توانی شوێنی خۆی لەناو جەرگەی چینی زەحمەتکێشانی ئێران بکاتەوە و بروای جەماوەر بۆ لای خۆی راکێشێت. ئەمەش ترس و لەرزی خستە دڵ وگیانی چینی چەوسێنەر و کاربەدەستانی سەر حوکم، رەزا شا کەوتە راونان و بەربەرەکانی کردنی حزبە قارەمانەکەتان، سکرتێری گشتی حزب د. تقی ئارانی و سێ ئەندامی سەرکردایەتی دەستگیر کران و

خستراته نێو زیندان، له ساڵی ١٩٣٧ له نێو زیندان شەهید کران.

زۆری نەخایاند وڵاتە سوێندخۆرەکان « الحلفاء » وڵاتی ئێرانیان له ساڵی ١٩٤١ داگیر کرد. بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر دەستی ڕژێمی فاشی ئەلمانیا، ئەم کارەش بوو بە یاریدەدەرێکی زۆر لەبار بۆ هەموو گەلەکانی ئێران و زەحمەتکێشان. سەرلەنوێ هەلومەرجی باش هاتەوە کایە، هەموو زیندانیەکانی سیاسی سەرفیراز کران، سەربەستیەکانی دیموکراسی تاسنوورێک درا بە جەماوەر.

ئەمجارە کۆمۆنیستەکان بەناوی « حزبی تودەی ئێران » ریزی خۆیان ڕێکخستەوە و کەوتەوە فەرمان و کارکردنی سیاسی بە ئاشکرا. بە ماوەیەکی کەم حزبی تودە لە حزبێکی بچووکی سنوور تەسک گۆڕا بە حیزبێکی جەماوەری فرەوان، لەسەرانسەری ئێران ناوی دەرکرد. ڕۆڵی پێشڕەوی خەبات و تەقەلای جەماوەری کەوتە دەست، سەرکردایەتی هەموو جۆرە تێکۆشان و خەباتی دەکرد. پایەی گەیشت بە ئەوە بەشداری لە پەرلەمان و لە وەزارەتدا بکات. چەندان ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی بە ئاشکرا و بە نهێنی دەردەهانی تا کودەتاکەی ژەنەراڵ زاهیدی لەساڵی ١٩٥٣.

جارێکی تر حزبی تودە پێش هەموو حزب و هێزە پێشکەوتوخوازەکانی ئێران کەوتەوە بەر لافاوی هێرشی دڕندانەی تیرۆری ڕژێمی شا زاهیدی. بەهەزاران ئەندام و لایەنگرانی تووشی ئەشکەنجەو ئازاردان و کوشت و دەربەدەری هاتن، لەمانە شەهیدی نەمری بەناوبانگ « خسرەوی ڕوزبە » قارەمانی گەلانی ئێران. شیرازەی ڕێکخراوەکانی تودە پچڕێندرا، گشت تەشکیلاتەکانی تێکوپێک دران. بە هەزاران ڕۆڵە تێکۆشەرەکان لە زیندانەکان بەند کران. ئاوارەیی و دەردە سەری

دووچاری جەماوەرەکە هات. بەڵام حزبە قارەمانەکەی توده هەرمابەوە لەسەر ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی. ئاڵای خەباتکردنی دانەتواند، بەردەوام بوو لە تەقەلادان و قوربانیدان، لەگەڵ ئەوەش ڕێگای تێکۆشان و خەباتکردن گەلێ سەخت و پڕ مەترسی و خوێناوی بوو، جەماوەری ئێران و هەموو هێزەکانی سیاسی کۆڵیان نەدا تا لە مانگی شوباتی ئەم ساڵ بەسەر ڕژێمی کۆنەپەرستی حەمەرەزاشا سەرکەوتن و ڕژێمی کۆمارییان لە شوێنیدا دامەزراند.

هاوڕێیانی خۆشەویست

دۆستایەتی و برایەتی حزبی شیوعی عێراقی لەگەڵ حزبی تودەی ئێران زۆر کۆنە، دەتوانین بڵێین ئەم پەیوەندیە هەر لەگەڵ دامەزراندنیا دەستی پێکردووە هەرکاتێک شیوعیەکانی عێراق پێویستیان بە یارمەتیدانێک بووە، پێش هەموو لایەک ڕوویان کردووتە حزبی تودەی ئێران داوای یارمەتی و کۆمەکی لێکردیە. ئەوکاتانە کە هاوڕێیانی حزبی توده تووشی ڕاونان و دەربەدەری هاتوون هەموو دەرگاکانی حزبی ئێمە بۆیان واری کرابۆوە. دریغی نەکردوو بە پێی توانای هەموو یارمەتێکی پێشکەش دەکردن. ئێمەش هەموو لایەکمان لەسەرمان پێویستە بە هەمان ڕێگا و ڕێبازی پیرۆز بڕۆین.

ئێمە شیوعیەکانی عێراق باش لامان ڕوونە، ڕێگای خەباتکردنی ئێوە و گەلەکانی ئێران گەلێک سەخت و پڕ مەترسییە. ئەم ئەرکە مێژوویانەی کەوتۆتە ئەستۆ، تەقەلا و تێکۆشان و قوربانیدانی زۆری دەوێت. چونکە گیروگرفتەکان لە کۆنەوە گەلێ زۆرن. گەلەکانی ئێرانی ژیانی دیموکراسی و کامیرانی و بەختیارییان دەوێ. بڕوای تەواوی ئێمە

ئەوەیە هەر سەردەکەوێن جا زوو یا درەنگ و هەردەگات بە ئاواتە پیرۆزەکانی:

نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی ئێرانە.

سەرکەوتن بۆ گشت گەلانی ئێرانە

مردن بۆ دوژمنانی کۆنە پەرستە..

بمری ئیمپریالیزم و زایۆنیزم.

هەر شکاوەبێت ئالاّی دیموکراسی و ئاشتی لە جیهاندا.

هەر شکاوە بێت ئالاّی مارکسیزم لینینیزم

لەگەڵ سوپاسم بۆتان.

● ڕۆژی ۳/۹. مەکتەبی هەندرێن دەرسی ئەو نامانەی کرد کە سەرکردایەتی حسیک و برادەرانی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق حزبی بەعس ناردبوویان. بڕیار وەرگیرا بەم نامانەی خوارەوە وەرامیان بدرێتەوە. تەکستی نامەکە:

١/١٠/١٩٧٩توژقلة

ـــ الاخوان الاعزاء في المكتب السياسي
للاتحاد الوطني الكردستاني المحترمون
ـــ الاخوان الاعزاء في المكتب السياسي
للحزب الاشتراكي الموحد الكردستاني المحترمون

تحية طيبة

ليست بخافية عليكم التعقيدات التي اخذت تطراء على الاوضاع السياسية في منطقتنا و بروز مظاهر سلبية جديدة في مقدمتها تدخل العراق في شؤن الانتفاضة الشعبية الكردية في ايران بحجة دعم مقاومة الشعب الكردي و الحزب الديمقراطي الكردستاني ـــ ايران للسياسة الشوفينية و العميلة التي يمارسها حكام ايران ضد الشعب الكردي و كلنا نعلم ان نظام البعث الدكتاتوري الحاكم في بغداد هو من الأعداء الشعب الكردي و الحقوق الديمقراطية و ان تدخله يهدف الى انزال ضربة قاصمة بالنضال الثوري للشعب الكردي في العراق و ايران معا.

و من جهة ثانية فان الجهود تبذل من قبل اوساط متنفذة في ايران لدفع عناصر كردية اقطاعية و غيرها للوقوف ضد ثورة الشعب الكردي في ايران و من ثم ضد الفصائل كردية العراقية. و ثمة ظروف موضوعية و ذاتية ملائمة لتحقيق رغبات حكام ايران هذه.

ان التطورات السلبية هذه تحتم علينا و عيها و ادراكها بدقة و تمحيص و ادراك نتائجها الضارة و العمل على درء مخاطرها قدر الامكان. و ان

افضل توجة لمقاومتها و من ثم دفع ثورة الشعب الكردي في ايران و ثورة الشعب العراقي بعربه و اكراده و اقلياتة المتآخية الى امام. انها يمكن في رض و تعزيزو توحيد صفوف الثوار في الجانبين العراقي و الايراني معا. و ما يهمنا هنا اكثر من غيره هو الجانب العراقي حيث تتأجل خطوات اقامة الجبهة الوطنية الديمقراطية و تزاد بعض الخلافات و الصراعات التي نعتقد بانها غير مبررة و يمكن تلافيها. و نورد هنا كمثال على ذلك التردي الحاصل في العلاقات، بين الاتحاد الوطني الكردستاني و الحزب الاشتراكي الموحد مؤخرا. بعد ان تم احراز خطوات ملموسة على طريق العلاقات الودية بينهما، مما اثار و يثير لدينا قلقا جديا و مشروعاً لاعتقادنا بان هذة الخلافات و الطرعات لايستفيد منها سوى الاعداء و لقناعة تامة ايضاً بامكانية تخطي العراقيل و التغلب عليها اذا ماتم النظر الى الامور من مستوى الشعور العالي بالمسؤولية و التقدير الصائب للخط الرئيسي الذي يهدد كامل النضال الثوري للشعب العراقي. و في هذا الصدد فاننا نرى ان الامور لا ينبغي تركها بايدى من لا يقدرون خطورة الاوضاع و لا يشعرون بالمسؤولية و بالرغم من ان وجو عناصركهذه امر متوقع في مثل ظروفنا الراهنة الا ان محاسبة و معاقبة العناصر المسيئة امر لا بدمنة لكي لا نفلت زمام الامور و بهدف المحافظة على الخط الرئيسي للنضال المشترك.

و من هنا فاننا نقترح عليكم مخلصين بان تقدموا مقرحاتكم العملية والملموسة بشان كيفية معالجة حالة التردي بين اتحادكم و الحزب الاشتراكي و بين انصارهما و التوجه لأعداد لقاء القمة لدراسة الامور و حل المشاكل و اتخاذ خطوات جذرية لاقامة افضل اشكال التفاهم و التنسيق و التعاون. و ستعمل نحن ممثلو الحزب الشيوعي العراقي جاهدين بالتعاون مع رفاقنا في حزب البعث العربي الاشتراكي ــ القطر العراق للتهيئه

لاجتماع القادم الذي نامل ان يكون آخر اجتماع لبحث الخلافات و اول اجتماع لبحث وضع و اشكال التنسيق و التعاون بيننا جميعاً.

و تقبلوا فائق اعتزازنا و تقديرنا

الحزب الشيوعي العراقي
مكتب لجنة اقليم كردستان
١٩٧٩/١٠/١

صورة منةالى:
ـ حزب البعث العربي الاشتراكي ـ قيادة قطر العراق.

دواى ئەوەى نامەكەمان بۆ سەركردايەتى هەر سێ حیزب نارد ئێوارەكە بە درەنگى وەرامى م.س ينك/مان وەرگرتەوە

الاتحاد الوطني الكردستاني	العدد/ ف
المكتب السياسي	التأريخ ١٩٧٩/١٠/١

الرفاق الاعزاء في مكتب اقليم كردستان
الحزب الشيوعي العراقي

تحية ثورية حارة

تسلمنا رسالتكم ١٩٧٩/١٠/١ و نجيبكم بما يلي:

اولاً: نقدر عال التقدير جهودكم و جهود اخواننا المناضلين من حزب البعث العربي الاشتراكي ـ القطر العراقي لايجاد حل سياسي

سلمي للخلافات الموجودة بين الاتحاد الوطني الكردستاني و الحزب الاشتراكي الموحد الكردستاني و نؤكد لكم ماسبق لنا بيانه لكم من حرصنا على حل الخلافات بالحوار الجاد و النوايا الصادقة و التصميم المخلص بين الاطراف المعينة و نقبل فكرة اللقاءات بين الاطراف الموجودة على الساحة « الحزب الشيوعي العراقي و حزب البعث العربي الاشتراكي، الاتحادالوطني الكردستاني، الپاسوك، الحزب الاشتراكي الموحد الكردستاني » على ان تتدرج اللقاءات كي تنجح و تثمر كما هو معمولة به في كل انحاء العالم اذ يسبق كل لقاء قمة تهيئة و تمهيد...

ثانياً: نود ان نحيط حزبكم علماً و بصورة رسمية بان السادة رسول مامند و سيد كاكه و حاجي حاجي ابراهيم قد اعادوا عوائلهم و عوائل اخوانهم و والد السيد حاجي و اقاربهم الى قلعةدزة و اربيل و المجمعات السكنية و ان الحكومة الفاشية قد رحبت بهم و قدمت لهم مساعدات و معيشة و سكنية ملحوظة، و قد علمنا ان الحكومة خصصت مخصصات شهرية لهذه العوائل مائة دينار لعائلة .... مثلاً ان هذة الظاهرة تثير لدينا تساؤلاً مشروعة عن مغزى هذه الظواهرة معناها؟ و توقظ فينا حساسية الحذر و الحيطة\.

ثالثاً: نخبركم بان قائد حامية « سربشت » قد ارسل من يخبر الاتحاد بان جنرال قادم من طهران اللقاء بالاخ الامين العام للاتحاد فرفض الطلب من قبلنا و ارسلنا كادرا

للاستطلاع الموضوع فقط.

تفضلوا بقبول احتراماتنا

اخوكم المخلص
الامين العام للاتحاد الوطني الكردستاني
جلال الطالباني

● ئێوارەی ۲/۱ . ئەندامی لیژنەی قەزا «م.ح» هاتە لام. بەشەرمەوە. داوای دانیشتنێکی دوو قۆڵی تایبەتی لێکردم، یەکسەر پەنجا میترێک دوور کەوتینەوە لەسەر تاشەبەردێک دانیشتین بە ڕوو زەردی و دەم تێکەڵاوی گوتی «هاوڕێم، براگەورەم، من مردووم توانای کاری سیاسی و پێشمەرگایەتیم نەما، تکایە ماوەم بدەن بگەڕێمەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆم، کتوپڕ نامەیێکی لە باخەڵی دەرهانی و پێشکەشی کردم ئەمەش تەکتیەتی:

بۆ / هاوڕێیانی م.هەرێم
بەهێزی لیژنەی حیزبی لە تۆژەڵە
سلاو ڕێزم

هاوڕێیان زۆر بەداخەوە پێتان ڕادەگەێنم کە نە تاقەت و ئارەزووی ئیشکردنی حزبیم ماوە، نە تاقەتی پێشمەرگایەتیم هەیە. جا تکایە بە گێرەی نیزامی داخلی حزب ئیستقالەم لە ریزی حزبیدا قبوڵ بکەن و

ڕێگام بدەن بگەڕێمەوە. شەرتیش بێت تاکو ماوم ئەگەر هات و لەت لەتیشم بکەن و لە سێدارەشم بدەن خیانەت لە گەڵ و حزبی شیوعیدا نەکەم.

ئەمن بەزیم بەڵام دڵنیامە کە حزبی شیوعی قەت نابەزێ، لە کۆتاییدا زۆر تکاتان لێدەکەم کە یان بمکوژن یا داوایەکەم قبوڵ بکەن.

ئیتر هەر سەرکەوتن و خۆشیتان ئاواتە

م.ح: ١٩٧٩/٩/٣٠

ناوەڕۆکی ئەم نامەیە پاڵی پێوەنام گەلێ بە قووڵی بیر لە ڕووداوەکە و ئەم دیاردە و داهاتووە بکەمەوە. کەوتمە بەراوردکردنی سلوک و ڕەفتاری ئەم هاوڕێیە لەگەڵ دەیەها لە هاوڕێیانیتر بەتایبەت ئەوانەی دوو مانگ لەمەوبەر کە صدام حوسێن عەفوی گشتی دەرهانی. چۆن بە فرت و فێڵ و بیانووی درۆ و ڕایان کرد و ئێمەیان جێهێشت و وازیان لە حزبایەتی هانی.

بەڕوداوی زۆر گرنگ و سەرسوڕێنەرم وەرنەگرت. کەچی ئەم دانیشتنە کورتەی ئەم هاوڕێیە و نامەکەی سەرنجی ڕاکێشام لە دەروونما بڕیارمدا بە سانا دەستی لێبەرنەدەم و پێی بڵێم کاکەی برا خوات لەگەڵدا بێ فەرموو برۆ! داوام لێکرد سبەی سەعات دەی بەیانی بگەڕێتەوە لام. ڕۆژی دووەم لە کاتی دیاریکراودا گەڕایەوە.

پێشەکی کەوتمە ئامۆژگاری کردنی و داوای مانەوەم لێکرد، بەڕاستی هاوڕێیەکی بە ئەخلاق و عێزە بوو، دیم تەقەلاکەم بێسوودە، داوام لێکرد بە تەواوی دڵی خۆیم بۆ بکاتەوە و هۆی سەرەکی چیە لەو بڕیارەی

وەریگرتبە ؟ بە راشکاوی دەردەکانی دەروونی بۆ هەڵرشتم، گوتی:
« راستیەکەی سێ هۆ هەیە پاڵی پێوەنام ئەم بڕیارە وەربگرم،
١- سیاسی ٢- گوزەرانی ژن و منداڵم ٣- تواناى تەندروستیم...
هۆی سیاسی ئەمانەیە:

١- کۆنفرانسێکی حزبی نەبەسترا تا ئەم کارەساتە وێرانکارانەی بەسەر حزبدا هاتن دەرسی بکات.

٢- تا هەنکە شتومەکی پێویست، کە رێبازی تازەی حزبی لەسەر بەندە جێبەجێ نەکراوە و هیچیش نەگەیشت.

٣- ئەمە ٩ مانگ زیاترە تەنها چوار هاوڕێی کورد لە ئەندامانی ل.م لەگەڵ دەربەدەری و برسیەتی و سەرما و گەرمای ژیانی سەختی ناو شاخ دەژین، کەچی ژمارەی هەرە زۆر لە ئەندامانی م.س و ل.م لە دەرەوە و ئەورووپا ژیان بەسەر دەبەن. نەگەڕاونەتەوە تەنها بۆ ئەوەی تام و چێژی دەردی هاوڕێیان بکەن بزانن چۆن ژیان بەسەر دەبەن و لە چ خۆڕاگرتنێک دانە!!.

ئەو رێبازەی تازە حیزب هەڵیبژاردووە، خەباتی چەکداری بکات، خۆ حزبەکە حیزبی هەموو عیراقە، تەنها هی کوردەکان نیە تاکو ئەرکی گران و سەخت هەموو لە ئەستۆی ئەو کوردانە بێت لە سەرکردایەتی حزبدانە! ئەم بارەی هەیە بارێکی ساکاری نیە، لە ڕووی مەبدەئی و ژیانی حزبایەتی ڕاست و ڕەوا.

أ- یەکێتی بیرو بڕوا لەناو حیزبدا یەکجار لاواز بوو.

ب- چەند پارچە چەکێک لە حدکا وەرگیرا کارێکی خراپی کردە سەر بیرو بۆچوونی من و ژمارەیەک لە هاوڕێیان.

پ- مسوده‌ی پرۆژه‌ی به‌ره دابه‌شکرا، به‌سه‌ر هه‌موو حیزب و هێزه‌کانی سیاسی و نه‌ته‌وایه‌تی، که‌چی هاوڕێیانی حیزب نه‌ک هه‌ر ده‌رسیان نه‌کردووه، هه‌تا بۆ خوێندنه‌وه‌ش نه‌یان بینیوه.

٢- یارمه‌تی خێزانه‌کان نه‌دراوه

ده‌رباره‌ی گوزه‌رانی ژیانی ژن و منداڵم، له‌ ناخۆشی و هه‌ژاری و په‌ژاره‌دانه. باوکم پۆلیسی خانه‌نشینه‌ (متقاعد) ده‌ستی کورته‌ توانای یارمه‌تی ئه‌وانی نیه.

٣- باری ته‌ندروستیم خراپه، تواناو هێزم که‌مه، به‌هیچ شێوه‌یه‌ک ژیانی پێشمه‌رگایه‌تی و کاری پارتیزانیم پێ ناکرێ تکاتان لێده‌که‌م ڕێگام بده‌ن بگه‌ڕێمه‌وه‌ ناو ماڵ و منداڵم یاخود ڕزگارم که‌ن له‌م ژیانه‌ تاڵه، که‌ بڕوای سه‌رکه‌وتنی نزیکی تێدا نابینم، بمکوژن!

به‌ ووردی گوێم له‌ هه‌موو ئازار و ده‌رده‌کانی ناو ده‌روونی گرتبوو، داوام لێکرد یه‌کدوو ڕۆژ ماوه‌م بدات تا ڕای هاوڕێیانی هه‌ندرێن وه‌ربگرم له‌سه‌ر داواکه‌ی. به‌ ڕێز و سوپاسه‌وه‌ جێیهێشتم.

له‌لام باش ڕوون بوو که‌ ده‌رد و ئازار و بڕوا نه‌مانی ئه‌م هاوڕێیه‌ نه‌خۆشییه‌کی قوڵی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و فیکری و ڕێکخراوه‌ییه. به‌ فره‌وانی له‌ناو جه‌ماوه‌ری عیراق بلاو بویته‌وه، له‌ ئه‌نجامی سیاسه‌تی دیکتاتۆری شۆڤێنستی ڕژێمی عیراق و ئه‌م هه‌له‌ سیاسیانه‌ی زۆربه‌ی حیزب و هێزه‌کانی تێکه‌وتن له‌م چه‌ند ساڵه‌ی دوایدا.

گه‌یشتمه‌ قه‌ناعه‌تی ته‌واو ئه‌م هاوڕێیه‌ لامان نامێنێته‌وه، به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ک بێت جێمان ده‌هێڵێ. داواکه‌م خسته‌ به‌رده‌م هاوڕێیانی مه‌کته‌بی هه‌رێم پێشنیارم ئه‌وه‌ بوو ماوه‌ی بده‌ین بگه‌ڕێته‌وه‌ و

ئامۆژگاری بکەین بە رەفتار و نووسین خزمەتی بیرو بڕوای پێشکەوتوخوازی بکات. بڕیار درا ڕێگەی بدرێت و بڕوا. ئێمەی جێهێشت.

وەرامی مەکتەبی سیاسی یەک دەربارەی پرۆژەی بەرەی دیموکراسی عێراقی لەگەڵ نامەیەک گەیشتە دەستمان.

الاتحاد الوطني الكردستاني — العدد/

المكتب السياسي — التاريخ٢/ ١٠/ ١٩٧٩

الرفاق الاعزاء اعضاء مكتب اقليم كردستان

للحزب الشيوعي العراقي

تحية ثورية

١- نرسل اليكم جواب المكتب السياسي للاتحاد الوطني الكردستانى الى المكتب السياسي الموقر لحزبكم. راجياً ايصالة اليهم باسرع وقت ممكن مع الشكر الجزيل سلفاً

٢- وصلتنا اليوم من منظمتنا في قرية « سريجة » مايلي: « يوم ٩/٣٠ قدم الى القرية حاجي حاجي ابراهيم، ثم قدم آمر اللواء من قلعة دزة، و اختلى بحاجي ساعات عديدة و تناولو خلالها الغداء معاً. و في اليوم التالى وصلت طائرة هيليكوبتر و حطت في القرية ثم توجه الدكتور محمود برفقه رسول مامند نحو الطائرة التي يقال انها نتقلتهم الى بغداد.

٣- اننا ننظر نظرة جديدة الى هذه الاخبار و قد وصلتنا اليوم من قلعتدزة نفسها إن جماعة الدكتور محمود و رسول مامند ستعود خلال اسبوع الى الصف الوطني.

ايها الرفاق

اننا نعتقد « لادخان بدون نا » لذلك نرى من الواجب اتخاذ التدابير الاحتياطية كي لا تلدغ اثناء عودة هله الجماعة الى احضان الفاشية.
نرى ضرورة اخبار مفارزكم و بتشديد الحراسة كما نرجو تشغيل جهازكم الحزبي في المنطقة لتقصي الحقائق.

و تقبلوا بقبول تحياتنا الطيبة

اخوكم المخلص: جلال الطالباني

● ئێوارەی ٣/ ١٩٧٩/١٠ سەعات حەفت، د.قاسملو و عەزیزی ماملێ و کادرێکی پێشکەوتووی حدکا سید عەبدولا گەیشتنە لامان. دوای پێشوازی کردنیان کەوتینە دووان و باسکردنی هێرشەکانی ئەرتەش و پاسدارانی ئێران بۆ ناوچەکانی کوردستان. د.قاسملو ئاگاداری کردین پەیوەندیان لەگەڵ رژێمی عێراق باش نیە. بە کەمی یارمەتیان ئەدەن. شەو لامان مانەوە، نیوەشەو لە دوای سەعات دووی بەیانی ٤/ ١٠/نامەیێکی جوانرۆیی گەیشتە دەست، چەند رستەیەکی بۆ خوێندینەوە « کاک دکتۆر پێویستمان بە یارمەتیدانی هاورێیانی حشع هەیە، دوو لق پێشمەرگە لەگەڵ چەند هاورێیەک شارەزای چاندنی مین و

متفجرات/یان هەبێ، بکەنە سەر ڕێگای خانە میراوە، بەشداری بکەن لەگەڵ پێشمەرگەکانمان بۆ لێدانی ئەرتەش و پاسدار کە نیازیان هەیە دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرنەوە... »

دکتۆر یەکسەر داوای لێکردین هەر بەم شەوە پێشمەرگەیان بۆ ئامادە بکەین، وەراممان دایەوە کە ئێمە دوور هاورێ دەسەڵاتی ئەوەمان نیە بریاری وا گرنگ وەربگرین. پێویست بەوە دەکات هەندرێن دەرسی داواکەتان بکات، ئەوکات ئاگدارتان دەکەینەوە. بەیانیەکە دکتۆر و هەڤاڵەکانی ئێمەیان جێهێشت گەرانەوە بارەگاکەی خۆیان لە « پاشکاوێ »

هەندرێن دانیشت دەرسی داواکەی حدکای کرد. بریار وەرگیرا حەفت هاورێی شارەزای چاندنی مین بنێرینە یارمەتی دانیان.

ئێوارە جەلال تالەبانی هاتە سەردانمان ئاگاداری کردین، لە لایەن ئێرانیەکانەوە داوا کراوە لەگەڵ وەفدێک کە لە تاران/ەوە دێت بریتییە لە وەزیری دەوڵەت دایوش فروهەر و ژەنەراڵێکی عەسکەری و نوێنەری ئیمام خومەینی کۆ ببێتەوە، ئەوان ئامادەن هەر شوێنێک بۆ هەردوو لا بشێت لەوێ یەکتری ببینین، ڕای ئێمە لەگەڵ ئەوەدا بوو بچێت لەگەڵیان کۆببێتەوە، چەند لە تواناندا هەیە تەقەلا بدرێت چارەیەک بۆ گیروگرفتی کوردستانی ئێران بدۆزرێتەوە و لێیان داوا بکات، ئاخۆ رژێمی ئێران ئامادەیە چی بە کوردەکان بدات. هەروەها پێشنیارکرا پێشی سەفەرەکە چاوی بە م.س حدکا و د.قاسملو بکەوێ.

ــ چەند رۆژێکە لە گەلێ لاوە دەنگوباسمان پێدەگات، لە گوندی « سریجە » نزیکی قەڵادزێ کۆبوونەوە لە نێوان ئامیر لیوا و د.مەحمود و حاجی حاجی برایم دا بووە. هەتا دەڵێن د. مەحمود بۆ گفتوگۆکردن

گەیشتۆتە بەغدا.

ئەمرۆکەش وەرامی سەرکردایەتی حسیک/مان وەرگرتەوە. ئەمەش تەکستیەتی:

الحزب الاشتراكي الكردستاني الموحد العدد/ف

المكتب السياسي التاريخ ١٩٧٩/١٠/٥

الى/ الرفاق في مكتب اقليم كردستان

للحزب الشيوعي العراقي المناضل

تحية نضالية

استلمنا رسالتكم المؤرخة في ١٩٧٩/١٠/١ و تمت دراستها من قبل قيادة الحزب و تنقل لكم فيما يلي وجهات نظرنا حول ما ورد فيها و نامل ان تكون مفيدة و تساهم في حل المشاكل و ايجاد الحلول الصائبة للخلافات القائمة التي تضر بالغاً بثورتنا و قضية شعبنا الكردي و تعرقل الجهود الرامية الى تكوين الجبهة الوطنية العراقية المنشودة.

١- نحن نقدر خطورة الاوضاع التي تمر بها شعبنا الكردي على الصعيدين العراقي و الايراني و نرى من الضروري توحيد الجهود و تجاوز كل الخلافات الثانوية في هذة الظروف و الارتقاع الى مستوى المسئوليات التاريخية و الوطنية الملقاه على عاتقنا، و يعتقد حزبنا بان جهود كل الاطراف يجب ان تتظافر في هذا المجال و بالنسبة لنا كان لدينا دوماً كل الاستعداد لبذل اية جهود ممكنة من هذة الناحية ولازلنا عند رأينا

هذه.

٢- نحن على استعداد لعقد لقاء القمة مع الاخوان في الاتحاد و بحضوركم و الرفاق في حزب البعث و سوف نقدم بالتاكيد في الاجتماع مقترحات عملية و جادة بهدف التوصل الى اتفاق شامل بشان كل الامور و نحن ضد ترك الامور بايدى اناس لا يقدرون المسؤلية و من جانبنا نلتزم باقصى قدر من ضبط النفس و من الابتعاد عن التحرشات و الاستفزازات و نامل ان يلتزم الاخوان في الاتحاد بذلك ايضاً.

و نامل ان تسرعوا انتم و الرفاق حزب البعث الاسراع في عقد الاجتماع في « شيني » او« زلى » و اعلامنا مع الشكر.

٣- نود هنا ان نشكر مرة اخرى الجهود الحميدة التى تبذلونها مع الرفاق في حزب البعث من اجل حل الخلافات و نامل ان تثمر هذه الجهود لما فيه وحدة صفوف و قوة ثورتنا و الحركة الوطنية العراقية.

و تقبلو فائق تقديرنا و اعتزازنا

المكتب السياسي

صورة منة الى:

ـ حزب البعث العربي الاشتراكي قيادة\ قطر اعراق.

ـ المكتب السياسي للاتحاد الوطني الكردستانـــي.

ـ ئاگادار کراین کە جەلال تاڵەبانی لەگەڵ د. قاسملو لە « زەڵێ » کۆبوەوە، دوای نیوەڕۆکەش بەرەو گوندی « بنوخەلیف » کەوتبوە ڕێگا، تا شوێنێکی لەبار بۆ کۆبونەوەکە لەگەڵ نوێنەرانی ئێرانی ئامادە بکات. ڕۆژی ١٠/٧ گەڕایەوە توژەڵە دوای ئەوەی کۆبوونەوەی لەگەڵ

داریوش فروهەر وەزیری ئێرانی و دوو ئەفسەر، نوێنەرانی ئیمام خومەینی و مستەفا شمێران کردبوو.

● ئەندامی م.س سەرکردایەتی کاتی پارت « جەوهەر نامق » نامەیەکی بۆ ناردبووین، ڕۆژی ۱۰/۹ بە دەستمان گەیشت نوسیبووی « ئەم ۲۰ هاوڕێیەی بۆ بادینانتان ناردبوو، گەیشتنە مەڵبەندی لقی یەکی پارتیمان وا لە لای ئەوان میوانن تاکو شوێن بۆخۆیان ئامادە دەکەن. دەمانەوێ پێتانی ڕابگەیەنین کاتی بەستنی گۆنگرەکەمان بۆ چەند ڕۆژێک وەخرێندرا »

لە هەمان ڕۆژ مامجەلال و د.قاسملو جارێکیتر لە زەڵێ یەکتریان بینی بوو تاڵەبانی ئەنجامی گفتوگۆیەکەی لەگەڵ نوێنەرانی کاربەدەستانی ئێرانی بۆ باس کرد بوو.

ــ قەوزی ڕاوی ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی و ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی حزبی بەعس ڕۆژی ۱۰/۱ هاتە سەردانمان، ئاگاداری کردین و گوتی « دوێنێ چاوم بە د.محمود کەوت، بەدرۆژی گێڕایەوە کە لە ڕێگای ئامیر لوای قەلادزێ چۆتە بەغدا چاوی بە وەزیری ناوخۆ سەعدون شاکر و مدیری ئەمنی گشتی فازل بەراک و سەدام حسێن کەوتبوو، سەدام ماوەیەکی باش قسەی لەگەڵیا کردبوو و گوتبووی کە ناهێڵێت هیچ ناکۆکیەک لە خاکی عێراق بێنێ، ئۆتۆنۆمی تەواو دەدات بە دەستی کوردەکان. کوردستانی عێراق دەبێ ببێتە بنچینە بۆ کوردستانی گەورە ئەمەی چو چرا با هەموو لایەک لاپەڕەی تازە بکەینەوە، ئۆبالی گشت ئەو ڕووداوانەی ڕوویدا دەگەڕێتەوە سەر ئەستۆی ئەحمەد حەسەن بەکر. دەزانین جەلال تاڵەبانی بەکرێگیراوی سوریایە، حزبی شیوعی عێراقیش هیچی پێ ناکرێ. سۆڤیەت پشتگیریان

ناکات، دەمانەوێ لەگەڵ هەموو لایەکا ڕێکبکەوین، چیتان دەوێ ئامادەینە بۆتانی بکەین...هتد »

د. مەحمود گوتبووی « ئێمە حزبێکی سۆسیالیستینە، دەمانەوێ مەسەلەی کوردی عێراق بە ڕێگای ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، ئەم هێرشانەی پێنک بۆ سەرماتی دەهێنێ، ناتوانین تا دوایی هەر خۆ بەرامبەریان ڕابگرین. دەستمان کورتە، توانای داراییمان کەمە، سەرجەم وورەی پێشمەرگە نزمە. ژمارەیەکی زۆریان لەم دواییە گەڕاونەتەوە ژێر دەسەلاتی ڕژێمی بەغدا. ئەم هزبانە بوو پاڵی بە ئێمەوە نا لەگەڵ عەدنان موفتی و ملازم کامل بچینە بەغدا و چاومان بە کاربەدەستان بکەوێ، بڕیارمان هەیە کۆبوونەوەیەکی فرەوان بە هێزەکانی خۆمان بکەین بە دوورو درێژی باسی چوونەکەمان بۆ بەغدایان بۆ دەکەین. مەبەستمانە بزانین ڕاو بۆچوونی هەڤالاْنمان بەرامبەر بە گفتوگۆکردن چیە لەگەڵ ڕژێمی عێراق ».

هەروەها هەڤاڵ قەوری ڕاوی گوتی « بەڕای من دوو ئیحتیمال هەیە. یەکەمیان سەدام کارێکی گرنگی پێ ڕاسپاردین. یا ئەوەتا هیچ بەڵێنێکی ئەوتۆیان نەکەوتبێتە دەست. پێشنیار دەکەم هەوڵ و تەقەلایان لەگەڵدا بدەین نەگەڕێنەوە ژێر دەسەلاتی سەدام » هەر لە دانیشتنەکەدا بووین ئەم نامەمان گەیشتە دەست. ئەمە دەقی نامەکەیە:

حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان

بۆ/ هاوڕێیانی حزبی شیوعی عیراق

سلاوێکی شۆڕشگێڕانە

هیوادارین هەمیشە سەرکەوتووبن و صحەتتان باش بێت، ڕێز و سلاومان هەیە بۆ برادەران بە تێکڕایی.

هاوڕێیانی بەڕێز، وا بە پەسندی دەزانین کە یەکتری ببینین لەسەر مستوای قیادی بۆ ئەوەی باسی ئەو شتە تازانە بکەین کە هاتونەتە پێش وا ئێمە ئێستا لە مەقەڕی « کاک مەحمودین لە زەلێ » هەڤاڵ د. مەحمودیش لە شێنێ موعیدێکی هەیە تاکو سعات/٢ تەواو دەبێت جا لەبەر ئەوە کە جەنابتان بە زەحمەتی تازانن تەشریف بهێنن بۆ زەلێ یاخود نازەنگ بۆ سعات ٣ چاوەڕێتان دەکەین.

هەڤاڵتان	هەڤاڵتان
حاجی حاجی برام	طاهر علی والی

١٩٧٩/١٠/١٠

کتوپڕ کورتە کۆبوونەوەکمان بۆ کرد، بڕیارمان وەرگرت دوو هاوڕێ « یوسف و فاتح » بچنە لایان، هەرکە گەیشتینە زەلێ، دیبان تاهیر عەلی والی و حاجی حاجی برایم چاوەنوارن دەکەن، لە پشوودانێکی کەمدا بووین نامەی د. مەحمود گەیشت، نوسیبوی « ناتوانم بگەمە لاتان بە

هۆی ئەوە کۆبونەوەکە لەگەڵ مام جەلال کۆتایی پێنەهاتووە، بۆیە پێشنیار دەکەم سیەی لە تۆژەڵە کۆبوونەوەکە بکرێت.
ـ چەند نامەیەکی تایبەتیم بە دەست گەیشت، یەکێکیان نامەی ئاسۆسی کوڕم بوو، کە بە ڕێککەوتی ۹/۲۷ لە ناو شاری هەولێر نوسیبووی:
کاکە ئێمە باشین، منداڵەکان باش دەخوێنن، جارەک وازیان لێمان هانیە، « مەبەستی جاسوس و نۆکەرەکانی ئەمن و بەعسیە » منداڵەکان کەمێک نارەحەتی دەکەن. پەیمانت پێئەدەین لە ساڵانی پێشوو باشتر بخوێنین، بەڵام باوە گیان ئاگات لە مستقبل و ژیانی ئێمە هەبێ.

هەرخۆشی و سەرکەوتنت

کوڕت: ئاسۆس
۹/۲۷

لەسەر بڕیاری هەندێن سەعات سێی دوای نیوەڕۆ چووم بۆ بارەگای م.س یەک دوو قۆڵی لە ژێر چادرە تایبەتیەکەی مام جەلال دانیشتین. بەدووردو درێژی باسی ئەو کۆبونەوەی بۆ گێڕامەوە کە لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی ئێران کردبووی:
گوتی: « لە ۱۹۷۹/۱۰/٦ لە گوندی « ئەشکەلان » کە ۱۰ کیلۆمیتر لە سەردەشت دوورە، چاوم بە نوێنەرەکانی ڕژێمی تاران کەوت، بریتی بوون لە وەزیر داریوشی فروهەر، ژەنەرالی سوپا تیمسار یەعقوب فروخ ئازەری، محەمەد نور، نوێنەری ئیمام خومەینی و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەفسەرێک فەرمانبەری پادگانی سەردەشت و ئەفسەرێکی فڕۆکەوان. ئەوانەی لەگەڵ منذا بوون

نەوزی راوی و حیکمەت حەکیم ــ مەلا بەختیار. دوای پێشوازی و ڕێز لێکتان دەست بە گفتوگۆ کرا. داریوش فرهەر گوتی: « ئێمە بۆ دوو مەبەست هاتووین »

١- هەرچی ئەتانەوێ ئامادەینە پارمەتیتان بدەین.

٢- باسی ئەوەش بکەین چۆن مەسەلەی کوردی ئێران چارەسەر دەکرێ.

زۆر ئارەزوومان بوو باری کوردستانی ئێران بەم شێوەیە نەگۆڕێت، شەڕ و ئاژاوە نەبێت بەڵگەمان بە دەستەوە هەیە، دەمێکە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران خۆ ئامادە دەکات بۆ ئەم کارەساتانە.

١- پارە و چەک و کۆمەکیان لە حکومەتی عێراق وەرگرتیە.

٢- خێزانەکانی خۆیان بۆ عێراق ناردووە.

٣- لە زۆر ناوچەکان دەستیان بە چەنگ ئانەوە کردیە.

مام جەلال بە نوێنەرەکانی گوتبوو:

کوردەکانی ئێران و حدکا بەرپرسیار نینە و ئۆبالی ئەو ڕووداوانە هەڵناگرن، هۆی سەرەکیەکان لە هەڵگیرساندن و خۆشکردنی ئاگرەکە ئەمانەیە:

١- پاسدارانی ئیسلامی تاوان و خراپەکاری و هێرشی زۆر دەکەنە سەر کوردەکانی ئێران.

٢- سادقی خلخالی قەسابخانەی لە کوردستان ناوەتەوە، لە ماوەکی کەم ٦٢ کەسی بێتاوانی خنکاند.

٣- فڕۆکە جەنگیەکانی ئێران لادێ و ماڵی کوردەکان وێران دەکات، دانیشتوان ناچارن ڕابکەن و خۆ لەمردن ڕزگار بکەن.

٤- ٤٦ ژن و منداڵی کوردیان کوشت لە گوندی قارنە کە هیچ تاوانێکیان نەبوو.

پێش ئەوەی بێم بۆ لای ئێوە، چاوم بە دکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو کەوت داواکانی حیزبی دیموکرات ئەوەیە:

١- ماوە بدرێت حدکا بە ئاشکرا کاری سیاسی و حزبایەتی خۆی بکات.

٢- دیلەکانی هەردوو لا ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت.

٣- باری تێکچووی کوردستانی ئێران بگەڕێتەوە سەر باری هێمنایی و ساکاری پێشوو. فروهەر کەوتەوە قسەکردن:

١- پێش هەموو کارێک پێویستە مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی بانگەوازێک بۆ کوردەکانی ئێران بڵاوبکاتەوە. داوای ڕاگرتنی شەڕ و ئاژاوە بکات. داواش بکات لە ڕێگای گفتوگۆ و ئاشتیانە چارەی مەسەلەکە بکرێت.

٢- بە هیچ شێوەو جۆرێک نابێ هێرش بۆ سەر ئیمام خومەینی ڕەهبەری شۆرشی ئیسلامی بکرێت، ئەوکات حکومەتی ئێران یەکسەر شەڕ ڕادەگرێ و دەکەوێتە گفتوگۆکردن لەگەڵ شێخ عیزەدین. مام جەلال گوتی.

ڕۆژی ٧/١٠ دانیشتنی دووەمان کرد. داریوش فروهەر دەستی بە قسە کردن کرد:

« باش لای کاربەدەستانی ئێران ڕوونە، ئێوە کوردەکانی عێراق دەستتان نەخستۆتە ناو ئیشوکاری ئێران. داواکانتان چیە پێشکەشی کە، تاکو بۆتان جێبەجێ بکەین »

جەلال تاڵەبانی:

یەکێتی نیشتمانی ئامادەیە بۆ هاوکاری و هاریکاری لەگەڵتاندا، دوژمنی ئێمە ڕژێمی فاشی بەغدایە، ئەوەی لێتان داوا دەکەین ئەمانەیە:

١- ڕێگامان بدەن لە ڕێگای سنوور و بە ناو خاکی ئێران، چەک و کەلوپەلی پێویست کە پەیدای دەکەین پێمان بگات.
٢- ڕێگامان بدەن یەکێتی دەفتەر « مکتب » لە تاران بکاتەوە.
٣- یارمەتیمان بدەن نەخۆشخانەکانتان بریندار و نەخۆشەکانمان تیمار بکەن.
٤- ماوەمان بدەن بە پارە و پولی خۆمان ئازووقە لە شارەکانی ئێران بکڕین.
٥- ئەو چەکانەی کاتی خۆی شۆرشی ئەیلول لە سەردەمی شای پێشوو لە باروودوخانەکانی ئێران « مخازن الاعتدە » عەمباری کردبوو، بۆمان بگێڕنەوە. بە تایبەتی ئەوانەی لە سەربازخانەی جلدیان عەمبار کراوە.
٦- ئاگاداری بالیۆزخانەکانتان بکەن لە وڵاتانی دەرەوە، کە ڤیزەی ئێران بە لایەنگرەکانی بەرهەڵستکاری دوژمنانی ڕژێمی عێراق بدەن، کە بتوانن هاتوچۆ بە ناو خاکی ئێراندا بکەن.

داریوش فروهەر و نوێنەرەکانی تری ئێرانی لە وەرامیان هەموو لەگەڵ داواکانمان دا بوون بەڵێنیاندا تا ڕۆژی پێنجشەمە ١١/١٠ بە نامەی ڕەسمی ئاگادارتان دەکەینەوە کە حکومەتی ئێران موافقە لەسەر هەموو داواکانتان.

مام جەلال گوتی:

کە پرسیارم لێکرد دەربارەی سەرکردایەتی کاتی پارت، فروهەر گوتی ئەمانە لە ژێر ئامۆژگاری و فەرمانی ئێمە دانە، چیان پێ بڵێین و لێیان داوا بکەین جێبەجێی دەکەن. ماوەیان نادەین لە ناوچەکانی ئێوە نزیک ببنەوە. ئەیانئێرینە ناوچەکانی بادینان بۆ

ئەوەی شەڕی پارتیزانی خۆیان دژ بە ڕژێمی عێراق بکەن.

ئاگاداری نوێنەرانی حکومەتی ئێرانمان کرد، کە مامۆستا شێخ عزەدین توانا و هێزی ئەوەی نییە شەڕی نێوان ئێوە و کوردەکان ڕابگرێت. چونکا خاوەن هێز و دەسەڵاتە و ڕەهبەرایەتی لە دەستی ئەو دایە.

گەر کاربەدەستانی ئێران بیانەوێ یارمەتی هێزە بەرهەڵستکار و چەکدارەکانی عێراقی بدەن پێویستە ئەم ڕاستییە لاتان ڕوون بێت، کە دەبێ شۆڕشە تازەکەی گەلانی عێراق لە سنوور و ناوچە شاخاوییەکان دەرچێت و پەرەبستێنێ و سەرانسەری عێراق بە پانی و درێژی بگرێتەوە. بۆیەکا ڕێگامان بدەن لەسەر سنوورەوە شۆڕبینەوە بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق، ناوچەکانی مەندەلی، بەدرە، جەسان، تا عەمارە.

هەرمام جەلال کۆتایی بە باسکردنەکەی گەر ئێرانیەکان هاتنی هاتینە سەر مەسەلەی پەیوەندی یەنک و حسک، گوتی: « لەسەر داوای د.مەحمود ڕۆژی ۱۰/۱/ لە گوندی شێنێ یەکترمان بینی بۆ شایەتی دوواڕۆژ جەلالی حاجی حوسێنم لەگەڵ خۆما برد. سێ قۆلی دانیشتین، لەسەرەتادا گلەیی و گازاندەی و ڕەخنەی زۆرم لە د.محمود کرد، تۆبالی جیابوونەوەیان لە یەنک و زۆربەی ئەم شەڕو کوشت وتاڵانەم خستە ئەستۆی ئەو، خستمەوە یادی چەندجار لەگەڵێ ڕووەوە یارمەتی درا لە مانگی ئەیلول ئێمە دوو قۆلی لەگەڵ حشع گەیشتینە ئەو قەناعەتە، گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی فاشی بەغدا نەکەین. خۆگەر هەلومەرجێکی لەبار و گفتوگۆ کردن هاتە کایە، ئەوە هەموو لایەکمان پێکرا لە پێشەوە دەرسی دەکەین و بڕیاری یەکگرتووی لەسەر وەردەگرین. کاک دکتۆر

گۆیت بەهیچ نەدا خۆت گەیاندە بەغدا! د. مەحمود کەوتە وەرامدانەوەم و گوتی: « کتوپڕ ئاگادار کراین داوامان دەکەن. بەوە ڕاتەگەیشتین هیچ لایەک بدینین! ئەم کارەی پێوەی هەڵسام با ببێتە خاڵێک لەو خاڵانەی لە دانیشتنەکانی داهاتوومان باسی لەسەر دەکەین. لە ڕێگای ئامیر لیوای قەلأدزێ بە هەلیکۆپتەر چووم بۆ کەرکوک، چاوم بە « نوري الحديثي » کەوت کە ئێستا بەرپرسیاری مەکتەبی عەسکەری فەیلەقی یەکی سوپای عێراقە. لە دوایبدا چووم بۆ بەغدا، سەعدون شاکر وەزیری ناوخۆ و فازیل بەراکم دیت دوای ئەوان بۆلای سەدام حوسێن رۆیشتم سێ سەعاتی تەواو لای مامەوە قسەکانی سەدامی گێڕایەوە، « لە پێشەوە تۆمارم کردیە پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات » تەنها ئەوە نەبێ دکتۆر مەحمود بە سەدامی گوتبوو سەرۆک کۆمار ماوەدان بە دیموکراسیەت هەنگاوی سەرەکییە بۆ چارەسەرکردنی گشت گیروگرفت و کەموکورتیەکان و مایەی پێشکەوتنی وڵاتیشە! سەدام لە وەرامیا گوتبووی « ئێوە چ پەیوەندییەکتان بە خەڵکی بەسرە و خوارووی عێراقەوە هەیە ؟ خۆتان بەم جۆرە کارانەوە خەریک مەکەن ئەمە ئیشی ئێوە نیە » ڕا و هەڵسەنگاندنی مام جەلال لەسەر قسەکانی د. مەحمود بۆ ئەوە دەچوو کە کاک دکتۆر نیمچە بڕوایەکی بە قسەکانی سەدام پەیدا کردووە. دەڵێی گەنجە تازە کەوتیتە ناو بەهاری ژیان دەیەوێ خزمەت بکات و مانەوەی وەک سەرۆک کۆمار دیژ بێ زۆر هەوڵم دا قەناعەت بکات، سەدام نەگۆڕاوە، یەکێتی و هێزەکانی‌تری بەرهەڵستکار دژی گفتوگۆکردنەکە نینە دژی ئەم رژێمە فاشیە خوێن ڕێژەنە، با حسێک هاوکاری لەگەڵ گشت هێزەچەکدارەکانی کوردستانی عێراق بکات، ئەمەی لە توانای دا بێت یارمەتیتان دەدەین، پێشنیار دەکەم بۆئەوەی

بروا بە یەکتری پەیدا بێتەوە راگەیاندنێکی هاوبەش بلاوکەینەوە، جەغد لەسەر رووخاندنی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا بکەین. گەر ئەم هەنگاوە نەهاوێن، یەک ئامادە نیە جارێکی تر لەگەڵتان کۆببوونەوە بکات » کە گەڕامەوە بنکەی خۆمان هەرچی لە مام جەلالم بیست پێشکەشی هاوڕێیانی مەکتەبم کرد.

- هەندرێن رۆژی ۱۲/۱۰ بڕیاری وەرگرت هاوڕێ یوسف بچێت چاوی بە هەڤالانی سەرکردایەتی حسیک بکەوێ، بزانین دەنگ و باس و جموجوڵیان چیە؟ کە هاوڕێ گەڕایەوە لامان، ریپۆرتاژێکی پێشکەش کردبن. جیاوازی زۆری تێدا نەبوو لەگەڵ ئەوانەی لە فەوزي راوي و جەلال تاڵەبانی گوێ بیست بووین، تەنها ئەوە نەبێ د.مەحمود گێڕبوویەوە کە سەدام گوتبووی « جەلال تاڵەبانی داوای لێکردبووم نامەی بۆ بنوسم، بۆ ئەوەی شانازی و پڕوپاگاندەی پێوەبکات، یا بەردەوام بێ لە خزمەتکردنی « حافظ الاس » و « خومەینی » ئێمە هەر لەگەڵ ئەو دوو لایە رێکدەکەوینەوە ئەوکات تاڵەبانی چی دەکات؟ یا هەر لە ناو چیاکان بژیت، ئێمەی پێ ناروخێندرێت. »

هاوڕێ یوسف داوای لێکردبوون دوورتر تەماشای کردەوەکانی رژێمی بەغدا بکەن و گەلێ زیاتریش هوشیار و ئاگادار بن لە پیلان و فرتو فێڵەکانی، پێشنیاری کردبوو راگەیاندنێک بە ناوی هەموو لایەنەکان بکرێتەوە تێدا داوای روخاندنی رژێمی بەعسی عیراق بکەین.

ئەمانەی لەم چەند لاپەڕەی پێشەوە تۆمارم کردیە، ناوەڕۆکی ئەم بیرە و راو خاڵە سەرەکیان بوون کە لە سێ چوار لای سەرەکی وەرم گرتیە.

- بەیاننامەیەکی حدکا کە بە مێژووی ۷/۱۰ نووسرا بوو گەیشتە

دەستمان پڕ بوو لە رەخنە و نارەزایی زۆر لە هەڵویست و رەفتارەکانی سەرکردایەتی پارت، کە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر خۆ دەخەنە باوەشی رژێمی ئاخوندەکانی کۆنەپەرست، پڕوپاگاندە دژ بە حدکا بلأودەکەنەوە، لەگەڵ پاسدارانی ئیسلامی بەشداریلەو هێرشانە دەکەن کە دەکرێنە سەر ناوچەکانی کوردستانی ئێران، هەتا لە شەڕی « پاوە » شان بە شانی پاسداران کوردەکانیان کوشتوە!! بە داخەوە دەقی بەیاننامەکە لە رۆژی ١٢/١/ کەوتە بەر لرفەی لافاوەکەی پشتی نۆکان و راپاڵی.

ـ ئەمە ماوەی ١٥-٢٠ رۆژێکە باری کوردستانی ئێران یەکجار ئاڵۆز و تێکچووە شەر هەموو ناوچەکانی گرتۆتەوە، وەک مەنجەڵی سەر ئاگر قوڵپ ئەدا پێشمەرگە قارەمانەکانی حدکا، شێرانە دەستی کوشندە لە دام و دەستگای رژێمی تاران دەوەشێنن و زەرەری زۆریان پێ دەگەیەنن. بارەکە گەیشتۆتە پلەیەک، هاوار لە کاربەدەستان هەڵساوە، زۆریان داوای دۆزینەوەی چارەیەک دەکەن بۆ گیروگرفتەکانی کوردستان. لەناو چالاکیە نەبەردەکانی پێشمەرگە کوشتنی ٥٢ پاسدار و سەربازی ئێرانی و دیل کردنی ٤٩ لە دیلەکان ٩ برینداز لەسەر رێگای بانە ــ سەردەشت. کوشتنی مدیری پۆلیس و چوار ژاندار و شکاندنی چەند تانکێک لەناو شاری مەهاباد. فڕاندنی نوێنەری حکومەتی تاران کە ناوی « صادقی زیبەکا » لەگەڵ ئایەتوللا عەباسی ئیمامی شیعەکان لە مەهاباد. فڕاندنی ئەفسەرێک و چوار سەرباز لە کرماشان. جگە لە ناوچەی ماکۆ، باکووری کوردستانی ئێران تا دەگاتە نەوسود لە باشوور، لە هەموو لایەک راپەڕین و چالاکی قارەمانانەی پێشمەرگەکانە.

حکومەتی مەهدی بازرگان شڵەژاوە و باری شێواوە، چارێکی تریش

نوێنەرانی خۆیان ناردۆتەوە سەر سنوور بۆ ئەوەی چاوی بە هێندێ هێزی نیشتمانی بکەوێ، بە تایبەت سەرکردایەتی یەک. بەڵکە چارەیەک بۆ مەسەلەی کوردەکانی ئێران دەدۆزرێتەوە .

ـ سەرماو سۆڵی کونستانەکان، تەنگاوی کردین، چارە ئەما هەموو هێزەکانی لە دۆڵی تۆژەڵە دەژیاین کە ئەوکات سازمانی ئەمنی مخابراتی عێراقی ناریان لە دۆڵەکە نابوو « وادي الاحزاب » گەڕاینەوە ناو خانووەکانی ناوزەنگ.

سەرکردایەتی یەک داوایان کرد هاوڕێیەکی شارەزا لە دامەزراندنی کاروباری کارەبایان بۆ بنێرین پارمەتییان بدات. هاوڕێ باوکی شاخەوان ئەنکاوەیان بۆیان نارد. ئەم نامەیەیان بۆ ناردین:

١٩٧٩/١٠/١٦

برای خۆشەویستم کاکە فاتیحی بەڕێز

سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین.

١- کاک ابو شاخەوان هات بۆ لام ، من وام لا پەسندە کە پارەی بدەمێ و بینێرم بۆ سەردەشت شتەکان بکرێت، تکایە رەئیتان چی‌یە ؟

٢- ئێمە واخەریکین بگوازینەوە لە « مرحلە انتقال »ین بۆیە هەموو جریدە و مجلات پێچراوەتەوە. هەر چووینە لای خۆمان بەشی ئێوەش دەنێرم هەرچەندە کۆنەکانن. وام کردووە لەمەودوا بە رێکوپێکی بۆمان بێت.

٣- دەنگوباسی تازە ئەمەی خوارەوەیە:

پێری ڕەفیق صفا و دکتۆر کمال چوون بۆ سەردەشت لەسەر داوای د.چەمران، لە سەردەشت جلال فارسی فەرماندەی پاسداران و فەرماندەی « القوات البریە »ی ئێرانیان دیبوو، بڕیار بوو دوێنێش فروهەر بێتەوە و بیان بینێت. پێشتر د.چەمران وەزیری دفاع کاک محسنی ئێمەی دیبوو، پێی ڕاگەیاندبوو کە ئیمام و حکومەت هەموو داواکانی ئێوەیان قبوڵ کردووە. داریوش فروهەریش دێتەوە بۆ متابەعەی مەسەلەکانی‌تر کە دەکاتە « حلی سیاسی » مەسەلەی کوردی ئێران.

ئەمە مختصرەکەیە، دیارە ئەوەی « مذکرات »یش بنوسێتەوە دەبێ خۆی بچێت بە دوای شتی‌ترا، تا کاغەزەکان و وثائق بە چاوی خۆی ببینێت. دیارە ناشبێت لە تعلیقاتی هەڤاڵ « ابو حکمت بترسێت، بەتایبەتی کە قسەکانمان لەسەر حسیک و « ق.م » وا بە واقیع هاتنە دی بۆیە ئەبێ زیارەتی برادەری دێرینی خۆی بکات.

سڵاوم هەیە بۆ هەڤاڵ ابو حکمت و هەڤاڵ ابو جمیل و هەموو برایان.

برای دڵسۆزتان: مام جەلال

ـ بڕیاری سەرکردایەتی حزبی تودەی ئێران گەیشتە هاوڕێیەکانیان کە لەگەڵ ئێمە لەیەک بنکەدا دەژیان. داوایان لێکرابوو بە زووترین کات سنوور جێبهێڵن و بگەڕێنەوە شار و ناوچەکانی خۆیان، هەموو کەل و پەل و چەکەکانیان بۆ ئێمە جێبهێڵن.

بەم بۆنەیە ئێوارەی ١٧/١٨/١٠ ژمارەی ٢٥ هاوڕێ چووین بۆ

بەشداری کردنیان لەم ئاهەنگە خنجیلانەی ڕێکیان خستبوو. گەلێ گۆرانی خۆش بە کوردی، فارسی، عەرەبی گوترا.

هەرچەندە خەباتکەرانی شۆڕشگێڕ لە ژیانی سەختی پڕ ئازار و ماندوو بوون ئاوارەیدا بژین، بە ئاگرو ئاسن ئابلوقە درابن. ئاسمانی سەریان بە هەوری ڕەشی شومماوی داپۆشرا بێ. هەردەم بەهیوای دوا ڕۆژی بەختیاری و کامەرانی دەژین،ئاسۆی ڕوون و گەشی سەرکەوتن قەت لەبەر چاویان وون نابێت هەنگاو بە هەنگاو ڕۆژ دوای ڕۆژ بە بڕوای پتەوتر ورەی بەرز ژیانی خۆیان بە ڕێکوپێکی و بە شادی بەرەو پێش دەبەن.

ئامادەکردنی کۆبوونەوەی خۆش و ئاهەنگ و گۆرانی گوتن سروودی نیشتمانی و نەتەوەیی و قسەی نەستەق و گاڵتەو گەپ، گەلێ پڕ سوود و خۆشە بۆ ژیانی تێکۆشەرانی خەباتکەر، کە هەموو ژیانیان لە ڕێگای خزمەتکردنی نەتەوە و چینی زەحمەتکێشا تەرخان کردووە. وتەی بە نرخی ئەو نەمرە لەیاد نەکەن کە گوتویەتی « لەسەر خەباتکەران پێویستە هەتا لەسەر پەتی سێدارە هەر پێ بکەنن » نزیکەی ۳۰ پارچە چەک و هێندێ شتومەکیان بۆ بەجێ‌هێشتین.

ــ هاوڕێیان یوسف، توما. فاتح ڕۆژی ۱/۲۰ چوون بۆ سەردانی برادەرانی م.س حدکاکە بنکەکەیان لە زار دۆڵەکەی گوندی گزڕشێر بە تەک ئاشی پشکاوێ بنیات نابوو. د.قاسملو، غەنی بلوریان، ئەمیری قازی، عەزیزی مامڵێ پێشوازیان کردین « ئێمە بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی مام غەنی و ئەمیری قازیمان کرد، بە بۆنەی گەڕانەوەیان لە سەفەرکردن.

هەنی پلوریان:

بە نهێنی خۆم گەیاندە قەلأدزێ سێ رۆژ مامەوە، ماڵ و منداڵەکانم گێڕایەوە خاکی کوردستانی ئێران.

ئەمیری قازی:

چەند رۆژێک لە بیروت مامەوە توانیم گەلێ لە سەرکردەکانی جولانەوەی ئازادیخوازی فەلەستین ببینم. توانیم بە باشی باری ئێران و رووداوەکانی کوردستان، کوشت و بڕی ئەرتەش و پاسدارانی ئیسلامیان بۆ روون بکەمەوە. نامەی دەفتەری سیاسیم پێشکەش بە یاسر عرفات کرد، بە ناوی سەرکردایەتی حدکا داوام لێکرد تەئەلا بدات و بکەوێتە ناوبژی کردن، بەڵکە چارەیەک بۆ گیروگرفتەکانی نێوان نەتەوەی کورد و رژێمی ئیمام خومەینی دەدۆزێتەوە. بە سەرنج راکێشان گوێی لێگرتم، بەڵێنیدا درێغی نەکات. هەر لە بیروت مابووم زانیم هەڤاڵ ابو جهاد/ی نارد بۆ تاران یەکێک لە ئەرکەکانی دۆزینەوەی چارەیەک بێ بۆ باری شێواو و تێکچووی کوردستانی ئێران.

چاوم بەسەرکردایەتی بەرەی دیموکراتی فەلەستین « الجبهه الدیمقراطیه » کەوت، هەستم کرد باش لە باری کوردستان و مافە رەواکانی نەتەوەکەمان گەیشتوون، ئەوانیش بەڵێنیاندا، دەستی یارمەتیمان بۆ درێژکەن لە هەموو روویەکەوە.

هەروەها چاوم بە ئەندامی م.س حزبی شیوعی لوبنان غەسان رفاعی کەوت.

د. قاسملو:

پەیوەندیان لەگەڵ بەعسی عێراق سارده، هەڵوێست و رەفتاریان

بەرامبەر ئەو خێزانانەی ڕایان کردووتە ناو خاکی کوردستانی عێراق خراپە، خەریکی ئەوەنە بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق دووریان بکەنەوە.
گشت ئەو خێزانانەی گەیشتوونەتە قەڵادزێ و چۆمان میری عێراق بریاری هەیە بۆ مەرکەزی قەزای دوکان و ناحیەی دیانا بیان گوێزێتەوە. داوامان لە خێزانەکان کردیە نەچن، سەیر ئەوەیە ڕێگاشیان نادەن بگەڕێنەوە کوردستانی ئێران، دەمێکە جیهازی ئێستگەی رادیۆمان گرتوە، ماوە نادەن بەناو خاکی عێراق تێپەڕی کەین. هەر ڕۆژە بە شێوەیەک وەرامان دەدەنەوە... ئەمەیە یارمەتی بەعسی عێراق بۆ ئێمە.

غەنی بلووریان:

لە خاکی کوردستانی ئێران بڕین و توشی تێکشکان و نەشکەلجە بین گەلێ گەلێ بۆ ئێمە سەربەرزی و شەرەفترە، لەوەی ڕازی بین بەو ڕەفتارکردنەی بەعس دەیەوێ بەسەرماندا بسەپێنێ.
هاتینە سەر باسی پەیوەندی حزبان و سەرکردایەتی کاتی پارت.

د. قاسملو:

هەر بەردەوامن لە هەڵوێستە چەوت و دوژمنکاریەکانیان بەرامبەر بە گەلی کوردی ئێران و حدکا، لەم ڕۆژانە دوو کەسی‌تریان لە « شنۆ » لێکوشتین.

فاتح:

دەنگوباس بڵاوبۆتەوە گفتوگۆتان لەگەڵ ڕژێمی تاران هەیە، ئایا ڕاستە؟

د. قاسملو:

حدکا هیچ پەیوەندیەکی بەم دەنگوباسانەوە نیە، مامۆستا شێخ عیزەدین توانای ئەوەی نیە بە ناوی کوردی ئێران و چەکدارەکان قسە بکات. پەیوەندیمان لەگەڵ یاشێخ باشە، چەند داوامان لێکردووە بێتە لای ئێمە بۆ جێگای دەبێتە ئەوپەری ڕێزگرتن و ستایش، کەچی وا دەردەکەوێ شوێنی‌تری بۆخۆی هەڵبژارد بێ.

ئێوارەکە بنکەی دەفتەری سیاسیمان بەجێ هێشت، لە ڕێگا بۆ گوندی شێنێ لاماندا، بە نیازی سەردانی مامۆستا شێخ عیزەدین، لەناو گوندەکە ئاگاداریان کردین یاشێخ لەناوزەنگە نەگەڕاوەتە.

تاوێک لەلای برادەرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دانیشتین زۆربەیان خەریکی قوڕکاری و خانوو دروستکردن بوون. پشوێک لایان ماینەوە و چامان خواردەوە، هەستمان کرد لاوی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و چالاکی، خۆ بە مارکسی لینینی دەزانێ، گەلێ چەپڕەوو سەرگەرم بوون، هێندێ ڕستەو ناویان بەدەمەوە گرتبوو، پلەی ڕەوشەنبیریان نزم بوو، نارازی بوون لە زۆربەی هێزە سیاسیەکانی ئێرانی. بە ڕێزگرتنەوە جێمان هێشتن، لە ڕێگای گەڕانەوەمان بووین، لەسەر ڕێگای شێنێ زەڵێ تووشی مامۆستا شێخ عیزەدین هاتین دەگەڕایەوە ماڵکەی خۆی.

بەگەرم و گوڕی سڵاو و ڕێزگرتنمان بۆ یەکتری هەبوو هەر لەسەر پشتی وڵاخەکەی گوتی « چاوم بە داریوش فرهەر و تیمسار فروخ کەوت پێم گوتن میللەتی کورد شەڕی نەویستووە و نایەوێت هەردەم ئامادەیە بکاتە ئاکامێکی بڕ سوود لەگەڵ ڕژێمی ئێران، بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و هەموو گەلەکانی ئێران لە ئاشتی و برایەتی دایە، داوایان لێکردم

بەیاننامەیەک دەربهێنم، داوای شەڕ ڕاگرتن بکەم. ئاگادارم کردن ئەم کارە بەمن ناکرێت، ئەمە کاری حزبی دیموکراتە، ئەوان خاوەن هێز و چەک و پێشمەرگەنە. گەر مەبەستیانە شەڕ ڕابوەستێندرێ و ئاشتیانە چارەی گیروگرفت و ناکۆکیەکان بکرێن و چیتر شەڕی ناوخۆ و برا کوژی ڕوو نەدات، دان بە مافەڕەواکانی نەتەوەی کوردی ئێران بێنن و بکەونە وتوێژ و گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرکردایەتی حدکا، کاربەدەستانی ئێران خەریکی نانەوەی ناکۆکی و دوو بەرەکینە دژ بە کوردەکان و حدکا بە نهێنی و بە ئاشکرا تەقەلای بێ وچان دەدەن بۆ جێبەجێ کردنی پیلانە ناڕەواکانیان... پێم گوتن من قەت بەم جۆرە کارانەی ئێوە داوای دەکەن هەڵنەستم نەمکردووە و نایکەم.

قسەکانی ڕێکو پێک و پڕ مانا بوون، بەم شێوەیە یەکترمان بەجێ‌هێشت، ئەو بۆ شێنێ ئێمەش بۆ ناو زەنگ.

ئەم ڕاگەیاندنەی دەفتەری سیاسی حدکامان پێ‌گەیشت، ئەمە دەقەکەیەتی:

راگەیاندنی دەفتەری سیاسی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانیە خۆشەویستەکان ، برا پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان

وەک ئاگادارن رادیۆکانی دەرەوە ڕایانگەیاندووە کە ئێستا وتوێژ لە نێوان نوێنەرانی گەلی کورد و دەوڵەتی مەرکەزیدا هەیە و لەبەر ئەوە شەڕ ڕاوەستاوە.

ئێمە لێرەدا رادەگەیەنین کە هیچ چەشنە دانیشتن و وتووێژێک لە نێوان نوێنەرانی حدکا و دەوڵەتی مەرکەزیدا دەستی پێنەکراوە و لە هیچ ناوچەیەکی کوردستان شەڕی ڕەوای ئێمە دژی سیاسەتی زۆردارانەی کاربەدەستانی دەوڵەت نەوەستێندراوە، بەم هۆیەوە دەفتەری سیاسی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایدەگەیێنێ کە هەتا بە ڕەسمی لە لایەن سەرۆکایەتی حزبەوە وەستاندنی شەڕ ڕانەگەیەندرێ پێشمەرگە نەبەزەکانمان نابێ دەمێک لە خەباتی چەکداری خۆیان ڕاوەستن.

دەفتەری سیاسی
حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٥٨/٧/٢٧

- چەند ڕۆژە دەنگوباس دەگات کە جەماوەری قارەمانی شاری مەهاباد ڕاپەڕیوە دژی دەسەڵات و دەست درێژییەکانی ئەرتەش و پاسداران، لێکدان و تێکهەڵچوونی خوێناوی بەردەوامە دانیشتوانی شارە قارەمانەکەی قازی محەممەد لە خۆڕاگرتن و بەرگریکردنی بێ وێنە دانە، لە ماوەی دوو ڕۆژدا زیاتر لە ٧٤ کەس لە جەماوەری شارەکە شەهید کراون هێرش و پەلاماردانی پاسدار و ئەرتەش بەردەوامە بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە.
- بە مێژووی ١٠/٢٢ جەلال تاڵەبانی نامەیێکی کورتی بۆ ناردین ئەمە دەقەکەیەتی:

برای خۆشەویستم کاک فاتیح

دوای سلاوێکی شۆڕشگێرانەی گەرم

بۆ کارەبایەکەش ناردوومە لیستەکە بێت. کە هات ئاگادارتان دەکەمەوە، ڕاستە کاکە نەوە(۱) هاتۆتەوە بەڵام چونکە دەرگای چەک و فیشەک کرابەوە، بۆیە دەست بەجێ بە « طیارە » ناردمەوە بچێت بە « طیارە » بیهێنێت، ڕەنگە لەم ۲-۳ ڕۆژەشدا وەجبەیەک بگات، دیارە کە هات مزگێنیم دەوێت.

ئیتر هەر بژیت بۆ

برای دڵسۆزتان: مامجەلال

ـ ئەمە دوو ڕۆژە بارانێکی یەکجار زۆر بە تەوژم دەباری، دڵۆپە بێزاری کردووین، جیاوازی ئەمارە لە نێوان ژوورەکەمان لەگەڵ دەورو بەری گشت، پێخەف و کەل و پەلمان بووە بە ئاو، نوستن نیە، سەرماش سەربار و بن بار. هەموو مان تێکڕا خەریکی قوڕکاریکردن بووین، دڵۆپەش هەر نەدەوەستاوە... لەم بارە ناجۆرە دا بووین، دیمان سەعات نزی بەیانی ڕۆژی ۱۰/۲٤ مام جەلال هاتە سەرداغان... ئێمە سێ هاوڕێی هەندرێن پێشوازیمان کرد، لە قوژبنێکی تەڕ نەبووی ژوورەکە لەگەڵی دانیشتین. کەوتە گێڕانەوەی سەفەری دووەمی بۆ لای ئێرانیەکان و گوتی: « ڕۆژی ۱۰/۱۷ نامەیکم پێگەیشت ئێرانیەکان داوای کۆبوونەوەیان کردبوو،

(۱) کاکە نەوە مەبەستی نەوشیروان مستەفای سکرتێری کۆمەڵەیە.

رۆژی ۱۸/۱۰ لەگەڵ نەوشیروان مستەفا و فەوزی راگەیشتینە گوندی « نشکۆلان ».

پێشی ئێمە نوێنەرانی کوردی ئێران، مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی، فاتحی شیخولیسلامی بە رەئوف ناسرا بوو، سکرتێری دەفتەری شێخ عیزەدین، ئەندازیار سەید برایم، نوێنەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سەلاحی موهتەدی، کۆمەڵە، حەمەدەمین نوێنەری چریک شاخەی کوردستان.

نوێنەری حکومەتی ئێران، داریوش فروهەر، ژەنەراڵ فروخ ئازەری فەرماندەی نیروی زەمینی « قائد القوات البریە » ژانەراڵ دانشوەر فەرماندەی نیرووی ژاندارمری ئازربایجان « قائد قوات الشرطە لمنطقە آذربایجان » نور حیکمەت ئەندامی لێژنەی مەرکەزی حیزبی جمهوری ئیسلامی ئێران و کەریم خان سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران. پێشی ئەوەی لە ئاوزەنگ بکەوینە رێگا هەوڵمدا حدکا بەشداری لەم کۆبوونەوە بکات، رایان ئەوە بوو لە تارانەوە داوا نەکرێن بەشداری ناکەن.

کە هەرسێ وەفد گەیشتینە گوندەکە، رێککەوتین بچین کۆبونەوە لە گوندی « بنوخەلیف » بکەین. لەسەرەتای دانیشتنەکە داریوش گوتی: « کاربەدەستان رێککەوتن لەسەر داواکانتان، ئامادەینە رێگاتان بدەین چەک بە هەر رێگایەک دەهێنن ساوە هەیە، کۆسپ نیە لە پێش هاتوچۆکردنتان بە ناو خاکی ئێران دەرگای نەخۆشخانەکانمان بۆ بریندار و نەخۆشەکانتان کراوەتەوە، لە تاران دەفتەر بکەنەوە. دوو هێز هەیە، هێزێکیان دەیەوێ و ئارەزوویەتی بە رێگای ئاشتی خوازانە چارەسەری گیروگرفتی کوردەکانی ئێران بکرێت. ئەوی تریان بەشەر و کوشت و بڕ و وێران کاری. بڕیارمان هەیە. بگەینە ئەنجامێکی پڕ سوود لەگەڵ

کوردەکان، زۆر گوشادین مامۆستا شێخ عیزەدین ئامادەیە لەگەڵماندا »
دوای فروهەر شێخ کەمێ قسەی کرد « من پیاوێکی ئایینیمە، هەموومان ئیسلامین لە ئێران، کورد شەڕی یەکتر کوشتنی ناوێت، ڕژێمی ئێران بە ئاگر و ئاسن هێزشی هاتیوەتە سەر نەتەوەی کوردی بێچارە گەر دەتانەوێ چارەیەک بۆ گیروفتەکان بدۆزنەوە، پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ هێزە سەرەکیەکانی کوردستانی ئێران بکەن، پێشەکیش دان بە مافەرەواکانی نەتەوەی کورد بنێن. »

تاڵەبانی گوتی:

« لەکاتی وتوویژکردندا بووین زانیم کە نوێنەرانی کۆمەڵە و چریک یاداشتێکیان ئامادەکردیە، نیازیانە پێشکەشی وەفدەکەی میری بکەن، کە چاوم پێدا خشاند دیم زیاد ڕۆیشتنی تێدایە. پێشنیارم کرد دەستکاری تێدا بکەن، لەگەڵ ڕاو تێبینیەکاغدا بوون، دوای دەستکاری کردن پێشکەشیان کرد. ئەم چەند داوایانەی تێدا هاتبوو:

١- هەموو گیراوە سیاسیەکان لە زیندانەکان بەربدرێن.

٢- سەربەستی کارکردنی سیاسی ئاشکرا بدرێت بە هەموو هێز و حزبە پێشکەوتوخوازەکانی ئێران.

٣- ئۆتۆنۆمی بە کوردستانی ئێران بدرێت.

٤- دەستور « یاسا » لە لایەن کۆمیتەیێکی پسپۆری « هیئە اختصاص » دابندرێ.

٥- پیاو کوژە خوێن ڕێژەکانی گوندی قارنە محاکەمە بکرێن.

٦- شەهیدەکانی کوردستان لە هەموو ڕوێکەوە لە ڕیزی شەهیدەکانی ئێرانی بژمێردرێن.

٧- ئەرتەش و سوپای پاسداران بگەڕێنەوە ناو پادگانەکانیان.
داریوش له وەرامدانەوەی گوتی:

« له ماوەی چەند رۆژێکی تر وەرامتان بۆ دەگێڕینەوە. ئیحتیمالی ئەوەی هەیە وەفدێکی تر پێکبهێندرێ له تارانەوە بێت، بۆ ئەوەی له بنەڕەتەوە چارە بۆ هەموو گیروگرفتەکان بدۆزێتەوە. هەر وەها پرسی ئایا حشع دروشمی رووخاندنی رژێمی بەعسی عێراقیان هەڵگرتووە؟ ڕێگا ناگرین هەتا شیوعیەکانیش له ناو خاکی ئێران هاتوچۆ بکەن. ماوەمان داوە حزبی تودە کاروباری خۆی بە ئاشکرا و فرەوانی بەڕێوە بەرێت. ئاگاداری ئەوەشمان هەیە بەم زوانە ژمارەیەک له کادرە سەرەکیەکانی حدکا دەچنەوە ریزی حزبی تودە » کە هاتینە سەر باری کوردستانی عێراق و پارتی، ژەنەراڵ دانشوەر گوتی « ئەمانە بەمنەوە بەستراون له ژێر فەرماندەی ئێمە دەجولێنەوە! هەر چەکدارێکیان مانگی ۱۵۰۰ تومانی پێ دەدەین، هەژار- ئازاد مەحموود خەففاف کارگێڕیانە له ناوچەی مەریوان، داوام لێکردیە کردەوەی نالەبار نەکات، بڕیارمان هەیە چەکدارەکانیان دەنێرینە ناوچەی بادینان بۆ ئەوەی دژی رژێمی عێراق شەڕی پارتیزانی بکەن » له کۆتایی دانیشتنەکە داریوش گوتی « ئیمام خومەینی ئەوپەڕی کین و رقی هەیە دژ بە رژێمی عێراق، سەدام حوسێن بە پیاوکوژێکی تاوانبار دەزانێ. حدکاش بە هۆی « سادقی زیبەکانی » نامەی بۆ کاربەدەستانی تاران ناردیە، ئامادەیی نیشانداوە کە چارەیە بۆ گیروگرفتەکان بدۆزرێتەوە »

مام جەلال کە تەواو بوو لە گێڕانەوەی دانیشتنیان لەگەڵ ئێرانیەکان هاتە سەر باسکردنی ناوچەکە و باری عێراق، گوتی « د.مەحمود عوسمان بە

هۆی جەلالی حاجی حوسێن دەنگوباسی بزووتنەوەی خۆیانی بۆ ناردووم، دەڵێ بۆ جاری دووە رۆژی ١٥/ ١٩٧٩/١. چووم بۆ نزیکی قەلادزێ چاوم بە دوو نوێنەری رژێمی عێراق کەوت، بڕیاریانداوە بەم زووانە موافەقە لەسەر داواکانمان بکەن تکای لەمن کردیە نامەی بۆ بنووسم بڵێم رازینە لەسەر جولانەوەکانی ئەو کات یەک چیان پێ بڵێ و وەها رەفتار دەکەن بۆ خزمەتکردنی کورد و کوردستان » مام جەلال گوتی زانیمان « رۆژی ٢٣/ ١. د. مەحمود چاوی بە هێندێ موختارەکانی عەشیرەتی مەنگوڕ کەوتبو، داوای لێکردبوون، لە دەوریان کۆ ببنەوە، گشتیان دژی وەستا بوون »

ئێمەی شیوعی دوو خاڵی گرنگمان خستە پێش تاڵەبانی:

١- هەرسێ حزب یەک، حشع و بەعسی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق کۆششەش بکەین بەرەی یەکگرتووی عێراقی پێکبهێنێ تەقەلای زۆریش بدەین هیچ هێز و تاقمێک نەگەڕێتەوە باوەشی رژێمی فاشی بەغدا.

٢- پێشمەرگەکان بە جۆرێکی زۆر خراپ و نالەبار و ناشیرین، لەگەڵ جەماوەری ناوچەکان رەفتار دەکەن، لە ژێر پەردەی کوردایەتی و پارتیزانی دەست درێژی دەکەنە سەر دانیشتوان، پارە و پوڵ و خواردەمەنیان بە هەڕەشە و لێدان لێدەستێنن. بێگارییان پێ دەکەن، بێزاری و لە ژیان وەڕسبوونیان گەیشتۆتە ئەو پەڕی پلەی بەرزی... ئەنجامی ئەمە گەلێ خراپ دەبێ، پێویستە چارەی بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوە، دوژمن سوود لەم کردەوانە وەردەگرێ.

جەلال تاڵەبانی

« لەسەر هەڵوێستەکانی ێنک تاکید دەکەمەوە کە لە مانگی نیسانی ئەم ساڵە خستمانە پێش ئێوە بە ئامادە بوونی مامۆستا کەریم ئەحمەد، گوتمان و دەڵێین ئامادەینە بۆ رێککەوتن و رێکخستنی هەنگاوەکانمان لەگەڵ حشع بە هەر مستەوایەک ئێوە ئامادەنە... بۆ مەسەلەی پێشە و رەفتاری پێشمەرگە و ئازاردانی جەماوەر لەگەڵ رای ئێوە دامە، دەبێ چارە بکرێت، بە بۆچوونی من هەنگە ئەم کارە بە کارێکی ساتا نابینم »

کۆتایی بە دانیشتنەکە هات هەردوو لامان لەسەر ئەو قەناعەتەدا بووین، چەندە پەلە بکرێت لە پێکهێنانی بەرەی دیموکراتی عێراقی ئەوەندە لە بەرژەوەندی هەموو جەماوەری عێراق و هێزەکانی نیشتمانی و بەرهەڵستکار دایە...

ـ رۆژی ١٩٧٩/١٠/٢٧ لە ئێستگەی رادیۆی تاران بڵاوکرایەوە، کە لیژنەیەکی تایبەت لە لایەن حکومەتی کۆماری ئیسلامی پێکهێندرا. دەسەلاتی تەواویشی پێدرا کە بکەوێتە گفتوگۆ و وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەی کورد بەتایبەتی لەگەڵ حدکا و شێخ عیزەدین، بە مەبەستی چارەسەرکردنی گیروگرفتی نێوان رژێمی تاران و کوردەکان. لیژنەکە لەمانەی خوارەوە پێکهێندرا بوو:

هاشمی سەباغیان	وەزیری ناوخۆ
مستەفا شمیران	وەزیری جەنگ
داریوش فروهەر	وەزیری دەوڵەت
عیزەتوڵلا سەحابی	وەزیری ئابووری
ژەنەراڵ فەلاحی	فەرماندەی هێزەکانی چەکداری ئێران
ژەنەراڵ دانشوەر	مدیری ژاندارمری ئازەربایجان

سەیر لەوە دایە ئەوە لە ماوەی ۲۰ رۆژ، سێ لیژنە لە تارانەوە پێکبهێن و بگۆڕێن، مانای ئەوە دەگەیەنێ کیشەی توند لە نێوان کاربەدەستانی رژێمی ئێراندا هەیە بە تایبەت لە نێوان وەزارەتی مەهدی بازرگان و دامودەزگای ئیمام خومەینی، تاقمێک سوورن لەسەر ئەوەی بە هەموو شێوەیەک هێرش بکرێتە سەر کوردەکان تا سەریان پێ شۆڕ بکەن و چۆکیان پێدابدەن، بەشی دووەم لەو بڕوایە دانە ئاگر و ئاسن و گوشت و بڕین چارەی گیرو گرفتەکان ناکەن، ئەنجامەکەشی بێ سوودە، ئیمام خومەینی دامودەزگایەکەی لە ئەربەری بیرکردنەوەی کۆنەپەرستی و دواکەوتن دانە. بەرامبەر بە مافە ڕەواکانی هەموو گەلەکانی ئێرانی لە ژیانی سەربەستی و بەختیاری و دیموکراسیەت، سوورن لەسەر ئەوەی کە دەبێ هەموویان لە ژێر ئالأی ئاینی ئیسلامی بە ڕەهبەرایەتی ئیمام خومەینی کۆببنەوە.

ـ لە رۆژی ۱۰/۲۹ رادیۆی تاران بڵاوی کردەوە، ئەرتەشی ئێران و پاسداران بڕیاری ڕاگرتنی شەڕیان وەرگرت دژی چەکدارەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی زەمینەی لەبار ئامادە بکرێت، بە ڕێگای گفتگۆکردن چارەی گیروگرفتی کوردەکان بکەن. حدکا و هەموو هێزە سیاسیەکانی ئێران ئەم هەنگاوەیان بە کارێکی ڕەوا و پڕ سوود وەرگرت.

بە نامەیەکی تایبەتی د.قاسملو داوای لێکردین ئەو هاوڕێ شارەزایەی لە بینیم « لاسلکی »دەزانێ لەگەڵ هاوڕێیەک بتوانێ فرنی نان دروستکات بۆیانی بنێرین. هەردوو هاوڕێمان بۆیان نارد.

هاوڕێ جوانڕۆیی، لە ناوچەی شاپور ــ سەلماس، نامەیەکی ناردبوو دەڵێ « هێزی سمکۆ دامەزرێندرا، هیوادارم کەمێک سەرتر بڕۆم، بەداخەوە سێ کادری حدکا کەوتونەتە دژکاریم نامەیان بۆ هێندێ

لایەنگرنی خۆیان ناردووە داوایان لێدەکەن هاوکاریم لەگەڵدا نەکەن و گوێ نەگرن لە ئامۆژگاری و فەرمانەکانم، ئەم کادرانەش، « سەرگورد عەباسی، سەید رەسوڵی بابەگەورە، مەلا سمایلی حاجی »

ماوەیکە ئێمە لە هەندێن گەیشتوینەتە سەر ئەو بڕوایە، کاتی ئەوە هاتیە ئەم هاوڕێیە بگێڕینەوە بنکەکانی خۆمان، بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی کێشەی ناوخۆی حدکا.

ـ لەسەر داوای مەکتەبی سیاسی ینک دوای نیوەڕۆی ۱.۳/۳۰ کۆبونەوەیکی دوو قۆڵی لە بارەگای ئەوان کرا. لە حشع سێ هاوڕێ: یوسف، توما، فاتح ئامادە بووبن. لە ینک جەلال تاڵەبانی، د.کەمال خۆشناو، ملازم عومەر عەبدوڵلا، عەلی حەویز.

تاڵەبانی: « ئێمە بایەخێکی تایبەت بەم کۆبوونەویە دەدەین. پێشنیار دەکەین ئەم خاڵانەی خوارەوە وتوویژیان لەسەر بکرێت.

١- باری کوردستانی ئێران.

٢- پەیوەندی حدکا بە رژێمی عێراق.

٣- پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان حشع و ینک.

٤- هەڵوێست بەرامبەر بە جموجوڵی حسیک.

٥- هەوڵ و تەقەلادانی دوو قۆڵی هەردوو لامان بۆ پێکهێنانی بەرەی دیموکراتی عێراقی.

٦- بە عێراقی کردنی شۆرشەکە...

وا دیارە خەباتی نەبەردانەی برا کوردەکانی ئێران لەگەشەکردن دایە و بەرەو پێش دەڕوات لە لایەکی‌تر کاربەدەستانی رژێمی ئێران وا دەردەبڕن ئارەزوویانە گیروگرفتەکەی کوردستان بە ڕێگای وتوویژ و ئاشتیانە چارەسەر بکەن، لە هەمان کات کەموکورتی زۆر هەیە لە نێو ریزی هێزە

نەتەوەیەکان و هێزە پێشکەوتوخوازەکان. حدکا بە تەنها کاردەکات، مامۆستا شێخ عیزەدین و کۆمەڵە و چریکیش لە لایەکی ترەوە.
بەپێی بۆچوونی یەک باشترین شێوە بۆ رەفتارکردن لەوە دایە، نمایندەیەکی هاوبەش لە هەموو لایەکان پێکبهێندرێ و بە یەکگرتوویی بکەونە وتوویژ و گفتوگۆکردن لەگەڵ نمایندەکانی حکومەتی ئێران کە بەم زووانە دەگەنە ناوچەکە. پێشنیار دەکەم حشع و یەک هەردوولامان پێکرا کۆشش بکەین و تەقەلا بدەین گشت هێزەکانی کوردستانی ئێران، خۆ لە یەکتر نزیک کەنەوە، بە نمایندەیەکی یەکگرتووی پێەو بچنە گفتوگۆکردن.
فاتح:
کە چاومان بە شێخ عیزەدین کەوت، راوو بۆچوونی خۆمان پێ راگەیاند و گوتمان بەرژەوەندی گشتی نەتەوایەتی و داوا هاوبەشیەکان ئامالجی هەموو گەلەکەمانە پێویستە ناکۆکی و جیاوازی بچوک و کێشەی لا بە لا نەکرێنە ئامالجە سەرەکیەکان و دوژمن لە بیر بکرێت. چەندە هەست کردن بە لێپرسراوی ریزەکانی خۆیان رێکبخەن بە یەکگرتوویی بکەونە وتوویژ کردن ئەوەندە رێزیان بە نرخ دەبێ و سەرکەوتنیش لە هەموو روێکەوە مسۆگەرتر دەبێ.
بەم دواییەش دەنگوباسمان پێ دەگات کە میری عێراق خەریکە خۆ ئامادە دەکات هێرش بهێنێتە شێنێ و شاخی مامەندە، پەیوەندی برادەرانی حسیک بە رژێمی عێراقەوە بەردەوامە.
جەلال تاڵەبانی:
« نابێ بەهیچ شێوەیەک بەڵگە بە دەستەوە بدەین حسیک خۆ

بخاته باوەش رژێمی عێراق. پێشنیار دەکەم داوا لە حدکا بکەین یارمەتیمان بدات، تا بزانین حسیک بە تەواوی ڕوو بە چ لایەکدا دەکات؟ لە لایەکی ترەوە پێویستە زیاتر هوشیار بین ئێشک گرتنی دوو قۆڵی بەتین کەین لە هەموو ناوچەکەماندا نەک لە ناکاو هێرش بکەنە سەرمان. »

یوسف

« ئێمە لە مەکتەبی هەندرێن دەرسی ئەو بارە ناڵەبارانەمان کرد، کە دەوری داوین، پێشنیارمان ئەوەیە یاداشتێک بە سەرکردایەتی حسیک بدەین را و بۆچوونەکانی خۆمانی تێدا ڕوون کەینەوە دەربارەی پەیوەندیان بە رژێمی بەغداوە. لێیان داوا بکەین واز بهێنن لەم رێبازە پڕ مەترسیەی گرتوویانە و بگەڕێنەوە ریزی شۆرش و نەتەوەکەمان، بە فرەوانیش یاداشتەکە بە ناو پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان بڵاو بکرێتەوە. لە سەرکردایەتی حدکا داوا بکەین را و بۆچوونەکانی ئێمە بە حسیک رابگەیێنێ کە ئێمە دژی نزیک بوونەوەیانین لە رژێمی عێراق » بە تێکرا هەموو بەشدار بووانی کۆبوونەوەکە لەگەڵ پێشنیارەکەدا بوون، بڕیار وەرگیرا، نوێنەرەکانی حشع مسوەدەکە ئامادە بکەن. لەسەر ئەوەش رێککەوتین کە سەرکردایەتی یەنک داوا لە سەرکردایەتی رێکخراوی بەعسیەکانی هەرێمی عێراق بکەن، گەر ئارەزوویان بوو یاداشتەکە لەگەڵمان مۆر کەن.

هەر لەناو دانیشتنەکە باسکرا، سبەی ۱۰/۳۱ بە بۆنەی جێژنی قوربان لە زەڵێ سەعات ۲.۵ ی دوای نیوەڕۆ کۆبونەوەیەکی گشتی هەیە چەند وتارێکی تێدا دەخوێندرێتەوە، دوا بڕیار ئەوە بوو رۆژی ۱۱/۱

کۆبوونەوەیەکی‌تر لە زەڵێ بکەین داواش لە سەرکردایەتی حدکا بکرێت بەشداریمان بکەن.

دوای گەڕانەوەمان بۆ شوێنی خۆمان، بڕیارمان وەرگرت بەشداری لە ئاهەنگی جێژن بکەین و وتارێکیش ئامادە بکرێت من بیخوێنمەوە. لە کاتی دیاریکراو زیاتر لە ۵۰۰ کەس لە گۆڕەپانەکەی زەڵێ کۆبووبوونەوە. زۆربەی سەرکردەکانی یەنک، حشع، بەعس و پاسۆک و چەند برادەرێکی حدکاش ئامادە بوون. پرۆگرامێکی خۆشی هەمە جۆر، چەند وتار و سرودی نیشتمانی و گۆرانی خۆش و شیعری شۆڕشگێڕی پێشکەش کرا. ئەوانەی وتاریان تێدا دا: مامجەلال، فاتح، ابوسەلاح، فەتاحی کاویان، ئەمەش وتارەکەی حشعە.

برایانی خۆشەویست، پێشمەرگە قارەمانەکان

بەناوی برا دڵسۆزەکانتان، هاوڕێکانتان لە خەباتکردندا، هاوڕێیانی حشع بە بۆنەی جەژنی قوربان گەرمترین پیرۆزبایتان پێشکەش دەکەم، هیوادارم ژیانتان و هەموو جەژنەکانی داهاتوومان چ جەژنەکانی ئایینی یاخود جەژنەکانی نەتەوایەتیمان هەمووی هەر خۆشی و شادی و سەرکەوتن بێ.

لە ئەنجامی ئەم فشارو هێرشە درندانەی رژێمی بەعسی دیکتاتۆری عیراق هانیە سەر جەماوەری حزبەکەمان، بە هەزاران ئەندام و لایەنگرانی تووشی ئەشکەنجە و ئازار هاتن، سەرکردایەتی حزب بڕیاری وەرگرت ڕوو بەرێتە بە خەباتی چەکداری، کە شێوەیکە لە شێوە سەرەکییەکانی خەباتکردن و تەقەلادان بە هەموو توانا و شێوەیەک بۆ لەناو بردن و

ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق بۆیە دەبینترێ کە ڕۆژ دوای ڕۆژ حزبمان تەقەلا ئەدات هەموو هێز و حزبە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی و کوردستانی کۆبکرێتەوە لە بەرەیێکینیشتمانی یەکگرتوو. بۆ وەدەست هێنانی ئامانجە ڕەواکانی هەموو گەلەکانی عێراق لە ئازادی و دیموکراسیەت و مافی نەتەوایەتی.

بڕوای تەواومان بەسەرکەوتن هەیە، چونکە لەمەو دوا هەر پێشمەرگە نەبەردەکانی کوردستان نینە، شێرانە ڕیەڕن دژی دیکتاتۆریەت و شۆڤێنیستی، بڕیار و سووربوون و تەقەلاداني بێ ووچان هەیە شۆرشێکی عێراقی سەرانسەری عێراق بەرپا بکرێت. هەر شۆڕشێک یا ڕابەڕینێکی نەتەوایەتی پرۆگرامی ڕاست و ڕەوای هەبێ و لەناوجەرگەی جەماوەرەکە هەڵقوڵابێ ئەم شۆرشە لەبن نایێت هەر سەردەکەوێ زوو یا درەنگ.

لەو بڕوایەش داینە وڵاتانی سۆشیالیستی لە پێشەوەیانا یەکێتی سۆڤیەت و گشت هێزە پێشکەوتوخوازەکانی دونیا پشتگیریمان دەکەن.

حزبەکەمان بەردەوامە لە کۆششکردن و تەقەلادان بۆ زۆر کردنی دۆست و لایەنگر لە خەباتی ڕەوا و پیرۆزی هەموو هێزەکانی نەتەوەیی و بەرهەڵستکار دژ بە ڕژێمی فاشی عێراق. بەردەوامە لە تەقەلادان بۆ دامەزراندنی بەرەی دیموکراسی یەکگرتووی عێراق کە تاکە چەکی بەهێز و کاریگەرە، زۆربەی ووزە و توانا کۆدەکاتەوە و جەماوەر ڕادەپەڕێنێ دژی تاوانبارەکانی بەغدا.

برایانی خۆشەویست، پێشمەرگە قارەمانەکان

پێویستە لەسەر هەموو لایەکمان ئەم ڕاستیە لای ڕوون بێ کە پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی لوتکەی لەخۆبوردن و قوربانی دانەلە ڕێگای

خزمەتکردنی ئامانجی دوور و نزیکی نەتەوەکەمان، چەندە رەفتارمان، روشت و ئەخلاقمان لەگەڵ جەماوەرە هەژارەکەمان، بەرز و پاک و رێکوپێک بێت ئەوەندە کەمە، خەباتە رەواکەمان بۆ ئەوانە، دەبێ ئەوانیش پێشمەرگە بە هی خۆیان بزانن و دەوریشی بگرن. نابێ لەژێر هیچ پەردە و ناوێک کاری نالەبار بکرێت ئازاری جەماوەری تێدا بێ و ناوو سومعەی جوانی پێشمەرگە و شەڕی پارتیزانی بشێوێندرێ و لەکەدار بکرێت.

ئومێدەوارین بەم زووانە جەژن و ئاهەنگ گێرانی رۆژی دامەزراندنی بەرەی یەکگرتوو و رۆژی روخاندنی رژێمی دیکتاتۆری عێراق بگێڕین.

هەر سەرکەوتوو بێت خەباتی رەوای گەلەکەمان لە رێگای دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراسی و هانینە دی ئۆتۆنۆمی راستەقینەی بۆ نەتەوەی کوردمان.

هەر شەکاوە بێ ئاڵای برایەتی و هاوکاری گشت هێزەکانی نەتەوایەتی و نیشتمانی و دیموکراسی.

سەربەرزی و قارەمانێتی بۆ گشت شەهیدەکانی رێگای ئازادی و دیموکراسیە.

مردن و نەمان و سەرشۆڕی بۆ رژێمی دیکتاتۆری بەعسی عێراق و گشت خۆفرۆشانە.

گەشاوە بێت ئاڵای دیموکراسیەت و سۆشیالیزم لە جیهاندا.

ئیتر سوپاس بۆ هەمووتان

- رۆژی ١٩٧٩/١١/١ کۆبوونەوەیکی سێ قۆڵی لە زەڵێ بەسترا:
نوێنەرانی حدکا: د. قاسملو، ئەمیری قازی، فتاحی کاویان.

نوێنەرانی یەنک: جەلال تاڵەبانی، د. کەمال خۆشناو، نەجمەدین عزیز، فازیل عبدالکەریم، عەلی حەویز، م. عومەر عەبدوڵلا.
نوێنەرانی حشع: یوسف حنا، فاتح
یوسف:

بەخێرهاتنی گەرم و گوڕتان دەکەم، هیوادارم کۆبوونەوەکەمان باشترین سوود بە شۆڕشی نەتەوەی کوردمان لە ئێران و عێراق بگەیەنێ، ببێتە پاڵپێوەنەرێکی بەتین بۆ پێشخستنی گشت کار و ئەرکەکانی نەتەوەیی نیشتمانیمان، هەروەها یاریدەدەرێ بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی برایەتی و هاوکاری لە نێوان گشت حیزب و هێزەکان »

جەلال تاڵەبانی:

مەبەست لەو کۆبوونەوە ئەوەیە، دەمانەوێ رای هەردوو لامان حشع و یەنک دەربارەی هێندێ رووداوی ئەم دواییە روون بکەینەوە، دەنگوباسی پڕ مەترسی پێمان دەگات کە حسێک جموجولی بە نهێنی و ئاشکرای و پەیوەندی لەگەڵ رژێمی بەغدا هەیە. خۆیان مەڵاس‌داوە لە نزیک رەبیە و سەنگەرەکانی دوژمن لە دەورووبەری گوندی وێران کراو « گل کەنکی » ئەقەلای زۆر دەدەن بە نامە، بە راسپاردن بە هەر شێوەیەک بۆیان بلوێ پەیوەندی بە کوێخا و دەرەبەگ و جوتیار و کەسانی چەکداری سەر بە یەنک دەکەن داوایان لێدەکەن بگەڕێنەوە ریزی رژێمی دیکتاتۆری عێراق بەناوی ئەوەی کە رژێم مافەکانی نەتەوەی کورد دەدا. بە پێچەوانەی ئەوە لای هەموومان روونە بەعسیەکانی بەغدا نیاز و نەخشەی گڵاویان هەیە بۆ بە عەرەبکردنی گەلێ لە ناوچەکانی کوردستان. رژێم دەیەوێ

هەموو هێزەکانی نیشتمانی و دیموکراتی و نەتەوەیی لە یەکتر دووربخاتەوە، تۆزی ناکۆکی و دووبەرەکی زیاتر لە نێواندا بلاْوبکاتەوە ئاگری براکوژی خۆشتر کات.
حسیک شانازی بەوە دەکات حدکا یارمەتیان دەدا، ئەمەش کارێکی دۆستایەتی نیە لەگەڵ حشع و یەنک، دەربارەی باری هەندێکەی ئێرانیش، بە ڕا و بۆچوونی ئێمە ئەوەیە چەندەی حدکا هەوڵبدات بە نماینده‌یکی یەکگرتوو، هەموو هێزەکانی کوردستانی ئێران بچنە وتوویژ کردن لەگەڵ حکومەتی ئێران بە سوود و سەرکەوتووتر دەبێت »
د. قاسملو:
« پێخۆشحاڵین بەم کۆبوونەوەیە، فرە مەبەستمان بوو لەگەڵ هەردوو لاتان دانیشین، دەمانەوێ ڕووداوەکانی ئەم دواییە و گیرو گرفتەکانتان بە درێژی بۆ باس بکەین و تەقەلای باش دەدەین خۆ بۆ گفتوگۆ و وتوویژ ئامادە بکەین لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی، پەیوەندیمان بە شێخ عیزەدین کرد، بە ڕای حدکا توانای نیە سەربەخۆ بڕەو بکات. خۆی بەستۆتەوە بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کۆمەڵەش توانای چەکداری کەمە، ژمارەیکی زۆر جوانانی لە دەور و بەری‌دایە، بەلاْم سەرگەرم و چەپڕەون گەلێ کورت بین لە کارکردنی سیاسی. حدکا باش لای ڕوونە ئەو نماینده‌ی ئێران دێنە کوردستان کێنە و شوناسنامەیان چیە؟ باری ئێران بە شێوەیەکی قوڵ شێوا و تێکچووە، هەر ئایەتوڵلا یا یاناخوندێکی دینی دەوڵەتێکە بۆ خۆی؟ هەرچی بیانەوێ دەیکەن. بۆیەکا دەمانەوێ:

١- وتووێژەکەمان بە ئاشکرا بێت لەگەڵیاندا. هەموو گەلی کورد و گەلەکانی‌تری ئێران ئاگاداریان هەبێ هەنگا و بە هەنگاو چی دەکرێت.
٢- دەمانەوێ هەموو حزب و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران بزانن حدکا چۆن دەجولێ و داواکانیشی چیە.
٣- ماوە نەدەین تووشی لەخۆبایی بوون و سەرلێشێوان ببین هەرچەندە توانا و دەستکەوتنی باش لەشەڕەکان وەدەست بهێنین.
٤- بەم دواییە داواکانمان بۆ ئیمام خومەینی نارد.
بڕیارمان هەیە بەم نزیکانە کۆمیتەی مەرکەزی کۆببێتەوە، باری تازەی ئێران و کوردستان دەرس بکەینەوە. دەمانەوێ لاتان ڕوون بێ کە حدکا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە سوورە:
١- ماوە بە حدکا بدرێ سەربەخۆ و ئاشکرا کاری سیاسی ئەنجام بدات.
٢- سەربەستیەکانی دیموکراسی تەواو بدرێت بە هێزە سیاسیەکانی تری ئێران.
٣- پاسدارەکان دوور بخرێنەوە لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران.
٤- پۆلیسەکانی کوردستان هەموویان کورد بن.
٥- خوێندن و نووسین لە کوردستان بە زووبانی کوردی بێت.
لێرەدا جەلال تاڵەبانی پرسیارێکی ئاراستەی قاسملو کرد:
ئایا پلەی یەکەم و دووەمتان نیە لە کاتی گفت و گۆکردن و بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ نمایندەکانی حکومەتی ئێران؟
قاسملو:
« بەڵێ نەخشەی تایبەتی خۆمان هەیە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک پەلە ناکەین هەموو بڕیار و نەخشەکانی خۆمان هەڵناڕێژین، بڕوامان نیە

دەرناچێت و ئاگاتەوە بەر گوێی کاربەدەستانی ئێران.

ڕژێم فشارەکیان بە حدکا کردبە گوایە ئامانەوێ دژی زایۆنیزم شت بلاوکەینەوە! نیازمان هەیە ڕاگەیاندنێک بلاوکەینەوە، ڕیسوای درۆکانیان بکەین. نازانین چۆن بڕوا بەم جۆرە کەسانە و ڕژێم بکرێت کە هەر خەریکی ئانەوەی بوختان و درۆنە. مانعمان نیە بە نهێنی ئاگاداری مامۆستا شێخ عیزەدین بکەین حدکا لە پلەی دووەم داوای چی دەکات، ئەو داوایانەی لە پێناویا تێدەکۆشین ئەمانەیە:

١- هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران بکرێت بە هەرێمێکی یەکگرتوو ئەم هەرێمەش لە ناوچەکانی ئازربایجان وەکو مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، خانە پیرانشەر، تاکو شاپور و ماکۆ. هەموو ناوچەکانی سنە، کە پێی دەڵێن ئوستانداری کوردستان، کرمانشان و ئیلام پێک دێت. دەربارەی ئەو ناوچانەی گەلێ نەتەوەی‌تری تێدا دەژیت، بە ڕێبازی دیموکراسیانە، بە هەڵبژاردن، زۆربەی جەماوەرەکە چیان ویست ئەوەیان بۆ دابندرێت، وەکو نەغدە ورمێ سلماس.

٢- دەربارەی باری ئابووری و دارایی و ئاوەدان کردنەوە چ نسبەتێک بەر هەر ئەندامێکی ئێرانی دەکەوێت لە هەموو دارایی و میزانیە و سامانەکانی دەوڵەت بە پێی ژمارەی گشت دانیشتوانی هەرێمەکە ئەوەندەیان بۆ تەرخان بکرێت.

٣- ئەنجومەنێکی تایبەت هەڵبژێردرێ بۆ بەرێوەبردن و سەرپەرشت کردنی کاروباری هەرێمەکە.

٤- خوێندن و نوسین و ئیستگەی رادیۆ و تەلەفزیۆن لە هەرێمەکە بە کوردی بێت.

فاتح :

« ئایا دەتانەوێ بە تەنها بچنە گفتوگۆکردن و وتووێژ لە هەموو پلەیەک یا بە پێکڕا و هاوکاری کردن لەگەڵ هێزەکانی‌تری کوردستانی ئێران؟

د. قاسملو:

« سێ هێز هەیە، حدکا، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، بەڕای ئێمە شێخ عیزەدین لەگەڵ ئەواندایە، چریک.

ئامادەینە لەگەڵ شێخ عیزەدین پێکڕا بچینە گفتوگۆ و وتووێژ.

دەربارەی کۆمەڵە گەر دەسەلاتداری ئێرانی موافق بن لەسەر ئەوەی بەشدار بن و دان بەوەدا بنێن کە حدکا فەرمانبەرو ڕابەری شۆرشی کوردستانی ئێرانە و حەقی قسەکردنی ڕەسمی بۆ ئێمەیە، ئەوکات داوایان دەکەین و موافقین لەگەڵمان بەشدار بن.

چریک دەڵێن بەشداری شەری پارتیزانیمان نەکردیە و چەکداریان نیە.

جەلال تاڵەبانی:

« ڕژێمی ئێران هەوڵ و تەقەلای ئەوە دەدات تۆی جیاوازی و دووبەرەکی و ناکۆکی پەیداکات و لە نێوان هێزەکانی نیشتمانی و نەتەوایەتی بلاُوکاتەوە ئەو کات بکەوێتە گفتوگۆ کردن لەگەڵ هەر هێزێک بە جیاواز، داریوش فروهەر لە دانیشتنێکدا بە ڕاشکاوی دەری بڕی گوتی « ئامانەوێ بەرەیکی یەک پارچەیی بەرامبەرمان هەبێت.

د. قاسملو:

« چەند ڕۆژ پێش ئیمرۆ سەردانی شێخ عیزەدینم کرد، نوێنەرێکی

کۆمەڵەی کوردستانی ئێرانی لا بوو گوتی: کۆمەڵە بەشداری لە گفتوگۆکردن دەکاتو تەنها بۆ ئەوەی دەسەلاتدارانی ئێرانی ئەفشار کات. کۆمەڵە لاوازە جێگای بڕواپێکردن و متمانە نین. لە سنە لەگەڵیان ڕێککەوتین دەنگ بەیەکتری بدەین لە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پیاوانی لێ هاتوو. ئێمە دڵسۆزانە کاتی هەڵبژاردن دەنگی خۆمان بە نوێنەرانی ئەواندا، کەچی بە پێچەوانە ئەوان دەنگیان بە ئێمە نەدا. لەگەڵ هەموو ئەم واقیعە تاڵە حدکا ئامادەیە بۆ نماینەدەی یەکگرتوو لەگەڵیان ڕێک بکەوین بە جێبەجێ کردنی ئەو مەرجانەی لێمان داواکردن. نامانەوێ چریک ئامادە بێ لە گفتوگۆکان. بەشداریان لە شەڕی پارتیزانی نەکردیە.

جەلال تاڵەبانی:

« کارێکی گەلێ پڕ سوود و ڕەوایە گەر یەک نماینده پێکبهێندرێ، ئێمە کوردەکانی کوردستانی عێراق، تاقیکردنەوەی تاڵمان هەیە، کاربەدەستانی ڕژێمی عێراق هەمیشە سیاسەتی دووبەرەکی پەیدا کردن و کڕین و فرۆشتنیان بەکاردەهانی لە پێش و کاتی گفتوگۆکردن و وتووێژدا.

یوسف:

« پەیوەندی حدکا باشە لەگەڵ برادەرانی حسیک داواتان لێ دەکەین چاوتان پێیان بکەوێ، ڕا و بۆچوون و ڕەخنەکانی حشع و یەک/یان پێڕابگەیەنن، هیواداریین ئەوان چاوێک بەسەر هەنگاو و بزووتنەوەکانیاندا بخشێننەوە. کارەکانی ئەم دوواییانەیان خزمەتی ڕژێمی بەغدا دەکات. واز بهێنن لەم ڕێبازەی گرتوویانەتە بەر، یاداشتێک ئامادەکراوە بۆیانی دەنێرین.

د. قاسملو:

« رۆژی ۱۹۷۹/۱/۳۰ لەگەڵ د. مەحموود و ئەندامەکانی سەرکردایەتی حسیک کۆبووینەوە، ئاگاداریان کردین کە هەموو ئەو داوایانەی پێشکەش بە میری عێراقیان کردیە بەڵێنی جێبەجێ کردنیان وەرگرتیە. داوامان لێکردن خۆ لە شەڕی براکوژی دووربخەنەوە هەوڵ و تەقەلای ئەوە بدەن بە ڕێگای ئاشتیانە و گفتوگۆی برایانە گیروگرفتەکان لەگەڵ هەموو هێزە کوردستانیەکان چارەسەر بکەن.

جەلال تاڵەبانی:

« هیچ بڕوایەکمان بە ڕژێمی بەعسی عێراق نیە! هیچ جۆرە مافێک بە کورد نادەن! چون بۆ لای ئەم ڕژێمە خۆفرۆشتنە!! دژ بە دیموکراسیەتن، شۆڤێنیستن!! ئەو بەڵگانەی حسیک دەیهێنێ و دەی بەن لە ڕاستی دوورن پەرپنەوەیان بۆ دەورووبەری سەرکەندە، نزیک ڕەبیەکانی سوپای عێراق مەترسی بۆ هەموومان هەیە.

لەم کۆبونەوە بەڵێن ئەدەم هەتا ئامادەمە بە نوسینیش کە نیازی خراپەکاریمان دژی حسیک نیە، بەو مەرجە بگەڕێنەوە شوێنەکانی پێشویان لە بێدەلان و گۆڕەشێر.

د. قاسملو:

« گەلی کورد لە مێژووی خەباتی سەختی دوور و درێژی ئەزموون و تاقیکردنەوەی گەلێ خوێناوی و تاڵ و ناخۆشی بەسەر تێپەڕ بووە. داواتان لێ دەکەم بە هیچ جۆرێک شەڕی براکوژی لەگەڵ یەکتری مەکەن! حدکا لەم ڕووەوە ئامادەیە هەموو ووزە و توانای بەکار بهێنێ بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی هاوکاری نێوان هێزە

هێزە تێکۆشەرەکانی کوردستان.
دێمە سەر باسێکی‌تر ، کیانوری سکرتێری گشتی حزبی تودەی ئێران بەم دواییە کۆنگرەکی ڕۆژنامەگەری لە تاران بەستبوو، بە ناڕەوا هێرشی زۆری هانیبووە سەر جولاَنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و حدکا، درێغیشی بۆسەر خودی خۆم نەکردووە. بۆ کیانوری باشتر نیە پشتگیری لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بکات؟ نەک دژایەتی کردنی.
هەرلەگەلْ کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە هەموو پێکرا بەرەو گوندی شێنێ بۆ سەردانی مامۆستا شێخ عیزەدین کەوتینە ڕێگا. یاشێخ گەلێ بەگەرمی پێشوازی کردین، ژمارەی هەموو دانیشتوانی میوانخانەکەی ۱۵ کەس بووین. ئاگادار کرا کە مەبەست لەم سەردانەی بۆ ئەوەیە هەولْبدات گشت هێزە شۆرشگێڕەکانی کوردستانی ئێران بەیەک نماینده و یەکگرتوویی بکەونە گفتوگۆ کردن لەگەلْ کاربەدەستانی ئێرانی.
دووبەرەکی و ناڕێکی نێوان دەبێتە هۆی تێچوونی هەموو شتێک. کتوپڕ لاوێکی تەمەن ۲۵-۲۸ساڵی قوت بووەوە کەوتە قسەکردنی هەلەق و بەلەق و بێ مانا دەرکەوت چەپڕەوێکی بیرو بڕوا مندالْکارانەیە، شانازی بەوە دەکرد ئەندامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە، بێ شەرمانە هێرشی هانیە سەر حدکا قسەکانی جێگای نارەزایی هەموو دانیشتوەکان بوو.
شێخ عیزەدین چەند قسەیکی کورتی ڕێکوپێکی کردو گوتی « پیاوێکی ئاینیمە، دلْسۆزی کورد و کوردستانم، خەبات دەکەم بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەم، هەموو هێزەکان بە دۆستی خۆم دادەنێم. بێ ووچان تەقەلا ئەدەم هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە یەکتری نزیک بکەمەوە و هاوکاری یەکتری بکەن » نانی ئێوارەمان لە لای ئەو

خواردو سەعات ٥.٩ی شەو گەڕاینەوە ناوزەنگ.

کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

نامەی م.س پارت سەرکردایەتی کاتی گەیشتە دەستمان ئەمەش تەکستیەتی:

پارتی دیموکراتی کوردستان
سەرکردایەتی کاتی
١٩٧٩/١٠/٢٩

بۆ/ کۆمیتەی ناوەندی حشع/ی تێکۆشەر

سەلاوێکی شۆڕشگێرانە

بزووتنەوەی نیشتمانی دیموکراسی بە گشتی و بزووتنەوەی کوردایەتی بە تایبەتی لە عێراقدا، بە پلەیەکی گرنگ و مێژوویدا تێپەڕ دەبێت. فەرمانی سەرشانی هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان و دیموکراسیەکان و نیشتمانپەروەرەکانە، کەلە هەموو هەنگاوێکی سیاسی گرنگی یەکترا ئاگادارین. چونکە بەرژەوەندی هەموو لایەک بەیەکەوە بەستراوە وە دوا رۆژی گەلی عێراقی نەبەزیش بەندە بە هاوبەشییەک لە

تێکۆشانی بێ ووچاندا دژی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم بە گشتی و دژی بەعسی فاشیست بە تایبەتی بۆیە بە پێویستێکی سەرەتایی دەزانین کە بانگتان بکەین بۆ بەشدار بوونتان لە کۆنگرەی نۆهەمی پارتیمان لە ۱۹۷۹/۱۱/۳دا ئەگیرێت.

ئامادەین کە نوێنەری بەرێـزتان لە مقری « ئاوخواردە » نزیـکـی « کەرپەر » پێشوازی لێبکەین و بیگەیەنین بە شوێنی کۆنگرە.

الحزب الديمقراطي الكردستاني
القيادة المؤقتة

تێبینی: تکایە رۆژی کۆبوونەوەی کۆنگرە بە نهێنی بپارێزن.

مەکتەبی هەندرێن دەرسی نامەکەی کرد و بڕیاری وەرگرت کە هاورێ یوسف و مەحمودی فەقێ خدری قەلأدزەیی بە ناوی نوێنەرانی حشع لە کۆنگرەکەیان ئامادە بن. ئەم وتارەش ئامادە کرا لە کۆنگرە بخوێندرێتەوە:

برایانی بەرێز

ئەندامانی کۆنگرەی نۆیەمی

حزبی دیموکراتی کوردستانی عیراق

دوای پێشکەش کردنی سلأوێکی شۆرشگێری...

ماوەم بدەن برایان کە بە ناوی لیژنەی مەرکەزی حیزبمان و بە ناوی

هاوڕێی سکرتێر عەزیز محەممەد و هەموو ئەندام و لایەنگرانتان گەرمترین سڵاوتان پێشکەش دەکەین، هیواداریین کە کۆنگرەکەتان سەرکەوتوو بێ.

برایان: کۆنگرەکەتان لە کاتێک ئەبەستریت کە رژێمی بەغدا لە تەنگوچەڵەمەیەکی زۆر قوڵدا ئەژیت و تووشی گۆشەگیریەکی توند بووە، لە ناوەوەی وڵات و لە دەرەوە، سمعەی گەلێ دابەزیوە لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دونیادا. ئەمەش لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە دیکتاتۆریە شۆڤێنییە کۆنەپەرستە هاتووە، بەرامبەر چارەکردنی گشت مشاکیلەکانی گەل، بەهۆی ئەم سیاسەتە چەوتە، کێشەی ناوەوەی حزبی بەعسی سەرکار پەرەی ساندووە و زۆر قوڵیش بووە. دەیەها کەسیان خنکاند، سەدانیان فڕێداوەتە ناو بەندیخانەکان لە کادر و ئەندامەکانیان تاکو ئێستاکە ئەم هێرشە جانەوەرانە هەر بەردەوامە لەناو ریزی حزبەکەیان.

تاقمەکەی سەدام تەکریتی ئەیەوێ وا خۆ نیشان دات کە رێبازێکی تازە دەگرێتە بەر، ئەویش هەوڵدانیەتی بۆ هەڵخەڵەتاندن و سەر لێشواندن لە کەسانی لاواز و بێ بیر و بڕوا، هەروەها ئەیەوێ ریزی نیشتمانپەروەرەکان تێکدات و نەهێڵێت لە یەکتری نزیک بێنەوە.

برایانی خۆشەویست: لیژنەی مەرکەزی حزبمان لەو راپۆرتانەی کە لە کۆتایی مانگی تەمووزی ئەمساڵە بڵاوی کردوتەوە، داوای نەمانی رژێمی دکتاتۆری بەغدا و دامەزراندنی بەرەیەکی دیموکراتی ئەکات بۆ ئەوەی خەبات بکات و تێبکۆشێت بۆ هێنانی رژێمێکی دیموکراتی بۆ عێراق و حوکمی زاتی راستەقینە بۆ گەلی کوردمان، رژێمێک بێت چارەی هەموو مشاکیلەکانی گەلی عێراق بکات، لایەنگری و پشتگیری بکات لە جوڵانەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی عەرەب و بە هەموو توانای دەستی یارمەتی درێژ کات بۆ خەباتی پیرۆز و سەختی گەلی فەلەستینی

قارەمان. رژێمێک بێت بە توندی بوەستێت دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، هەروەها پەیوەندی بەهێزکات لەگەڵ گشت هێزەکانی دیموکراتی و وڵاتانی سۆشیالیستی لە دونیادا ـ لە پێش هەموویانەوە یەکێتی سۆڤیەت.

برایانی بەڕێز: جولانەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردمان و شۆڕشە پیرۆزەکەی بە قۆناغێکی تازە تێئەپەڕێت. لەسەر هەموو نیشتمانپەروەر و حزبێکی دڵسۆز بۆ گەلەکەی پێویستە سوود وەرگرێت لەم هەموو تاقیکردنەوە تاڵانەی کە بەسەریا تێپەڕ بووە، دەرس و پەندی باشی لێوەربگرین.

حزبی شیوعیمان بێوچان خەبات دەکات و تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی هەموو حیزب و تاقم و هێزە نیشتمانی و دیموکراتیەکانی عێراق کۆکاتەوە لەسەر پرۆگرامێکی هاوبەش دژ بە رژێمی دکتاتۆری عێراق خۆ گەر ئەم بەرە بە زوو پێک نەهێنندرا ئامادەیە بۆ پەیداکردنی باشترین پەیوەندی خەباتکردن لەگەڵ حزبی ئێوە تا وەکو ئەو کاتەی بەرەی دیموکراتی و شۆرشگێری عێراقی پێک دێت.

لە کۆتاییدا داوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان ئەکەم هیوام وایە کە گشت بریارەکانی هاوبەشی کردنێکی گەلی کاریگەر و پر سوود بێ لە رێگای پتەوکردن و بەهێز کردنی خەباتی گەلی عێراق بە عەرەب و کورد و هەموو کەمە نەتەوایەتیەکان، دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرست و دژی رژێمی دکتاتۆری بەغدا.

هەردەم سەرکەوتنتان

لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەم نوێنەرانی حزب کە بەشداریان لە

کۆنگرەی چوارەمی پارت کردبوو گەیشتنەوە لامان.

لە دانیشتنی مەکتەبی هەرێم، هاوڕێ یوسف ڕیپۆرتاژێکی دوور و درێژی دەربارەی ڕووداوەکانی کۆنگرەکە پێشکەش کردین! داواشم لە هاوڕێ محمود کرد ئەویش ڕیپۆرتاژێکی تایبەتیم بۆ ئامادەکات . دوای سێ ڕۆژ ئامادەی کرد وا لێرەدا پوختەی ناوەڕۆکە بنەڕەتیەکانی هەردوو ڕیپۆرتاژ تۆمار دەکەم:

« بڕیار بوو لە ۱۱/۳ کۆنگرە ببەسترێ، بەڵام بەهۆی تێکچوون و گۆڕانی ئاوو هەوا بۆ ڕۆژی ۱۱/٤ وەخرێندرا.

لە کاتی دیاریکراو سەعات ۳.٥ دوای نیوەڕۆ لە هۆڵی قوتابخانەی گوندی « سولکی » لە ناوچەی تەرگەوەڕ، نوێنەری کۆنگرە و میوانەکان ئامادە بوون، ژمارەیان ۳۰۰ ئەندام بوون، زۆربەی کادرەکانی پارتی و عەسکەری سەردەمی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی ئامادە بوون تەنها دوو حزب میوانداری کرابوون، حشع، پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا « KUK ».

عەریفی کۆنگرە هاتە پێش میکرۆفۆن بەخێرهاتنی گەرمی میوانەکان و ئەندامانی کۆنگرەی کرد، ئەنجا کۆنگرەکە لەسەر گیانی مستەفا بارزانی و هەموو شەهیدەکانی کوردستان وەستا، دوای ئەمە هەموو بەیەک دەنگ سرودی « ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان »یان گوت. جا کاک مەسعود بارزانی ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی پێشکەش کرد، ۳٥ دەقیقەی خایاند، ڕاپۆرتەکە بریتی بوو لە چاو پێخشاندنەو و هەڵسەنگاندنێکی کورتی ڕێبازی سیاسی و ڕەفتاری پارتی لە دوای ڕێکەوتنی ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰ تاکو ڕێکەوتنەکەی شای پێشووی ئێران و سەدام حوسێن لە ۱۹۷٥/۳/٦ لە پایتەختی الجزائر

رەخنە کردنێکی کەمی تێدا بەدی کرا بووو، وەکو لە خۆبایی بوون، گوێ نەگرتن و گوێ نەدان بە ڕاو پێشنیاری هیچ دۆست و هێزەکانی نیشتمانی کە دڵسۆزانە دۆستی پارتی بوون، هەروەها بڵاوبوونەوەی ڕەفت و پیشەی گەلێ خراپ و ناڕەوا لە ریزی پارتی و شۆڕش..هتد.

ئەو هۆیانەو چەند هۆی‌تر بوونە هۆی تێکشکان و هەرەسهێنانی شۆڕشەکە، کارەساتی گەورە و نسکۆ هاتە سەر نەتەوەی کوردمان. کەم و کورتی تەنها لە بارزانی نەبوو دەورویەرەکەی رۆڵی سەرەکیان هەبوو لەوەی دووچاری پارتی و نەتەوەکەمان هات.... لە ڕاپۆرتەکە هێرش کرایە سەر ئیمپریالیزم و زایۆنیزم. هەروەها سەرۆکی پارت داوای دۆستایەتی و هاوکاری کرد لەگەڵ هەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتوخوازەکانی عێراق و کوردستانی و دەرەوە. دوا بە دوای ئەو هەڤاڵ قادر وتاری پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیای خوێندەوە.
وتارێکی ڕێکوپێکو پر مانا بوو، زۆر بە ڕاشکاوی پشتگیری حزبەکەیانی دەربڕی لە شۆڕش و گەلی کوردی کوردستانی ئێران، داوای لە حکومەتی کوردستانی ئێران کرد واز لە کوشت و بڕی کوردەکان بهێنێ و دان بە مافە ڕەواکانیان بنێت و گوتی پێویستە نەتەوەی کوردمان لە هەموو بەشەکانی، بە تەواوی لە کۆڕی خەبات و تێکۆشاندا پشت بەخۆ ببەستێ و دۆستایەتیش بەهێزکات لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیزم و هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی دونیا، بەم ڕێبازە سەرکەوتن وەدەست دێ. دوا بە دوای ئەو نۆرە هاتە سەر وتاری حشع هاوڕێ یوسف پێشکەشی کرد، « دەقی وتارەکە لە پێشەوە نووسراوە »

لاوێک بە ناوی شێرکۆ وتاری یەکێتی قوتابیانی خوێندەوە و گوتی « پێویستە وریابین بۆ ئەوەی جارێکی‌تر توشی کەموکورتیەکانی کۆغان

نەیهێنەوە ئەگینا دەبێ بە پەند و جێگای لەعنەت و تفی نەتەوەی کورد ».
ئەو بروسکانەی بە کۆنگرە گەیشتبوون خوێندرانەوە، بروسکەی جولانەوەی ئازادیخوازی فەلەستین فتح، حزبی تودەی ئێران، سازمانی کاری ئیسلامی لە عێراق « منظمة العمل الاسلامی » حزبی ئیشتراکی شیلی، حزبی میللی ئێران، حزبی ئیشتراکی ئەمسا، دکتۆر فیشەر سەرۆکی ئاتی پەرلەمان لە ئەمسا، حزبی کۆماری ئیسلامی ئێران، حزبی خەڵکی موسڵمانی ئێران ».

دوای ئەمانە نامەی ژنی عەقید عەبدورەحمان قازی خوێندرایەوە، داوای کردبوو، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو تاوانە گەورەیە بکرێ کە مێردەکەی تێدا شەهید کرا.

ئینجا دەست بەکارکردن کرا. پێشەکی لیژنەی سەرپەرشت کردنی کۆنگرە لە شەش نوێنەر هەڵبژاردرا، فەلەکەدین کاکەیی، فازل مفتی، دکتۆر مەجید، نەجمەدین یوسفی، رۆژ نوری شاوەیس، مەحمەد ساڵح جومعە... دوای ئەمە چوار لیژنەی‌تر هەڵبژێردرا، لیژنەی راپۆرتی سیاسی، لیژنەی پرۆگرامی حزب، لیژنەی پەیرەوی ناوخۆ، لیژنەی سکالاَ و لێپرسینەوە.

کاک مەسعود دووبارە گەڕایەوە پێش میکرۆفۆن و گوتی « ماوەم بدەن کەمێک بدوێم لەسەر چەند رووداوێکی گرنگ، گەلی کوردی ئێران دەستی داوەتە چەک داوای مافە رەواکانی دەکات، حدکا رەهبەر و نوێنەری راستەقینەی گەلی کوردی ئێرانە، ئێمە هەوڵی زۆرمان لەگەڵ سەرکردایەتی کۆماری ئیسلامی و دەفتەری ئیمام خومەینی‌دا ئەم شەڕە ناڕەوایە روو نەدات بە نامە داوامان لە یاسر عرفات کرد، هەوڵ و تەقەلا بدات بە رێگای وتووێژ و ئاشتیانە چارە سەری گیروگرفتی

کوردەکانی ئێران بکرێت. ئاگادارین بە هاندانی رژێمی بەعسی عێراق هێرشی ناڕەوا دەکرێتە سەرمان، خەریکی نانەوەی ئاژاوەو و دوو بەرەکینە لە نێوان ئێمە و حدکا ماوە نادەین رووداوەکەی « شنۆ » مەبەستی تاوانی محاوەلە کردنی دزینی تەرمی بارزانی بوو بەسانا تێپەڕ بێ. پارت بەرپرسیار نیە لەو ناکۆکیانەی هەیە لەگەڵ حدکا. بەردەوامین لە تەقەلادان و کۆشش کردن بۆ بەهێزکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵیاندا پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی تایبەت لە هاوڕێیانی حشع و حزبی دیموکراتی کوردستانی تورکیا پێکبهێندرێ بۆ چارەکردنی ناکۆکیەکانی نێوانماندا »

رۆژی ١١/٨ شوێنی کۆنگرە گوێزرایەوە بۆ تۆردوگای زیوە رۆژی ١١/٩ کۆنگرە بڕیاری دەرکردنی هێندی کەس لە ریزی پارت وەرگرت. دوا بە دوای تەواو بوونی هەموو ئیشو ئەرکەکانی کۆنگرە دەست بە هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی تازە کرا. پێشی بڕیار وەرگیرا کە لیژنەکە لە ٢١ ئەندام و ٩ پاڵێوراو پێک بێت.

تەرمە ترە و قسەکردنی لایەلا و ناکۆکی و دووبەرەکی بەدی دەکرا. سامی و ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی ناویان لە لیستەکەدا نەبوو وەکو « سامی، جەوهەر نامق، عارف تەیفور، ئازاد مەحمود خەفاف، کەریم سنجاری، کەماڵ کەرکوکی، محمد قادر، وریا ساعاتچی.

لەناو کۆنگرە تەقەلای زۆر لەگەڵ سامی و لایەنگرانی لە لیژنەی پێشوو درا، خۆیان پاڵێون لە لیستەی تازە. سامی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەبێ هەر ١٢ ئەندامەکەی پێشوی سەرکردایەتی کاتی هەڵبژێردرێنەوە. کاک مەسعود و ئیدریس و لایەنگرانیان لەگەڵ داواکەیاندا نەبوون.

ڕۆژی ۱۹۷۹/۱۱/۱۱ لیژنەی مەرکەزی تازە هەڵبژێردرا لەم ناوانە:

مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی، عەلی عەبدوڵلا، نوری شاوەیس، ڕۆژ نوری شاوەیس، د. محمد سالح جمعە، ئازاد بەرواری، ڕەشید عارف دۆسکی، مەلا محمد، محمد سعید دۆسکی، فەلەکەدین کاکەیی، فازل متنی، عریف حمید، د. جرجیس حەسەن، ڕەئیس عەبدوڵلا بەرواری، سعید بارزانی، هوشیار زێباری، نەجمەدین یوسفی، خوشید شێرە، ملازم یونس ڕۆژ بەیانی، محمد سندی.

پاڵێوراوەکان: فەرەنسۆ حەریری، سالح پێنداوی، حمید ئەفەندی ڕەواندوزی، عوسمان سندی، نادر هەورامی، دکتۆر کمال، حسین فەیلی، ڕەمزی شەعبان، ئازاد عبدالقادر.

لیژنەی مەرکەزی مەسعود بارزانی هەڵبژارد بە سەرۆکی پارتی و عەلی عەبدوڵلا بە سکرتێری گشتی.

لە کۆتایی کۆنگرە، مەسعود بارزانی هەست و سوپاسی خۆی دەربڕی بەرامبەر نوێنەرەکان و گوتی «ئێمە خۆمان بە بەشێک دەزانین لە جوڵانەوەی نیشتمانی عەرەبی و عێراقی، دۆستی ڕاستەقینەی جوڵانەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی و وڵاتەکانی سۆسیالیستیە»

ــ لێرەدا پێویست بە هەڵوێستێک دەکات! دوای کارەساتە ڕەش و شورەمەکەی دووچاری کوردستانی عێراق هات، لە ئەنجامی ڕێککەوتنەکەی سدام و شا، شۆڕشی ئەیلولی نەتەوەکەمان ۱۹۷۵/۳/۱۹-۱۹۶۱/۹/۱۱ کە بە فرەوانترین شۆڕشی جەماوەری دەژمێردرێ لە هەموو مێژووی خەباتی دوور و درێژی بێ پسانەوەی نەتەوەی کوردمان. ئەم ڕووداوە وەک هەر ڕووداوێکی مێژوی گرنگ

مێشکو گیانی هەزارەها نیشتمانپەروەری نەتەوەکەمان و کەسانی دیموکراسی هەژاند.

مرۆڤ گەلێ جار تووشی ئەو پرسیارە دەهات. ئایا شۆرشێک ئەم هەموو توانا و دەسەلاتەی هەبێت زۆربەی گەلی کورد لە دەوریا کۆببێتەوە چۆن وا بە سانا لەبن دێت؟ کتوپڕ وەکو بەفری مانگی ئابار لە دەشتەکانماندا بە ئاخی زەویدا چووە خوارێ.

ڕووداوەکانی ڕۆژانی دوای ١٩٧٥/٣/١٩ هەموو سەرنج ڕاکێشەر و جەرگ بڕ بوون. چ لە ڕووی ڕەفتار و کردەوە شۆڤێنیستە فاشیەکانی بەعسی عێراق، کە هەر یەکسەر دەستیان بە ڕاگوێزان و کاولکردنی لادێ و ناوچە جوانەکانی کوردستانیان کرد. چەند مەرسومی فاشیانەیان دەرهانی، بۆ چۆک پێدادان و سەر شۆڕکردنی تەواوی ئەوانەی گەڕانەوە ژێر باڵی ڕژێم و کوشتنی گیانی شۆڕشگێڕی لە ناو هەموو نەتەوەی کوردمان. بەعسیەکانی عێراق هەرچی مەبەست و ئارەزوویان با، بەگەرمی جێبەجێیان دەکرد، بەبێ ئەوەی گوێ بە هیچ پەیوەندیەکی بەرەیی یا مرۆڤایەتی بدەن، زیاتر بوون بە درندەی بێ وێنە دژ بە ئادەمیزاد، بە ژیان، بە سروشت، بە باغ و بێستان بە کشتوکاڵ و جەنگەڵ و کانی و کانیاو. هەڵوێست و ڕا و ڕەخنەی حزبمان و ئارەزاییەکانی لە سنووری پەیوەندی دیپلۆماسی ناسک دەرنەدەچوو. سەرجەم ڕێبازمان ڕێبازێکی چەوتی تەماوی بوو!

هەرکە لە شاخەکانی کوردستان ماوەم بۆ ڕەخسا، هەوڵمدا بە قوڵی بکەومە دوای بنج و بناوانی گەلێ لە ڕووداوەکان. بە تایبەت مەسەلەی تێکشکان و هەرەسهێنانی شۆرشی ئەیلول. هەر کە چاوم بە هێندێ لە برادەرانی سەرکردایەتی جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکەوت. گەلێ

شتی جۆر بە جۆرم لێ دەبیستن. خۆشم زۆر پرسیاری وردم دەکرد!

کە نوێنەراتی حزبیشمان لە کۆنگرەی ٩ گەڕانەوە، فرە شتیشم لەوان بیست کە ئەوانیش لە ناو کۆنگرە گوێ بیست بوون. لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا گەیشتمە سەر هێندێ ڕاو تێبینی تایبەت وا لێرەدا دەیان خەمە پێش خوێنەرواری بەڕێز هیوادارم سوود بەخش بێت بە جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان:

١- ئەو رەخنە گرتنانەی لە راپۆرتی سیاسیدا، کاک مەسعود بارزانی پێشکەشی کرد، رەخنە گرتنی گشتی بوون، دەبێت لەسەر هەڵە زلەکانی پارتی دانەنرابوو، بەتایبەت هەڵوێستیان بەرامبەر بە جەماوەر و هێزە سیاسیەکانی تری کوردستان.

٢- راپۆرتەکە گەلێ بە ڕشکاوی بەرگری باشی لە زۆربەی کردەوە و هەنگاوەکانی پارتی دەکات، لە ژێر ئامۆژگاری و رەهبەرایەتی خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی کە راستیەکەشی بەم شێوەیە نەبووە.

٣- بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بۆ ئەوە نەکرا کە بەستنەوەی جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و شۆرشی ئەیلول بە دوژمنانی سەرەکی نەتەوەکەمان، بەم شێوەیەی بەسترا بوو رێبازێکی چەوت و ناڕەوا بوو لە ئەنجامدا گەلی کوردمان تووشی گەورەترین کارەساتی خوێناوی و کاولکاری هات.

٤- رێبازێکی ڕاست و ڕەوا نەبوو کە پارتی و شۆرشی ئەیلول خسترایە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو و خێڵی بارزانیەکان بە تایبەت لە رووی کاری پارتیزانی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی عێراق.

٥- لە راپۆرت و ئەو وتارانەی خوێندرانەوە هێرش و تاوانباری

کردنی یەکجار کەم کرابووە سەر رژێمی بەعسی عێراق. کە نەتەوەی کوردمان لەسەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنیەوە کارەساتی وەهای بەخۆیەوە نەدیوە، وەک رژێمی بەعسی عێراق هانیە سەر کوردستان.

٦- لە راپۆرتەکەدا بە جۆرێکی رەخنەگرانەی قوڵ باسی ئەو بڕیارە سامناکە نەکرابوو کە خوالێخۆشبوو بارزانی لە رۆژی ١٩٧٥/٣/١٩دا وەریگرتوو بەمەش کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول هێنا.

بە پێی بۆچوون و هەڵسەنگاندنێکی مەوزوعیانە گەر خوالێخۆشبوو لە دوای رێککەوتننەکەی جەزائیر و دوای کۆبوونەوەی کە لە رۆژی ١٩٧٥/٣/١١ لەگەڵ شای ئێرانی کرد، بە بەیاننامەیەکی سیاسی دوور و درێژ وازی بهێنایە لە سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش و ماوەی بۆ م.س و کۆمیتەی مەرکەزی پارت جێ هێشتبا. ئیحتیمالی ئەوە هەبوو کە رەوت و کاروانی پارتی و شۆڕشی ئەیلول شێوەیەکی تری وەریگرتبا ئەم هەڵوێستەش لە مێژووی خەباتی پیرۆزی دوور و درێژی نەتەوەی کوردمان دەبوو بە ئەزموونێکی یەکجار بە نرخ. لە هەمان کات شوێن و پایەی خوالێخۆشبوو بارزانی گەلێ بەرزتر و پڕ شانازیتر دەبوو لەوەی جێ هێشت.

گومان لەوەدا نیە کە کاتی خۆی راپۆرتی سیاسی م.س پارت د سەرکردایەتی کاتی ، کە پێشکەش بە کۆنگرەکە کرا. گەلێ بە فرەوانی و بە زمانی کوردی و عەرەبی و چەند زمانیتر بڵاوکرایەوە، بەڵام بە پێی بۆچوونم بڵاوکردنەوەی لە بەرگی یەکی کتێبیەکە، وەکو بەڵگە نامەیەکی گرنگ، بە تایبەت لە دوای تێک شکانی شۆڕشی ئەیلولی ٦١ یەکەم بەڵگەنامەی رەسمیە پارت بڵاوی دەکاتەوە. سوودی باش دەگەیەنێ بە رەوشەنبیران و تێکۆشەرە دڵسۆزەکانی نەتەوەی کوردمان.

** زاندرا کە لە رۆژی ۱۱/۲ وەفدێکی حکومەتی ئێران گەیشتە مەهاباد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ نوێنەرانی حدکا و هێزە کوردستانیەکانی‌تر. وەفدەکە بریتی بوون لە:

هاشمی سەباغیان	وەزیری ناوخۆ
عیزەتوڵلا سەحابی	وەزیری ئابووری
داریوش فرو هەر	وەزیری دەوڵەت
شکیبایی	ئوستانداری سنە (المحافظ)

لەوکاتەی وەفدەکە لە ناوچەکە دەژیان شەڕێکی قورس لەسەر ڕێگای بانە سەردەشت نێوان پێشمەرگەکانی حدکا و پاسدار و ئەرتەش روویدا لە ئەنجامدا ئەفسەرێکی عەقیدی ئێرانی و ۱۲ سەرباز کوژران و ۵۳ بەدیل گیران.

لە رۆژی ۱۱/۳ کۆبونەوەیک لە نێوان وەفدەکەی کاربەدەستانی ئێرانی و غەنی بلوریان و کەریمی حیسامی کرا. حدکا رای گەیاند کە ئەم دانیشتنە رەسمی نەبوە. دەفتەری سیاسی حدکا لەم رۆژانە راگەیاندنێکی بلاوکردەوە ئەمەش دەقەکەیەتی:

راگەیاندنی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان

ئێستاکە بە بۆنەی بەرهەڵست و فیداکاری پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات بارمەتی راستەقینەی خەڵکی زۆر لێکراوی کوردستان و تێکۆشانی هێندێ لە سازمانە سیاسیەکان و شەخسیاتە نیشتمانپەروەرەکان، لە نێو دەوڵەت و چ لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتیدا نیشانەیەک لە زاڵ بوونی عەقلی سەلیم بەسەر لابەنگری لە شەڕی

براکوژی دەبیتدریٚ و دەوڵەتی مەرکەزی چوارکەسی لە ئەندامانی کابینە بۆ بێگەیشتنی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کوردستان دیاری کردوون. حدکا بە پێویستی دەزانی چەند خاڵێکی گرنگ بۆ خەڵکی بەشەرەفی ئێران روون کاتەوە:

١- هەروەها کە زۆر جار بەیانکراوە کە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەرتەش شەڕ ناکا، جارێکی تر بە برا ئەرتەشییەکان رادەگەیەنێ ئەگەر هێزەکانی چەکدار لەنێوان پادگانەکاندا بمێننەوە و لە هاتنە دەر یا لە پادگانەکاندا بۆ شەڕو لە هاتۆ چوونی نیزامی بەشداری نەکەن، هەموو چەشنە کارێکی چەکداری دژی ئەوان رادەوەستێ، ئەم بڕیارە سەبارەت بەو پادگانە کە پاسداری تێدا دامەزراوە بەکار ناهێندرێ.

٢- پاک کردنەوەی کوردستان لە پاسداران، تا زەمانێک ئەو پاسدارانە لە کوردستاندا نەمێنن ، هەروا بێ ورچان درێژەی دەبێ.

٣- حزبی دیموکراتی کوردستان هەروەها کە لە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلە لە ڕێگای سیاسییەوە کە لە لایەن دەوڵەتەوە نیشان دراوە ئیستقبالی دەکا، هەروەهاش بە روونی رادەگەیەنێ:

أ- هەروەکو لە نامەی سەر ئەوولەی کۆمیتەی ناوەندی ١٣٥٨/٧/٣. دا هاتووە بۆ جارێکی تر دووپات دەکرێتەوە کە وتوویژ نەکردنی نوێنەرانی حدکا کە زۆربەی خەڵکی کوردستان پشتیوانیەتی، هیچ چەشنە یارمەتییەک بە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد ناکا.

ب- دەست پێکردنی هەر چەشنە وتویژ و پێک هاتنێک بەبێ بەشداری نوێنەرانی ئێمە بە ناوی لای ئەسلی وتویژەکان هیچ

ئیعتیبارێکی نیه و بەکارهێنانی مەبەستی ئەو پێکهاتنە لە لای ئێمەوە قەت لەبەر چاو ناگیرێ.

دەفتەری سیاسی
حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
١٩٧٩/١٠/٣١-١٣٥٨/٨/٩

جارێکی‌تر لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان

وەک لە پێشەوە نووسیومە لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٠/٢٩ لە نێوان حشع و ینک، بریار وەرگیرا یاداشتێکی هاوبەش پێشکەش بە برادەرانی سەرکردایەتی حسیک بکرێت وا لێرەدا دەقەکەی بلاودەکەینەوە:

بەرێز / مەکتەبی سیاسی
حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان
سلاو رێز

بە نیگەرانییەکی زۆرەوە سەرنجی ئەو جمووجوڵە و هەنگاوانەتان دەدەین کە بەو ناوەوە دەبینین گوایە گفتوگۆ لەگەڵ رژێمی دیکتاتۆری شۆڤێنی‌دا دەکەن ئەو رژێمەی کە ئێوەش بە فاشیزم و دوژمنی گەلی عێراق‌دا دەنا... داوای ئەوەتان دەکرد بروخێندرێ و رژێمێکی دیموکراتی جێگای بگرێتەوە. ئێمە لە کاتێکدا دان بەوە دەنێین کە دەبێ هەر حزبێک سەربەخۆی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و رێکخستنی هەبێ، هەروا لەو باوەڕەشداین کە ئەو پێوەندییەی لە نێوان هەمووماندا کرا هەموو لایەکی

بەستۆتەوە و دووپاتی کردەوە کە ئێمە سوورین لەسەر وەدەست هێنانی ئامانجی هاوبەشمان « دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی راستەقینەی نەشێوێندرا و بۆ گەلی کورد » کە لە لایەکەوە تێکۆشانی هاوبەشمان دەردەخا لە پێناوی رزگارکردنی گەلی عێراق لەو دیکتاتۆریە خوێناوییەی هەیە، لە لایکی ترەوە ئەو پەیوەندیە نە پساوەی پیشان دەدا کە لە نێوان جێبەجێ کردنی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستاندا هەیە. هەروەها لەبەردەم یەکتریدا بەڵێنماندا کە هیچ لایەنێک بە تەنیا دانیشتن یا گفتوگۆ نەکات. ئەم کارە تەنیا لە رێگەی بەرەیەکی یەکگرتوو بە پێی مەرجە هاوبەشیەکانی هێزە سیاسیە نیشتمانپەروەرەکانی دژ بە رژێمی بەغداوە ئەنجام بدرێ. ئەو دیدەنی و لێدوانانەی لە نێوان هەموو لایەنەکاندا دەکرا بەو ئامانجە بوو بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتی لە عێراقدا پێک بێ کە ئەرکی یەکخستنی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی گەل و بە عێراق کردنی شۆرش بگرێتە ئەستۆ و سەرکردایەتی تێکۆشانی بکات لە پێناوی کۆتایی هێنان بە رژێمی دکتاتۆری و رزگارکردنی گەل لە فاشیزم و دامەزراندنی حوکمێکی ئیئتیلافی پێشکەوتنخواز کە بتوانێ مافی سەربەستی و دیموکراتییەکان بۆ تەواوی گەلی عێراق بەرخسێنێ و ئۆتۆنۆمی راستەقینەش بۆ کوردستان بهێنێتە دی.

بەڵام بەرایان زۆر بەداخەوە کە سەرە رای ئاگادار کردنەوە و رەخنەگرتنمان کەچی دەبینین و دەبیستین و سەرنج دەدەین کە ئێوە بە تەنیا بەو رێبازە چەوت و زیان بەخشەتاندا رێبازی دانیشتن و پەیوەندی کردنی یەکلایی بە رژێمی فاشستەوە دەرۆن. لەمەش خراپتر دەستتان داوەتە شالاوی گومرا کردن و رازی کردن لەگەڵ کەسانی دڵسۆزدا، کە بە

تاقیکردنەوە و هەستی شۆرشگێرانەیان راستی و تەقەلای پیلانگێڕانە و درۆ و دەلەسەی تاقمەکەی سەدام تکریتی‌یان دەرک پێکردووە. هەروەها پەیوەندی بە کەسان و دۆستی ئەوتۆ دەکەن کە بە هیچ جۆرێک سەر بە ئێوە نین بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێبکەن خۆیان بسوتێنن وەک چۆن ئێوە دەتانەوێ بەبەر پێ دیکتاتۆریەتی تکریتی دژ بە گەل و بەرژەوەندییەکانیدا خۆتان بسوتێنن. ئێوە بەهانەی پەیوەندی کردنتان بە رژێمی فاشیستەوە ئەوەیە کە گەلێک لە پێشمەرگەکان خۆیان تەسلیم حکومەت دەکەنەوە و سەدام « کە تاکە پرسیاری بەکەمە » دەیەوێ سیاسەتێکی نوێ بگرێتە بەر و ینک تەنگی پێ هەڵچنیوە. چونکە ئێوە رازی نین مل کەچی دەسەلاتی ینک بن.

ئەمانە بیرو بیانووەکانتان بوون، کاتێ د.محمود لای سدام گەڕایەوە و چاوتان بە نوێنەری حشع کەوت هەروەها وەک لە نامەی هەندێ لە سەرکردەکانتاندا هاتووە کە بۆ کەسانێ ناردراوە دەتانەوێ کە بۆ لای دەسەلاتی دیکتاتۆری مل دەنێ و حکومەت ئامادەیە لە چوار چێوەی کۆماری عێراق هەموو شتێک بۆ گەلی کورد بکات. بە هاوکاری لەگەڵ هەموو مرۆڤێکی دڵسۆز و خۆ نەفرۆشدا، بە تایبەت لەگەڵ حزبی ئێوەدا و « سەرۆک کۆمار سەدام حوسێن قسەکانی زۆر بەجێ بوون! ».

لێرەدا دەمانەوێ باسی بەهانەکانتان بکەین کە دەتانەوێ بە هۆیانەوە، پاکانە بۆ سیاسەتی خۆ بەدەستەوەدانتان بکەن:

١- مێژووی گەلی کورد و شۆرشەکەی نموونەی گەورەتر و رووداوی‌تری بەخۆیەوە دیوە، کە پێشمەرگەی زیاتر خۆیان تەسلیمی حکومەتی عێراق کردۆتەوە. هەروەها زیاتر لە پێش ساڵێک شۆرش بە سەدان پێشمەرگەی لە دەست چوو کاتی شەهید عەلی عەسکەری لە

نێوان سنووری عێراق و تورکیادا سەرکردایەتی دەکردن کە بەشێکیان کوژران و بەشێکیان گیران یا ناچار بوون خۆیان تەسلیمی حکومەتی عێراق بکەنەوە یان وون بوون، کەچی ئەم ڕووداوە لە تێکۆشەرانی کەم نەکردەوە و شۆڕش هەر بەردەوام بوو تێکۆشەرانیش وورە و توانای لە بن نەهاتوویان زیادی کرد. ئەمە لە کاتێکدا وەک سەرنج دەدەین بە تێکڕا ژمارەی پێشمەرگەکان لە زیاد بووندایە بە تایبەتی هێزی پارتیزانەکان باشتر دەبێ سەرەڕای ئەوەی بەسەدان تێکۆشەری حشع و چەندان تێکۆشەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی « ڕەسەن » بەشداری تێکۆشانی چەکداری دەکەن.

خۆ تەسلیم کردنەوەی ژمارەیەک پێشمەرگەی ماندوو و نا هوشیار و هەڵخەڵەتاو دیاردەیەکە هەیە و شتێکی ئاسایشە کە بەردەوام لە شۆڕشی کوردستانی عێراقدا هەبووە. بەڵام تەنانەت لە بارو دۆخە سەختەکانیشدا سەرەنجامەکەی ئەوە بووە کە ژمارە و چۆنایەتی پێشمەرگە نەبەزەکان، ئەوانەی سوورن لەسەر تێکۆشانی چەکداری باشتر و پوختەتر بووە.

٢-ئەو پروپاگاندەی دەیکەن کە گوایە یەک تەنگی پێ هەڵچنیون، ئەوە پاکانە بۆ ئەم ڕێبازەتان ناکا، ئایا هیچ ڕێ و شوێنێکی‌تر نیە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان؟ ئەوە نەبێ دەست لە بەرگری کردن هەڵگرن و خۆتان تەسلیم بکەنەوە!. هەروەها ئێوە پروپاگاندە دەکەن « رازی نابن مل کەچی دەسەلاتی تاکڕەوی مام جەلال بن » گریمان ئەم دیعایەتان ڕاستە بەڵام ئایا لە جیاتی ئەوە دەبێ لەبەردەم چەپەڵترین دیکتاتۆری خوێناوی‌دا کە مێژووی گەلی عێراق بە عەرەب و کورد و کەمە نەتەوەییەکانەوە بە خۆیەوە نەیدوە، چۆک دابدەن و باوەڕ بە قسەکانی سەدام تکریتی بکەن کە هاوبەشی ئەو سیاسەتە شۆڤێنی‌یە گەورەیە کە

دژ بە گەلی کورد پەیرەو دەکری. « ئەگەر لە زۆر کاتدا بەرپرسیاری یەکەم نەبی » و خاوەنی پلانی ڕاگواستنی کوردەکانی ناوچەکانی سنوور و سەرکردەی شالاوی بەعەرەبکردن و ئاوارەکردنی بە کۆمەڵ جەماوەری کوردە.

٣- بەلاّم سەبارەت بەو لاف و گەزافەی لێی دەدەن کە گوایە سەدام سیاسەتێکی نوێ دەگرێتە بەر، ئێمە لەوباوەڕەداین هەموو هاوولاّتیەکی عیراق کە سادەترین پلەی وشیاری هەبێ باش دەزانێ کە سەدام لە ١٩٦٨ بە دوواوە چ دەورێکی گەورەی هەیە لە نەخشە کێشان و جێبەجێ کردنی سیاسەتی حکومەتدا و تا چ رادەیەک بەرپرسیارە. باشە بۆچی سەدام چاوەڕێیە ئێوە بگەڕێنەوە و خۆتان تەسلیم بکەنەوە، ئەوسا دەست بە جێبەجێ کردنی سیاسەتە « نوێ »یەکەی بکات؟.

ئەو سیاسەتە نوێیە تەنیا بریتی‌یە لە پەردەیێکی نوێی دیماگۆگی ڕازاندنەوە و ئارایشت کردنی سیاسەتە کۆنەکەی، سیاسەتی داپلۆسین و دیکتاتۆری لە سەرانسەری عیراق و سیاسەتی دوژمنایەتی کردنی نەتەوەی کورد و بە عەرەبکردنی کوردستان و بە بەعسی کردنی و ڕاگواستن و دەربەدەرکردنی دانیشتوانی، بەلاّم دەشێ باری نوێ کۆمەڵایەتیکی نوێ و ڕووپۆشێکی نوێ لە باری ئێستادا بسەپێنێ، باری تەنگ و چەڵەمەی سەختی ڕژێمی دیکتاتۆری بەباری لە گرێژە نەچوونی ناوخۆی ئەو ڕژێمە دوورە پەرێزی کوشندەی لە میللەت و سەرەتای ڕاپەڕینی شۆرشگێرانەی نوێ گەلانی عیراق و باری ناوزڕان و دارمانی ناوبانگ و شوێن و پلەی جیهانی عەرەبی میری و هەروەها لە بارێکدا کە هەموو ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان هاوپەیمانیان لەگەڵدا کردووە، ڕاستی ئەو سیاسەتە میکاڤیلیانە و دیماگۆگیانە و داپلۆسێنەر و ڕەوشت

نزمیانەیان بۆ دەرکەوتووە . کە تاقمی تکریتی بە فەرمانەکە گرتویەتیە بەر. بەلاْم سەبارەت بەو لاف و گەزاقەی لێی دەدەن کە گوایە میری « کە تا دوێنێ لەگەڵ ئێمەدا بە فاشیزم و دوژمنی نەتەوەی کوردتان ناو دەبرد، هەموو داخوازییەکانی گەلی کورد جێبەجێ دەکات، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە و نیشانەی دەرک نەکردنە بە چۆنایەتی نلوەڕۆکی رژێم و خۆگێل کردنە لە شۆڤێنیەت و دوژمنایەتی نەتەوەی کورد، تاقیکردنەوەی زۆر و زەبەندی میللەتی کورد لەگەڵ تاقمی تکریتیەکاندا، دەریدەخات کە بە هیچ جۆرێک داخوازی و مافە نەتەوەیی و دیموکراتییە گرنگەکانی میللەتی کورد جێبەجێ ناکەن، چونکە ئەو رژێمەی بە « درۆ و سەختە » بەناوی عەرەبەوە حوکم دەکات و وای نیشان دەدا کە نوێنەرانی ئەوانە، کەچی ئەوانی لە بچووکترین مافی دیموکراتی خۆی بێ بەش کردووە، لەوانە مافی ئۆتۆنۆمی کە چارەسەرکردنێکی دیموکراتیانەی مەسەلەی کوردە، هەروا چوون ئەو پەیوەندییە بەهێز و نە پساوەتان پشت گوێ خست کەلە نێوان دیموکراتی بۆعێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستاندا هەیە، بە تایبەت کە تاقیکردنەوەی گەلی کورد هەمیشە سەلمانەدوویەتی کە ئەم پشت گوێ خستنە گۆشەگیری نەتەوەی و سازشکاری سامناک و بێ سودی لە دوایە.

برایانی بەرێز:

ئێمە لەو بۆچوونەوە کە بەرژەوەندی گشتی نیشتمانی دەخوازێ و بە تەنگ تێکۆشانی گەلی کورد و دوا رۆژی قوربانیەکانەوەین بە تەنگ تێکۆشانی تەواوی گەلی عێراقەوەین و بەرژەوەندی ئێوەش لەبەر چاو دەگرین، ئەوا داواتان لێ دەکەین کە هەنگاوە زیانبەخش و چەوتەکانتان و رێبازی خۆ بەدەستەوەدانتان هەڵسەنگێنین و چاو بە هەڵوێستەکانتاندا

بگیرنەوە و بهێننەوە یادتان کە ئێوە لەو زیانەی کە بە تێکۆشانی گەلی عێراق بە عەرەب و کورد و کەمە نەتەوەییەکان دەگەیەنن، بەرپرسیاری مێژوویتان دەکەوێتە ئەستۆ. داواتان لێ دەکەین کە شێوەی پەیوەندی یەکلای بە دەسەلاتی دیکتاتۆری خوێناوییەوە، ئەو دەسەلاتەی کە گەلەکەمان بۆ ڕووخاندنی و رزگار کردنی نیشتمانمان لە ژێر چەپۆکیدا تێدەکۆشین، تاوانباری کەن و لێی دوور کەونەوە و بگەڕێنەوە بۆ ریزی ئەو تێکۆشەرانەی سوورن لەسەر تێکۆشانی شۆرشگێڕانەی چەکداری و سیاسی و ئابووری و فیکری دژی دیکتاتۆری فەرمانڕەوا و دەیهێنینەوە یادتان کە ناکۆکی و گیرو گرفتەکان چەند گەورە و سامناک بن ناگەنە رادەی خۆ تەسلیم کردنەوە و چۆکدادان بۆ رژێمێکی خوێناوی و شۆڤێنی و بەهیچ جۆرێک پاکانە بۆ ئەم کارە ناکەن. بە تایبەتی کە گەلەکەمان ژەهراوی درۆ و دەلەسەی ئەم رژێمەی زۆر چێشتووە و بابەس بێ و دوای ئەوە دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە ئامادەین وتوویژی برایانە و دروستتان لەگەڵدا بکەین بۆ باسکردنی ئەو ناکۆکی و گیروگرفتانەی کەلە ئارا دان.

لەگەڵ سلاوی گەرمماندا

حزبی شیوعی عێراق | یەکێتی نیشتمانی کوردستان

١٩٧٩/١١/١

ـ سەرکردایەتی حسیک بەم نامەیە وەرامیان دایەوە.

بۆ/ هاوڕێیانی حزبی شیوعی تێکۆشەر

سلاوێکی شۆڕشگێرانە

هیوادارین صحەتتان باش بێت، سلاومان هەیە بۆ هەموو هاوڕێیان، نوسراوەکەتان « هی ئێوە و ێنک » گەیشت، ئێمە بەزووترین کات وەرامتان ئەدەینەوە پاش کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی حزبی ئێمەش پێش هاتنی ئەو نووسراوەیە، بەتەما بووین نوسراوێکتان بۆ بنووسین.

ئیتر بۆ پێشەوە

هەڤاڵتان: د. مەحمود
١٩٧٩/١١/٣

ـ هەردوا بە دوای ئەوەی یادداشتەکە پێشکەش بە برادەرانی حسیک کرا، بەبێ ئەوەی بزانی کێ مسوەدەکەی نوسیوە، کەوتنە هێرش هانینی توند و ناڕەوا بۆسەرم گوایە من « مسوەدەکەم نوسیوە » بۆیەکا وا توند و تیژ دژیان نووسراوە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆستایەتی و برادەرایەتییەی لە منداڵیەوە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی هەمە.

بۆ مێژوو ئەک بۆ پاکانە کردن دەڵێم خۆشیەختیشە چەندان شایەت لە ژیان ماون، هاوڕێیەکی‌تر مسوەدەکەی نووسی و لە کۆبوونەوەی دوو قۆلی بە دەنگی گشتی بڕیاری لەسەر وەرگیرا.

لەوڵاتی ئێمە و زۆربەی وڵاتانی سێیەم، مانای ژیانی دیموکراسی نازانین و نە بۆتە پیشە جیاوازی بیرو ڕا و هەڵوێست بە گیانی برایانە و سیاسیانە و بە بیرکردنەوەی قوڵ و پشووی درێژ و هێژانە، چارەی ناکۆکی نێوان بکرێت، بە پێچەوانە زۆر جار شێوەی گەلێ ناڕەواو دژایەتی وەردەگرێ هەتا دەگاتە کێشەی سەخت و یەکتر بڕانەوە. ئەمەش هۆیەکە لەو هۆیانە کە چەندان جار هەلی بەنرخ و لەباریان لە کیس داوە و نەتەوەی کوردمانی تووشی نسکۆ و خەسارەتی گەورە کردووە.

ــ وەرامی برادەرانی م.س حسیک/مان بەدەست گەیشت ئەمە دەقەکەیەتی:

١٩٧٩/١١/٧

الى/ الرفاق الحزب الشوعي العراقي المحترم

تحية و احتراماً

استلمنا المذكرة التي بعثتموها لنا و المكتوبة بتاريخ ١٩٧٩/١١/١ و بعد دراستها بدقة من قبل اللجنة القيادية لحزبنا قررنا ان نؤجل الرد على الاتحاد الوطني الكردستاني في الوقت الحاضر و ذلك ضماناً لعدم الدخول في مهاترات متقابلة معه لا يخدم الوضع الذي نعيشة و الذي تعقد الصعيدين السياسي و العسكري بسبب التصعيد المتعمد الذي يسعى الاتحاد من اجله و الذي لايخدمهم ولا الوضع الحالي المشحون بالسلبيات.

ولكن اللجنة القيادية قررت ان نكتب لكم النقاط التالية حول المذكرة، آملين ان تلقى وجهات نظرنا هذه تجاوباً من قبل حزبكم يؤدي الى اتخاذ خطوات تهدف الى حل المشاكل القائمة بين كل الاطراف و تقوية الثورة و الحركة الوطنية العراقية:

١- ان ما ورد في المذكرة من نقاط كان يتضمن الكثير من المغالطات و التعليمات البعيدة عن الوقعية و الموضوعية الامر الذي يدل على ان المذكرة كتب بشكل غير ودي ولا يخدم الوضع، بل يعتبر بداية للمهاترات و المزايدات و رشق الاتهامات يعرف من كتب المذكرة بانها غير صحيحة كما وان طبع المذكرة بالمئات بالرونيو و التي لدينا نسخ منها يؤكد انه اريد للمذكرة ان تكون بداية لحملة اعلامية لا نريد نحن الخوض فيها. كما ان محتويات المذكرة تختلف كثيراً عن فحوى احاديثكم مع ممثلنا بعد بداء الحوار بيننا و بين السلطة في الاونة الاخيرة و نحن في الوقت الذي ناسف للاسلوب الذي كتبت به المذكرة و لما ورد فيها من تقيم لا موضوعي لمواقف حزبنا و لا نتعجب من ان تكتب مذكرة كهذه من قبل الاتحاد الذي تعضل اسلوب المهاترات و المزايدات تجاه الاخرين، لكننا تأثرنا من ان يكون حزبكم الذي اكدتم دوماً على موقفه الموضوعي و غير المتحيز طرفاً في مذكرة كهذه خاصة و ان العلاقات بين حزبنا كانت دوماً جيدة ولم تعم رفاقنا في يوم من الايام بحملة اعلامية ضد جزبكم حتى في الوقت الذي كنتم فيه عضواً في الجبهة مع السلطة، بل على العكس كان رفاقنا دوماً يردون على الدعايات غير الصحيحة التي كان يطلقها ضدكم الاخوان المسؤلون حالياً عن الاتحاد الوطني.

كما و ان حزبنا كان اول من بادر الى التجاوب مع المشروع الذي طرحه حزبكم لاقامة الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية و ابدى استعداده للحوار معكم و مع الاحزاب الاخرى حوله.

٢- نعتقد ان الحزب الشيوعي بحكم مبادئه يجب ان يتعامل مع الحقائق المادية و الموضوعية و يتخذ موقفاً من اى طرف بعد تحري كل الحقائق و الوقائع و استناداً الى هذه الحقيقة نرى من الضرورى ان نلتقي

معكم في اسرع وقت ممكن و ندعوكم الى ان يكون اللقاء هنا في مقرنا او في مقر كاك حاجي الموجود في « شيني » يرجى تحديد موعد اللقاء و اعلامنا.

اننا نعتقد ان الحوار بيننا يؤدي الى توضيح الكثير من الحقائق و يخدم الثورة و الحركة الوطنية العراقية و الكردستانية و يمهد الجو للمزيد من الحوار مع الاطراف الاخرى المتواجدة\داخل الثورة و تذليل الصعوبات القائمة و حل المشاكل بما يخدم وحدة القوى الوطنية العراقية و الكردستانية و يقوي نضالها من اجل الديمقراطية للعراق و الحكم الذاتي لكردستان ضمن الجمهورية العراقية.

في الختام تقبلوا فائق الشكر و الاحترام

الكمتب السياسي
للحزب الاشتراكي الكردستاني الموحد

...ەرکردایەتی حسیک لە رەددانەوەکەیدا خۆی بە دوور خستۆتەوە لە باسکردنی ناوەرۆکی یاداشتەکە و مەسەلەی گفتوگۆکردنیان لەگەڵ رژێمی عێراق

یەکسەر هاتونەتە سەر هەڵوێستی حشع و نووسینی یاداشتەکە. راستتر ئەوە بوو مناقشەی نزیک بوونەوەیان لەگەڵ میری و جموجولەکانی ئەم دووایانەیان بکردبا نەک بەم شێوەیە نووسیویانە.

● لە رۆژی ١١/٤ مام جەلال ئەم نامەی بۆ ناردین.

الرفاق الاعزاء في قيادة اقليم كردستان
للحزب الشيوعي العراقي

تحية ثورية حارة

اتمنى لكم الموفقية و الصحة الجيدة
ارسل لكم نص الرسالة المرسلة الى حول محاولات العدو الارهابية للعلم و للاطلاع مع الرجاء باعادة الرسالة بعد قراءتها.

ودمتم موفقية

اخوكم مام جلال
١١/٤

دەقی ئەو نامەش لەگەڵ نامە تایبەتیەکەی ناردی.

هەڤاڵی تێکۆشەری بەڕێز مام جەلال

سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

هیوا و ئاواتم خۆشی و شادیتانە،

احمد فقێ بێورەیی خوارو ئەمڕۆ ئەم خەبەرەی هێناوە و ئەڵێ دوێنێ لە قەڵادزێ بووم خەبەری مرۆڤەکەم لە دۆستانی خۆمەوە

پێگەیشتووە کە حکومەتی عێراق نیازی پیلانێکی گەورەی هەیە لەگەڵ جەنابتان و پارەیەکی زۆری بۆ ئەو مەبەستە صرف کردووە، قسەو باسیش زۆرە کە جێبەجێ کردنی ئەو پیلانەش خراوەتە ئەستۆی جەماعەتی رسوڵ مامندەوە گوایە بە شێوەی مەلغوم یان بۆمبی توقیت یا بەهەر شێوەیەکی‌تری ئەوجۆرە. جا ئەوە نامەی ناوبراویشتان بۆ ئەنێرم بۆ ئاگاداری.

هەربژی بە خۆشی.

براتان: محسن
١٩٧٩/١٠/٢٩

ـ لەم سەردەمەدا چەکی پروپاگاندە چەکێکی کاریگەرە لەو چەکانەی زۆر بەکاردێت رژێمی بەغدا وەکو هەر رژێمێکی دیکتاتۆری ستەمکار بایەخی سەرەکی بەم بەشە داوە، پارە و پولی زۆری بۆ تەرخان کردووە، بەردەوام پروپاگاندەی ناڕەوا و ژەهراوی بڵاو دەکاتەوە، تەقەلای هەمە جۆر دەدات ئاژاوە و دوو بەرەکی و ناکۆکی و بێ برواییی لە نێوان هەموو هێزەکاندا بڵاو دەکاتەوە، جەماوەرو هێزەکانی سیاسیش تووشی ئازاردان دەکات.

ئەرکێکی گرنگی مێژوویییە لەسەر هەموو لایەنێکی دڵسۆز، ئەم پروپاگاندانەی رد کاتەوە، پەروا بکرێن، درۆکان ناوەژوو بکرێنەوە.

ـ سەعات ٧ی ئێوارەی ١١/٥ ئەم نامەیەمان پێ گەیشت:

مساء ١١/٥

رفاقنا الاعزاء في اقليم كردستان
للحزب الشيوعي العراقي

تحية ثورية حارة

اتمنى لكم الصحة و الموفقية..

وصل اليوم قادما من سردشت رفيقنا محسن و ابلغنا بان « داريوش فروهر » يريد اللقاء بنا « انا و كذلك شيخ عزالدين » .
و قرر م.س ارسالي غدا، ارجوعلمكم و تزويدي بما ترونه ضروريا من الاراء و الارشادات اذا كان هناك اشياء مستجدة\، عدا التي بحثناها معا في اللقاء الاخير..

و دمتم للنضال

اخوكم المخلص : مام جلال

ئێمه له مه‌كته‌بی هه‌ریم به نامه‌یكی كورت وه‌رامان بۆ نوسیه‌وه، كه رووداوی تازه نیه شایانی نووسین بێ، سوور بوون له‌سه‌ر ته‌قه‌لادانی بێ ووچان، بۆ دۆزینه‌وه‌ی چاره‌یه‌ک بۆ گیروگرفتی كورده‌كانی ئێران، به رێگای وتوویژ و ئاشتیخوازانه، جیگای ره‌زامه‌ندی و ریزگرتن و سوپاسه .
- باری سیاسی و كۆمه‌لایه‌تی ئێران رووی له تێكچوون و گۆرانێكی قوڵدایه، ئاخونده‌كان ده‌سه‌لات و شوێنی خۆیان ده‌چه‌سپێنن. وه‌زاره‌تی

مەهدی بازرگانیان لەسەر کار دەرکرد.

بەپێی بڕیاری دەفتەری ئیمام خومەینی، باڵیۆزخانەی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تاران ئابلوقە درا، ٦٠ کارگێڕ و مووچەخۆر، لێیان قەدەغە کرا کە نابێ بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بەدەرەوەی باڵیۆزخانەکە بکەن. کێشەو ناکۆکیەکی قوڵ کەوتە نێوان کاربەدەستانی ئێران و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. جەنگی نێوان کوردەکانی ئێران لەگەڵ پاسداران و ئەرتەش زۆربەی ناوچەکانی گرتۆتەوە.

پەیوەندی ئێران و عێراق گەلێ گرژ و تێکچوو، هێرش و پروپاگاندە دژ بە یەکتر روو لە زیاد بووندایە. هەردولا بە نهێنی و ئاشکرا پەنجە دەخەنە ناو ئیشوکارەکانی یەکتر بەدرێژایی سنوور شەر بە یەکتری دەفرۆشن بەتایبەتی عێراق. لەهەموو ئەم جموجولە و رووداوە ناجۆرانەدا کە وەکو درامایێکی سەرنج ڕاکێشەر تێدەپەڕێ، نە لە عێراق نە لە ئێران هەموو هێزە پێشکەوتوخوازو نیشتمانپەروەرەکان، چ لە ڕووی سیاسی و چ لە ڕووی چینایەتی بۆ ئەولاوە نە چوون دوا ڕۆژی پەیوەندی ئەم دوو ولاتە بەچی دەگات؟ بە هۆی شوێنی جوگرافی و ستراتژییەوە کوردستانی عێراق و ئێران چ کارەساتێک بە خۆیەوە دەبینێ؟

بە پێچەوانەوە بەشەرە دەنوک هێرش هانینی بۆسەر یەکتر، بلاوکردنەوەی پروپاگاندەی ناڕەوا، ئاراستە کردنی تۆمەتی خراپ دژ بەیەکتری خەریکن زووبانی تێکگەیشتن و بیرکردنەوە بۆ چارە کردنی ناکۆ و جیاوازە بچووکەکانی نێوان بە ڕێگای ئاشتیانە لە ئارادانیە، هەرکاتێک بچووکترین جیاوازی یا ناکۆکی ڕوویدات یەکسەر پەنا دەبردرێتە بەربەکار هانینی چەک و یەکتر کوشتن. هەر حزب و هێز و

گرووپێک تەنها لە خودی بەرژەوەندی حزبایەتی تەسک و دەسکەوتی ڕۆژانەوە ڕەفتار دەکات. نیشتیمان، بەرژەوەندی گشتی مافەڕەواکانی گەل و نەتەوە، مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت، باری چینایەتی ، هەموویان لەم هەلومەرجی ئێستاکە بۆ سازشکاری و کڕین و فرۆشتن بەکار دەهێندرێن و بوونەتە وێردی پڕوپاگاندەی ڕۆژانە و گوفتار و بەس!

لە زۆربەی وتووێژ و کۆبوونەوکانی نێوان ئەو هێزانەدا هەموو هەر وتەی پڕمانا و مانا و ئامۆژگاری ڕامیاری جوان و ڕێک و پێک پێشکەش دەکەن، زوو زوو لەسەر گەلی خاڵی دروست و ڕەوا ڕێکەوتن دەبێ. کەچی هەر دوای کۆبوونەوەکە چەند میترێک لە یەکتری دوورکەوتنەوە، دەگەڕێنەوە سەرباری پێشوویان، بەکرێگیراوو نۆکەرانی دوژمن، کەسانی ڕا ڕا و انتهازی و ماستاوکەر، دەکەونەوە سینگ دەرهانین و کەڵەک چیەتی و هاندانی بۆ تێکدەری... لە ژێر پەردەی دڵسۆزی نیشتمانی و کوردایەتی، وەکو ئەوەی تازە ناکۆکی و جیاوازییەکان دەستی پێکردیە، قەتیش هیچ نە گوتراوەو نەکراوە.

ـ ئێوارەی ٩ ١١/٨ پەیامنێری ناسراوی ڕۆژنامەی ئینگلیزی « گاردیان » لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست « داڤید هێرست، لەگەڵ کادرێکی پنک » هاتنە سەردانمان. زۆر بە گەرمی پێشوازیمان لێکرد و داڤید هێرست کەوتە قسەو پرسیار کردن بە زاراوەی عەرەبی لوبنانی!

چۆن و کەی دەرچوون بۆ شاخ؟ هۆی دەرچوونتان چی بوو؟ حشع چ پەیوەندیەکی لەگەڵ حکومەتی بەعسی عێراق ماوە؟ چۆن و کەی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس جێبەجێ دەکرێ؟ شۆڕشەکەتان هەر لە سنووری شاخەکان دەمێنێتەوە یاخود بۆ ناوچەکانی‌تری عێراق پەرە دەستێنێ؟ پەیوەندیتان لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی کوردستان چۆنە؟ هێزی

تری دژ بە ڕژێمی عێراق لە بەغدا و خوارووی عێراق کێنە؟ ئایا پەیوەندیتان هەیە یان نا؟ هێزی پێشمەرگەی تایبەتی حزبتان لە شاخ زۆر هەیە و پەرە دەستێنێ؟ چۆن کارو جولانەوەی پارتیزانی دژ بە ڕژێمی عێراق دەکەن؟ ئایا ڕازینە بەم ژیانە تایبەتیەی تێدا دەژین؟

بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بە پێی توانا لەگەڵ هاوڕێ توما وەرامی پرسیارەکانیمان داوە، تا دوای سعات ٥ . ١١ لامان مایەوە.

- ڕۆژی ١١/٩ هاوڕێ مەلا محمدی جوانڕۆیی گەیشتەلامان، زۆر شتی بۆ باس کردین و گوتی: « لە ڕۆژی ٦و١١/٧ حدکا کۆنفرانسێکی فرەوانی بەست لە ١٠٠ کادر زیاتر بەشداری تێدا کرد. لێدوان و گفتوگۆی زۆر کرالەسەر مەسەلەی پەیوەندی حدکا لەگەڵ کاربەدەستانی شۆرشی ئیسلامی ئێران، کۆنفرانس بڕیاری وەرگرت کە بە گەرمی تا توانا هەیە لە وتوویژکردن بەردەوام بن. بەمەبەستی چارە کردنی گیروگرفتەکانی کوردستانی ئێران بە ڕێگای ئاشتیانە ئەو داوایانەی بە نمایندەی ئێران پێشکەش دەکەن، بڕیاریان لەسەر وەرگرت.

کۆنفرانس غەنی بلوریان، کەریمی حیسامی، مەلا عەبدوڵڵای حەیاکی و عەزیزی ماملێی هەڵبژارد کە نمایندەی حدکا بن، گەر بێندرا گفتوگۆ نەبوو هەردوولا بە شێوەی ڕێکو پێک بەرەو پێش دەڕوات، د. قاسملو لە هەنگاوی دووەم سەرکردایەتی وەفدەکەیان بکات.

هەر بە مێژووی ئیمرۆکەش ١١/٩ دانیشتنی نێوان حدکا و سەرکردایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی هەیە، بە ئامانجی ڕێککەوتن لەسەر چۆنیەتی وتوویژکردن و پێکهێنانی یەک نمایندەی هاوبەشی یەکگرتوو...

هەمان ڕۆژ دوو ئەندامی م.س ینک د. کەمال خۆشناو و فازیل

کەریم هاتنە لامان ئاگاداریان کردین کە چەکدارەکانی حسیک شەو و رۆژ لوتکەی شاخەکانی پشتی گوندی شێنێ و زەڵێ/یان گرتووە، سەنگەر و رەبیە زیاد دەکەن، ترسی ئەوە هەیە هێرشی کتوپڕمان بهێننەسەر بە هاندان و یارمەتیدانی هێزەکانی رژێمی بەغدا. بۆیەکا پێویستە هوشیار بین هەمیشە ئامادە بین نەک هێرشی دوژمنکارانەی کتوپڕ بکرێتە سەرمان... تەقەلاش بدەین حسیک واز لەم کردەوانەیان بهێنن. پێشنیار کرا کە ئێمە نامە بۆ دەفتەری سیاسی حدکا بنێرین، داوایان لێ بکەین رۆڵێک بدەن بۆ چارەکردنی ئەم گێژاوە نارەواو پڕ مەترسیەی برادەرانی ئەوبەر دروستیان کردیە!

هەرکە دوو برادەرەکە ئێمەیان بەجێهێشت، کەوتینە دەرسکردنی بارە شێواوەکە بڕیارمان وەرگرت هاوڕێ جوانرۆیی بەیانی بگەڕێتەوە لای قاسملو بەناوی مەکتەبی هەرێمی کوردستان « هەندرێن » داوای لێبکات لەگەڵ سەرکردایەتی خسیک هەوڵێک بدات واز لەم جرت و فرتە بهێنن و چەکدارەکانیان بگێرنەوە بۆ گوندی گزرەشێر و بێدەلان.

- دەنگوباسمان پێگەیشت کە وتووێژ نێوان نمایندەکانی حدکا و رژێمی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردووە. هەروەها بلاوبووەوە کە مدیری ژاندارمری سنە سەرهەنگ « عقید » منوچەهری شەریفی کوژرا.

- رۆژی ١١/١٣ هاوڕێیان: بانیخیلانی، یوسف و تۆما بۆ بارەگای حدکا لە باشکاوێ رۆیشتن. د. قاسملو، غەنی بلوریان، ئەمیری قازی، فەتاحی کاویان و عەزیزی مامڵێ لەگەڵیان دانیشتبوون، گفتوگۆیان لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە کردبوو:

١- گفتوگۆی حدکا لەگەڵ دەسەلاتدارانی ئێران.

٢- ئەنجامی سەردانی سەرکردایەتی حدکا بۆ سەرکردایەتی

حسیک.

٣- حدکا یارمەتیمان بدات یەکدوو بنکە لەسەر سێ سوورچی سنووری عێراق ـ تورکیا ـ ئێران بکەینەوە.

٤- دەربارەی ئەنجام و بڕیارەکانی کۆنگرەی ٩ی پارت.

د. قاسملو « وتوویژمان لەگەڵ نوینەرانی حکومەتی ئێران باش دەڕوات، ئیمان خومەینی گتبووی « داواکانیان زۆر نیە بیان دەنی » داوای شەڕ ڕاگرتنیان کردیە، رایدەگرین، پشتی خومەینی دەگرین لە کیشەی دژ بە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

رێککەوتن لەگەڵ شێخ عیزەدین گەلێ سەخت و گرانە، بە هۆی ئەوەی دەوری بە کەسانی منداڵکار و چەپڕەوی سەرلێشێواو گیراوە. کۆمەڵە و چریک نیازی گێرە شێوێنی و تیکدانیان هەیە، پێخۆشحاڵین شێخ عیزەدین لەگەڵماندا بێ لە گفتوگۆ کردندا بە مەرجێک قسە کردی رەسمی « حدکا » بێت. تەقەلای زۆرماندا رێککەوتن ببێ لە نێوانمان، کەچی تاکو ئێستاکە نەگەیشتوینە ئەنجامێکی بەسوود و رێککەوتن.

لەگەڵ سەرکردایەتی حسیک کۆبوویتەوە، سوورن لەسر گفتوگۆکردن لەگەڵ میری عێراق دەڵێن مەترسی زۆرمان هەیە لە هێرشی ینک بە تایبەتی لە جەلال تالەبانی. پێشنیار دەکەن کۆبوونەوەکی پێنج قۆڵی پێکبهێندرێ بۆ باسکردن و لێدوان لەسەر دوو خاڵی سەرەکی:

١- ناکۆکی نێوان حسیک و ینک.

٢- وتوویژی حسیک لەگەڵ دەسەلاتداری عێراق.

مەبەستیان پێنە هێزەکە ئەمانەنە، حدکا، حشع، ینک، حسیک، پاسوک. بە ڕا و بۆچوونی من رژێمی عێراق شتێکی ئەوتۆی پێنەداون، سەدام دەیەوێ چۆکیان پێدادات.

دەربارەی دامەزراندنی بنکە لەسەر سنوور، حدکا ئامادەیە باشترین یارمەتیتان بدات لەهەر شوێنێکی خۆتان دەتانەوێت.

دوابەدوای قاسملو، هاوڕێ یوسف بە دوورو درێژی باسی کۆنگرەی نۆیەمی پارتی بۆ کردبون. ئاماژەی بۆ پێشنیارەکەی سەرکردایەتی کۆنگرە کە بریتی بوو لە نەهێشتنی سارد و ناکۆکی نێوان حدکا و پارت کرد. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دانیشتنی دوو قۆڵی ببەسترێت لە نێوانیاندا بۆ دەرسکردن و چارەکردنی ناکۆکیەکانیان هاوڕێ یوسف پێشنیاری کرد بو کە د. قاسملو نامە بنێرێ بۆ مەسعود بارزانی داوای کۆبوونەوەی دوو قۆڵی بکات.

د. قاسملو گوتبوی « بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم پێشنیارەدا نیمە و نامە نانووسم یەک دەستی خستۆتە ناو باری کوردستانی ئێران، ئەوان هاوکاری لەگەڵ رژێمی تاران دەکەن، دەبێ ئەوان هەنگاوی سەرەکی بهاوێن. حدکاش ئامادەیە چارەی هەموو گیروگرفتەکانی نێوانماندا هەنە بکەین»

ـ لە رۆژی ١١/١٤ نامەیێکی تایبەتیم بۆ هاوڕێ عەزیز محەمەد سکرتێری یەکەمی حزبمان نارد، هێندێ لە ڕا و بۆچوونەکانی خۆم دەربارەی سەرجەمی وەزعەکە بۆ نووسی، پێشنیارمکرد بە زووترین کات ژمارەیەک لە هاوڕێیانی م.س و ل.م بۆ ناوچە شاخاویەکان بگەڕێنەوە، ئەمەش دەقی نامەکەیە:

ناوزەنگ: ١١/١٤

برای گەورەم هاوڕێی خۆشەویستم کاک عەزیز

گەرمترین سلاوت پێشکەش دەکەم، هیوادارم صحەتتان باش بێ و سەرکەوتووبن لە گشت ئەرک و کارەکانتان.

ئێمە سەرجەم باشین، شەو و رۆژ خەریکی بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکانمانین. وورده وورده کارەکان بەرەو پێش دەڕوات بەلاّم بەو شێوەیە نیە کە هەموو لایەکمان دەمانەوێ. ئەدەبیاتی شۆرشگێری، دەنگوباس، چەک و پارەو پوڵ، کەلوپەلی پێویست، بە درەنگی و یەکجار کەم دەگاتە دەستمان.

هەموو خێزانی هاوڕێیان لەژیانی ستەمناک و پڕ مەترسیدا دەژین دەستکورتن، یارمەتیدانی ئابووری بە سانا پێیان ناگات.

پەیوەدیان لەگەڵ هەموو هێز و حزبەکان باشە، بەراستی زۆربەیان چاویان بڕیوەتە سەر هیمەت و تەقەلادانی حیزبمان، هیوای زۆریشیان پێیەتی و حسێبیشی بۆ دەکەن. داواکارم هیواکانی هەموومان بێتە دی و دۆستەکانیش لێمان بێ هیوا نەبن.

لە نێوان هاوڕێیاندا، رەخنەو نارەزایی و گلەیی و گازاندەی زۆر بلاّوبۆتەوە، رەخنەکانیان بەرامبەر سەرکردایەتی حیزب گەلێ توندە، هێندێ جار لە سنووری رەخنەگرتن دەردەچێ! گەر بشمانەوێ زوو بەربەستیان بکەین. دەبێ یەکەم هەنگاومانەو پێویستیانە پەیدا بکەین کە دەبنە هۆی پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەو ڕێبازە تازەیەی کە گرتوومانەتە بەر و نەخشەی بۆ کێشراوە!

لەو ڕەخنەو نارەزاییانەی لە نێوان هاوڕێیان بڵاوبۆتەوە ئەوەیە بۆچی دەستەیێکی باش لە هاوڕێیانی م.س و ل.م بە تایبەتی هاوڕێیانی عەرەب ناگەڕێنەوە بۆ وڵات، بەتایبەت بۆ ناوچە شاخاوییەکان، بەراستی گەڕانەوەیان دەبێتە هۆی زیاد بوونی ڕۆڵی حزب لە گۆڕەپانەکە و تەئسیری باش دەبێت لەسەر هەموو جوڵانەوەکە و خەباتی چەکداری و حزبە کوردستانیەکان.

ژمارەیێکی باش لە هاوڕێیان لە بەغدا و باشوری عێراق بە هەزار دەردەسەری دەگەنە لامان، سەیر ئەوەیە هەر بە پارە ئەوەساونەتەوە، داوا دەکەن بیان نێرینە وڵاتانی دەرەوە هەروەکو شەریکەی ئەقلیات لە ناوزەنگ هەبێ و چاوەنوارییان بکات!

ئەم دیاردە، کەمێک ماندوومان دەکات، تواناى جێبەجێکردنی داواکانیانمان نیە. دەکەونە ترمە ترم و دەربڕینی نارەزایی و گوێ نەدان و قسەو قسەلۆکی پاشە ملە و بەرەڵایی،

ئەمەیە بە کورتی بارەکەمان، چاومان لە یارمەتی و ئامۆژگاری ئێوەی بەڕێزە.

سڵاو و ڕێزی زۆرم هەیە بۆ گشت هاوڕێیان.

هەر خۆشی و بەختیاری و سەرکەوتنتان

برات: هاوڕێت باوکی ئاسۆس

● هەر لەم ڕۆژە چوار پیاوی بەرێزی ناسراوی مەهاباد گەیشتنە ناوچەکەمان، بە ناوی گشت کوردە سەربەخۆیەکانی ئێران قسەیان

دەکرد. پیاوەکان ئەمانەن: « حوسێن زادە، میدیری ئەوقافی مەهاباد، مەلا عومەر ئیمامی مزگەوتی گەورەی مەهاباد، دکتۆر سوبحی لە دانیشگای تەوریز، ئەندازیار ئاریانی مدیری توتن، چاویان بە سەرکردایەتی حدکا و شێخ عیزەدین، سەرکردایەتی کۆمەڵە و چریک شاخەی کوردستان کەوت، گفتوگۆی زۆریان لەگەڵدا کردبوون، داوایان لە هەموو لایەکان کردبوو کە پێویستە ڕێکبکەون لەسەر داوا ڕەواکانی نەتەوەی کوردی ئێران و بەیەک نەمایندەی هاوبەش بکەونە وتوویژ کردن لەگەڵ کاربەدەستانی رژێمی ئێران. لە ئەنجامی تەقەلادانیان هێزەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە یەک نماینده هەبێ، سەرۆک مامۆستا شێخ عیزەدین بێت، قسەکەری ڕەسمیش « حدکا » نوێنەرانی کۆمەڵەو چریک وەک ئەندامی تەواو بەشداری دەکەن، لە هەمان کاتدا پیاوە ناسراوەکانی مەهاباد سەردانی هێندی هێزی کوردستانی عیراقیان کردبوو.

ــ لە رۆژی ١١/١٥ دانیشتنێکی سێ قۆڵی لە بارەگای ینک کرا، بەشدار بووان:

ینک : جەلال تاڵەبانی، د. فواد مەعسوم، د. کمال خۆشناو، مەلا بەختیار، علی حەویز، فازڵ کەریم، د. خدر مەعسوم.

حشع : بانیخێلانی، یوسف، توما، فاتح.

لە جولانەوەی سۆسیالیستی عەرەبی: جواد الدوش، ابوشوقي، عوني قلمچي ـ ابوعمر ـ.

جەلال تاڵەبانی:

« ینک ئامادەیە بۆ مۆرکردنی بەرەی دیموکراتی عێراق بە زووترین کات، بە هەموو شێوەیەک ئامادەینە، دوو قۆڵی، سێ قۆڵی... هتد. پەسندی ئەم پرۆژەیە دەکەین هاوڕێیانی حشع پێشنیاریان

کردیە لە دانیشتنەکانی داهاتوومان هەردوو پرۆژە هی حشع و پرۆگرامی « التجمع الوطني العراقي » دەرس دەکرێن. بە بۆچوونی ئێمە لەهەردوو بەڵگەنامە پرۆگرامێکی باش و پڕ سوودی لێ دەردەچێ.

بەرای ئێمە بارەکە گەیشتۆتە بەرەی بەرفرەوانی عێراقی دابمەزرێت، هەڵوێست و بۆچوونەکانمان، دەربارەی دوا رۆژی عێراق، نزیکە لەگەڵ ئاوات و ئامانجی گشت هێزە نیشتمانی و پێشکەوتووخوازەکانی عێراق. »

یا ئیخیلانی :

« ئێمەش بە هەموو توانامەانەوە ئامادەین بۆ مۆرکردنی بەرە. چاوەنواڕی ئەوە دەکەین سەرکردایەتی حزبمان وەفدێکی تایبەتی ئامادەکردیە بگاتە کوردستان »

ابو شوقي: « جولانەوەکەمان ئامادەیی تەواوی هەیە هاوکاری و دۆستایەتی تەواو لەگەڵ ێنک و حشع بکات و بەرە مۆر کەین و هەمووومان بە گەرمی خەبات بکەین بۆ ڕووخاندنی رژێمی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتیلافی دیموکراتی... ماوەکی باش قسەی لەسەر رابوردوی جولانەوەکەی خۆیاندا کرد کە لە دوای رووخاندنی رژێمی بەعس لە ١٩٦٣/١١/١٨ دەستی بالاّیان هەبووە لە کاری سیاسی عێراق قسەی بە ناوی هەموو ناسریەکانی(١) عێراق دەکرد ».

---

(١) بەم هێزە نەتەوەییە عەرەبیانە دەڵێن کە سەرۆک جەمال عەبدولناسریان بە رەهبەرو سەرۆکی هەموو نەتەوەی عەرەب دەزانی لە کەنداو تا دەریای ئەتڵەسی.

دوا بە دوای ئەوە باسێکی زۆر کرا لەسەر جمۆجۆڵی سەرکردایەتی حسێک، ڕاو بۆچوونی هەرسێلامان لە یەکتری نزیک بوو. جەغد لەسەر ئەوە کرایەوە کە پێویستە هەموو لایەک تەواو هۆشیاربین نەک لە ناکاو دەستێکی خراپ بوەشێندرێ.

تاڵەبانی کەوتە گێڕانەوەی دوا کۆبوونەوەی لەگەڵ نمایندەی میری ئێران « ڕۆژی ۱۱/۱ لە گوندی تشکۆلان لەگەڵ ئێرانیەکان کۆبووینەوە. نمایندەی ئەوان: داریوش فروهەر، هاشمی سەباغیان، عیزەتوڵلا سەحابی، ژەنەراڵ فرخ ئازەری. هی ێنک: جەلال، نەجمەدین عەزیز، عمر عەبدوڵلا، ابو سلاح نوێنەری بەعسی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق.

زۆربەی ئەو شتانە دووپات کرانەوە کە لە جارەکانی پێشوو گفتوگۆیان لەسەر کرابوو. هەموو لەگەڵ ئەوەدا بووین کە پێویستە گیروگرفتی کوردستانی ئێران بە ڕێگای وتووێژی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت بەڵام ئێرانیەکان دەیانگوت: بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدا نینە ناوی ئۆتۆنۆمی بێتە گۆڕێ. یا هەر ناوێکی کوردەکان ڕازینە بەکار بهێنن. دەسەڵاتدارانی ئێران ڕازی دەبن. دەبێ پێش هەموو هەنگاوێک شەڕەکە ڕابگیرێت. ئێرانیەکان ئەمجارەش پرسیاریان کردەوە دەربارەی هێزەکانی بەرهەڵستکاری عێراقی و هەڵوێستی حشع و توانای دەسەڵاتی ڕژێمی عێراق.

مام جەلال دوو نامەی لە باخەڵیا دەرهانی، هی یەکەم نامەی هاوڕێ عەزیز محمد بوو، چەند ڕستەیەکی خوێندەوە، هی دووەم نامەی کورەزاکەی ئیمام خومەینی بوو نووسیبووی دەبێ هەموو لایەکمان خەبات دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم بکەین.

- له ئێوارەی ۱۱/۱۷ ئێستگەی رادیۆی و تەلەفزیۆنی تاران بەیاننامەی ئیمام خومەینی بلاوکردەوە، داوای کردبوو کە مافەکان بە گەلی کوردی ئێران بدرێت، لە هەموو شار و شارۆچکە و لادێکانی کوردستانی ئێران بوو بە جەژن و ئاهەنگ گێران، لەسەرانسەری ئێران بروسکەی پیرۆزبایی بۆ ئیمام نێردرا.

زۆری نەخایاند گشت خۆشی و گوشادیەکان دامرکانەوە، جارێکی‌تر بارەکە خراپ تێکچۆوە، ئەو مافەی کە رژێمی ئیسلامی ئێران بیری لێکردبوەوە بە کوردەکانی بدات، لەوەدەرنەچوو کە کوردن و لە سایەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی‌تری ئێران بە یەکسانی بژین. هیچ جیاوازی لە نێو موسڵمانانندا نیە!

- رۆژی ۱۹۷۹/۱۱/۲۱ ئەم نامەی م.س حدک/مان پێگەیشت، ئەمەش تەکستیەتی:

بۆ حزبی شیوعی عێراقی تێکۆشەر

سلاوێکی شۆرشگێرانە

نوسراوی رۆژی ۱۹۷۹/۱۱/۱۵تان گەیشت، سوپاسی جهودی سودبەخشتان دەکەین کەلەگەڵ د. قاسملو و برادەرانی سەرکردایەتیان گەیشتونەتە نتانجی ئیجابی باش، بۆ سوودی گەلانی ئێران و عێراق و رۆژهەلاتی ناوەراست بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی دژی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزمی عالەمی. وا هەڤالان د. محەممەد سالح جومعە و رۆژ شاوێس و فەلەکەدین کاکەیی لە ئەندامانی م.س و کۆمیتەی

ناوەندیان هاتن بۆ لاتان لەگەڵ نوێنەری پارتی دیموکراتی ترکیای تێکۆشەر، بۆ ئەوەی لەگەڵ نوێنەری بەرزی ئێوە چاویان بە سەرکردایەتی حدکا بکەوێت هەروەکو کۆنگرەی نۆهەمی پارتیمان بریاری لەسەر داوە تا وەکو بە جهودی پیرۆزی هەموو لایەکمان بگەینە ئەنجامێکی باش کە بە سودی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی هەموو لایەکمان تەواو بێت.

بۆ ئاگاداری برادەرانتان کە ١٥ پێشمەرگە بوون گەیشتن وە دوێنێ لەگەڵ جماعەتی خۆمان رەوانەمان کردن بۆ ناوچەی بادینان « لقی/١ » بۆ ئەوەی بگەن بە برادەرانی ترتان کە ژمارەیان « ٣٠ » هاورێیە بۆ کردنەوەی بنکەیەک پ.م لەو لقە، کاک مسعودی بەرێز نووسراوی تایبەتی نوسیوە بۆیان کە هاوکارێکی تەواو بکرێت و هەر مشکلەی بویان بە گیانێکی برایانە و دۆستانە حەل بکرێت.

م.س

١٩٧٩/١١/١٩

تێبینی:

وا قراراتی سیاسی و بلاغی ختامیشمان بۆ ناردن، بۆ ئاگاداری ژمارەی تریشتان بۆ ئەنێرین.

کاک عەلی عەبدوڵلای سکرتێری گشتی پارتی لە جیاتی م.س نامەکەی ئیمزا کردبوو.

هەر لەگەڵ نامەکەی حدک نامەیێکی‌تر بەناوی « مەلا حەسەن محمود »مان پێگەیشت کە رۆژی ١١/٢٠ نووسرابوو دەڵێ « ئێمە گەیشتوینەتە گوندی میراوە، چاوەرێی نوێنەری ئێوە دەکەین، بۆ ئەوەی هەرسێ‌لا بە پێکرایی بچینە مەهاباد بۆلای د.قاسملو کە هەنکە لەوێ چاوەنۆڕمان دەکات. هەردوو نامە یەکەمجار گەیشتبووە دەستی هاورێ

یوسف حنا لە توژەڵە، نامەیکی کورتی نووسی بوو هەرسێ نامەی بۆ ئێمە ناردوەو دەڵێ: « ئەو دوو نامەی هاتووە خوێندمەوە وا ڕۆیشتم بۆ مەهاباد. بەراستی هەندرێن لەم کردەوە تاکڕەوییە و پەلە کردنە دڵگران بوو.

● بەبۆنەی تێپەڕوونی ٣ ساڵ بەسەر شەهید بوونی شەهیدان شەهاب شێخ نوری و جەعفەر عبدالواحد و ئەنوەر زۆراب ناوەندی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عێراق بەیاننامەیکی بڵاوکردەوە تێدا هاتبوو:

« سێ مرۆڤی سادەی مەزن کە تا دوا چرکەی ژیانیان، مەیدانی خەبات و خزمەتی جەماوەر و بیروباوەڕی پرۆلیتاریان چۆڵ نەکردو هیچ کاتێکیش ڕاونان، دەربەدەری، خنکاندن و گیان بەخشین لە پێناوی وەدی هێنانی ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی و کامەرانی بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان نارەحەتی نەکردوون، بەڵکو ئەوەی کە مایەی دڵتەنگی و نارەحەتیەکی گەلێ زۆر بووە بۆیان ئەوەبوو کە کەم ژیان و نەیانتوانی وەک خۆیان دەیانەویست ئاوا خزمەتی بیروباوەڕی م.ل ‹١›ی بکەن تا لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بیروباوەڕە بەرزەو پیرۆزەدا جەماوەری کوردستان بە ئاوات و ئامانجەکانی خۆی بگات.

لە یادی سێیەمینی ئەو شەهیدە بەرزانەدا پەیمان تازە دەکەینە کە هەرگیز لە ڕێبازیان لانەدەین و یادی ئەوان بکەین بە هاندەرێک بۆ زیاتر سوور بوونمان لەسەر خەبات و هەوڵدان لە پێناوی هێنانە دی تێکڕای ئامانجە پیرۆزەکانی ڕەنجدەران و ڕووخاندنی ڕژێم و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیموکراتی ئیئتیلافی بۆ عێراق کە لە سایەیدا کوردستانی

‹١› مەبەست مارکسیەتی لینینیە.

ئازیزمان بە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی خۆی شاد بێ •

لە هەمان ڕۆژ کۆمەڵە بە نامەیەک داوایان لێگیرابووینەوە کە سەعات دووی تیوەڕۆ بەشداریان لەگەڵدا بکەین لە کۆبوونەوەیەکی گشتی لە زەلێ دەکرێت. بە بۆنەی تێپەڕ بوونی ٣ ساڵ بەسەر شەهید بوونی ٣ هاوڕێکەیان.

کاتی دیاریکراو لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیان چووین بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە، داوایان لێکردین وتارێک بە ناوی حزب بخوێنینەوە، هەرلەوێ بە پەلە وتارێکمان ئامادەکرد، ژمارەی ئامادە بووەکان دەگەیشتە ۳۰۰ کەسێک چەند وتار و شیعر خوێندرایەوە. وتاری یەکەم مام جەلال خوێندیەوە، وتاری دووەم مەلا بەختیار وتاری کۆمەڵەی خوێندەوە. وتاری سێیەم، وتاری بەعسی سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، ابوسەلاح. وتاری چوارەم، حشع، نووسەر خوێندیەوە. وتاری پێنجەم، حدکا فەتاحی کاویان. وتاری شەشەم، جولانەوەی سۆسیالیستی عەرەبی، ابو شەوقي. وتاری حەفتەم، چریک کوڕێک بەناوی محمد خوێندیەوە. چەند پارچە شیعر و سرودی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی پێشکەش کرا. لە هەموو وتارەکاندا داوا دەکرا بەرەی نیشتمانی دیموکراسی عێراقی پێکبهێندرێ بە زووترین کات، چونکە لەو ڕێگایە سەرکەوتن بەسەر ڕژێمی فاشی عێراقی وەدەست دێ.

ئەمەش دەقی وتاری حزبمان بوو :

برایانی خۆشەویست، پێشمەرگە قارەمانەکان

تێپەڕ بوونی ٣ ساڵ بەسەر ئیعدامکردنی ٣ ڕۆڵەی خەباتکەری گەلی کوردمان، شەهید شەهاب، شەهید جەعفەر، شەهید ئەنوەر مناسەتێکی پیرۆزە بەشدار بوون لە یادکرنەوەی شەهیدەکانی ڕێگای ئازادی و بەختیاری گەل... دەبێ ببێتە پاڵ پێوەنەرێکی زۆر بەتین بۆ گشت خەباتکەران کە زیاتر وزەو توانایان لە ڕێگای ڕاماشتنی گشت دوژمنەکانی جەماوەر تەرخان کەن. ئەو دوژمنانەی هەمیشە کۆسپن لە پێشی پێشکەوتن و ژیانی پڕ کامیرانی و سەرفیرازیدا.

ئەم شەهیدانە نە یەکەم دەستەنە نە ئاخیر دەستە لە کاروانی شەهیدان. گەلی عێراق بە گشتی و نەتەوەی کوردمان بەتایبەتی دەمێکە قوربانی دەدەن و گیانیان بەخش کردووە بۆ ئازادی و بەختیاری هەر بەردەوامیشن لەسەر هەمان ڕێباز. دەبێ لای هەموو تێکۆشەرێک ڕوون بێ کە تەقەلاو خەباتکردن لەم سەردەمە پێویستە لە بنەڕەتا لەگەڵ بەرژەوەندی چینایەتی و نیشتمانی هەژاران و چەوسێندراوەکان و گشت ئەو گەلانەی مافەکانیان زۆر پا خراوە بگونجێت.

تێکۆشان و خەباتی هەر گەلێکی مافخوراوی وەکو گەلی کوردمان لە گەلێ ڕووەوە پەیوەندی هەیە بە خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکاری ئەم وڵاتە. لە عێراق تێکۆشانی گەلی کوردمان جیاواز ناکرێتەوە لە کێشەی چینایەتی هەموو چینی کردیکارانی عێراق و ئامانجەکانی دژی چەوسانەوە لە ڕێگای مافە ڕەواکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیان، حزبی شیوعیمان ڕۆڵێکی کاریگەرانەی لەم بوارەدا هەیە.

خۆشەویستانم:

لەم رۆژە سەخت و ناسکەی بەسەر خەباتکردنی هەموو گەلی عێراق و نەتەوەی کوردمان تێپەڕ دەبێ. ئەرکێکی مێژوویی و پێویستیە کە هەموو لایەکمان، هەموو هێز و حزب و تاقمە پێشکەوتووخوازەکان ریزەکانی خۆیان رێکخەن هێزەکانیان لەسەر پرۆگرامێکی راست و رەوا و پێشکەوتوخوازانە بکەن بەیەک. ئەم مەبەست و ئامانجە پیرۆزە بە دامەزراندنی بەرەی دیموکراتی دێتە دی. ئومێدەوارین بەم زووانە ئەم ئاواتە جێبەجێ بکرێ و بەرە پێکبهێندرێ و هەموو هێزەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و دیموکراسی لەژێر دروشمی نەمان و رووخاندنی رژێمی دیکتاتۆری حزبی بەعسی عێراق و هانینە دی حکومەتێکی ئیئتیلافی دیموکراتی لە شوێنیا، عێراق ببێتە ولاتێکی ئاشتی و دیموکراتی و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان مسۆگەر بکات. نەتەوەی کوردی مافخوراومان بە ئاواتی ناگات گەر سەربەستی و دیموکراتیەت بەتەواوی هەموو عێراق نەگرێتەوە.

لە لایەکی ترەوە دەبێ هەموو لایەکمان هوشیاربین بەرامبەر بەم فرتوفێلْ و پیلانە گلاوانەی کاربەدەستانی سەرکار لە عێراق بەکاری دەهێنن بەنیازی پەیداکردنی ناکۆکی و دووبەرەکی و ڕاکێشانی کەسانی لاواز و بێ بروا بۆ لایەنی خۆیان.

خەباتی پیرۆزی گەلی کوردمان لە ئێران، رۆژ بە رۆژ باشتر بۆ پێشەوە دەڕوات و گەشە دەکات، حزبەکەمان بە هەموو توانایەوە پشتگیری لە جولانەوەی شۆڕشگێڕەکەیان دەکات، هیوادارین بەم زووانە سەرکەون ئامانجەکانیان وەدەست بهێنن.

چەندە برایەتی و یەکێتی و هاوکاری نێوان گشت هێزەکان بە تایبەت نێوان حدکا و کۆمەڵە و شێخ عیزەدین و هێز و گروپە

پێشکەوتووخوازەکانی‌تر پتەوتر بێت ئەوەندە سەرکەوتنیان زوتر مسۆگەر دەبێ.

لە کۆتاییدا بڕوای تەواومان هەیە کە خوێنی سووری شەهیدەکانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی و دیموکراتی بەهیچ جۆرێک بە فیڕۆ ناڕوات، داری ئازادی و بەختیاری ئەڕوێنێت.

نەمری بۆ شەهیدەکانی ڕێگای ئازادییە.
هەربژی برایەتی گشت هێزە پێشکەوتوخوازەکان.
سەرکەوتن بۆ جەماوەری گەلەکەمانە.
مردن و سەرشۆڕی بۆ دوژمنایەتی.

هەرخۆشیتان

- ئێوارەی ۱۱/۲٤ بۆ هێندێ ئیشوکاری ڕۆژانە چووم بۆ بارەگای م.س یەک چاوم بە جەلال تاڵەبانی و عەونی قەلەمچی و جواد الدوش کەوت، قسەو باسی زۆر کرا لەسەر باری سیاسی عێراق و هێزە بەرهەڵستکارەکانی دژ بە ڕژێم.

مام جەلال ڕەخنەو نارەزایی و گازاندەی زۆری دەربڕی گوتی: ئە هێندێ هاوڕێیان هێرشی نارەوام دەهێننە سەر، ئەم کارە نارەوایە لەگەڵ ڕێبازی هاوکاری و نزیک بوونەوەی هەردوو لامان لەگەڵ یەکتر ناگونجێت نازانم بۆچی بەهائەدین نوری لە لای بەرەی دیموکراتی فەلەستین و بەرەی میللی هێرشم دەهێنێتە سەرو ناو خراپم دەکات؟ بۆچی نوێنەری حزبتان لە تاران عادل حەبە درۆم بۆ ڕێک دەخات لەلای و ایاد محمود

« قونسولی سوریا لە ئێران، بۆچی لەناو بڵاوکراوەیەکی ناوخۆی حزبتان لە سلێمانی مەدحو سەنا بۆ سەرکردایەتی کاتی پارت نیشان دەدەن، کەچی ناوی منیان هانیوە بە ماویست و چەپڕەو... هتد لەو ڕۆژەی ئێوە ڕووتان کردۆتە شاخ، هەر جولانەوەیەکم کردبێ ئاگاداری ئێوەم کردووە. لە زۆربەشیان تێبینی و ڕاو بۆچوونەکانی ئێوەم بە هەند وەردەگرت و سوودیشم لێوە وەردەگرتن. کەچی هاوڕێ یوسف حنا لە لای هەڤاڵ ابو سەلاح زۆر مدحی پارتی کردبوو و گوتبووی « هەوڵدەین سەرکردایەتی پارتی لەگەڵ حدکا ڕێک بخەینەوە. »

ئەم هەڵوێست و تەسەروفاتانە بەڕاست نازانم، بڕواشم وانیە ڕای کاکە عزیز محمد و م.س لەگەڵ ئەم جۆرە کارانەدا بن. داوام لێکرد بە نامەیەکی ڕەسمی ڕەخنەکانی و گلەیی و نارەزایەکانی بنوسێ و بۆمانی بنێرێ تاکو دەرسیان بکەین و ڕاو پێشنیاری مەکتەبی خۆمان بنوسین و بەرزیان کەینەوە بۆ م.س حزبمان بۆئەوەی سنوور بۆ گشت کاری ناڕەوا و دەرچوون لە ڕێبازی سیاسی و زیاد ڕۆیشتنی ئەم و ئەو دابندرێت.

* ڕۆژی ١١/٢٥ هاوڕێ شێخ و دوو ئەندامەکەی تری مەکتەب گەیشتنەوە لامان کە هەریەکە لە شوێنێک بوون، هاوڕێ شێخ دوومانگ زیاتر بوو لە مۆسکۆ و سوریا بوو، بانیخیلانی لە سێ سووچی سنوور بۆ گوندی « حەفت ساری » هەڵبژارد بوو دامەزراندنی بنکەی تازە بۆ پێشمەرگەکانمان، یوسفیش لە کۆبوونەوەی نێوان حدکا و پارت گەڕایەوە.

لە یەکەم دانیشتنی هەندێ هاوڕێ یوسف گێڕایەوە « لە ١١/٢٣ بەکات ژمێری ٩ بەیانی لە مەهاباد کۆبوونەوە دەستی پێکرد لە نێوان نوێنەرانی حدکا و حدک بە ئامادەبوونی نوسێنەری حشع و

پارتـــی دیموکراتی کوردستانی ترکیا« کوک » وەکو شایەت.
لە حدکا: د.قاسملو، غەنی بلوریان، عەزیز ماملێ.
لە حدک: د.محمد سالح جومعە، رۆژ نوری شاویس، فەلەکەدین کاکەیی.
د.قاسملو پێشوازی گەرمی هەموومانی کرد، هاتە سەر باسی نێوانیان لەگەڵ پارت و گوتی « لە رۆژی هەڵگیرساندنی شۆرشی کوردی عێراق ١٩٦١/٩/١١ تا دەگاتە ئێستاکە بەداخەوە دەیەها خەباتکەرانی شۆرشی کوردی ئێران بە بڕیار و پیلانی سەرکردایەتی پارت کوژراون، هەڵوێست و کردەوەکانی ئێستاشتان دژ بە جولانەوەی گەلی کوردی ئێرانە، دژ بە ئێمەیە هاوکاری لەگەڵ پاسداران دەکەن، لەشاری شنۆ چەند لایەنگرێکی حدکا کوژران، دەستی پارتی لەگەڵدا بوو، لەشەڕی پاوە پێشمەرگەکانتان پشتی پاسدارانیان گرتبوو. لەگەڵ هەموو ئەو رووداوە تاڵانەی لە مێژووی نزیکی ٢٠ ساڵدا هەیە، ئامادەینە لاپەڕەی تازە لەگەڵتاندا بکەینەوە. بەمەرجێک یەکەم هەنگاو پارتی بە بەیاننامەیەک یا بڵاوکراوەیەک رەخنە لە کردەوەکانی دژ بە نەتەوەی کوردی ئێران و حدکا بڵاوکاتەوە. ئەوکات دەکەوینە گفتوگۆکردن لەگەڵتاندا و دۆستایەتی و هاوکاری کردنی پتەو لە نێوانماندا دەست پێ دەکات، تا ئەم هەنگاوە نەهاوێن، هەڵوێستی حدکا وەکو خۆی دەمێنێتەوە »
دوای وتوویژ کردنێکی کەم نوێنەرەکانی پارتی رێککەوتن لەسەر داواکەی حدکا، بەڵێنیاندا بە زووترین اکات بەیانێک دەربهێنن، بەم شێوەیە کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات و بڵاوەمان لێکرد. دوای چەند رۆژێک م.س پارت بەیانەکەی بڵاوکردەوە:
دوای ئەو هاوڕێ شێخ هێندێ قسەی کرد دەربارەی باری سیاسی

عێراق و پەیوەندی نێوان هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراقی و تەقەلادانی سەرکردایەتی حزب بۆ پەیداکردنی یارمەتی و پشتگرتن بۆ خەباتی چەکدارێمان. هەستم کرد شتی تازەی لەگەڵ خۆیا نەهانیوەتەوە. زۆربەی ئەمانەی گوێ بیست بووم دووبارە و سێ بارە کردنەوە بوون لەمانە پێشرو دەمێکە دەگوترێنەوە.

ـ لە رۆژی ۱۱/۲۹ دانیشتنێکی دور قۆڵی نێوان ینک و حشع بەسترا، بە ئامادە بوونی جەلال تاڵەبانی و هاورێ شێخ. زۆربەی ئەو خاڵانەی باسکران هەمان مەسائیل بوون کە لە جارانی پێشوو گفتوگۆی زۆریان لەسەر کرابوو. جارێکی ترش تاڵەبانی رەخنەو نارەزایی زۆری دەربڕی بەرامبەر بە عادل حەبە و بەهانەدین نوری کەبە نارەوا هێرشی دەهێننە سەری، بڕیار وەرگیرا کۆبونەوەیەکی چوار قۆڵی بکرێت بۆ دەرسکردنی هۆی پێک نەهاتنی بەرەی دیموکراتی عێراق.

ـ رۆژی ۱۲/۵ رۆژی دەنگدان بوو لەسەر یاسای نوێی کۆماری ئیسلامی ئێران، حدکا و ئایەتوڵلا شەریعەتمەداری و بلوجەکان داوایان لە هەموو جەماوەر کردبوو بەشداری دەنگ دان نەکەن، بە هۆی ئەوەی یاساکە یاسایێکی دواکەوتوو و کۆنەپەرستانەیە، هیچ گیانێکی مرۆڤایەتی و دیموکراسی تێدا نەهاتووە، ئایەتوڵلا خومەینیش کراوەتە رەهبەری هەموو موسلمانان هی دین و دونیا!!

ئەژانسەکانی جیهان رایان گەیاند نیوەی جەماوەری ئێران بەشداری نەکردووە و دەنگی نەداوە. هەتا لە هەندێ شارەکانی کوردستانی ئێران نە شوێنی دەنگ دان نە سەندوقیش هەبوون.

ـ دوای ئەوەی بەشێک سەرکردەو کادیر لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان جیابوونەوە و لە ریزی ینک هاتنە دەرێ. بەشەکەی تریان

هەر لە نێو یەکدا مابوونەوە. ١٠ مانگ دوای ئەم ڕووداوە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە تیایدا هاتبوو:

« بەیانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

لە هەلو مەرجێکی لەباردا بۆ درێژە دان بە خەباتی شۆڕشگێرانە کۆبوونەوەی کادیرەکان و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان لە زۆربەی شارەکاندا سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات. پاش ئەوەی ئەرکی سەرشانی تێکۆشەرەکانمان دیاری کردووە کە بریتی‌یە لە:

پەرەپێدان و گەشە پێدانی پ.س.ک و یەک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوا و توند و تۆڕگانی بەیەکەوە بەستراون سووربوون لەسەر خەباتی شۆڕشگێرانەی جەماوەری کە ئیمرۆ گەیشتۆتە پلەی شەڕی پێشمەرگانە شان بەشانی هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێرەکانی تری عێراق لە پێناوی ڕووخاندنی حوکمی فاشی تکریتیەکان و هێنانە سەر کایەی حوکمی ئیئتیلافی و دیموکرات کە دەست بەری بەرەلاکردنی سەربەستیە دیموکراتیەکان بێت بۆ هەموو گەلی عێراق و دەستەبەری بەدی هێنانی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بێت بۆ کوردستانی عێراق.

دەرچوونی ئەو تاقمە گێرە شێوێنە بەو شێوە گومان لێکراوەیە و لەو سەردەمەی کە « التجمع الوطني العراقي » و هشع ڕوویان کردبۆ خەباتی چەکداری و بە عێراقی کردنی شۆڕشەکەمان و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی، خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی گەورەی لەڕێ

لادان و پێ شێل کردنی سەرەتاکانی بزووتنەوەی شۆسیالیستیە کوردستاندا وەهەرچەند تەقاندنەوەی بۆمبای جیابوونەوەیان لە شۆرش و یەک بەنیازی شێواندنی ناوەرۆک و رێبازی ب.س.ک و تەگەرە هێنانە رێگەی پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی و بە یەکجاری بە عێراق کردنی شۆرشەکەمان بووە »

دوای ئەوە لە بەیانەکە بە دوورو درێژی باسی جیابوونەوەی د.مەحمود و رەسول مامند دەکات و لۆمەو رەخنەی قورسیان ئاراستە دەکات و دەڵێ: « هەڵدێری و هەڵەنگوتن بەشان و باهوی سەدامی خوێنرێژ و بالورەی کورد، دۆستی فاشیستەکانەو گوایە ئامادەن بۆ ئەوەی هەموو شت بۆ میللەتی کورد بکەن و ژەهراوی کردنی دڵ و دەروونی پێشمەرگەی ساویلکە بە دوژمنایەتی کردنی یەک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان واتە سەر لە خەڵک شێواندن بۆ خزمەتکردنی دوژمنی خوێن خۆرو نیشاندانی دوژمنی سەرەکی بە « زۆر مەعقول » ئامادە بوو ساز بوو ئەوەی « هەموو شت بۆ میللەتی کورد » بکات و نیشاندانی هاوپەیمانی و دۆستەکانیشمان هەریەکەیان بە شێوەیەک لە دوژمنایەتی و ناحەزی تاوانبارکردنیان بە خت و خواری و بوختانی جیا جیا و درۆی شاخدار » بەیانەکە داوا لەهەموو لایەنگرەکانی دەکات « ریزەکانیان رێکخەن زیاتر بەکێتی تێکۆشانیان بەهێز کەن لەگەڵ هەموو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان، بە تایبەت لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەران بۆ پێشەوە بەرەو پەرە پێدان و گەشە پێدانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانی تێکۆشەر.بەرەو پەرە پێدان و گەشەپێدانی یەک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەرەو هێنانەدی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی و بە تەواوی بە عێراق کردنی شۆرشە پیرۆزەکەمان بۆ روخاندنی

حوکمی فاشی بەغدا و هێنانە سەرکایەی حوکمی ئیئتیلافی دیموکراتی و بەدەست هێنانی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان »

کۆمیتەی سەرکردایەتی
بزووتنەوەی سۆسیالیتی کوردستان
١٩٧٩/١٢/١

- بەهۆی ژنێکی ناسیاوی دایکی پێشمەرگەیەک ئەم نامەیەم بەدەست گەیشت، ئەمە دەقەکەیەتی:

بۆ/ بابی ئاسۆس پێشکەشە

زۆر بەگەرمی هەواڵتان دەپرسم، هیوادارم لەشتان ساغ بێت، ئێمە باشین، ژیانمان یەکجار ناخۆش و سەخت و پڕ مەترسییە. زۆر ئاگاداری منداڵەکانم، شەوو رۆژ خەریکی خوێندن و مەکتەبن. چەندە بڵێی لەگەڵیانا ماندوومە. ناهێڵم بێ باوکیان پێوە دیار بێ، لێمان ناگەڕێن بە دائمی چواردەوری ماڵەکەمان بە سیخوڕ گیراوە، هەتا بە تەلەفۆنیش جوێن و هێرش ر هەڕەشەمان دەهێننە سەر، خزم و کەسەکانمان یەکجار دەترسن، بەهۆی ئەوەی کەم کەمە هاتوچۆی ئێمە دەکەن...

شتومەکی پێویستی ژیان بە ئاسانی دەستمان ناکەوێ. داوات لێدەکەم رزگارمان کە لەناو ئەو رەزالەتە، چارەکمان بۆ بدۆزەوە، شوێن و

جێگایەکی باشترمان بۆ پەیداکە، هەر ڕۆژە مردنێک بەچاوی خۆمان دەبینین.

هەرخۆشبیت

دایکی ئاسۆش ۱۱/۲۷

- ڕۆژی ۱۲/۱۲ هاوڕێ شێخ و هاوڕێیەکی‌تر چوون بۆ سەردانی دەفتەری سیاسی حدکا چاویان بە ئەمیری قازی کەوتبوو. قسەو گفتوگۆیان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بوو:

۱- وتوویژی حدکا لەگەڵ دەسەڵاتدارەکانی ئێران.

۲- هەڵوێستی حسیک و پەیوەندیان بە ڕژێمی عێراقەوە.

۳- یەنک دەست دەخاتە ناو ئیشوکاری کوردەکانی کوردستانی ئێران.

کاک ئەمیر بۆی باسکردبوون کە «ئێرانیەکان بەوە ڕازینینە بە هیچ شێوەیەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و چریک لە وتوویژ بەشداری بکەن.

دەربارەی هەڵوێستی حسیک دەتواندرێ بڵێین کە حکومەتی عێراق هیچی پێ نەداون، داواکانیان جی‌بەجێ نەکردیە تەمها پێیان گتبوون بگەڕێنەوە ولات. چەک دابنێن میری زۆر خزمەتتان دەکات.. زۆربەی پێشمەرگەکانیان بەم کارە ڕازی نینە بۆیەکا تووشی سەرلێشێوان هاتوون. مەترسی زۆریان لە یەنک هەیە. وەکو دەری دەبڕن هێندێ برایان بە حشع هەیە جا پێویستە کە حدکا و حشع دەرسی ئەم بارە ناجۆرە بکەن و چارەیەک بۆ نەهێشتنی ناکۆکیەکانی ئێران ئەو دوو هێزە بدۆزینەوە.

بەرامبەر بە سەرکردایەتی یەنک پەیوەندی گەرم و گوڕیان لەگەڵ

کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و چریک و هێندێ ئەفسەری ڕاکردوو، وەکو سەرهەنگ سمکۆ عەلی یادگار هەیە. دەستیان خستۆتە ناو کاروباری کوردەکانی ئێران، بۆ گەلێ کردەوەی ناڕەوا هانیان دەدەن بەڕاستی لۆمە و ڕەخنەی زۆرمان لەم کارانە هەیە.» هەردوولایان جەغدیان لەسەر ئەوە کردبوو کە پەیوەندی نێوانیان زیاتر بەهێزکەن زوو زووش یەکتر ببیندرێ.

ـ باری گشتی ناوچەکانی کوردستانی ئێران و ئازربایجان خراپ تێکچووە، لایەنگرەکانی شەریعەتمەداری، تورکەکان و ئازەری دەستیان بەسەر شاری تەورێزدا گرتووە، ڕایانگەیاندووە ئەوان لەگەڵ شەریعەتمەداری دان. نوێنەری ئیمام خومەینی و لایەنگرەکانیان لەشار دەرکردوون. خومەینی بەمکارە یەکجار نارەحەت بوو، چەند مانگە خومەینی ماوەی نەداوە شەریعەتمەداری بدینێ لەو ڕۆژانە داوای کۆبوونەوەی لەگەڵ کردبوو بۆ دابین کردنەوەی وەزعەکە وەفدێکی ئێرانی بەسەرزکایەتی وەزیری دارایی «ابوالحسن بنی صدر» نێردرایە تەورێز دەنگ هەیە حزبی میللی ئیسلامی ئێران سەربە شەریعەتمەداری قەدەغە دەکرێت. لە ڕۆژی ١٢/١٨ بەرەسمی قەدەغە کرا.

ـ دەفتەری سیاسی حدکا ئەم یاداشتەی دا بە یەنک و حزبی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستانی عێراق وێنەیەکی بۆ حشع نارد، ئەمە تەکستەکەیەتی:

دەفتەری سیاسی — ژمارە/...

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران — تاریخ ۱۹۷۹/۱۲/۱۲

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی

مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانی عێراق

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

زۆر بەداخەوە ئاگادار بووین کە لە چەند رۆژی رابردوودا لە نزیک گوندی « مامکاوێ » لە خاکی کوردستانی ئێران پێک هەڵپڕژانێک لە نێوان پێشمەرگەکانی هەردوو لاتان روویداوە! لە هەر لایەک پێشمەرگەیەک شەهید بووە، هەروەها برادەرانمان خەبەریان داوە کە مەترسی تازەبوونەوەی رووداوی لەو بابەتە زۆرە و هەموو کاتێک ئیمکانی پێک هەڵپڕژانی تازە لە نێوان ئێوەدا هەیە.

هەردوو لای ئێوە ئاگادارن کە ئێمە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا ئەوەندەی لە توانامانادا بوو، تێکۆشاوین لە ناکۆکی ئێوە کەم بکەینەوە و کارێک بکەین کە دووبەرەکی و ناخۆشی لە نێوان ئێوەدا نەمێنێ. چونکە بە دڵەوە لەو باوەڕەدابووین، کە ئەو جۆرە ناکۆکیانە تەنیا ئاواتی دوژمنانی ئێوەیە و لە ئەنجامدا گەلی کورد و رۆڵەکانی گەلی تووشی زیان و ماڵ وێرانی دەکات.

بەوێنەوە جارێکی دیکە تکای خۆمان دووپات دەکەینەوە کە زیاتر هەست بە مەسئولیەت بکەن و لە شەڕو پێک هەڵپڕژان خۆ بپارێزن، شتێکی دیکە زیاتریش ئێمە نارەحەت دەکا ئەوەی کە ئەو شەڕ و کێشە

لە خاکی کوردستانی ئێران دایە و سەرەنجام گەلی کوردی ئێرانیش بە ئاگری ئەو هەڵوێستە ناڵەبارەی ئێوە دەسووتێ.

بۆیە لەگەڵ دەربڕینی داخی خۆمان لەو وەزعە ناڵەبارە بەهەستی مەسئولیەت بەرامبەر بە گەلی کوردەوە بە هەردوو لای ئێوە ڕادەگەیێنین کە هەر چەشنە شەڕو لێکدانێک لەسەر خاکی کوردستانی ئێران ڕوو بدات حدکا بە دەست تێوەردانێکی ناڕەوا لە خاکی کوردستانی ئێراندا دەزانێ، بەهیچ جۆر ناتوانێ بەرامبەر بە کارەساتێکی وا بێدەنگ دانیشێ و مەسئولیەتی دوا ڕۆژی ئەو جۆرە ڕووداوانەش وە ئەستۆ ناگرێ. جارێکی دیکە هیواداریـن ناکۆکییەکانی خۆتان لە ڕێگای وتوویژی برایانەوە چارەسەر بکەن و ڕێگا نەدەن لەسەر خاکی کورد خوێنی کورد بەدەستی کورد بڕژێ.

جارێکی دیکە سڵاو بە هیوای گرتنە پێشی هەڵوێستی برایانەتان.

دەفتەری سیاسی

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ـ لە کاتژمێری ۱۰ی بەیانی ۲۲/ ۱۰ یەکەم کۆبوونەوەی چوار قۆڵی لە ژوورەکەی هەڤالانی بەعسی سەرکردایەتی هەرێمی عیراق کرا.

نوێنەرانی یەنک : جەلال تاڵەبانی و چوار ئەندامی سەرکردایەتی.

نوێنەرانی حشع : هاوڕێ شێخ و ئەندامێکی هەندرین.

نوێنەرانی بەعس : فەوزی راوي و ئەبو سەلاح

بزووتنەوەی سۆشیالیستی عەرەبی: جواد الدوش، عەونی قەلەمچی.

کە هاوڕێکان گەڕانەوە لامان بە درێژی باسی کۆبوونەوەکەیان

گێڕایەوە، لە ئەنجامدا لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە ڕێک کەوتبوون.

١- لەمەو دوا مانگی جارێک ئەم چوار هێزە کۆبوونەوەیەکی چوارقۆڵی بکەن.

٢- کۆمیتەیەکی سەرەکی پێکبهێندرێ لە نوێنەرانی هەر چوار هێز بە مەبەستی کارکردن بۆ دامەزراندنی بەرەی دیموکراتی یەکگرتووی عێراق. ئەم کۆمیتەیەش لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩٨٠ یەکەم کۆبوونەوەی لە دمشق بکات.

٣- کۆمیتەیەکی تایبەت « هیئە خاصە » لەناوزەنگ پێکبهێندرێ بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئیشوکارەکان لە هەموو ڕوویەکەوە.

٤- لیژنەیەکی هاویەش بۆ بلاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق دروست بکرێت.

٥- نمایندەیەکی یەکگرتووی چوار قۆڵی بە ناوی « نمایندەی بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی » پێکبهێندرێ و بچێتە تاران بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەفتەری ئیمام خومەینی و حکومەتی ئێران و هەموو حزب و هێزە پێشکەوتوخوازەکان و ئایینیەکانی ئێرانی پەیدا کات، هەروەها تەقەلا بدەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان هێزەکانی سیاسی ئێران، بەتایبەتی گیروگرفتی گەلی کوردی کوردستانی ئێران.

لە ڕۆژی ١٢/٢٥ نوێنەرانی هەر چوار حیزب و هێز کۆبوونەوەی دووەمیان کرد، نمایندەکان هەمان نمایندەی کۆبوونەوەی یەکەم بوون تەنها عادل هەورامی ـ ئازاد کەوتە گەر نوێنەری یەکێتی.

بڕیار وەرگیرا وەفدێک بۆتاران بنێردرێ لەم نوێنەرانە پێک بێت:

حشع : ئەحمەد بانیخێلانی .
ینک : د.فواد مەعسوم و نەوشیروان مستەفا.
بەعسی هەرێمی عێراق : ابو سەلاح.
بزووتنەوەی سۆشیالیستی عەرەبی: جواد الدوش، عەونی قەلەمچی.
رۆژی سەفەرکردنیان دیاریکرا، بڕیارێکی تر ئەوە بوو کە چەندەی توانا هەبێ تەرخان بکەن بۆ ئەوەی حسێک نەچێتە ناوەشی رژێمی بەغدا. لە کۆتاییدا بڕیار درا ڕاگەیاندنێک بلاوبکرێتەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

راگەیاندنی کۆبوونەوەی چوار قۆڵی نوێنەرانی
بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی
حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست سەرکردایەتی هەرێمی عێراق
یەکێتی نیشتمانی کوردستان ـ عێراق
حزبی شیوعی عێراق

لە ناوەراستی کانونی یەکەمی ۱۹۷۹دا نوێنەرانی حزب و هێزە نیشتمانیەکان، بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی، حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان سازکرد بۆ لێکۆڵینەوەی باری ناوخۆ و عەرەبی و نێو نەتەوەیی وتوێژە دوو قۆڵی و بە کۆمەلانی کەلە ماوەی رابردوودا کران. بەمەبەستی پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی لە نێوان حزب و هێزو کەسانی نیشتمانی و نەتەوەیی دیموکراتی خوازی لە عێراقدا کە خەباتدەکەن لە پێناوی روخاندنی حوکمی دیکتاتۆری داپلۆسێنەر و هێنانە دی حوکمێکی ئینتیلافی

دیموکراتی لە نوێنەراتی ئەم حزب ر و هێزانە و ئەوانەی جێی باوەڕی هەموو لایەکیان بن بۆ پاکتاوکردنی شوێنەواری ڕێبازی دوور لە نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی و مرۆڤایەتی تاقمی دیکتاتۆری فەرمانڕەوا و رزگارکردنی ولات لەو تەنگو چەلەمە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییە دژوارەی کە ڕێبازی ئەم تاقمە خوێنڕێژە دووچاری کردووە.
هەروەها بۆ بنیاتنانی عێراقێکی ئازادی دیموکراتی سەربەخۆ کە میللەتی کورد لە سایەیدا بە مافی نەتەوەیی خۆی لە ئۆتۆنۆمی راستەقینەدا شاد بێ تا کاریگەرانە و چالاکانە بەشداری جەنگی نەتەوەی عەرەبی بکات، لە تێکۆشانیدا دژی ئیمپریالیزم و سەهیونیزم و کۆنەپەرستی و نەخشە و پیلانگێڕیەکانیان کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی شۆڕشی سەرفرازی ئێران دووچاری دەبن.
کۆبوونەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی لیژنەیەکی هەمیشەیی لە نوێنەرانی ئەم چوار حزب و هێزانە پێک بێت، تا بەردەوام بن لە تەقەلادان بۆ پتەوکردنی هاوکاری تێکۆشەرانەی نێوانیان و سوور بوون لەسر پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی کە هیوار ئاواتی جەماوەرە.

بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی　　　　یەکێتی نیشتمانی کوردستان
حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست سەرکردایەتی هەرێمی عێراق
حزبی شیوعی عێراق

ـ جارێکی‌تر دەسەلاتدارانی ئێران لە ڕێگای داریوش فروهەر داوای چاوپێکەوتنی جەلال تالەبانیان کرد. رۆژی ١٢/٢٦ لەگەل نوێنەرانی هەرچوار حزب و هێز بەرەو تاران کەوتنە ڕێگا.

ـ ئەو بەیاننامەی م.س پارتی کە بەرێکەوتی ۱۹۷۹/۱۱/۲٤ لەسەر داوای دەفتەری سیاسی حدکا بلاْویاکردبووەوە گەیشتە دەستمان، وا لێرەدا دەقی بەیاننامەکە بە عەرەبی بلاْودەکەینەوە:

بيان الحزب الديمقراطي الكردستاني ـ العراق

قيم المؤتمر التاسع لحزنا الديمقراطي الكردستاني واعاد النظر بدقة في ماضي و حاضر و مستقبل حزبنا و شعبنا و مسيرته النضالية خلال ثورتي ايلول١٩٦١و ٢٦/ آيار١٩٧٦و الاخطاء السياسة التي اضرت بحركة شعبنا في كوردستان العراق بشكل خاص و بالحركة التحررية للامة الكرية المجزاة بشكل عام، اضافة الى الاخطاء التنظيمية و العسكرية، لذا و ايماناً من المؤتمر بضرورة وضع جميع الممارسات السلبية و الاخطاء نصب اعيننا لاجتثاثها جذرياً في مسرتنا النضالية الجديدة، قيم المؤتمر التاسع التقرير السياسي المقدم الى كونفرانس الحزب المنعقد في أب ١٩٧٦ « طريق الحركة التحررية الكردية » و اقره كوثيقة تاريخية ذات اهمية كبرى و السير على ضوئه في ممارساتنا السياسية و الثورية و الاستفادة من محتواه.

لقد اثبتت تجربة ثورة ايلول خطاء الاعتماد على الامبريالية الامريكية و عملائها من انظمة المنطقة و برهنت التجربة ذاتها مجدداً بان مساعدات هذه الجهات هي بالاصل من اجل الالتفاف على الحركات التحررية انطلاقاً من مواقعها العدائية لها و في سبيل تمرير مصالحها من عبرها. كما و اثبتت ثورة ايلول و انتكاستها اهمية صيانة المكانة الخاصة للالتزامات القومية بشكل يتفق مع مصالح الامة الكردية المجزائة و مع المصالح التقدمية

لشعوب المنطقة بالنسبة للحركة التحررية الكوردية في كل جزء من اجزاء كوردستان.

و في ثورة ايلول جرت اخطاء اساءت بصورة خاصة بالحزب و الثورة من ناحية السمعة كما و من ناحية علاقاتنا بالقوى الوطنية الكوردية في بقية اجزاء كوردستان. ان احدى هذه الاخطاء التي يشجبها حزبنا و يعتبر عملاً خاطاء ضاراً استفادة منه اعداء ثورة ايلول و امتنا الكوردية و استغلتها من اجل الدعاية و تمرير مصالحها المعادية و بشكل خاص ضد الثورة و الحزب كان تسليم جثمان « سليمان المعيني » الى ايران.

هذا و لقد ظهر في المؤتمر انه بسبب الظروف الخاصة لحزبنا بعد انتكاسة ٦/أذار١٩٧٥ من جهة و من جهة اخرى بسبب توزع اعضاء قيادة الحزب و انشغال قسم منهم بشؤون المؤتمر، كما و بسبب محاولات عملاء النظام البعثي العراقي في ايران في الوقت الذي تعقدت فيه الأوضاع في كوردستان بهدف افشال و تخريب العلاقات بين الحزب الديمقراطي الكوردستاني في ايران و بين القوى الوطنية الايرانية الاخرى و بيننا، التي تجسدت بالقيام بالكير من الاعمال الاستفزازية و التخريبية على حساب الشعب الكردي و بقية الشعوب الايرانية المنتصرة من اجل تأزيم الاوضاع في ايران و وضع العراقيل امام الثورة المظفرة في ايران و التي ظهرت في افقها بيادر مساندة تحقيق امل الشعب الكردي في ايران و العراق، هذه العوامل مجتمعة ادت الى حدوث عدة اخطاء في ايران و التي لاتتوافق مع خط و منهاج حزبنا خاصة بعد ان وصلت العلاقات بين الجمهورية الاسلامية الايرانية و بين الحزب الديمقرطي الكوردستاني في ايران و بقية القوى الوطنية الكوردستانية الى طريق مسدود، و بدء اقتتال الاخوة المؤسف من فصائل انصار حزبنا المسلحة الذين يتواجد قسم منهم في ايران بعدة اخطاء،

فكان ان استشهد شبان ابرار في « شنو » في الوقت الذي يعتز فيه حزبنا و يفتخر بهذه المدينة الباسلة التي لا ننسى ابداً خدمات و مساعدات ابنائها الطيبين، كما وحدث ان تصور البعض باننا قد وقفنا ضد عدد من فعاليات الحزب الديمقراطي الكوردستاني في « پاوة » و« شنو » و اطراف « اورمية » هذا و حدثت حوادث مؤسفة اخرى اضافة الى احتلال فصائلنا لبعض المقرات التي تم اجلاؤها من قبل فصائل انصار الحزب الديمقراطي الكوردستاني في ايران.

اننا نؤكد على ان رأى حزبنا قبل و بصورة خاصة بعد المؤتمر و حسب القرارات التنظيمية و السياسية هو ان الاخطاء التي جرت وحصلت من قبل قسم من منتسبي فصائل الانصار و مسؤولي حزبنا تتعارض و سياسة حزبنا ولم تجر حسب مقرراته بل كانت اعمالاً فردية، اننا في الوقت الذي نؤكد فيه على وحدة و قوة قيادة حزبنا نؤكد اصرارنا على عدم تكرار مثل هذه الاخطاء و منع حصولها ثانية اننا نؤكد على ان ساحة نضال و فعاليات حزبنا هي كوردستان العراق و باننا نناضل من اجل تشكيل جبهة وطنية تقدمية على نطاق كوردستان و العراق من اجل اسقاط النظام الفاشي و تحقيق نظام ديمقراطي ائتلافي تقدمي يتحقق في ظله الحكم الذاتي الحقيقي لكوردستان، كما و اننا لا نتدخل في الشؤون الداخلية لايران بشكل يخلق المتاعب و العراقيل، بل حسب قرار مؤتمر حزبنا الذي ينص « يساند المؤتمر نضال شعبنا الكوردي في كوردستان ايران من اجل حقوقه القومية المشروعة، و يناشد الجمهورية الاسلامية الايرانية و القوى الوطنية الكوردية بقيادة الحزب الديمقراطي الكوردستاني في ايران، للعمل على ايقاف العمليات العسكرية و التوصل الى حل سلمي ديمقراطي عادل يضمنالحكم الذاتي « خودموختاري » لكوردستان ايران ضمن الجمهورية

